# راگەیاندن



نووسینی: ساڵح مەحموود

به ناوی یەزدانی گەورە

ناوی کتێب : راگەیاندن

نووسەر: ساڵح مەحموود عەلی

چاپی یەکەم: ٢٠٠٣، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

پیت چنین: خودی نووسەر

ژمارەی سپاردن: ٢٦ ساڵی ٢٠٠٣

خەملاندنی بەرگ: ئومێد شێرزاد ـ شرین مستەفا

● لە لایەن مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە چاپ دراوە.

● مافی لە چاپدانەوەی هی نووسەرە.

# پێرست


پێشەکی ........................................ ٧

**بەشی یەکەم:**

پێوەندی ........................................ ١٩

پێناسەی پێوەندی ........................................ ٢٠

جۆرەکانی پێوەندی ........................................ ٢٢

**بەشی دووەم:**

ئامێری پێوەندی یا دەزگای راگەیاندن ........................................ ٣٠

رای پسپۆران ........................................ ٣٢

وشەی راگەیاندن لە زمانی کوردیدا ........................................ ٣٨

دەزگای راگەیاندن ........................................ ٤٢

**بەشی سێیەم:**

پێکهاتەی دەزگاکانی راگەیاندن ........................................ ٤٨

شیکردنەوەی کۆنترۆل ........................................ ٥٢

شیکردنەوەی ناوەرۆك ........................................ ٦٥

ئامێرەکان ........................................ ٦٧

ئامانج (بیسەران، بینەران، خوێنەران) ........................................ ٦٩

شوێنەواری پەیام ........................................ ٨٥

**بەشی چوارەم:**

ئامێرەکان ........................................ ٨٨

چاپەمەنی ........................................ ٩١

جۆره كانی چاپەمەنی ........................ ٩٧
سینەما ........................ ١٠٦
رادیۆ ........................ ١١٤
تەلەڤزیۆن ........................ ١٢٥
**بەشی پێنجەم:**
چەند زاراوەیەكی تایبەت بە راگەیاندن ........................ ١٣٨
**بەشی شەشەم:**
ئەركەكانی راگەیاندن ........................ ١٥٤
هەواڵبێژی ........................ ١٥٨
پەروەردەو فێركاری ........................ ١٦٣
شیكردنەوەو رێنوێنی ........................ ١٧٣
رێكخستنی هەستی هاوبەش ........................ ١٨٠
بەرگری ........................ ١٨٣
خۆشگوزەرانیو سەرگەرمی ........................ ١٩٣
**بەشی حەوتەم:**
سەرەتایەك ........................ ١٩٨
گۆڤاری گزنگ ........................ ٢٠٣
رادیۆی پێشكەوتن ........................ ٢١٠
پەیوەستەكان ........................ ٢٢١

# پێشەکی

ئاشکرایە کە ناوزەدکردنی جیهانی ئەوڕۆ بە (گوند)، لەبەر ئەوە نییە کە گۆی زەوی لە پێشان بچووکتر بووبێتەوە، یا گۆڕانکاری بنەڕەتی لە جوگرافیای وڵاتانی جیهان رووی دابێت. زەوی هەر زەوی پێشانەو مەوداکانیش بەبێ گۆڕانکاری ، هەروەکوو خۆیان ماونەتەوە.
بە پێچەوانە، توانەوەی دێوی بەفرینی داگیرکاری‌و ئیمپڕاتۆریەت‌و لە دایکبوونی وڵاتی بچووك بچووك، کە ئەویش بووە هۆی دروستبوونی هێڵی سنوورو کەوشەنی لەرادەبەدەر، وا ئەم جیهانەی پارچەپارچە کردووەو تێڕوانین‌و بیروباوەڕی جۆراوجۆر، هێندە لەمپەڕو کۆسپەی جوگرافی‌و سیاسی، بەسەر رووبەری زەویدا تێك ئاخنیوە، کە ئەگەر لە ئاسمانەوە هەر هەموویان بەچاو دیترا بان. گۆی زەوی زیاتر لە تۆپێك دەچوو کە جاڵجاڵۆکە تەونێکی ناوەستایانەی بە دۆرماندۆریدا راچاندبێت، هەتا هەسارەیەکی خۆش‌و مرۆڤنشین.
ئەگەر سەفەر، وەکوو پێشان بوایەوگواستنەوەش بە پشت کێشان، قەتاوقەت، بە لە دایك بوونمان، لەم رۆژگارە پڕئازارە، دڵخۆش نەدەبووین‌و هەرگیزاو

# راگەیاندن

هەرگیز، لەم ولاتە بۆ ئەو ولات نەدەچووین.
ئەی کەواتە بۆ زانایان، سیاسەتوانان، پسپۆڕان‌و شارەزایان‌و تەنانەت هەموو خەلك، ئێستا ئەو جیهانە گەورەو پان‌وبەرینە بەگوندێکی بچووك دەشوبهێنن.؟
لە راستیدا، ئەوەی زەوی کردووەتە لادێ، پێشکەوتنی کۆمەلگای مرۆڤایەتی، لەبوارێکە، کە مەوداو سنوورو گشت لەمپەرە جوگرافی‌و سیاسییەکانی بڕیوەو بەکورتی‌و بەکوردی، ئەو دیوی جیهانی هێناوەتە ئەم دیوەو دوورو نێزیکی، وەکوو یەك لێکردووە.
ئەگەر لەگوندێکدا، ئاگادار بوون لە حالی مالێکی ئەودیوی گەڕەك، پێویستی بە زەحمەتی چەند مەتر ڕێگەبڕین‌و سەرف کردنی کاتێکی بەرچاو بێت. مرۆڤی ئێستا، بە زەحمەتی کمترو لە کاتێکی کورتتردا، دەتوانێت لە ئەحوالی دراوسێکەی ئەودیوی زەوی بپرسێت‌و گەلێ زانیاری تریش وەرگرێت، بۆ ئەوەی لە ژیانی رۆژانەدا بۆ سوودی خۆی بەکاریان بێنێت.
مرۆڤی ئەم سەردەمە، زۆر زوو پێدەحەسێت کە لەمالی مروڤێکی بە هەزاران کیلۆمەتر دوور لەئەو چ‌قەوماوە. یا قەرارە چی بقەومێت. شەڕە، بۆمەلەرزەیە، بارانە، بەفرە، جەژنە یا تازییە. بۆیەش ئەگەر بلێین جیهانی ئەمڕۆ لەگوندێکیش بچووکترە، لە راستی لامان نەداوە.
لە کامە گوند دراوسێ لەودیوی دیوارەکانەوە دەتوانێت ناومالی دراوسێ ببینێت؟ لە کامە گوند خەلکی ئەمبەرو ئەوبەر دەتوانن بێ نزیك بوونەوە لەیەکتری قسەبکەن‌و یەکتر بدوێنن؟.
کەچی دەبینین، لەم سەردەمە سەیرو سەمەرەیەدا زۆر لەوە زیاتر لە نێوان دوو مرۆڤی گەلێ دوور لە یەکتر رووددەدات.
دیارە هەموو ئەم ئاسانکارییانەش بەرهەمی بیروهزرو زانستی مرۆڤن. کە رۆژ لە دووای رۆژ پێش دەکەوێت‌و ئامێری سەرسووڕهێنەر دادەهێنێت. ئەوڕۆ

# پێشەکی

ئامێرێك چا دەکات کە تا دوێنی باب و باپیرانی لە خەونەکانیشیان نەیاندەدیت و سبەینێ هەر ئەم ئامێرە وەکوو شتێکی ساکارو سەرەتایی تەنیا بۆ ئەوە بەکار دێت کە مناڵەکان سەرگەرم بکات.

بەڵێ ئەوەی جیهانی ئەمڕۆی لە گوندێك بچووکتر کردووە ئەو ئامێرو دەزگایانەیە کە پێوەندی مرۆڤی سەر رووی زەویی، ئاسانو ساکار کردووەو هەروا خەریکە پێشدەکەوێت و زیاتر پەرە دەستێنێت.

ئەمڕۆ دەزگاکانی پێوەندی بەتایبەت ئامێرەکانی پێوەندی گشتی وەکوو رادیۆ، تەلەڤزیۆن و ئەنتەرنێت، هێندە خزیونەتە نێو ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان، کە گوزەران بەبێ سوود وەرگرتن لەم ئامێرانە تەحەمول ناکرێت و تەنیا یەك کاتژمێریش بەڕێوە ناچێت.!

مرۆڤی ئەم سەردەمە، وا راهاتووە کە بە بێ ئامێرەکانی راگەیاندن، تەنانەت ناتوانێت بڕیار بدات. ناتوانێت ئەرکە پێ سپێردراوەکانی جێبەجێ بکات و رەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا نەتوانێت بژیێت.

ئامێرەکانی پێوەندی ئەمڕۆ لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و خواردن و خەوو خۆشگوزەرانی و جۆری کارو شوێنی ژیان و تەنانەت بڕیاری سیاسیش، بە سەر بیروهزری تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگا بە گشتی کاریگەرن و شوێنەواری بەرچاو بەجی دێڵن.

بۆیەش زۆر لە زانایان، ئەم سەردەمە بە سەردەمی پێوەندی یا باشتر بڵێین سەردەمی ئامێرەکانی پێوەندی ناوزەد دەکەن.

رۆبێرت تیرێل[1] دەڵێت:

(گەلێ هەڵبژاردنی سیاسی، لە تەلەڤزیۆن سەرکەوتووەو دۆڕێندراوە. پلەو

---

١ - Robert tyrell

## راگەیاندن

پایەی کۆمەڵایەتی لە ژمارە بەدەر «بەهۆی ئەم ئامێرە» هاتووەتە دەست یا لە دەست چووە... شەڕی ڤییەتنام تەواو بوو، چونکە گەلێك «گەلی ئەمەریکا» لەو شتانەی کە لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکان، دەیان بینی وەڕەز ببوون.)[١]

وتەکانی تیرێل بەجوانی رادەی کاریگەری ئامێرەکانی پێوەندی گشتی بەتایبەت ئەوانەی کە بە دەنگ‌و وێنە پەیام دەگوازنەوە، لە وڵاتێکی وەکوو ئەمەریکاو شەڕێکی پڕهەراو هوریای وەکوو شەڕی ڤییەتنام بۆمان ئاشکرا دەکەن.

کەواتە تەکنەلۆژییای ئەو سەردەمە خزیوەتە ناو هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ‌و تەنانەت بەسەر دەسەڵات‌و بەڕێوەبردنیشدا کاریگەرە.

بەواتایەکیتر ئامێرەکانی پێوەندی ئەمڕۆ بە شێوازێکی ناراستەوخۆ دەسەڵاتدارن. چونکە ئەم ئامێرانە لەلایەك هەلی لەبارو ئاسان بۆ سەپاندن‌و چەسپاندنی دەسەڵات، بۆ حاکمەکان دەرەخسێنن‌و لە لایەکیتر مەحکوومەکان[٢] فێر دەکەن‌و هانیان دەدەن کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەسەڵاتدار بن. بۆیەش ئەم ئامێرانە وەکوو چەکێکی پڕسوود لە هەموو جۆرە چالاکییەکی ناوەوەو دەرەوەی کۆمەڵگاکان دەخرێنەکارو ئەرکی بایەخداریان پێ دەسپێردرێت کە جێی سەرنج‌و لێ وردبوونەوەن.

(لە کۆمەڵگاکانی پێشکەوتووی سەرمایەداری، جگە لە خەت‌و چاپ، رادیۆو تەلەڤزیۆنیش رۆڵێکی گرنگ لە ئەرکەکانی پێوەندی زمان دەگرنە ئەستۆ. گرنگی ئەم دووانە رۆژلەدووای رۆژ لە زێدەبووندایە. چونکە خاڵە باشەکانی

---

١ – ژورنالیسم تلویزیونی، توشتۀ رابرت‌تیرل، ترجمۀ مهدی‌رحیمیان، سروش، تهران ١٣٧١،لاپەرە١٥

٢ – حاکم وەکوو دەوڵەتەکان بەگشتی‌و مەحکووم ئەو خەڵکانەن کە دەوڵەت بەسەریاندا حکوومەت دەکات.

# پێشه کی

زمانی زیندوو له گه‌ڵ خاڵه چاکه کانی زمانی نووسراوو چاپ تێکه‌ڵ ده که‌ن. ئه‌م ئامێرانه، به‌بێ گوێدان به ماوه‌دا، ده‌توانن راسته‌وخۆ کاربکه‌نه سه‌ر په‌یامگره کانیان. ده‌توانن به‌بێ هیچ چه‌شنه سنووردارییه‌ك جۆره‌ها زانیاری، هونه‌رو جموجۆڵی مرۆڤی بگوازنه‌وه‌و «له‌ته‌له‌ڤزیۆن» کاریگه‌ریی لۆجیکی له گه‌ڵ رووداوه کان تێکهه‌ڵکێش بکه‌ن.)[1]

تام باتامۆر[2] له شیکردنه‌وه‌ی ره‌وتی دیموکراسی به‌تایبه‌ت دووای شه‌ڕی جیهانی دووه‌م ده‌گاته ئه‌و ئاکامه که ئامێره کانی پێوه‌ندی گشتی به‌تایبه‌ت ته‌له‌ڤزیۆن هێنده کاریگه‌ر بوون، که ته‌نانه‌ت بوونه‌ته ئه‌گه‌ری سنووردارکردنی دیموکراتیه‌ت له وڵاتاندا.

(ئه‌و چه‌مکه سنووردانه‌ره‌ی دیموکراسی وه‌کوو ته‌کنیکێك بۆ هه‌ڵبژاردنی رێبه‌رانی سیاسی له راکێشانی پسپۆرانی سیاسی به‌ره‌و ئه‌وه‌ی که ته‌نیاو ته‌نیا سه‌رنج بده‌نه هه‌ڵبژاردن‌و هه‌ڵسوکه‌وتی ده‌نگده‌ران، کاریگه‌رییه‌کی به‌رچاوی هه‌بوو. وه له راستیدا بۆ ماوه‌یه‌ك وه‌کوو ئاڵۆزییه‌کی فکری راسته‌قینه‌ی لێهات‌و له هه‌ندێ ناوه‌ندی ئه‌کادێمیك بیرۆکه‌ی لکێکی یه‌کجار نوێی خوێندنی به ناوی سێفۆلۆژی[3] هێنایه ئاراوه. له ئاسته‌کانی خوارووتر په‌یوه‌ندی سیاسی بووه هۆی ئه‌وه‌ی که ته‌له‌ڤزیۆن به‌شێوه‌یه‌کی به‌رفراوان هه‌ڵبژاردنی نیشتمانی به به‌رنامه‌کانی وا ده‌وره بدات که تێیدا حیساب‌وکیتابی زۆر وردی «هه‌ڵبه‌زودابه‌ز» له حزبێك بۆ حزبێکیترو پێشبینییه‌کانی ئاکامی کۆتایی

---

١ – جامعه وطبیعت، علم، فرهنگ‌وزبان ـ دکتر چسنکو، ترجمهٔ محمدتقی‌فرامرزی، انتشارات شباهنگ، چاپ‌اول، ٢٥٣٦.

٢ – Tom Bottomore

٣ – Psephology ـ خوێندنه‌وه‌و هه‌ڵسه‌نگاندنی هه‌ڵبژاردن‌و هه‌ڵسوکه‌وتی ده‌نگده‌ران.

# راگەیاندن

رکابەرایەتی هەڵبژاردن، هەرچەشنە باسێکی مجددی دەرهەق بە چۆنیەتیو ناوەرۆکی بگروبکێشەکانی سیاسی بخاتە بن سێبەری خۆی.)[1]

ئەم کاریگەریو کارتێکەریو گرنگیی لە رادەبەدەری ئامێرەکانی پێوەندی گشتی، کە ئێمە لە کوردستان دەزگاکانی راگەیاندنی پێدەڵێین. منی هاندا ئەم باسە نیوەچڵە بخەمە بازاڕی کیتابی کوردییەوە. تا بەڵکوو لەم رێگەیەوە هەم خزمەتێکم کردبێت هەرچەند بچووكو فەقیرانەو هەم جارێکیتر گرنگیو بایەخی ئەم دەزگایانە وەبیر خۆمان بێنینەوە. چونکە بەڕای من، شۆڕشی کوردی بە تایبەت دووای راپەڕینی ۱۹۹۱ نەیتوانیوە دەزگاکانی راگەیاندن وەکوو پێویست بخاتە خزمەتی دۆزی گەلەکەمانو بگرە لە هەندێ شوێن لە سۆنگەی ئەم ئامێرانە زیانیشی پێگەییوە. هەرچەندە دڵنیام کە ئەم وتەیەم دڵی زۆر لەوکەسانەی لەناو ئەم دەزگایانە کاردەکەن دێشێنێت. بەڵام چیبکەین راستی دەبێ بوترێت هەرچەند تاڵیش بێت.

من لێرە بە کورتی باسی دوولایەنی ئەو زیانانە دەکەم کە دەزگاکانی راگەیاندنی لایەنەسیاسییەکان دووای راپەڕین بە گەلەکەمانیان گەیاندووە:

یەکەمیان ئەو سوودەی لە دەزگاکانی راگەیاندن وەرگیرا بۆ دژایەتی کردنی لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتری. بەتایبەت لە شەڕی ناوخۆ. کە بەداخەوە لەم مەجالە، گەلێ سنوورو قیەمی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی پێشێل کرانو دەنگی قەبۆقەبۆی کورد، لە دژی یەکتر گەییشتە هەندەرانیش. کە پێموایە کەس ناتوانێت نکۆڵی لەم راستییە بکات. چونکە بەڵگە هێندە زۆرن کە لە ژماردن نایەن.

---

١ – جامعەشناسی سیاسی ، نوشتۀ تام‌باتامور ، ترجمۀ منوچهرصبوری‌کاشانی ، چاپ سوم ، ١٣٧٢ ،انتشارات کیهان.

# پێشەکی

دووەمیان سوود وەرگرتنی نەشارەزایانەو بەرەڵلا لە دەزگاکانی راگەیاندن بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵك‌و گوایە رەخساندنی کەشی خۆشگوزەرانی بۆ جەماوەر کە لە ئاکامدا ئەم دەزگایانە بوونە مینبەری پڕۆپاگندە بۆ فەرهەنگ‌و داب‌و نەریتی بێگانەو ئەگەری کەمڕەنگ بوونی داب‌و نەریت‌و هەستی کوردایەتی لەناو جەماوەری کوردستان بەگشتی‌و لاوانی کورد بەتایبەتی.

ئاکامی ئەم دیاردەیەش شتێك نەبوو جگە لە پەرەسەندنی هەستی خۆنامۆیی‌و هەڵاتن‌و نیشتمان بەجێ هێشتن‌و روو کردن لە هەندەران کە ئێستا پێیەوە دەناڵێنین.

هەر چەندە من ناڵێم هەموو کردەوەکانی ئەم دەزگایانە زیاندار بووینەو خزمەتەکانیشیان لەبەر چاومە، بەڵام نابێ گومانمان لەو هەقیقەتەداهەبێت کە بەکارهێنانی نەشارەزایانەی چەکێکی کاریگەری وەکوو ئامێری راگەیاندن زیانی یەکجار زۆری بەدووادا دەبێت.

(ئیمکانیاتی فراوان‌و یەکجار زۆری تەکنەلۆژیا«مەبەست ئامێرەکانی راگەیاندنە» مەترسی ناسراوو نەناسراوی زۆری لەگەڵدایە. تەکنەلۆژیای ئاڵوزو پێشکەوتووی ئەمڕۆ دەسەڵاتێکی وای هەیە کە دەتوانێت ژیان‌و داهاتووی مرۆڤایەتی ئاراستەی لایەنی هزر لێ نەکراو بکات‌و بیگۆڕێت. نابێ یاری بە تەکنەلۆژیا بکەین. بەڵکوو دەبێت بەزانایی‌و بە شارەزایی دەستەمۆی کەین‌و بەئاگاداری‌و لێزانی، لە پێناو بەدیهاتنی ئاواتە دڵخوازەکانمان بیخەینەکار.)[1]

دیارە ئەم چەند رستەیە لێ وردبوونەوەیەکی باشی دەوێت کە من بۆ خوێنەرانی هێژا بەجێی دێڵم.

---

١ - گۆڤاری‌فرهنگ و زندگی ، شمارۀ۱۱، بهار۱۳۵۲، پرویزهمایون‌پور، تکنولوژی در خدمت آموزش وپرورش جهان سوم.

# راگەیاندن

بەهەرحاڵ من هەوڵم داوە تا دەکرێت لە بابەتەکاندا، راستەوخۆ پەنجە بۆ کەس یا شوێنێکی تایبەتی درێژ نەکەم. چونکە مەبەستم لێرە رەخنە گرتن لەهیچ کەس و لایەنێك نەبووە. دیارە ئەمەش بەو مانایە نییە کە چاوپۆشی لە هەندێ راستی زەق بکەین کە ئاشکرایەو رەنگە باس لێوەکردنیان لە لایەن حزبێك یا کەسێك بە رەخنە دابندرێت. بەڵام دڵنیام خستنەرووی شێوازە زانستییەکانی کارکردن و سوود وەرگرتن لە ئامێرەکانی پێوەندی گشتی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی بە بەرنامە لەگەڵیان، خوێنەر ئاگادارو رێنوێنی دەکات کە کەموکورتییەکان لەکوێن و رێگەی چارەسەریان چییە. بۆیەش من تەنیا هەوڵم داوە پێوەرە زانستییەکان بخەمەروو. پیوان و بەراوردکردن و لەبەر یەکدانانی رێگە زانستییەکان و واقعی ئێستای کۆمەڵ و باری دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان، با بۆ خوێنەرانی هێژا بێت.

ماوە بڵێم کە هەرچەندە ماوەیەکی دوورو درێژە تێکەڵی کاروباری راگەیاندنم و تا ئێستاش چەندین وتارم لەمەڕ راگەیاندن، نووسیوەو بڵاو بوونەتەوە. بەڵام لە راستیدا بیرۆکەی نووسینی ئەم پەرتووکە لە پەیمانگای کادیران دروست بوو[1]. ئەویش چونکە پێویست بوو ئێمەی قوتابیان هەر یەکەو باسێك لە کۆتایی خولەکە بنووسین و بیدەینە پەیمانگا. منیش بۆ ئەم مەبەستە بڕیارمدا لەسەر راگەیاندن باسێك ئامادە بکەم و دووای خۆماندووکردنێکی زۆر توانیم

---

١ - مەبەست خولی دوانزدەی پەیمانگای کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستانە. کە لە رێکەوتی ٢٠٠١/٧/٤ تا ٢٠٠١/١١/٤ لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی نزیکەی پەنجاقوتابی بەڕێوە چوو. کە قوتابییەکان هەموویان لە کاربەدەستانی پلەبەرزی پارتی لە سەرانسەری کوردستان بوون و منیش لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە بەشداریم کردبوو. کە لە کۆتایی بە پلەی زۆرباشە لە ئەزموونەکان سەرکەوتنم بەدەست هێنا.

# پێشه کی

دەرەنجامی هەوڵە کەم لە قاڵبیناملیکە یە کی چل لاپەڕی پێشکەش بکەم. کە لە ڕاستیدا هەر ئەوباسە بووە هەوێنی نووسینی ئەم کیتابە.[١]

ڕەنجی ئامادە کردنی بابەتە کان بۆیە چەندقاتی نووسینە کانیتر بوون، چونکە بەڕاستی سەرچاوە لەسەر ڕاگەیاندن بە تایبەت بە زمانی کوردی یە کجار زۆر کەم بوو. لەبەر ئەوە ناچار هەوڵم دا، سوود لە سەرچاوە کانی فارسی وەربگرم. کە ئەمەش گەلێ گرفتی وە کوو وەرگێڕانی هەندێ وشەوگۆتەنی (مصطلح) کە لە زمانی کوردی تا ئێستا بە کار نەهێنراون، بۆ دروست کردم.

لەم کیتابە خوێنەر هەست دە کات کە من لە میناك هێنانەوەدا زۆربەی جاران باسی تەلەڤزیۆنم کردووە. لە ڕاستیدا ڕەنگە ئەمەیان کەموکورتییەك بێت، بەڵام هۆیە کەی ئەوەیە کە هەرچەندە لە زۆربەی شوێنا باس لە بنچینە کانی کاری ئامێرە کانی ڕاگەیاندنی گشتی کراوە، بەڵام مەبەستی سەرە کی من یە کێ لەو ئامێرانە، واتە تەلەڤزیۆن بووە. بۆیەش زۆربەی جاران کە نموونەم هێناوەتەوە باسی تەلەڤزیۆنم کردووە. دیارە ئەوەش، لەبەر ئەم بڕوایەی خۆمە کە لەم چەرخەدا، هیچ ئامێرێکی پێوەندی گشتی، بەقەدەر تەلەڤزیۆن کاری نە کردووەتە سەر ژیانی مرۆڤ بەتایبەت لە بواری کۆمەڵایەتیدا.

هەوڵم داوە ناوی زانایانو هەروەها ئەو سەرچاوانەی کەڵکم لێ وەرگرتوون، لە ژێرنووسە کاندا بنووسمەوە، بۆ ئەوەی ئە گەر خوێنەرێك تاقەتی هەبوو لەسەر بابەتە کە زیاتر بخوێنێتەوە، با تەماشایە کیان بکات. بەڵام لە هەندێ شوێن ناوە کان یا سەرچاوە کان بە زمانی فەڕەنسی بوونو منیش هەروا وە کوو خۆیانم نووسیونەتەوە.

---

١ – بۆ تایبی ناملیکە چل لاپەڕییە کە، خوشکی بەڕێز شیرین مستەفا هاوکاری کردمو گەلێ خۆی ماندوو کرد، کە لێرە بە پێویستی دەزانم سوپاسو پێزانینی خۆمی بەمجۆرە پێ ڕابگەیێنم.

# راگه‌یاندن

گه‌لێ هه‌وڵمداکه ئاماری نوێ‌و سوودمه‌ندتر، له‌شوێنه پێویسته‌کان بخه‌مه ‌روو، به‌ڵام به‌داخه‌وه له‌وانه‌ی که‌ باسم کردوون، زیاترم ده‌ست نه‌که‌وت. بۆیه‌ش ئه‌گه‌ر ره‌خنه‌م لێ بگیرێت که ئاماره‌کان که‌ونن، عه‌رزتان ده‌که‌م که راست ده‌فه‌رموون.

له‌به‌شی حه‌وته‌می کیتاب، دوو ئه‌زموونی خۆم به‌کورتی باسکردووه‌که به‌ڕای خۆم سه‌رکه‌وتوو بووینه‌و هۆیه‌کانی سه‌رکه‌وتنه‌که‌شم نووسیون. ره‌نگه له‌م به‌شه‌دا ناوی هه‌ندێ به‌ڕێز له یادم نه‌مابن‌و نه‌نووسرا بن، ئه‌گه‌ر شتێکی وا روویدا بێت، من پێشه‌کی داوای لێبووردن له‌و به‌ڕێزه ده‌که‌م.

هیوادارم ئه‌م کاره ساکاره سه‌ره‌تایه‌ك بێت بۆ کاری قووڵترو زانیارییانه‌تر، له بواری راگه‌یاندن‌و ئومێده‌وارم توانیبێتم ئامانجه‌که‌م بپێکم. هه‌رچه‌نده ده‌زانم ئه‌م هه‌نگاوه گه‌لێ بچووك‌و وردیلانه‌یه، لێ هه‌ر هێنده‌م پێ کراوه‌و کورد گۆته‌نی سمۆره‌و مناخۆ. جا ئه‌گه‌ر پێوه‌ر (هه‌رکه‌سه‌و به منی خۆی بێت.)، ئا ئه‌مه‌ش (منی) منه.

له‌کۆتایی به پێویستی ده‌زانم سوپاسی مامۆستایان دکتۆر عه‌بدوڵڵا ئاگرین‌و عه‌بدولحه‌مید به‌رزنجی بکه‌م ،که له خولی په‌یمانگای کادیران گه‌لێ هانیان دام بۆ ئه‌وه‌ی باسه‌که‌م له قاڵبی په‌رتووکێك بڵاو بکه‌مه‌وه.

یه‌زدانی گه‌وره هه‌ر پشتیوانی چاکه‌کاران‌و راستگۆیان بێت.

سالح مه‌حموود هه‌رکی ـ کۆڕێ

٢٠٠٢/١٢/٢٨

# بەشی یەکەم :

## پێوەندییەکان

# بەشی یەکەم

## ١ - پێوەندی[١]

زۆر لە مێژە جیاکردنەوەی مرۆڤ لە دەوروبەرو هاوچەشنەکانی، وەکوو سزایەکی کاریگەر دەرهەق بە سەرپێچیکاران بەکار هاتووەو ئێستاش بەند کردن سزایەکی گرانە کە بەسەر تاوانباران لە هەموو کۆمەڵگاکاندا دەسەپێت.
ئەم کردارە لەوەوە هەڵقووڵاوە کە مرۆڤ گیانلەبەرێکە ئافرێندراوە بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ بژییێت و ئەوەی لەم رێسایە دەربچێت دیارە خۆی لە دەروونەوە خاوەن گرفت و نەخۆشییە.
مەبەستم لێرە ئەوەیە کە نابێت لە یاد بکەین کە ئەم سزایە، لە راستیدا شتێك نییە جگە لە برین یا سنووردار کردنی پێوەندییەکانی مرۆڤ. چونکە بەندکردنی کەسێك واتە لێ سەندنەوەی ئازادی و سەربەستی ئەم کەسە. بەڵام نەك ئازادی هەناسەکێشان، نەك ئازادی خواردن، نەك ئازادی بیرکردنەوە، بەڵکوو ئازادی گەڕان و پێوەندی کردن بە خەڵکانیتری ناو کۆمەڵ. کە واتە بەندی، سزا دەدرێت بە ئەوەی کە پێوەندییەکەی لەگەڵ کۆمەڵ بپچڕێت یا سنووردار بکرێت.
لێرە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، گرنگی پێوەندی لە لای مرۆڤ بە باشی

---

١ - Communication

دەردەکەوێت. تائەو رادەیەی کە دکتۆر باقری ساروخانی مامۆستای زانکۆی تاران دەڵێت: (بە نەمانی پێوەندی، مرۆڤ بە پەلە بەرەو لارێییو مەوادی ئەفیوونیو تەنانەت خۆکوژی رائەکێشرێت.)[1]

کە واتە پێوەندی یا پێوەندی کردن، بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسانە. هەر ئەو بنچینەیەش، بووەتە هۆی پێشکەوتنی رۆژ لە دووای رۆژی مرۆڤ، تا بە چەرخێکی وەکوو ئەم سەردەمەگەییوە.

وشەی پێوەند یا پەیوەند، لە (پەدڤەند)ی پەهلەوی کۆنەوە هاتووە. بە مانای (لێك بەسترانەوە، پێکەوەلکان)[2] لە زمانی کوردیشدا، وشەی پێوەند یا پەیوەند هەر بەو مانایە، ئێستا باوەو لە قاموسەکوردییەکانیشدا، بە وشەیەکی کوردی تۆمار کراوە.[3] لە زمانی نووسینی ئێستای کوردیدا (پێوەندی پێوە کردن) واتە گەیاندنی مەبەستێکی تایبەت، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر. کە مرۆڤێك دەڵێت: پێوەندیم بە فلانە کەسەوە کرد. واتە بە شێوازێك، ئەوجا راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ پەیامێکم بەو کەسە گەیاندو لە ئەو یا وڵامەکەی یا مەبەستەکەی تێگەییشتم.

## پێناسەی پێوەندی:

ئێدڤین ئێمێری[4] زانای ئەمەریکی، بەم شێوەیە پێناسەی پێوەندی دەکات:

---

١ - جامعەشناسی ارتباطات، دکتر باقرساروخانی، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧٣، لاپەرە ٥.

٢ - فرهنگ عمید، تألیف حسن عمید، انتشارات امیرکبیر، ١٣٦٩.

٣ - سەیری هەنبانە بۆرینەو فەرهەنگی خاڵو فەرهەنگی کوردستان بکەن.

٤ - E.Emery

## بەشی یەکەم

(پێوەندی بریتییە لە فەننی گواستنەوەی زانیارییەکانو بیرو ئاکارەکانی ئینسانی، لە کەسێك بۆ کەسێکیتر. بەگشتی هەر تاکێك بۆ سازدانی پێوەندی لەگەڵ خەڵکیترو گواستنەوەی پەیامەکانی بۆ ئەوان، لە ئامێری جۆراوجۆر سوود وەردەگرێت. بۆ وێنە ئەوکاتەی مرۆڤ پێدەکەنێت. بە روانینو بزە، شادیو کەیفخۆشی خۆی بە یەکێکیتر پێشان دەدات. هەروەها کاتێك کە کەسێك بە کەسێکیتر بەیانیباش دەڵێت. بە دەربڕینێکی زارەکی، دۆستیو هاودڵی خۆی بە ئەو حاڵی دەکات. هەر بەم شێوەیە، کاتێك کە مرۆڤ نامە بۆ یەکێك دەنووسێت. بە نووسین مەبەستی خۆی بە ئەو دەگەیێنێتو لەگەڵ ئەودا، پێوەندی ساز دەکات.)[1]

چارلزکۆلێی[2] پیتۆڵو کۆمەڵناسی ناوداری ئەمەریکی دەڵێت:

(پێوەندی میکانیزمێکە کە پێوەندییەکانی ئینسانی، لەسەر بنەماو بە هۆی ئەو میکانیزمە، دێنە وجوودو پەرە دەستێننو گشت سەمبولە هزرییەکانو ئامێرەکانی گواستنەوەو پاراستنیان، بۆ تێکشکاندنی سنووری زەمانو مەکان دەگرێتەوە.)[3]

ئەنجومەنی نێو نەتەوەیی توێژینەوەی پێوەندییەکانی گشتی (I.A.M.C.R.)[4] بەم شێوەیە پێناسەی پێوەندی دەکات:

(کاتێ دەوترێت پێوەندی، مەبەست رۆژنامە، بەلاڤۆك، گۆڤار، کیتاب، رادیۆیەکان، تەلەڤزیۆنەکان، پێوەندییەکانی دوور «تەلەفۆن، تەلەگراف،

---

١ – وسایل ارتباط جمعی، جلد یکم، دکترکاظم معتمدنژاد، تهران ١٣٧١، لاپەرە ٣٥.

٢ – Charles H. Cooley

٣ – وسایل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمدنژاد، تهران ١٣٧١، لاپەرە ٣٨

٤ – International Association for Mass Commication Research

کێبڵە کانی ژێرئاوی»و پۆستەیە. هەروەها پێوەندی، چۆنیەتی بەرهەمهێنانو دابەشینی بەرهەمو خزمەتگوزاری جۆراوجۆر، کە ئامێرو راپەڕاندنی ئەرکە کانی سەرەوە دە گرنە خۆو تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی پێوەندیدار «بەناوەرۆكو پەیامو ئاکامو شوێنەوارە کانیان»، دە گرێتە خۆی.)(١)
لە زمانی کوردیدا، پێناسەی سەرەوە کراوەتە دووبەش. بەشی یەکەم، هەروەکوو باسمان کرد، پێوەندییە. بەڵام بۆ بەشی دووەم واتە چۆنیەتی بەرهەمهێنانو دابەشینی بەرهەم، لە زمانی کوردی (گواستنەوە یا گەیاندن) بە کار دەهێنرێت. بۆ وێنە دەوترێت: (وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.)
جگە لە پێناسە کانی سەرەوە، گەلێ پسپۆرو خاوەنڕای کۆمەڵناسی، لەمەڕ پێوەندی دوواونو پێناسەی جۆراوجۆریان خستووەتە روو. کە لە کۆی ئەم راو بۆچوونانە دەتوانین چەند خاڵێکی سەرە کی وە کوو تایبەتمەندییە کانی پێوەندی هەڵبژێرین:

١ ـ پێوەندی، بنەمای سەرە کیی پێکەوە گرێدانی مرۆڤە کانە.
٢ ـ پێوەندی، پردی گواستنەوەی هەستو مەبەستە.
٣ ـ لە پێوەندی، کۆمەڵێك هێماو سمبول بۆ گەیاندنی مەبەست بە کار دێن.
٤ ـ پێوەندی، ئامانجدارە. واتە هیچ پێوەندییەك بەبێ ئامانج نییە.

ئەمانە تایبەتمەندییە کانی سەرە کی هەموو پرۆسەیە کی ئەو پێوەندییەن کە لە داهاتوو باسیان لێوە دە کەین.

## ٢ ـ جۆرە کانی پێوەندی:

لە پێناسەی پێوەندی بۆمان دەرکەوت کە: پردێکە، بە لایەنی کەم دووکەس

---

١ – وسایل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمدنژاد، تهران ١٣٧١، لاپەڕە ٣٦

# بەشی یەکەم

پێکەوە دەبەستێتەوە. واتە ساکارترین پێوەندی، ئەو پێوەندییەیە کە لە نێوان دووکەس ساز دەدرێت.

**پەیامگر <<< پەیام <<< پەیامدەر**

**پەیامدەر >>> پەیام >>> پەیامگر**

کەسی یەکەم، پەیامی خۆی رەوانە دەکات. یا پەیامەکەی دەردەبڕێت و کەسی دووەم سەرەتا پەیامەکە وەردەگرێت و پاشان لە وڵامدا، پەیامێك دەردەبڕێت یا رەوانەدەکات و کەسی یەکەم وەری دەگرێتەوە. دیارە ئەمە شێوەی ساکاری پرۆسەی پێوەندییە کە لە نێوان دووکەسەو تێیدا جۆرە پەیامێك ئالوگۆڕ دەکرێت و هەردوو لا لێی حاڵی دەبن.

بەڵام لە راستیدا هەموو پێوەندییەك هەر هێندەو بەم ساکارییە نییە. بە تایبەت کە باس لە رۆڵ و کاریگەری و خۆ تێهەڵقورتاندنی ئامێرەکانی پێوەندی بکرێت. دیارە لەم حاڵەتە پرۆسەکە گەلێك ئاڵۆزترو بەرفراوانتر دەبێت. لێرە بۆ رێگە گرتن لە لادان لە باسی سەرەکیمان و بەرەچاوکردنی ئەم راستییە کە زانایانی کۆمەڵناسی لەمەڕ پرۆسەی پێوەندی گەلێ باسی دوورو درێژیان هەیەو زۆری لەسەر دوواون[1]، بەڵام چونکە ئەم لایەنە مەبەستی سەرەکی ئەم بابەتە نییە،

---

١ - باسی پێوەندی گەلێ لق و پۆپی لێ دەکەوێتەوە. بەتایبەت لە کۆمەڵناسی کە پێوەندی کۆمەڵایەتی دەکەنە دووبەشی سەرەتایی و لاوەکی. یا دکتۆر باقری سارووخانی لە بەرهەمەکەی بەناوی (جامعە شناسی ارتباطات) پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی دەکاتە هەشت بەش بەم شێوەیە : پێوەندی راستەوخۆ، پێوەندییەکانی جیهانی، پێوەندییەکانی هەستبزوێن، پەیوەندییەکانی لە پێناو ئامانج، پێوەندییەکانی ☞

هەوڵ دەدەین زۆر بە کورتی باسێکی لێوە بکەین و بۆیەش لەم روانگەیەوە واتە (پرۆسەی پێوەندی پێوە کردن بە سوود وەرگرتن لە ئامێرە کانی پێوەندی)، بە گشتی پێوەندییە کان دە کەینە دووبەشی سەرە کی:

## أ- پێوەندی راستەوخۆ:

پێوەندی راستەوخۆ ئەو پێوەندییانە دە گرێتەوە کە تاك لە گەڵ تاك یا تاك لە گەڵ کۆمەڵ یا کۆمەڵ لە گەڵ کۆمەڵ... سازی دە کات، هەڵبەت بەبێ سوود وەرگرتن لە ئامێری پێوەندی. ئەم جۆرە پێوەندییە کاتێك ساز دەدرێت کە هەردوو لایەنی پێوەندی لە نزیك یە کتر بن و یە کدی ببینن و دەنگی یە کتر ببیستن. وە کوو قسە کردنی دووکەس لە گەڵ یە کتر، یا ئاخاوتنی چەند کەس لە گەڵ چەند کەسیتر. یا بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارو بەشداری لە موناقشەو گۆتوبێژە کان. ئەم جۆرە پێوەندییە تایبەتمەندییە کی سەرە کی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پەیام دوو سەرەیە. واتە لایەنێك لە گەڵ ئەوەی کە دەتوانێت دەربڕی پەیام بێت، دەتوانێت پەیامیش وەرگرێت. نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە لە راستیدا هیچ پێوەندییەك لە نێوان دوو مرۆڤ دا بە تەواوی راستەوخۆ نییە. چونکە مرۆڤ ناچارە بۆ گەیاندنی مەبەستی خۆی لە زمان یا هێمایەك کە دەربڕی مەبەست یا هەست و هزری ئەوە کەڵك وەر بگرێت.

مەبەست لە راستەوخۆ ئەوەیە کە دووکەس بۆ گەیاندنی پەیامە کەیان لە هیچ ئامێرێك جگە لە توانا کانی خۆیان سوود وەرنە گرن. بە واتایە کیتر لە پرۆسەی پێوەندیدا هێماو جموجۆڵی سەرو چاوو دەست و پێش، بە بەشێکی گرنگی

---

هەرەمە کی، پێوەندییە کانی کۆمەڵایەتی، پێوەندییە کانی داگر، پێوەندییە کانی هێمایی.

هەروەها دکتۆر کازمی موعتەمدنژاد، پێوەندییە کان دە کاتە سێبەش: پێوەندی راستەوخۆو تایبەتی، پێوەندی ناراستەوخۆو ناتایبەتی، پێوەندی گشتی.

پەیام حیساب دەکرێن. بۆیەش مەرج نییە لە پەیامدا هەمیشە بە وشەو زمان مەبەستەکان رابگەیێندرێن. ڕەنگە بزەی سەر لێوی دڵدارێك، بۆ دڵداوەکە، هێندە پڕمانا بێت کە نەکرێت لە چەند پەرتووکی گەورەدا بنووسرێتەوە. دیارە ئەم بزەیە خودی پەیامەو شیکردنەوەی ناوەرۆکی پەیامەکە بۆ وەرگری پەیام دەمێنێتەوەو بۆ کەسێکی تایبەتی مانای تایبەتی خۆی دەداتەوە.

## ب ـ پێوەندی ناڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرە پێوەندییە زۆر بەرفراوانەو گەلێ لق و پۆپی لێ دەکەوێتەوە. پێوەندی تاك بە تاك، بە نامە یا تەلەفۆن یا لە ڕێگەی پەیام هەڵگرێك، یا پێوەندی تاکێك بە کۆمەڵێك لە یەك کاتدا، لە ڕێگەی ئامێرێك و تەنانەت پێوەندی کۆمەڵێك بە کۆمەڵێك بە هۆی بەکارهێنانی ئامێرێك. هەر هەموو ئەمانە، پێوەندی ناڕاستەوخۆن.

تایبەتمەندی ئەمجۆرە پێوەندییە، ئەوەیە کە دەزگایەك یا ئامێرێك یا لایەنێك، دێتە ناو پرۆسەی پێوەندی پێکردنەوەو ئەرکێکی گرینگ دەخاتە سەرشانی خۆی و بەبێ ئەم ئامێرە پێوەندییە کە سەرناگرێت.

دیارە ئەو ئامێرە پێوەندییانەی لە پێوەندی ناڕاستەوخۆ دێنە ناو پرۆسەکەوە، بە

**پەیامگر　　　　　　پەیامدەر**

**ئامێری پێوەندی**

**پەیامدەر　　　　　　پەیامگر**

خۆشیان لە کۆمەڵێك بەش پێکهاتوون‌و لە راستیدا ئەوان خۆبەخۆ سەرچاوەی پەیام نین. بەڵکوو تەنیا ناوەرۆکی پەیام دەگوازنەوە. بۆ وێنە ئامێری تەلەڤزیۆنی ناوماڵ، خۆ لە خۆیدا پەیامدەر نییە. بەڵکوو ئەو، پەیام لە شوێنێکیتر وەردەگرێت‌و ئێمەش پەیامە کە لەم ئامێرە وەردەگرین. هەروەها رۆژنامە بە هۆی پەیامنێرەکانیەوە، پەیام کۆ دەکاتەوەو ئەوجا بڵاویان دەکاتەوە. کەواتە کاتێك باس لە ئامێرەکانی پێوەندی دەکەین، باس لە چەندین جۆرە دەزگا دەکەین کە خودی خۆیان لەگەڵێ بەش‌و پارچەوکەرتی جۆراوجۆر پێکهاتوون‌و بۆیەش پرۆسەی پێوەندی بە هاتنی ئەم ئامێرانە، زۆر ئاڵۆزترو تێکەڵاوتر دەبێت.

بۆ وێنە سەرچاوەی رووداوێك لەناو شار دەتوانێت، خۆ

**مەبەست** <<< بگر <<< ئامێر <<< بنێر <<< **سەرچاوە**

>>> گەڕانەوە <<<

سووتاندنی ئافرەتێك بێت. پەیامنێری رۆژنامە یا تەلەڤزیۆن وەکوو گوازەری ئەم رووداوە بۆ دەزگاکەی خۆی کار دەکات‌و دەڕوات‌و زۆر بە پەلە راپۆرتێك یا هەواڵێك لەسەر رووداوە کە ئامادە دەکات. دووای ئەمکارەی پەیامنێر، هەواڵە کە لە رێگەی ئامێرێکی وەشێنەری شەپۆل، بڵاو دەکرێتەوە. دیارە ئەم شەپۆلە سەرگەردانانە، بێسوودن ئەگەر خەڵك نەتوانن لێیان تێبگەن. بۆیەش ئامێرێکیتری وەکوو بگری شەپۆلەکان، بۆ وێنە، رادیۆ یا تەلەڤزیۆن، پێویستە تا ئەم پێڵە سەرگەردانانە لە هەوا بڕفێنێت‌و بە شێوازێك بڵاویان بکاتەوە کە ئێمە لێیان تێبگەین. واتە پەیامەکان بگەنە مەبەستی خۆیان کە ئێمەین.

## بەشی یەکەم

کەواتە لە پێوەندی گشتی کە ئامێرەکانی پێوەندی بەکاردەبردرێن، بەلایەنی کەم سێ فاکتەریتر دێنە ناو پرۆسەی پێوەندی کردنەوە. کە هەر یەکەیان بە نۆبەی خۆی دەتوانن بەسەر چۆنیەتی گواستنەوەو گەیاندنی پەیامو سازبوونی پێوەندی کاریگەر بن. بۆیەش لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی پێوەندی گشتی، بە شێوەی بەرفراوانی ئەم سەردەمە، ناچارمان دەکات لەو پێکهاتانەش ورد ببینەوەو شەنوکەویان کەینو رادەی کاریگەرییان بەسەر پەیامدەرو پەیامگرو خودی دەزگاکانی پێوەندی گشتی دەستنیشان بکەین.(سەیری هێڵکاری لاپەڕەی پێشوو بکەن).

مەبەست لەگەڕانەوە، ئەو پەیامانەن کە لە مەبەستەوە، دیسان ڕەوانە دەکرێنەوەو پەیامدەر لەرێگەی گەڕانەوە، رادەی کاریگەری پەیامەکانی هەڵدەسەنگێنێت. یا خود پێدەحەسێت کە پەیامەکانی گەییوە یا نە. جگە لەوەش ئەگەر ئەم گەڕانەوەیە نەبێت، پرۆسەی پێوەندی ناتەواو دەبێت، کە لە داهاتوو زیاتری لەسەر دەڕۆینو بە تێروتەسەلی باسی دەکەین.

هیوادارم لەم کورتە باسەدا توانیبێتم تا رادەیەك پرۆسەی پێوەندیو گرینگییەکەی لە ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤدا روون بکەمە. دیارە هەروەکوو پێشتر باسمان کرد مەبەست ئەوە نییە وەکوو زانستی کۆمەڵناسی بچینە ناو وردەکارییەکانی پرۆسەکەوە. تەنیا مەبەست رەخساندنی زەمینەیە کە بۆ بەشەکانی داهاتووی ئەم باسە، واتە راگەیاندن.

■

# بەشی دووەم

## کێشەی ناولێنانی ئامێرەکانی پێوەندی گشتی

## (ئامێری پێوەندی) یا (دەزگای راگەیاندن)

یەکێك لەگرفتەکانی ولاتانی دوواکەوتوو، کێشەی ناوی ئەو بەرهەمانەیەکە لە ولاتانی پێشکەوتوو بەرهەم دێتو ئەوان ناچارن لە ژیانی رۆژانەیاندا بەکاریان بێنن. لە هەر ولاتێك کە بەرهەم لە کارگە دەرچوو، ناوێکی لە سەر دادەنرێت، کە بە زمانی ولاتی بەرهەمهێنەرەوگەلانی تری جیهان، یا دەبێت ناوێك بە زمانی خۆیان لەسەر بەرهەمە تازەکە دابنێن، یا هەر بە ناوی ولاتی بەرهەمهێنەر، بیناسنو لەم حالەتەدا زمانی ولاتی بەکارهێنەری بەرهەم، دەکەوێتە بەر مەترسی تێکەلاویو لاوازیو لەناو چوون.

زمانی کوردی خۆمان یەکێکە لە نموونە زیندووەکانی ئەم دیاردە شوومەو خۆمان رۆژانە تامی تالی ئەم دەردە ناسۆرە دەچێژین.

هەندێ لە ولاتان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بە دانانی ناوەندێکی تایبەتی، هەولی زۆریان لە پێناو پاراستنی پاراوی زمانەکەیان داوەو تارادەیەکیش سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. بەلام بەداخەوە ئەم هەولە لە ناو کوردا بەهۆی نەبوونی دەسەلاتێکی سیاسی سەربەخۆ وەکوو پێویست ئامانجەکانی نەپێکاوە. یەکێك لەو هەولە پیرۆزانە، کە ناکرێت فەرامۆشی بکەین، دانانی کۆڕی زانیاری کورد بووە کە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، تارادەیەکی باش خزمەتی زمانی کوردی کرد. بەلام بەداخەوە تا ئێستاش وەکوو پێویست نەیتوانیوە کەلێنەکان پڕکاتەوەو کۆسپەکان لەسەر رێگا هەلگرێت.

من پێم وایە کە هۆی ئەم سەرنەکەوتنەو هەروەها هۆی تەشەنەکردنی

## بەشی دووەم

لەرادەبەدەری وشەی بێگانە لە زمانی کوردیدا، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ خودی نووسەرانو رۆشنبیرانی کورد. کە زۆرجار بە ناوی خزمەت، زیان بە زمانە پاراوەکەمان دەگەیێنن. جگە لەوەش نەبوونی یەکدەنگیو یەکڕاییو خۆبەزل زانینو تاکڕایی لەناو رۆشنبیرانو نووسەران، هەرگیز دەرفەتی بۆ خزمەتی شایان، کە تەنیا لە سێبەری یەکدەنگی بەروبۆ دەدات نەهێڵاوە.
هەر دووای راپەڕین کۆمەڵێك وشەی زلزلی بێگانە هاتوونەتە نێو زمانی کوردی کە لە راستیدا هیچ پێویستیمان پێیان نەبووەو تەنیا لەبەر ئەوە بوونە سەرباری زمانەکەمان کە فلانە نووسەر بە خەڵکی پێشان بدات کە جەنابی، وشەی زلزلی بێگانە دەزانێتو گوایە مرۆڤێکی وا، زانایێکی بەرزەو رێزلێنانی لەناو جەماوەری هەشبەسەر فەرز.
زۆرجاریش بۆ دانانی وشەیەك نووسەرانو رۆشنبیران ئەوەندە دەمەقاڵەو بگروبکێشیان درێژە پێداوە کە خەڵکی ئۆقرەیان نەماوەو خۆیان هەرچی پێیان باش بووە دەکاریان بردووەو ئیتر کەس گوێی بۆ پسپۆرو ناپسپۆر شل نەکردووە.
لە بیرمە لە کۆتایی حەفتاکان، کە من وەکوو پەنابەرێك لە ئێران دەژیام، جۆرە مەکینەیەك هاتە کوردستانی ئێران کە زۆر سووكو بچووك بوو. لەگەڵ ئەوەشا زۆرباش دروێنەی پێ دەکرا. بەراستی خەڵکی ناوچەکەی لە ئارەق رشتنو پشت ئێشانی ترپانو مەلەغانکێشان، بە یەکجاری رزگار کرد.
وادیارە بەهۆی گەرماو تۆزو کاری پڕئازارو زەحمەت، رۆشنبیرانو نووسەرانی کورد(لەگەڵ رێزم بۆیان)، رێیان دە زەویوزاری کوردی هەژار نەکەوتو بۆیەش کوردی نەخوێندەوار، دوور لە هەراوهوریاو بە یەکدەنگیو زۆر سادەو بێ دەعیانە، ناوی مەکینەکەی نا (چەقچەقە). ئەویش لەبەر ئەوەی لەکاتی کارکردندا مەکینەکە چەقەچەقێکی زۆری دەکرد.

# راگەیاندن

ئێستاش ئەگەر نووسەری کورد لە ژووره فێنکەکەی و لە پشت مێزه قەشەنگەکەی، بیەوێت رۆمانێکی دڵداریی شارستانیانە بنووسێت و جارێك رێگەی قارەمانی رۆمانەکەی بکەوێتە لادێیەکی دوور هەڵکەوتوو، ئەوجا جەنابی قارەمانەکە، بخوازێت لەم گەرمایە سەرێك لە زەویزارەکان بدات، ناچارە باسی مەکینەیەك بکات کە بەکوردیی پەتی، چەقچەقەی پێدەڵێن.

نامەوێ لێرە درێژ دادڕی بکەم. بەڵام پێموایە دەبێت رۆشنبیرانی کورد هەرچی زووتره هەوڵی چارەسەری ئەم گرفتە بدەن و ببنە پارێزەرێکی باش بۆ زمانە بێنازەکەیان کە رۆژ لە دووای رۆژ بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بەتایبەت لە بواری پێوەندیدا دەکەوێتە مەترسی زیاترەوە. چونکە ئامێرەکانی پێوەندی گشتی، یەکێك لەو بەرهەمانەن کە تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانیش، کێشە سازن و تا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتان لەسەر ناولێنانی ئەم ئامێرانە موناقشەو بگروبکێش یەکجار زۆرو بیروڕاکان فرە لێك جیاوازو تەنانەت لە یەکتری دوورن.

بۆیە لە درێژەی ئەم باسەماندا هەوڵ دەدەین رای هەندێ لەم شارەزاو پسپۆرانە لە وڵاتانی جیاجیای جیهان، بەتایبەت ئەوانەی لە بواری پیشەسازی ئامێرەکانی پێوەندی گشتی دەستێکی باڵایان هەیە، بخەینە روو. هیواداریـن ئێمەی کوردیش بەپەلە لەم بوارەدا هەنگاوی بەسوود باوێژین.

## رای پسپۆران:

پسپۆرو تۆژەرانی ئەمەریکایی، دووای شەڕی جیهانی دووەم، بۆ ناساندنی رۆژنامە، رادیۆ، تەلەڤزیۆن و سینەما، بە تێکڕایی ناوی (ئامێرەکانی پێوەندی

خەڵکی)[1]یان بەکارهێناو بە مەبەستی ئاسان نووسین، کورتیان کردەوەو کردیانە (ئامێرەکانی خەڵکی)[2].

ئەم وشەیە لە کوردستان کورتتر کراوەتەوەو ماوەیەکە نووسەران وشەی (میدیا) بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێنن.

بەڵام وڵاتانیتر بە تایبەت لە ئەورووپا، وەکوو ئێمەی کورد نەچوونە بن باری ئەم پەیڤە ئەمەریکییەو هەر زووکەوتنە رەخنەگرتن و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٦٣ ئەنجومەنی ئایینی واتیکان، ناوێکی هەڵبژارد. ناوەکە (ئامێرەکانی پێوەندی گشتی)[3] بوو. کە ئەویش نەیتوانی هەموو پسپۆڕان و شارەزایان رازی بکات.

(پرۆفیسۆر رۆژێر کلاوس)ی[4] بەلژیکی کە بە یەکێك لە پسپۆڕانی ناوداری زانستی پێوەندییەکان دەناسرێت، لە یەکێ لە دووایین پەرتووکەکانی، جیاوازییەکانی وشەیی جۆراوجۆر کە سەبارەت بە ئامێرەکانی پێوەندی، وەشان و هەواڵ لە ئارادان، خستووەتە بەر لێکۆڵینەوەو بەم شێوەیە رێزبەندی کردوون:

I– ئەو گۆتەنیانەی کە کۆی شێوازو مەرجەکانی بڵاڤەکاریی بە کۆمەڵ و رێکخستووی تەواوی رەگەزەکانی زانیاری و هەڵسەنگاندن و فەرهەنگی مرۆڤانە دەستنیشان دەکەن:

ـ پێوەندی خەڵکی (گۆتەنی ئەمەریکایی)

_Mass Communication

---

١ – Media Of Mass Communication

٢ – Mass Media

٣ – Mass Communication Sociale

٤ – Roger Clausse

ـ (گۆتەنی لاسایی فەڕەنسی)

__ Communication de Masse

ـ پێوەندی کۆمەڵایەتی (گۆتەنی ئەنجومەنی ئۆلی واتیکانی دووهەم)

__ Communication Sociale (Vatican II)

ـبڵاڤە کاری بە کۆمەڵ یا خەڵکی (گۆتەنی پڕۆفیسۆر رۆژێ کلاوسی بەلژیکی)

__ Diffusion Collective ou Massive (R. Clausse)

ـ هەواڵ یا زانیاری یا هایداری (گۆتەنی پڕۆفیسۆر فێرناندتروی فەڕەنسی)

__ Information

II ـ ئەو گۆتەنییانەی کە ئامرازو ئامێرە کانی پێوەندی دەناسێنن:

ـ ئامێرە کانی خەڵکی (گۆتەنی ئەمریکی)

__ Mass Media

ـ ئامێر یا ئامرازە کانی پێوەندی خەڵکی (گۆتەنی لاسایی فەڕەنسی)

__ Moyens ou Outils de la Communication de Masse

ـ ئامێر یا ئامرازە کانی پێوەندی کۆمەڵایەتی

__ Moyens ou Outils de la Communication Sociale(M.C.S.)

ـ تەکنیکە کانی بڵاڤە کاریی بە کۆمەڵ یا خەڵکی (گۆتەنی بەلژیکی)

_ _Techniques de Diffusion Collective(T.D.C.) ou Massive

ـ ئامێر یا ئامرازە کانی نووچەیی

__ Moyens ou Outils d' Information

III ـ ئەو گۆتەنییانەی کە بەرهەمە کانی پێوەندی (ناوەرۆکی پێوەندییە کان) ئامادە کراو بۆ کۆمەڵانی گەورە یا کۆمەڵانی خەڵك دەستنیشان دە کەن:

# بەشی دووەم

ــ پێوەندییەکانی خەڵکی (گۆتەنی ئەمریکی)

__ Mass Communications

ــ پێوەندییەکانی خەڵکی (گۆتەنی لاسایی فەڕەنسی)

__ Communications de Masse

ــ پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی (گۆتەنی ئەنجومەنی ئۆلی واتیکانی دووەم)

__ Communications Sociales

ــ پەیامەکانی بڵاڤەکاری بەکۆمەڵ یا خەڵکی (گۆتەنی بەلژیکی)

__ Messages de Diffusion Collective ou Massive. Messages T.D.C.

ــ هەواڵ، زانیاری یا هایداری

__Information [1]

بەهەرحاڵ لە ئاکامی بگروبکێشێکی زۆر، فەڕانسەوییەکان ناوی (ئامێرەکانی هەواڵ) یا (ئامێرەکانی نووچە)[2]یان هەڵبژاردو ئێستاش بەکاری دێنن. بەلژیکییەکان، هیچیەك لەم ناوانەیان پەسەند نەکردووە. لە جیاتی ئەمانە ناوی (تەکنیکەکانی بڵاڤەکاری گشتی)[3]یان بۆخۆیان هەڵبژاردووە.

لە ئێران سەرەتا ناوی (ئامێرەکانی پێوەندی گشتی)[4]، بۆ ئەم دەزگایانە هەڵبژێردرا. بەڵام ماوەیەکە ناوی (گەیێنەری هەمووانی) یا (گەیێنەری

---

١ - وسائل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمد نژاد، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، تهران ١٣٧١، لاپەڕە ٩٧

٢ - __ Moyens ou Outils d' Information

٣ - Techniques de Diffusion Collective(T.D.C.)

٤ - وسائل ارتباط جمعی

گشتی)[1] بەکار دێنن. کە ئێستا ئەم ناوەش کێشەو موناقشەی لە سەرەو بە تەواوی نەچەسپاوە.
کێشە کە لێرەوە دەست پێدەکات کە ئەو ناوانەی بە زمانێك لە سەر ئامێرەکانی پێوەندی گشتی دادەنرێن، رەنگە لە زمانێکی تردا، مانای تێروتەسەلی خۆیان نەبێتو بریتی نەبێت لەو ئەرکو کارانەی ئامێرەکانی راگەیاندن جێبەجێی دەکەن.
بۆ وێنە پرۆفیسۆر ژاك بوورکێنی[2] سویسی کە ماوەیەك سەرۆکی «ئەنجومەنی نێونەتەوەیی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکان» بووە، بۆ سەلماندنی ناوی (ئامێرەکانی پێوەندی خەڵکی) دەڵێت:
(چاپەمەنییەکانو رادیۆو تەلەڤزیۆن، ئامێرەکانی سەرەکی پێوەندییەکانی خەڵکی پێك دێنن. پێوەندییەکی خەڵکانەکاتێك بوونی هەیەکە پەیامێکی گشتی بەهۆی ئامێرەکانی تەکنیکی بڵاڤەکاری، بە شێوەی ناراستەوخۆو یەکلایەنە بە کۆمەڵێکی بەرفراوانو پەرشو بڵاو، لە تاکەکانی مرۆڤ رابگەیێندرێت.)[3]
مەبەستی بوورکین لێرە، هەم سەلماندنی رای خۆیو هەم رەتکردنەوەی ناوەکانی ترە. چونکە بە بڕوای ئەو، ئامێرەکانی پێوەندی گشتی بە ئامانجی سازدانی هێڵێکی یەکلایەنەی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك کار دەکەنو بۆیەش ناکرێت ناوێکی تریان لەسەر دابندرێت.
بەڵام خەڵکانێکیتر پێیان وایە کە پێوەندی نابێت یەك لایەنە بێت. چونکە خودی

---

١ - رسانۀ گروهی، رسانۀ جمعی

٢ - Jacques Bourquin

٣ - وسائل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمد نژاد، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، تهران ١٣٧١، لاپەرە٩٨

# بەشی دووەم

پرۆسەی پێوەندی، بوونی دوو لایەنە کە فەرز دەکات. واتە ئەوانەی کە پەیامە کانی ئامێرە کانی راگەیاندن ئاراستەیان دەکرێت دەبێت مافی ئەوەیان هەبێت‌و هەلی گونجاویشیان بۆ برەخسێنرێت کە پەیامە کانیان بۆ ناوەندە کانی بەڕێوەبەرایەتی ئەم ئامێرانە رەوانە بکەنەوە.

لە لایە کیتر، مەرج نییە هەموو خەڵك سوود لە ئامێرە کانی پێوەندی گشتی وەربگرن. لە ناو کۆمەڵگادا خەڵکێکی زۆر هەن نەخوێندەوارن کەواتە ناتوانن سوود لە رۆژنامە وەربگرن. بۆیەش ناوزەد کردنی ئەم ئامێرانە بە ئامێری پێوەندی خەڵکی لە جێی خۆیدا نییە. چونکە بە پێی ناوە کە هەموو خەڵك دەبێت سوودیان لێ وەربگرن، کە لە راستیدا وانییە.

ژان لۆهیس[1] مامۆستای (ئەنستیتۆی هونەرە کانی بڵاڤە کاری) لە برووکسێل وە کوو پشتیوانی کردن لە ناوی (ئامێرە کانی پێوەندی کۆمەڵایەتی) دەڵێت: (دەبێت بزانین کە بە کار هێنانی گۆتەنیی «بڵاڤە کاری» پێشاندەری ئەوەیە کە زانیاری‌و بیروباوەڕو هزرە کان، بە شێوەیە کی یە کلایەنە لە ناوەندێکەوە بڵاو دە کرێنەوەو وا دیارە کە لێرەدا بابەتی دوولایەنە بوونی، پێوەندی نێوان تاك‌و گرووپە کان وازی لێ دەهێندرێت. بۆیەش بە کار هێنانی گۆتەنیی «پێوەندی کۆمەڵایەتی» لەمبارەیەوە لە رووی مەعنەوی‌و بەرفراوانی کاریگەری دەوڵەمەندترە. چونکە هەم پێوەندی خەڵکی‌و گشتی‌و هەم پێوەندییە کانی تاکی‌و بە کۆمەڵ‌و هەروەها تەواوی ئامێرە کانی گواستنەوەی پەیامە کانی پێوەندی پێکردن، هەر هەمووی دە گرێتەوە.)[2]

---

١ - Jean Lohisse

٢ - وسائل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمد نژاد، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، تهران ١٣٧١، لاپەرە ١٠٥

## راگەیاندن

ئەم رایەی ژان لۆهیس لە لایەن هەموو پسپۆرانی بواری کۆمەڵناسی نەسەلمێندراوەو هەندێك ئەو رەخنەیە ئاراستەی ئەم ناوە دەکەن کە چۆنیەتی پێوەندییە تایبەتییەکانی نێوان بنێری پەیام و بگری پەیام، پێشان نادات و تەنیا پێ لەسەر کۆمەڵ بە گشتی دادەگرێت.
بەهەر حاڵ تا ئێستاش مشتومڕ لەناو زانایان و پسپۆران هەر هەیەو بۆیەش هەر کەسەو ناوێکی هەڵبژاردووەو هەوڵ دەدات بە بەڵگە هێنانەوە، رای خۆی بەسەر ئەویتردا بسەپێنێت.

## وشەی راگەیاندن لە زمانی کوردیدا:

هەروەکوو بەرلەوەش باسم کرد، لە کوردستان ماوەیە کە وشەی میدیا وەکوو ناو، بۆ ئامێرەکانی پێوەندی گشتی بەکار دێت. بەڵام ناوێکی کۆنترو ئاشناتر هەیە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان ئێمەی کورد بەکاری دێنین، ئەویش (هۆیەکانی راگەیاندن)ە.[1]
وشەی راگەیاندن وەرگێڕدراوی وشەی (اعلام)ی عەرەبییە. کە لە سەردەمی شۆڕشی شاخ لە کوردستان، بەو کردارە دەوترا کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی یەکلایەنەی هەواڵ و دەنگوباس و هەروەها پڕۆپاگندەی فکری دەدا.[2] وشەی

---

١ - نازانم کێ یەکەمجار ئەم وشەیەی لە زمانی کوردی بەکار هێناوە.

٢ - شۆڕشی کوردی بەتایبەت شۆڕشی ئەیلوول خزمەتێکی باشی بە زمانی کوردی کردووە. بەڵام گەلێ وشەو زاراوە لە سەردەمی شۆڕش دانران و بەکار هێنران کە رەنگە لەم قۆناغە پێویستییان بە گۆڕان و ☜

(هۆیەکان)یش تەرجومەی (وسائل)ی عەرەبییە. کە پێکەوە هۆیەکانی راگەیاندنی لێ سازکراوەو لە زمانی کوردی، تا ئێستاش بەکار هێنراوە.
خوالێخۆشبوو محەممەدی خاڵ وشەی راگەیاندنی بە (گەیاندنی قسەیەك یا شتێك بە یەکێك) پاچڤەکردووە.[1] رەحمەتی گیوی موکریانی ئەم وشەیەی بە (ئاگادارکردن، وەڵام دان، پێراگەیاندن) تۆمارکردووە.[2]
لە راستیدا راگەیاندن مانای (ابلاغ)یش دەداتەوەو لە زمانی کوردیدا زیاتر هەر بەو مانایە دێت[3]. هەروەها (هۆ)ی کوردی زیاتر مانای ئەگەرو سەبەبی کارێك دەداتەوە. بۆ وێنە لە فەرهەنگی خاڵ وشەی (هۆ) بە (بۆنە) ماناکراوە. (بە هۆی تۆوە هاتم) واتە (بەبۆنەی تۆوە هاتم).[4]
کەواتە دەکرێ بێژین، ئەم ناوە قسەی لەسەرە. چونکە بە تەواوی دەربڕی مەبەستی سەرەکی ئامێرەکانی پێوەندی گشتی نییە. ئەویش بەم هۆیانە:
ـ ئەم ناوە هیچ نیشانەیەکی جیاکەرەوەی بۆ تاكو کۆمەڵ نییە. واتە گەلۆ راگەیاندن بۆ تاکەکەسێکە یا بۆ کۆمەڵەکەسێك، ئەوە لەم ناوە بەدەر ناکەوێت.

---

☞ چاوپێداخشاندنەوە هەبێت. بە تایبەت کە زۆرجار کاریگەری زمانی عەرەبی بەسەر ئەم وشەو دەستەواژانەدا دیارەو تەنانەت تەرجومەی وشەی عەرەبی بەبێ رەچاو کردنی تایبەتمەندیو ڕێزمانی کوردی خراوەتە ناو زمانی کوردی. تابلۆی دووکانو تەنانەت مەشینگەکانی دەوڵەت، ئێستاش واتە یازدە ساڵ دووای راپەرین، ئەم هەڵە زەقانەیان پێوە دیارە.

١ - فەرهەنگی خاڵ، نووسراوی شێخ محمدی خاڵ، جزمی دووەم.

٢ - فەرهەنگی کوردستان، دانەر گیوی موکریانی، چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٩، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٣ - سەیری ( القاموس العلمی، عربی / کردی، الجزء الاول، تألیف کمال جلال غریب ) بکە.

٤ - فەرهەنگی خاڵ، نووسراوی شێخ محمدی خاڵ، جزمی سێیەم.

## راگەیاندن

ــ ئەم ناوە هیچ جۆرە پێوەندییەك ناگەیێنێت. بەڵکوو زیاتر پێشاندەری کردارێکی یەکلایەنەی دوور لە هەستکردن بە بەرپرسیارەتییە.
ــ وشەی راگەیاندن ئەگەر وەکوو کردارێکی مرۆڤ باسی بکرێت، هیچ هێمایەکی تری پێوە دیار نییە کە ناسنامەی پێکهاتەکانی پرۆسە بەرفراوانە کە بێت. چونکە ئامێرەکانی راگەیاندنی ئەم سەردەمە، هێندە سادەو ساکار نین کە وەکوو بڵندگۆیەك تەنیا خزمەتێکی سەرەتایی بە مرۆڤ بکەن. بەڵکوو ئەم ئامێرانە خۆیان، بەسەر پرۆسەی پێوەندیدا کاریگەرن.
لە راستیداکاری راگەیاندنی ئەمڕۆ، زیاتر تێگەیاندنە تا راگەیاندن. لەلایەکیتر، من کە شتێك رادەگەیێنم، سەرەتا دەبێت دیار بێت کە بەچیو چۆن رای دەگەیێنم. پاشان دەبێت مەبەستەکەشم ئاشکرا بێت. بەڵام وشەی راگەیاندن تەنیا دەربڕی ئەوەیە کە یەکێك ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ کردووەو شتێکی راگەیاندووە. واتە لێرە مەبەستی سەرەکی، کە سازدانی هێڵێکی پێوەندییە، لەبیر کراوە. هەروەها، ئامێرەکانی پێوەندی گشتی هەندێ ئەرکی ئەوتۆ جێبەجێ دەکەن، کە هیچ پێوەندییەکیان بە ناوی راگەیاندنەوە نییە. بۆ وێنە ئەڵقەی تەلەڤزیۆنی، فیلمی سینەمایی، چیرۆکی شەو لە رادیۆو جۆرەها بابەتی تەنزو سەرگەرمی لەگۆڤارو رۆژنامەکان، کە تایبەتمەندی بەرچاویان، نەك راگەیاندن بەڵکوو سازدانی پێوەندییەکی بەرفراوان لە ناو جەماوەرە.
من پێموایە وشەی (راگەیاندن) تەنیا بۆ کرداری وەکوو هەواڵی نوێ، ئەمرێکی حزبی یا حکوومەتی یا بڵاوکردنەوەی پرۆپاگندە، مانابەخشەو ناتوانێت بە بەرفراوانی هەموو ئامێرەکانی پێوەندی گشتی بگرێتە خۆی.
نموونەیەك رەنگە مەبەستمان باشتر روون بکاتەوە:
دەزگایەك، کە تەنیا کاری، باس کردن لە پلەی گەرماو رادەی شێ و کەشوهەوا بێت، ئەرکی ئەوەیە کە رابگەیێنێت کەی ئاسمان هەوری دەبێت، کەی باران

# بەشی دووەم

دەبارێت و کەی ساماڵە و لە چ دەمێکی شەوو رۆژ، ئەگەری باوبۆران هەیە. ئەم دەزگایە هەر کە ئەم زانیارییانەی سەرەوەی راگەیاند، ئیتر ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ کردووەو کاری بەوە نییە کە من خۆم بۆ ئەو دۆخە ئامادە کردووە یانە. مەبەستیشی ئەوە نییە کە من فێری پێشبینی کردنی کەشوهەوا بکات. کەواتە ئەرکە کەی تەنیا راگەیاندنەو بەس.

بەڵام دەزگایەك کە بەرنامەیەکی پەروەردەیی بڵاودەکاتەوە، مەبەستەکەی تەنیا راگەیاندن نییە. بەڵکوو مەبەستی سەرەکی دەزگاییکی وا، پەروەردەو فێرکردنە. ئالێرە ناوزەدکردنی ئەم دەزگایە بە راگەیاندن، ناتەواوەو پڕبەپێستی خۆی نییە.

لەلایەکیتر، ئامێرەکانی پێوەندی گشتی (رۆژنامە، رادیۆ، تەلەڤزیۆن، سینەما) هەریەك تایبەتمەندی خۆی هەیە. رۆژنامە دەخوێندرێتەوە، رادیۆ دەبیسترێت، سینەما دەبیندرێت و تەلەڤزیۆن هەرسێ تایبەتمەندێتی تێدایە. واتە هەم دەبیسترێت، هەم دەبیندرێت و هەم دەخوێندرێتەوە. بۆیەش ئەو ناوەی لەسەریان دادەندرێت، دەبێت دەربڕی تایبەتمەندی هەمووان بێت و لایەنێك بەسەر لایەنی تردا، زاڵ نەکات.

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە هەندێك لە کوردستان (هۆیەکانی بیستراو، بینراو، نووسراو) بەکار دێنن. کە ئەمەیان هەر یەکجار هەڵەیەو ناشیرینیشە.

(سەرنجدان بە شێوازی وەرگرتنی پەیامەکانی پێوەندی، یا کاریگەری وەرگرتنی هەستەکانی مرۆڤیش پێوەرێکی راست و تەواو بۆ ناساندنی ئامێرەکانی پێوەندی خەڵکانە نییە. نکۆڵی لێ ناکرێت کە ئامێرەکانی بیستن - دیتن «رادیۆ، تەلەڤزیۆن، سینەماو قەوانی گرامافۆن» بۆ ناسینی رووداوو کێشەکانی جیهان و گۆڕینی ئاراستەی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی، لە ریزی تەواوترین و کاریگەرترین ئامێرەکانی پێوەندی خەڵکانە دەژمێردرێن و

کۆمەڵەیەك پێك دێنن کە لە بەرانبەری ئامێرەکانی نووسراو «ڕۆژنامەو گۆڤارەکان» خاوەنی کاریگەری کۆمەڵایەتیو کەلتووری تایبەتین. بەڵام متاڵای ورد دەرهەق بە ئامێرەکانی پێوەندی، پێشان دەدات کە ڕیزبەندکردنی ئەم ئامێرانە بە بیستراو ـ بینراوو نووسراو، بەهایێکی زانستیی نییە.)[1]

بەهەر حاڵ با زیاتر نەچینە ناو ئەم باسەو تەنیا ئەوەندەمان لەیاد نەچێت کە ئەگەر بیر لە ناوێکی کوردانەو باشترو جوانتر بکەینەوە بۆ ئامێرەکانی پێوەندی گشتی، کارێکی خراپ نییە. هەرچەندە من خۆم لەم باسە، هەر ناوی دەزگاکانی ڕاگەیاندنم بەکار هێناوە، بەڵام ئەگەر لە جیاتی ڕاگەیاندن لە زمانی کوردی، هەر لە سەرەتاوە ناوی تێگەیاندن لەسەر ئەم ئامێرانە داندرابا، ڕەنگە ئێستا باشتر بیر لەئەرك و گرینگی ئەم ئامێرانە لە کۆمەڵگای کوردەواریمان کرابایەوە. بۆ وێنە ئەگەر وەزارەتی پەروەردە وەکوو پێویست ئەرکەکانی پەروەردەیی خۆی جێبەجێ نەکات، زۆر زوو ڕەخنەی ئاراستە دەکرێت. ئەویش لەبەر ئەوەی ناوی وەزارەتەکە پەروەردەیە، کەواتە دەبێت گرنگی زۆر بە بواری پەروەردەکردن بدات. دەمەوێ بڵێم ئەگەر ناوی ئامێرەکانی پێوەندی گشتی تێگەیاندن بوایە، ڕەنگە ئەم دەزگایانە زیاتر ئەرکەکانی سەرشانیان بە هەند وەربگرتبایە. واتە زیاتر بیریان لە ئەرکی تێگەیاندنی جەماوەری خۆیان بکردبایەوەو خەڵکیش بە چاوێکی وردبینانەتر بەرنامەکانی ئەم دەزگانەیان بدیتبا.

## دەزگاکانی ڕاگەیاندن:

ئێستاکە تا ڕادەیەکی باش باسی ئامێرەکانی پێوەندیمان کرد. ئەوجا بابزانین ئەم

---

١ ـ دکتر کاظم معتمدنژاد، وسائل ارتباط جمعی، جلد یکم، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، تهران ١٣٧١، لاپەرە ١٢٨

# بەشی دووەم

ئامێرانە هەر هەمان دەزگاکانی راگەیاندنن یانە. گەلۆ هەر ئامێرێکی پێوەندی گشتی دەزگاییێکی راگەیاندنە یا نە؟ بە واتەیەکیتر دەمانەوێت لەم دەرفەتە پێناسەی دەزگاکانی راگەیاندن بخەینە روو. ئەوجا لە بەشی داهاتوو هەوڵ بدەین لە پێکهاتەکانی ئەم دەزگایانە بکۆڵینەوە.

پرۆفیسۆر ژان ستووتزێل[١] پسپۆری فەرەنسی دەڵێت: (پێوەندییەکانی گشتی یا باشتر بڵێین پێوەندییەکانی کۆمەلانی خەڵك، بریتییە لە گواستنەوەی بیرو هزرەکان، بە ژمارەیەکی بەرفراوان لە تاکەکان، لە یەك کاتدا.)[٢]

لە پێناسەی سەرەوە چەند خاڵی سەرەکی وەکوو تایبەتمەندی دەزگاکانی راگەیاندن بەرچاو دەکەون:

یەکەم ـ دەزگای راگەیاندن دەبێت بیرو هزر بگوازێتەوە.

دووەم ـ ئەم بیرو هزرە دەبێت بۆ ژمارەیەکی بەرفراوان لە تاکەکانی کۆمەڵ بگوازرێتەوە.

سێهەم ـ ئەم پرۆسەی گواستنەوەیە دەبێت لە یەك کاتدا بێت.

بۆ وێنە ئەگەر کەسێك لە ماوەی هەفتەیەك وتارێك لە رێگەی تەلەفۆن، بۆ چەند کەسێك بخوێنێتەوە، ئەمە راگەیاندن نییەو تەلەفۆنەکەش دەزگای راگەیاندن نییە. یا ئەگەر لە دەزگاییێکی راگەیاندن قسەی حەللەق و بەللەق و بێ مانا، بڵاو بکرێتەوە، ئەم دەزگایەش ناکەوێتە قاڵبی راگەیاندنەوە. چونکە بە بڕوای ئەم زانایە پێویستە لە پێوەندی گشتیدا، بیرو هزر بگوازرێتەوە.

پرۆفیسۆری فەرەنسی ژان کازینۆ[٣] بەمجۆرە پێناسەی دەزگای راگەیاندن

---

١ - Jean Stoetzel

٢ - وسائل ارتباط جمعی، جلد یکم، د. کاظم معتمد نژاد، چاپ دوم، تهران ١٣٧١، لاپەرە ١٢٧

٣ - Jean Cazeneuve

## راگەیاندن

دەکات و دەڵێت:
(بەشێوەیەکی گشتی، مەبەست ئەو بەشە لە ئامێرەکانی پێوەندین کە لە شارستانییەتەکانی نوێ، سەریان هەڵداوەو بەکار دێن و گرنگترین تایبەتمەندییان، بەرزیی کاریگەری و بەرفراوانی مەیدانی کارەکەیانە.)[١]
بەرفراوانی مەیدانی کار، واتە ژمارەی ئەو کەسانەی پەیامیان ئاراستە دەکرێت، یا ئەو مەودایەی دەزگای راگەیاندن بەهۆی پەیامەکانی دایدەپۆشێت، کە بە بۆچوونی کازینۆ نەك پێویستە ئەم کەسانە ژمارەیان زۆر بێت و مەودا کەش بەرفراوان بێت، بەڵکو کموزۆری ئەم کەسانە، دەکرێت ببێتە هۆی ناسینی دەزگای راگەیاندن. کە واتە بۆ جیاکردنەوەی دەزگای راگەیاندن لە ئامێرەکانی تری پێوەندی (دەبێت رێساکەمان نە لەسەر بنەمای سروشتی بنێری «پەیام» دابنێین، نە کەناڵی پێوەندی و نە تایبەتمەندییەکانی هەستەکان، بەڵکو دەبێت سەرنج بدەینە ژمارەی ئەو تاکانەی بگری پەیامن. لە لایەکیتر لە کردەوەدا بە رەچاوکردنی ئەم تایبەتمەندییە، واتە ئەوکۆمەڵەی پەیامی ئاراستە کراوە، دەکرێت باس لە گۆتەنیی ئامێرەکانی پێوەندی گشتی بکرێت. ئەم گۆتەنییە چەشنە پێوەندییەك دەستنیشان دەکات، کە ئامانجەکەی پێوەندی لەگەڵ تاکێکی دیارکراو یاگرووپێکی بچووك نییە، بەڵکو سەروکاری لەگەڵ «کۆ» هەیە.)[٢] بەڵام مەبەست لە (کۆ) چەندە؟ چەندکەس کە لە شوێنێك لە دەوری یەکتر خڕببنەوە، بە (کۆ) دەژمێردرێن؟
لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی تایبەت و دیارکراو بۆ دەستنیشانکردنی (کۆ)

---

١ – جامعه شناسی وسائل ارتباط جمعی، نوشتۀ ژان کازنو، ترجمۀ دکتر باقر ساروخانی ـ دکتر منوچهر محسنی، چاپ پنجم، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧٣، لاپەرە ٤

٢ – هەمان سەرچاوە، لاپەرە ٦.

## بەشی دووەم

دانەندراوەو ئەم کێشەیە لە زمانەکانی تریش هەیە. لە راستیدا هەندێ وشە هەیە کە هەرچەند وەکوو (یەکە)یەك بۆ ژماردن بەکار دێن، بەڵام سەرەڕای ئەمە پێشاندەری ژمارەیەکی دیارکراو نینو رێژەیین. بۆ وێنە وشەی (گیشە) کە بەو گیایە دەوترێت کە خاوەنی مەڕومالات، بۆ زستان لەسەر یەك کۆی دەکاتەوە. ئەم وشەیە هەرچەندە بەشێوەیەکی مامناوەندی بە کۆمەڵە گیایەك دەوترێت کە لەچەند تەخە پێکهاتووە، بەڵام ئەگەر تەخەیەکیشی لێ هەڵبگیرێت، دیسان هەر گیشەی پێ دەوترێت. واتە لە ناوە کە کەم نابێتەوە. یا ئەگەر تەخەیەك یا چەند تەخەی لێ زیاد بکرێت، دیسان هەر گیشەی پێ دەڵێن. نموونەیتر بارێك دارە، کە هەرگیز بە هەڵگرتن یا زیادکردنی کۆلکە دارێك، ناوەکەی ناگۆڕێتو هەر بارێك داری پێ دەڵێن. بۆیەش لێرە ناچارین بەوە قەناعەت بێنین کە خودی وشەی کۆمەبەستە کە دەردەبڕێتو لەناوکۆمەڵ تا رادەیەك ئەندازەکەی دیارەو ناکرێتو ناتوانین ژمارەیەکی تایبەت بۆ ئەم وشەیە دەستنیشان بکەین. رەنگە بکرێت بێژین لە زمانی کوردیدا وشەی کۆ یاکۆمەڵ بە چەند کەسێك دەوترێت کە لە ١٠ کەس کمتر نەبن. چونکە ئەگەر لەم ژمارەیە کمتر بن، ئەوە بە ئاسانی دەژمێردرێنو لە قسەکردندا دەوترێت (هێندە کەس). لە حاڵێك ئەگەر لە دە کەس زیاتر بن زیاتر بە (کۆمەڵە خەڵکێك) باسیان دەکرێتو لێرە بە (کۆ) حیسابیان بۆ دەکەین. بەڵام لێرەش دیسان کەمو زیادکردنی کەسێك یا دووکەس لەم کۆیە، رەنگە کار نەکاتە سەر ناو لێنانەکە.

بەمجۆرەو بە سوود وەرگرتن لە پێناسەکانی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە دەزگای راگەیاندن ئەو دەزگایەیە کە:

أـ لە خزمەتی پێوەندی گشتی دابێت. واتە هەر ئامێرێکی پێوەندی هەرچەند پێشکەوتوو بێت. ئەگەر ئەرکی پێوەندی گشتی کە لقێکی سەرەکی پێوەندی ناراستەوخۆیە، جێبەجێ نەکات بە دەزگایەکی راگەیاندن حیساب ناکرێت. بۆ

وێنە تەلەفۆن کە کاری پێوەندی گشتی ناکات، دەزگایەکی راگەیاندن نییە.

ب ـ دەزگای راگەیاندن، دەبێت بیروهزر بگوازێتەوەو کاریگەر بێت، ئەویش بە شێوەیەکی گشتی. بۆ نموونە ئەگەر لاپەڕەکانی رۆژنامەیەك، پڕبکرێتەوە لە شتی بێ ناوەرۆك، کە بۆ خەڵك سوودی نەبێت. ئەم رۆژنامەیە ناکەوێتە ناو بازنەی راگەیاندنەوە.[1]

پ ـ پێویستە پەیامی دەزگای راگەیاندن ئاراستەی (کۆ) بێت نەك (تاك). بۆ وێنە ئەگەر رۆژنامەیەك تەنیا بۆ کەسێك چاپ بکرێت و گشتی نەبێت، ئەم رۆژنامەیەش دەزگایێکی راگەیاندن نییە.

---

١ – بەو مەرجەی ئەو شتە بێ ناوەرۆکانە بە مەبەستێك نەنووسرێن یا هەڵگری پەیامێك نەبن.

# بەشی سێیەم

## پێکهاتەکان

## پێکهاتەی دەزگاکانی راگەیاندن

پێشتر باسمان کرد کە بە لە دایکبوونی ئامێرە پێشکەوتووەکانی پێوەندی، جگە لە دوو لایەنی سەرەکی پێوەندی کە پێوەندی ساکاری راستەوخۆ پێکدێنن، سێ فاکتەری تریش پێوەندی ئەم سەردەمەیان دەوڵەمەند کردووە. ئەوانیش بریتی بوون لە: پەیامنێر، پەیامگرو ئامێری پێوەندی.

**مەبەست** <<< بگر <<< ئامێر <<< بنێر <<< **سەرچاوە**

>>> گەڕانەوە <<<

کۆمەڵناسان لە تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لە سەر دیاردە جۆراوجۆرەکانی جڤاکی، گرنگییەکی زۆریان بە ئامێرەکانی راگەیاندن داوەو تەنانەت هەندێکیان لەمبارەیەوە خاوەن تیۆرن. هەرچەندە هەر هەموویان خاوەنی راییەکی یەکگرتوو نین، بەڵام خاڵی هاوبەشی زۆریشیان هەیە کە گرینگترینیان ئەمەیە کە ناکرێت لە تۆژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە، رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن لە یاد بکرێت.

## بەشی سێیەم

یەکێك لەو زانا بە ناوبانگانە مارشال مەك لۆهانە[1] کە لەدایکبووی ساڵی ١٩١١ لە کەنەدایە. ئەم زانایە چەندین کیتابی سەبارەت بە دەزگاکانی راگەیاندن نووسیوەو چاپ‌و بڵاوکراونەتەوە. لەوانە (کاکێشکی گوتێنبێرگ) ، (ناسینی ئامێرەکانی پێوەندی) ، (بزاڤەکانی ١٩٩٠) ، (پەیام‌وماساژ).

(سەرکەوتنی مارشال مەکلۆهان لە ئەمەریکای باکوور، خێرا دووای بڵاوبوونەوەی کیتابی کاکێشکی‌گوتێنبێرگ لە تۆرێنتۆ لە ساڵی ١٩٦٢ هاتە دی‌و ئەوکاتەی کە لە نیۆیۆرك لە ساڵی ١٩٦٤ بەرهەمە ناودارەکەی لە ژێر سەردێری ناسینی ئامێرەکانی پێوەندی تەواو بوو، گرنگی کارەکەی گەیشتە لووتکەی خۆی.)[2]

مەكلۆهان بە خستنە رووی تیۆرە بەناوبانگەکەی، هەراوهوریایەکی زۆری لەناو کۆمەڵناسان‌و پسپۆرانی سەردەمی خۆی نایەوە.

بە پێی ئەم تیۆرە، ئامێرەکانی پێوەندی‌و دەزگاکانی راگەیاندن سەرچاوەو تەوەری سەرەکی رەوتی پێشڤەچوونی مێژووی مرۆڤایەتین. زانای ناوبراو لەم بڕوایە دابوو کە لە پێوەندی کردندا، پەیامەکان ئاراستەی هەستەکان دەکرێن‌و مرۆڤ لە رێگەی ئەم هەستانەوە ناوەرۆکی پەیام وەردەگرێت. بۆیەش دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە پەیامەکە لە رێگەی کامە هەستی ئێمە وەرگیراوە.

مەك لۆهان لە نووسراوەکانی خۆیدا پێی لەسەر ئەم بڕوایەی داگرتووە کە ناوەرۆکی پەیام، بەندە بە ئەو ئامێرەی پەیامی پێ رەوانە دەکرێت‌و هەروەها ئەو هەستەی پەیامی پێ وەردەگیرێت.

---

١ - Herbert Marshall Mac Luhan

٢ - جامعە شناسی وسایل ارتباط جمعی، ترجمة دکتر باقر ساروخانی ـ دکتر منوچهر محسنی، چاپ پنجم، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧٣، لاپەرە ٢١٢

# راگەیاندن

مەكلۆهان هەر لەم روانگەیەوە رابردووی مرۆڤی بەسەر سێ قۆناغ دابەش كردووە كە ئەمانەن:

ـ سەردەمی بێ‌خەتی، كە بریتییە لەو چاخەی كە مرۆڤ لە رێگەی هێماو بە شێوەیەكی سروشتی هەوڵی گواستنەوەی پەیامەكانی دەدا. كەلەم حاڵەدا مرۆڤ هەموو تواناكانی خۆی بۆ ناردنی پەیامو هەموو هەستەكانی بۆ وەرگرتنی پەیامەكە دەخستەكار. لەم قۆناغە مرۆڤ بەكۆمەڵ دەژیاو بیركردنەوەی هەرگیز لە قاڵبی كۆو ژیانی كۆمەڵایەتی دەرنەدەچوو.

ـ سەردەمی دووای خەت، كە بریتییە لەو چاخەی مرۆڤ نووسینی داهێنا. بە بڕوای مەكلۆهان لەم قۆناغە مرۆڤ هەنگاوێك بەرەو دوواوەگەڕایەوە. چونكە دووای داهێنانی نووسین، ئیتر بۆ رەوانەكردنو وەرگرتنی پەیام، تەنیا سوودی لە یەك هەست، واتە بینین وەردەگرت. لە لایەكیتر دووای داهێنانی دەزگای چاپو بڵاو بوونەوەی كیتابی جۆراوجۆر، نووسین بووە هۆی لێك ترازانو دوور كەوتنەوەی مرۆڤەكان. مەكلۆهان رای وابوو كە كیتاب مرۆڤی بەرەو ژیانی تاكەكەسیو بەتاكی بیركردنەوە هاندا، كە ئەمە لەگەڵ سروشتی ژیانی ئینسانەكان ناگونجێت.

ـ سەردەمی ئامێرەكانی پێوەندی ئەلەكترۆنیك. مەكلۆهان دەڵێت ئەم سەردەمە قۆناغی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ شوێنی جارانە. چونكە بە داهێنانی ئامێری پێشكەوتووی پێوەندی، جارێكیتر بنیادەم ناچارە هەموو هەستەكانی بۆ ناردنو وەرگرتنی پەیامەكانی خۆی بخاتەكار. هەروەها تاكەكان جارێكیتر روو لە كۆو بە یەكەوە بوون دەكەنەوە. بۆ وێنە تەلەڤزیۆن پەیامەكان بە دەنگو بە هێما رەوانە دەكات. بینەریش هەم بە چاوو هەم بە گوێ وەریان دەگرێت. مەرجیش نییە تەنیا یەك كەس سوود لە تەلەڤزیۆن وەربگرێت. بەڵكوو خەڵكانی زۆر دەتوانن لە یەك كاتدا سوود لە بەرنامەیەكی رادیۆیی یا تەلەڤزیۆنی وەربگرنو

پەنا بۆ تەنیایی و گۆشە گیریش نەبەن.
هەروەکوو پێشتر ئاماژەم پێکرد بیروڕای مارشال مەکلۆهان، هەراوهوریایەکی زۆری نایەوەو خەڵکانێکی زۆریش بە تایبەت کۆمەڵناسان رەخنەیان ئاراستەی ئەم تیۆرە کردووە. (بێگومان، دەکرێت لەم رووەوە رەخنە لە مەکلۆهان بگیرێت کە لە ناساندنی ئامێرە کانی پێوەندی لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوونی وشیارییە کان،گەلێ گربێژی کردووەو ناوەرۆکی سەرەکی پەیامە کانی تا نزمترین پلە بێ بایەخ پیشان داوە.)[1] بەڵام دیسان ناکرێت رای ئەم زاناگەورەیە بە تایبەت لە بواری دابەش کردنی دەزگا کانی راگەیاندن بۆ ساردوگەرم و شێوازو رادەی کاریگەرییان لەناو کۆمەڵگا، بە هەند وەرنە گیرێن.
زانایەکی کۆمەڵناسیتر بە ناوی لاسوێڵ[2]، کە پسپۆرێکی ناوداری ئەمریکییەو قوتابخانە کەی بەناوی قوتابخانەی (کۆمەڵناسی پێوەندییە کان) بە ناوبانگە، لە بواری راگەیاندن و دەزگا کانی پێوەندیدار بە راگەیاندنەوە، خاوەن تیۆرو روانگەی تایبەتی خۆیەتی. ئەم زانایە پێی وایە کە بە هۆی کاریگەری و رۆلی دەزگا کانی راگەیاندن، پێویستە کۆمەڵناسان زۆر بە وردی لێیان بکۆڵنەوەو بۆ ئەوەی ئەنجامی زانستی و تەواویان دەست کەوێت،گەرە کە چاو بە هەموو ئەو بەشانە بخشێننەوە کە دەزگای راگەیاندن پێکدێنن. بۆیەش (لە تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی دەزگا کانی راگەیاندن دەبێت بزانرێت کێ پەیام دەنێرێت؟ بۆ کێ؟ چی دەڵێت؟ کاریگەری ئەم وتن و نووسینە چییە.؟)
پاشان ناوبراو دەڵێت:(تۆژینەوە لە «کێ» واتە شیکردنەوەی کۆنترۆل،

---

١ - جامعه شناسی وسایل ارتباط جمعی، ترجمۀ دکتر باقر ساروخانی ـ دکتر منوچهر محسنی، چاپ پنجم، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧٣، لاپەرە ٢١٤

٢ - Harold D. Lasswell

لێکۆڵینەوە لە «چی دەڵێت»، واتە شیکردنەوەی ناوەرۆك، ئەوانەی زیاتر سەرنج دەدەنە رادیۆو چاپەمەنیو فیلمو رێگەکانی تری پێوەندی، ئەوە دەبێت کاریگەری ئامێرەکان بخەنە بەرباسو لێکۆڵینەوە. ئەگەر مەبەستی لێکۆڵەر لە «بۆ کێ» بێت، دەبێت ئەوانە بخرێنە بەر متالاکە ئامانجی پەیامەکەنو ئەگەر تۆژینەوەکە سەبارەت بەکاریگەری پەیامەکە بێت، دەبێت کار لەسەر شوێنەواری پەیامەکان بکرێت.)[1]

هەروەکو دەبینن رێسای پێشنیارکراوی لاسوێڵ، تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو پێکهاتانە دەگونجێت کە ئێمە پێش ئێستا باسمان لێوەکردوگوتمان کە پێوەندی ناراستەوخۆ، لەم فاکتەرانە پێك دێت:

سەرچاوە، بنێر، ئامێر، بگر، مەبەست.

بۆیە لێرە ئێمە بە پێڕەوی لە رێسای لاسوێل، درێژە بە باسەکەمان دەدەینو لە پێکهاتەکانی دەزگاکانی راگەیاندن دەکۆڵینەوە.

## ١ ـ شیکردنەوەی کۆنترۆل:

مەبەست لە شیکردنەوەی کۆنترۆل ئەوەیە کە بزانرێت دەزگایەکی راگەیاندن، لەلایەن کێوە بەڕێوە دەچێتو نووسەرو بێژەرو هونەرمەندەکانی کێنو بە چ شێوەیەك سەرپەرشتی دەکرێت. ئەمانەش بۆیە گرینگن چونکە رێکخەرو سازێنەری پەیامەکان لە راستیدا ئەوکەسانەن کە باسمان کردن. بە مانایەکیتر سەرپەرشتو ئەوانەی لە دەزگاکانی راگەیاندن کار دەکەن، واتا دەدەنە گرنگی کاری راگەیاندن. بۆیەش لێرە هەم باسی جۆرەکانی سەرپەرشتیو هەروەها

---

١ – جامعه شناسی ارتباطات، د.باقر ساروخانی، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧٣، لاپەرە ١١٤

## بەشی سێیەم

فاکتەرەکانی تری پێوەندیدار بە شیکردنەوەی کۆنترۆل دەکەین.

# کێ سەرپەرشتە؟

لە راستیدا بەڕێوەبەرو خاوەنی دەزگای راگەیاندن، ئاراستەو جۆری کارو ئەرکەکانی ئەم دەزگایە دەستنیشان دەکات. بۆیەش کە بمانەوێت دەزگایەکی راگەیاندن هەڵسەنگێنین، دەبێت بزانین ئەم دەزگایە لەلایەن کێوە سەرپەرشتی و بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت.

مووریس دوڤێرژێ[1] زانای ناوداری فەڕەنسی، لەم بڕوایە دایە کە دەزگاکانی راگەیاندنی پێشکەوتووی ئێستا، کە چەکێکی سیاسی زۆر بەهێزیشن، بە سێ شێوازی سەرەکی بەڕێوە دەچن.

(لە حکوومەتەکانی تاکفەرمانی، ئاغلەبە ئامێرەکانی نووچەگەیێنی خەڵکانە لە پاوانکاری دەوڵەتە. ئەم ئامێرانە پروپاگندەکانی دەوڵەت بڵاو دەکەنەوە. پروپاگندەیەك کەلەگەڵ پۆلیس، کۆڵەگەکانی بنچینەیی دەسەڵاتن. ئامانجی ئەم پروپاگندەیە وەرگرتنی هاودەنگی یەکپارچەی هاووڵاتیان بۆ حکوومەتە.... بە پێچەوانە لە حکوومەتەکانی دێموکراتیك ئامێرەکانی نووچەگەیێن لە پاوانی دەوڵەت نین. بە لایەنی کەم، بەشێك لێیان وەکوو دامەزراوەی تایبەتیی سەرمایەداری رێکخراون. واتە مەسرووفاتی خۆیان لە رێگەی داهاتی خۆیان دابین دەکەن.)[2]

---

١ - Maurice Duverger

٢ - اصول علم سیاست، نوشتهٔ موریس دوورژه، ترجمهٔ ابوالفضل قاضی، چاپ ششم، مؤسسهٔ انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٦٩، لاپەرە ٢٠٢

# راگەیاندن

تا ئێرە مووریس دوڤێرژێ دوو جۆرە بەڕێوەبەرایەتی دەناسێنێت: یەکێك حکوومەتە تاکڕاو دیکتاتۆرەکان، کە دەزگای ڕاگەیاندن دەکەنە بڵندگۆی پڕوپاگندەبێژی خۆیان. دووەم حکوومەتە دیموکراتەکان، کە ڕێگە دەدەن دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە بچن و خۆیان سەرپەرشتی مەسرووفات و داهاتی خۆیان بکەن.

لە شێوازی دووەم کەرتی تایبەت بە هۆی بیرکردنەوە لە سوودو پارەی زۆرتر، بیر لە ئەرکە سەرەکییەکانی دەزگاکەی ناکاتەوەو ئەوەی لای ئەوگرینگە، پارە کۆکردنەوەیە. پارەش لە ڕێگەی ڕێکلامەوە کۆ دەبێتەوە، ڕێکلامیش کاتێك گرانترەو لە دەزگایێك داهاتی زۆرترە کە جەماوەرێکی زۆرتری هەبێت.

ئەم ڕەوتە دەزگای ڕاگەیاندن لە کاری تایبەتی خۆی دوور دەکاتەوەو لە ئاکامدا دەزگاکە دەبێتە ناوەندێك، کە هەموو شت تەنانەت شەرەف و نامووس و ئابڕووی خەڵك، بیروباوەڕو...بە پارە دەقرسێندرێت.

بازاڕی درۆو دەلەسەو فرت و فێڵبازی گەرم دەبێت و دەزگای ڕاگەیاندن دەکەوێتە خزمەتی پڕکردنی گیرفانی چەند کەسێك کە خولیای پارەو سەرمایەن.

(ڕەوتی پەرەسەندنی تەلەڤزیۆن لە ئەمەریکا بە چەشنێك بووە کە تەنیا گەورەترینی گیرفانەکان دەتوانن خەرجی کڕینی کاتی تەلەڤزیۆنی و ئامادەبوون لەسەر ئەوپەردە ناوماڵییە دابین بکەن. گەورەترینی گیرفانەکانیش هی گەورەترین شەریکەکانن. کەواتە ئەوەی ئێستا دەسەڵاتی لە دەستە، فەرمانڕەوایەتی پارەیەکە لەگەڵ حکوومەتی یاسا، یەکتری تەواو دەکەن.)(١)

---

١ – وسایل ارتباط جمعی وامپراتوری امریکا، هربرت شیلر، ترجمۀ احمد میرعابدینی، سروش، تهران، ١٣٧٧، لاپەرە ٦٦.

## بەشی سێیەم

دوڤێرژێ بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ بارودۆخێکی واکە بەڕای ئەو ئایندەی هەموو ئەو وڵاتانەیە کە دەزگای راگەیاندن دەدەنە دەست کەرتی تایبەت، سێ رێگە چارەی پێشنیار کردووە. ئەویش بە رەچاو کردنی ئەم خاڵە گرینگە کە دەبێت هەوڵ بدرێت، حزبە سیاسییەکانو کەرتی تایبەت تەنیا سەرپەرشتیو بەڕێوەبەرایەتی یەکێك لە ئامێرەکانی راگەیاندن، ئەویش رۆژنامەو گۆڤاری وێنەدار بکەنو بەڕێوەبردنی رادیۆو تەلەڤزیۆن هەر لەژێر چاودێری دەوڵەت بمێنێتەوە. رێگە چارە پێشنیار کراوەکان ئەمانەن کە دەتوانین بە شێوازی سێیەمی بەڕێوەبردنی دەزگای راگەیاندن لە روانگەی ئەم زانایە دابنێین:

یەکەم - بوونی هەردوو سیستەمی نووچەیی سووسیالیستیو سەرمایەداری لەگەڵ یەکتری لە یەك وڵاتدا.

واتە بە پێڕەوی لە سیستەمی سەرمایەداری، بەڕێوەبردنو سەرپەرشتی کردنی رۆژنامەو گۆڤارەکان، بدرێتە کەرتی تایبەتو سەرمایەدارەکانو خودی حکوومەتیش رادیۆو تەلەڤزیۆن بەڕێوە ببات. دیارە لەم حاڵەتە هەر یەك لە لایەنەکان دەتوانێت ئەویتر کۆنترۆل بکاتو بەڕای دوڤێرژێ ئەم کۆنترۆل کردنە بە سوودی خەڵك بەگشتی دەشکێتەوە.

بەڵام کردەوە، راستیی ئەم روانگەیەی نەسەلماندووە. چونکە زۆربەی جاران حکوومەت بە بەکارهێنانی رادیۆو تەلەڤزیۆن وەکوو ئامێرێکی راگەیاندن بۆ خۆی، توانیویەتی سێبەرێکی قورس بخاتە سەر ئامێرەکانی تری راگەیاندنو تا لێواری خنکاندن رایان ماڵێت.

دووەم - دانانی رادیۆو تەلەڤزیۆن وەکوو ناوەندێکی خۆموختار(نیوە سەربەخۆ) لە دەوڵەت، کە ئەنجومەنێك سەرپەرشتیان بکاتو ئەم ئەنجومەنە لە نوێنەرانی رۆژنامەنووسانو نوێنەری خوێنەرانی رۆژنامەو کەسایەتییە بێلایەنەکان پێك بێت.

## راگەیاندن

دیارە ئەم ڕێگە چارەیە بۆ نەهێلانی کێشەی سوود وەرگرتنی نابەجێی دەوڵەتەکان لە رادیۆو تەلەڤزیۆنەکانەو بەم شێوەیە ئەم دوو ئامێرە کاریگەرە، دەکەونە خزمەتی جەماوەر بە گشتی. بۆ وێنە دەزگای راگەیاندنی (بی.بی.سی)[1] لە بریتانیا کە لە ساڵی ١٩٢٢ بڕیاری دامەزراندنی دراو، لە ساڵی ١٩٢٣ مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی وەرگرت.

سێیەم ـ ئەم ڕێگەیە دەگەڕێتەوە بۆ مافو ئازادی ئەوکەسانەی لە دەزگاکانی راگەیاندن کار دەکەن. واتە بەخشینی ئازادی تایبەتی بەم کەسانە کە هیچ دەسەلاتێك نەتوانێت کارێکیان لێ بخوازێت کە بە دڵیان نەبێتو ناچار نەکرێن کاری وا بکەن کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانیان نەگونجێتو ئەگەر پێویستی کرد، دەزگایە کە بەجێ بێڵنو لەم حاڵەتە پارەیەکی شیاوو بەرچاو وەکوو قەرەبووی خۆماندووکردنەکانیان، بۆیان سەرف بکرێت. دیارە ئەمکارەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوکەسانەی لە دەزگاکانی راگەیاندن کار دەکەن، ناچار نەبن لەبەر بژێوی ژیانو دەستکورتی، تەنانەت کاری پێچەوانەی بیروباوەڕی خۆیان ئەنجام بدەن. هەروەها ئەم خاڵە دەبێتە هۆکە زۆر بە ئاسانی کەسانی وا لە دەزگاییکی راگەیاندن کۆ ببنەوە کە دیدو بۆچوونو بیروباوەڕی زۆر نزیك لە یەکتریان هەبێتو هاودەنگو هاوڕەنگی یەکتر بن.

موعەممەر قەزافی ڕێبەری لیبی، دژی بەڕێوەبەرایەتی کەرتی تایبەتییە لە راگەیاندنداو دەڵێت:

(چاپەمەنی، ئامێری دەربڕینی رای کۆمەڵگایەو ناتوانێت رای کەسێکی سروشتی یا حقووقی پێشان بدات. بە رەچاوکردنی ئەم خاڵە، لە رووی لۆجیكو دیموکراسییەوە ناتوانێت سەر بە یەکێك لەم دووکەسایەتییە بێت.)

---

١ـ British Broadcasting Corporation (B.B.C.)

## بەشی سێیەم

بە رای قەزافی کاتێك دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن خزمەتی کۆمەڵگا بکەن، کە لە لایەن کۆمەڵگاوە کۆنترۆڵو سەرپەرشتی بکرێن.

(رۆژنامە لە هاوێرێکی دیموکراتیك ئەو رۆژنامەیە کە لە لایەن لێژنەیەکی نیشتمانیی پێکهاتوو لە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا بڵاو بکرێتەوە.... واتە لە لایەن یەکێتی یەکانی کرێکاران، ئافرەتان، خوێندکاران، جووتیاران، هونەرزانەکان، کارمەندانو گرووپەکانی تری کۆمەڵگا بڵاو بکرێتەوە...تەنیاو تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە رۆژنامەکان یا هەر ئامێرێکی پێوەندی گشتی دەتوانێت دەربڕی روانگەو بلندگۆی کۆمەڵگایەك بێتو رۆژنامەیەکی وا یا ئامێرێکی پێوەندی گشتی وا، دەکرێت بە دیموکراتیك دابندرێت.)[1]

هەر چەندە هەردوو روانگەی قەزافیو دوڤێرژێ بە رواڵەت لە یەکتری نزیکن. بەڵام لە راستیدا دوو رای جیاوازنو قەزافی لە روانگەی تایبەتی خۆی بۆ دیموکراسیو دەسەڵاتی کۆمەڵگا، سەیری راگەیاندن دەکات. هەروا کە روانگەی ناوبراو بۆ پەرلەمانو هەڵبژاردنو دەوڵەت، روانگەیەکی تایبەتە.

تۆژەری ئەمریکی هێربێرت شیلێر[2] پێی وایە کە مەبەستێکی تایبەتی لە رێگەدان بەکەرتی تایبەت بۆ خۆ هەڵقورتاندن لە کاری راگەیاندن هەیە. ئەم زانایەش لەسەر ئەم بڕوایەیە کە پێویستە لێژنەیەکی تایبەت کە هیچ قازانجێکی مالیی لەم کارە دەست نەکەوێت، سەرپەرشتی کاری دەزگاکانی راگەیاندن بکاتو تەنانەت پێی وایە ئەمکارە پێویستی بە هاوکاری جیهانی هەیە.[3]

---

١ – کتاب سبز، معمرالقذافی، لاپەرە ٦٦و٦٧

٢ – Herbert I. Schiller

٣ – بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە دەتوانن سەیری بەرهەمی نووسەر بەناوی

# فاکتەرەکانی تر:

فاکتەرەکانی تری کاریگەر لەکاری دەزگاکانی راگەیاندن کە دەکەونە بازنەی باسی کۆنترۆلەوە بریتین لە نووسەران، هونەرمەندان، دەرهێنەرەکان، هەواڵنێرەکان و هەموو ئەوانەی لەناو ئەم دەزگایانە کار دەکەن.
لە راستیدا دەزگای راگەیاندن لە لایەن هەر کەس و ناوەندێکەوە سەرپەرشتی بکرێت، ئەگەر بێت و خەڵکانی کاربەدەستی ناو دەزگا بە باشی دەستنیشان نەکرابن و نەتوانن ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەوە هەرگیز ئەم دەزگایە ناتوانێت لە کارەکانیدا سەربکەوێت.
(سیستەمی رێکخستنی رادیۆ و تەلەڤزیۆن هەرچییەك بێت، رێکار یا شێوازی کردارەکەشیان هەرچییەك بێت، لەکۆتاییدا چۆنایەتی راپۆرتەکانی رادیۆیی و تەلەڤزیۆنی لە ئەستۆی ئەو ژوورنالیستانەیە[١] کە کاری تێدا دەکەن، واتە هەواڵنێرەکان، دەرهێنەرەکان، نووسەرەکان.)[٢]

---

Mass Communications and American empire, 2nd. ed, 1992.

یا پاچڤە فارسییەکەی بەناوی وسایل ارتباط جمعی وامپراتوری امریکا، ترجمهٔ احمد میرعابدینی، چاپ‌اول، سروش، ١٣٧٧، بکەن.

١ – لێرە وشەی ژوورنالیست بە مانای رۆژنامەنووس، بۆ نووسەرانی رادیۆ و تەلەڤزیۆنیش بەکار هاتووە. هەر وەك چۆن لە کوردستانیش بە هەموو ئەو کەسانەی لە دەزگایێکی راگەیاندن هەرجۆرە کارێك بکەن، رۆژنامەنووس دەڵێن. بەڵام بە رای من ناکرێت بە نووسەری رادیۆ یا تەلەڤزیۆن بوترێت رۆژنامەنووس و لە جیاتی ئەم ناوە ئەگەر پێیان بڵێین رادیۆنووس، یا تیڤی‌نووس، باشترە.

٢ – ژورنالیسم تلویزیونی، نوشتهٔ رابرت تیرل، ترجمهٔ مهدی رحیمیان، سروش، تهران ١٣٧١، لاپەرە ٢٠.

بۆیەش ئەقڵ وا حوکم دەکات کە هەڵبژاردنو دامەزراندنی ئەم کەسانە، بە وردبینیو وەسواسی لۆجیکیانە بێتو هەوڵ بدرێت هەر کەسێك لە شوێنی تایبەتی خۆی، ئەرکی سەرشانی خۆی بە تەواوی جێبەجێ بکات.

(نووسین شتێکە بەرزتر لە خشاندنی سەری پێنووس لەسەر کاغەزو ڕێزکردنو بە یەك بەستنەوەی وشەکان. بۆ نووسینو خوڵقاندنی بەرهەمێکی نوێو باش دەبێت بە هەموو هێزەوە هەستی پێبکرێت. دەبێت بە پەنجەکانی ڕۆحو هەست بساوێندرێت. دەبێت ئەو قسەیەی بۆ وتن هەڵمانبژاردووە، پێش هەموو شتێك لە گۆشەکانی ڕۆحو تێگەییشتنی خودی خۆمان نزیك کەینەوە. دەبێت بە پلەی یەکەم، بە خۆمان بڕوامان پێی هەبێتو هەروەها زانیاری تەواویشمان لە سەری هەبێت. ئەگەر نووسینێك دەرەنجامی وشەیەك بێت کە بە بڕواو زانیاری وترابێو لە ناخی دڵەوە هەڵقووڵا بێت، بێگومان بەرهەمێکی بایەخداری لێ دەردەچێت.)[١]

لە لایەکیتر ئەو پەیامانەی لە دەزگای ڕاگەیاندن بڵاو دەکرێنەوە، لە ڕاستیدا بەرهەمی هزرو بیری ئەو نووسەرو هونەرمەندانەن کە تێیدا کار دەکەن. مێشكو بیرو بڕوای ئەم کەسانە سەروو کانووی ئەو جۆگەلە پەیامانەن کە ئاراستەی جەماوەر دەکرێن، بۆیەش دەبێت بەرلە هەموو شتێك بیر لە پاکیو بێگەردیو خاوێنی ئەم سەرچاوانە بکرێتەوە.

سەرچاوەی ناپاك، سەرچاوەی بۆگەنو ڕزیو، ناتوانێت بەرهەمی زوڵاڵو خاوێنو پاك لە خۆی بخوڵقێنێتو پێشکەشی جەماوەری خۆی بکات. لەمبارەیەوە شارەزایەك دەڵێت: (ئەگەر نووسەرێك بە پێچەوانەی ڕاستی

---

١ – هنر نوشتن ومهارتهای مقاله نویسی، دکتر بهرام طوسی، چاپ پنجم، نشـر وکـتاب فـرخ، ١٣٦٥، لاپەرە ٦٧.

# راگەیاندن

بنووسێتو پێنووسەکەی بخاتە ژێر دەستی هێزە ئەهریمەنییەکان، خیانەتی بە کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی کردووە. هەرچەندە وتنو نووسین بۆ خەڵکیتر چەشنە هەوڵێکە، بەڵام ئەم هەوڵە دەبێت لە خزمەتی گەیشتن بە هایداری، گەڕان بە دووای راستیو رزگاری مرۆڤ لە لاڕێییو چارەڕەشی بێتو لەبەر ئەوەی نووسەر لە بەرامبەر ئەوکارەی دەیکات بەرپرسە، دەبێت بزانێت بۆو بۆچی دەنووسێت.)[1]

زۆر لە زانایان لەم بڕوایەدان کە کەسایەتی ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی لە دەزگاکانی راگەیاندن کار دەکەن، دەبێت بە وردی لە هەموو روویێکەوە شەنوکەو بکرێت. تەنانەت رابردووی ئەوکەسانە، ئەو خێزانەی تێیدا پەروەردە کراونو چۆنیەتی پەروەردە بوونیانو ئەو سیستەمەی تێیداگۆش کراون، زۆر گرینگە. چونکە بەسەر بەرهەمەکانیانو ئەو پەیامانەی ئاراستەی خەڵکی دەکەن، هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەر دەبن. با لە یادیشمان نەچێت کە مێشکی جەماوەریش کەرەستەیێکە، کە نووسەرانو کاربەدەستانی تری دەزگاکانی راگەیاندن، کاری لەسەر دەکەنو ئەم کارە گەورەیە، پێویستە بە مەرجی وەکوو پاکی، راستیو شارەزایی دەستەبەر بکرێت.

شێروود ئەندێرسن[2] لەمبارەیەوەو سەبارەت بە چیرۆکنووسی دەڵێت:

(با دەمێك بیر لەو کەرەستانە بکەینەوە کە لەبەر دەستی پەخشان نووسێکە. کەرەستەی ئەو، ژیانی ئینسانەکانە. دەبێت ئەو مرۆڤانەی لە خەیاڵاتی ئەودا پەروەردە دەبن، بە قەد مرۆڤە سروشتییەکان راست بن. ئەو «نووسەر» نابێت

---

١- نویسندگی برای رادیو وتلویزیون، تألیف دکتر عذراخزائلی، مرکز تحقیقات وسنجش برنامه‌ای صدا و سیما، چاپ اول ١٣٧٥، لاپەرە ٢٠.

٢- Scherwood Anderson

## بەشی سێیەم

ئەوانە بفرۆشێت، هەرواکە ئامادە نابێت ئەو ئافرەتو پیاوانەی لە ژیانی ئەودانو خۆشیان دەوێت بفرۆشێت. یاری کردن بە چارەنووسی ئەم خەڵکەو وردو هەڕاش کردنو گڤشاندنیان، لە حاڵەتێك، ئامانج گومڕا کردنی خوێنەر بێت، هەر هێندە نەفس نزمیو بێڕەوشتی گەرە کە کە خەڵکانی راستەقینەو خۆشەویستی خۆمان، بە هەرزانی بفرۆشین. نووسەر بواری دەربازبوونی «لەم راستییە» نییە کە ئەگەر کەرەستە کانت لە بوارێکی بەدرەوشتانە خستە کار، خۆت بەد رەوشتو بێقیمەت کردووە. رەنگە ناچاربوون بۆ دابینکردنی رۆژانەی ژیان، بییانوویەکی باش بۆ راستاندنو بەجێیی بەدرەوشتی کارەکەتان بێت، بەڵام «دڵنیابە» وەکوو نووسەرێکی راستەقینە، هەرگیز نابیت بەهیچ. ئەگەر لە بەکاربردنی کەرەستەو ئامرازی کارەکەت بەرەو بەدرەوشتی راکێشرای، هیچ شتێك ناتوانێت رزگارت بکات. کاری بێقیمەت، نرخو سەنگی ئێوە لەناو دەبات. ئەمە هەقیقەتە.)[1]

هەر سەبارەت بە کەسایەتی مامۆستا کەریم شەریف قەرەچەتانی لە شیکردنەوەی هۆکارەکانی کاریگەر بەسەر کەسایەتی مرۆڤ، ئەم هۆکارانە دەکاتە دووبەش. یەکێکیان بۆماوەیی کە لە دایكو باوکەوە بۆ منداڵ دەگوازرێتەوەو ئەویتریان هۆکاری ژینگەیی کە ئەمەشیان دەکاتە چوار لقی سەرەکی. ژینگەی جوگرافی، ژینگەی مێژوویی، ژینگەی کۆمەڵایەتیو ژینگەی دەروونی.

(چالاکی دەروونیو خاسیەتەکانی کەسایەتی مرۆڤ، پابەندە بە هەردوو هۆکاری بۆماوەو ژینگەوە. هیچ چالاکیەکی مرۆڤانە بە ئاکام ناگات بەبێ

---

١ – هنر نوشتن ومهارتهای مقالەنویسی، دکتر بهرام طوسی، چاپ پنجم، نشر وکتاب فرخ، ١٣٦٥، لاپەرە ٧١.

هاوکاریو کارلێکردنی هەردوو هۆکاری بۆماوەو ژینگە. ئیتر جاری وا هەیە کاریگەری بۆماوە لە چالاکییەکدا زیاترەو جاری واش هەیە کاریگەری ژینگە لە چالاکییەکی تردا زیاترە. بەڵام دەبێت هەردووکیان بەشداری بکەن.)[١]
رەنگە لێرە ئەم پرسیارە سەر هەڵبدات کەگەلۆ راستە رابردووی مرۆڤو سیستەمی پەروەردەییو هۆکارەکانیتر، کاردەکەنە سەر کەسایەتی مرۆڤ، بەڵام ئەم کەسایەتییە لە هەر کارێك کە ئەنجامی بدات، هەر دەکەوێتە بەر ئەم کاریگەرییانە. کەواتە بۆ دەبێت لە دەزگاکانی راگەیاندن هێندە شتە کەگەورە بکرێتو مەرجی هێندە ئاستەمو قورس دابندرێن؟!
لە راستیدا ئەم وردەکارییە تەنیا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن پێشنیار ناکرێت. من پێموایە هەموو ناوەندێکی پەروەردەیی پێویستە رەچاوی ئەم خاڵە گرینگانە بکات. کێ هەیە نکۆڵی لەم راستییە بکات کە هەڵسوکەوت، هاتوچۆ، جۆری قسەکردنو رەفتاری تری مامۆستا، کاردەکەنە سەر قوتابی؟ ناوەندەکانی تری پەروەردەییش هەر بەم شێوەیەن. بەڵام دەزگاکانی راگەیاندن گشتگیرو بەرفراوانترن. لە کاری وەزارەتی پەروەردەدا، تەنیا بیست یا چل قوتابی مامۆستایەك دەبیننو شتی لێ فێردەبن. بەڵام سەدان هەزارو بەڵکوو ملیۆنەها کەس، گەورەو بچووك، ژنو پیاو، رەنگە بکەونە بەر کاریگەری رەفتاری ئەکتەرێکی سینەما. بۆیەش (ناسینی ئەوکەسەی پەیام دەنێرێت، یا ئەوکەسەی پێکهاتەی پێوەندیی، بە مەبەستی گواستنەوەی پەیامەکەی رێکخستووە، لە زۆر لایەنەوە بۆ تۆژەرانی زانستی کۆمەڵناسی بایەخدارە. چونکە ئەم کەسانە

١ - دەروازەی دەروونزانی، کەریم شەریف قەرەچەتانی، کوردستان، هەولێر، پووشپەر«تەمموزی»١٩٩٦،لاپەرە ٧و٨

# بەشی سێیەم

بڕواسازانی[1] راستەقینەی کۆمەڵگای جیهانیی ئێستان، ناسینی جۆری روانگەو جیهانبینی ئەو مرۆڤانە بۆیە بایەخدارە، چونکە بیروباوەڕو روانگەکانیان، بۆ گوێگرانی خۆیان دەگوازنەوە. ناسینی ئاستی چینایەتی ئەم کەسانە، پێشاندەری رادەی بزاڤی کۆمەڵایەتی[2]و سووڕەی چاکزانان[3]، لەناو کۆمەڵگایە. جگە لەوەش تەنانەت ناسینی رابردووی هەریەك لە ناودارانی بواری ئامێرەکانی پێوەندی دەتوانێت، رێگە خۆشکەر بێت بۆ زانینی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگاکەیانو هەروەها ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەوان دایدەمەزرێنن.)[4]

لە لایەکی ترەوە روانگەو جۆری بۆچوونو تێگەیشتنی ئەو کەسانەی لە دەزگاکانی راگەیاندن کارێك جێبەجێ دەکەن، کار دەکاتە سەر چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی پەیامەکانو جۆرە گوڵچنێك یا هەڵبژاردەیەکی لێ دەکەوێتەوە، کە دەتوانێت کار بکاتە سەر رەوتی گشتی بڵاوبوونەوەی پەیامەکان.

پەیامنێرێك رەنگە رۆژانە لەناو شاردا رووبەرووی دەیان رووداو ببێتەوە، کە ناتوانێت هەر هەموویان لە رێگەی دەزگای راگەیاندنەوە بڵاو بکاتەوە. لێرە دەبێت لەناو هەموو ئەم رووداوانە چەندێکیان گوڵبژێر بکاتو ئاراستەی جەماوەریان بکات. لێرە روانگەی ئەم پەیامنێرە بۆ جۆری کارەکەیو ئەرکی سەرشانی، کار دەکاتە سەر هەڵبژاردنی پەیامەکانی.

دەبێ بزانین کە کەسایەتی کامێرەوان لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی شێوازو هەروەها

---

Opinion Makers - ١

Social Mobility - ٢

Elite Circulation - ٣

٤ - جامعە شناسی ارتباطات، دکتر باقر ساروخانی، چاپ پنجم، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧٣، لاپەرە ١١٥

## راگەیاندن

جۆری وێنەگرتن، بێلایەن نییەو کاری دەکاتە سەر. هەرچەندە لە ئاڵقەو فیلمە سینەماییەکان شێوازو شوێن و ئەو گۆشەیەی دەبێت وێنەی لێ بگیرێت بۆ کامێرەوان دەستنیشان دەکرێت بەڵام ئەم سنووردارکردنەش دیسان هەر لە لایەن کەسێکەوە «کە زۆربەی جاران سەرپەرشتی وێنەگرانی پێ دەوترێت» دەکرێت، کە لێرە لە جیاتی کامێرەوان بڕیار دەدات و کەسایەتی ئەوو بۆچوونەکانی کار دەکەنە سەر چۆنیەتی دەرکردنی بڕیارەکان. هەروەها لە راپۆرت و راپۆرتە هەواڵەکان کە بە خێرایی وێنەکێش دەکرێن و لە ماوەیەکی کورتدا بڵاو دەکرێنەوە، کامێرەوان خۆی بڕیار بەدەستەو دیمەنەکان هەڵدەبژێرێت.

کۆڕو کۆبوونەوەکانی رۆژانە لە کوردستان و دیاردەی پێشاندانی ئافرەتی جوان لە تەلەفزیۆن و سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیان «کە زۆربەی جاران لە ئاستێکی زۆر نزم دایە» بووە هۆی ئەوەی کە خەڵك هەوڵ بدات لەم بۆنانەدا لە نزیك ئافرەتێك دابنیشێت، تەنیا بۆ ئەوەی ئەویش لەگەڵ ئافرەتەکە لە تەلەفزیۆن دەربچێت. هەروەها دیاردەی ناشیرینی وەستانی کامێرا لەسەر بەرپرسێك بۆ ماوەیەکی درێژ، لەم وڵاتە گەییشتە رادەیەك کە گوایە ئەو مەبلەغەی کامێرەوان لە بەرپرسەکە وەردەگرێت، ماوەی وەستانی کامێرا لەسەر بەرێزیان دەستنیشان دەکات. شاراوە نییە کە هەموو ئەم دیاردە سەیرو سەمەرانە لە کەسایەتی کامێرەوانەوە سەرچاوە دەگرن.

نووسەرانی رۆژنامەو گۆڤارەکانیش هەر تووشی حاڵەتێکی وادەبن و پێویستە لە چەندین کێشە، یەکدوویەکیان هەڵبژێرن و لە سەری بنووسن. دیارە کەسایەتی ئەم نووسەرانە، لە هەڵبژاردنی بابەتەکان بێ شوێنەوار نابێت.

هەروەها هونەرمەندان لەحاڵەتەکانی سەرەوە، ئەرکیان رەنگە لە هاوکارانیان گرانتر بێت. چونکە نووسەر دەنووسێت، بەڵام هونەرمەند دەبێت نووسینە کە بە

هونەرمەندیی خۆی پێشان بدات. جگە لەمانە تەلەڤزیۆن و سینەما بوونەتە هۆکە زۆرجار هونەرمەندێك لە دیدی خەڵك ببێتە قارەمانێك و لە حاڵەتی وادا کەسایەتی هونەرمەند زۆر زوو دەبێتە سەرمەشقێك، تا خەڵکانیتر لاسایی بکەنەوەو هەوڵ بدەن وەکوو ئەو بن. کە واتە کەسایەتیو ئاکارو ئەخلاقی هونەرمەند، تەنانەت لە ناو کۆمەڵگاو لە دەرەوەی فیلمو سینەماو شانۆ شوێنەواری خۆی بەجێ دێڵێت. بۆیەش پێویستە ئەم کەسایەتییە لە هەموو لایەکەوە کوردگۆتەنی سووك و گران بکرێت، ئەوجا لە شوێنەکەی دابندرێت. دەرهێنەرێك ئەگەر رۆڵی قارەمانی فیلمەکەی بسپێرێتە کەسێك کە لەناو خەڵك خوەدی پلەو رێزی شایان نەبێت، ئەوە لەلایەك زوڵمی لە قارەمانی فیلمەکە کردووەو لەلایەکیتر هەرچی هەوڵ بدات، ناتوانێت وەکوو پێویست قارەمانەکە بەرجستە بکات.

ئاشکرایە ئەگەر ناوی کەسێك بە دزی لە ناو خەڵك زڕا بێت و ئەم کەسە ببێتە بێژەری تەلەڤزیۆنێك، ئەم کردارە چەندگران لەسەر دەزگاکە دەوەستێت و جگە لەمەش ئەگەر ئەم کەسە هەموو رۆژی ئایاتی قورئانیش بۆ خەڵك شی بکاتەوە، کەس گوێی لێ ناگرێت. چونکە کەسایەتی کەسانی وا لە کاریگەری قسەکانیان کەم دەکاتەوە.

## ٢ـ شیکردنەوەی ناوەرۆك:

لەکاری تۆژینەوە لە پێکهاتەی دەزگاکانی راگەیاندن و چۆنیەتی کارکردنیان بەسەرجەماوەردا، ئەم خاڵە واتە ناوەرۆکی پەیامەکان، شوێنێکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەو پەیامانە دەگرێتە خۆیو لێیان دەکۆڵێتەوە کە لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاو دەبنەوە. فیلم، ئەڵقەی تەلەڤزیۆنی، شانۆگەری، وتارو

# راگەیاندن

جووڵەیەکی بچووکی ئەکتەرێكو تەنانەت کورتە مۆسیقایەك، هەر هەموویان دەکەونە بازنەی بەرفراوانی ئەم خاڵە.

ڕەنگە زۆربەی خەڵك، لەکاتی گوێگرتن لە بەرنامەیەکی رادیۆیی یا فیلمێکی تەلەڤزیۆنی یا سینەمایی، هەست بە هەندێ وردەکاری نەکەنو نەزانن چۆن هەستیان دەبزوێنێت. بەڵام بچووکترین جووڵە یا دەنگ لەم بەرنامانە، دووای لێکۆڵینەوەو لە ئاکامی ئەزموونێکی دوورو درێژ، جێگاو شوێنی بۆ دەستنیشان دەکرێت. بۆ وێنە (مۆسیقای دەق[1] گرنگییەکی زۆری هەیە. هەرچەندە دەورەکەی بە رواڵەت روونو ئاشکرانییە. بەڵام وەکوو ئەگەرێکی یاریدەدەر لە سەرهەڵدانی هانەکانی جۆراوجۆری دەروونی، وەکوو سەرنج راکێشان، بیرهێنانەوە، گۆڕانکاری لە هەستو سازکردنی ورووژان کاریگەرە، بەبێ ئەوەی بیسەران ئاگادارانە هەستی پێ بکەن. ئەمجۆرە مۆسیقایە بە یەکبەستنەوەو حاڵەتو ناوەرۆکی بەرنامە دەوڵەمەندتر دەکات.)[2]

ئاڵۆزیو قورسی کاری تۆژینەوە لە ناوەرۆکی پەیامەکانی دەزگای راگەیاندن لەبەر ئەوەیە کە خودی پرۆسەی گواستنەوەی پەیامەکان ئاڵۆزەو ژمارەیەکی بەرفراوان فاکتەری تێدایە، کە هەرکامەیان بە نۆبەی خۆیان کار دەکەنە سەر ناوەرۆکی پەیامو شوێنەوار بەجێ دێڵن. بۆ وێنە ڕەنگە لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی هەروەکوو پێشتر باسمان کرد، هەست بە کاریگەری دەوری کامێرەوان نەکرێتو زۆرکەس لایان وابێت کە ئەم کەسە بەکامێرایەکەی تەنیا وێنەکان دەگوازێتەوە. بەڵام بۆ کۆمەڵناسێك زۆر گرینگە کە لە کاریگەری ئەم

١ – مەبەست ئەو مۆسیقایەیە کە ئێستا لە کوردستان بەگراوەندی پێدەڵێن.

٢ – نویسندگی برای رادیو وتلویزیون، تألیف: دکتر عذرا خزائلی، مرکز تحقیقات، مطالعات وسنجش برنامەای صدا وسیما، چاپ اول، ١٣٧٥، لاپەرە ٥٨

کەسەو تەنانەت ئەو شوێنەی لێی دامەزراوەو جموجۆڵەکانی، بەسەرناوەرۆکی پەیام بکۆڵێتەوە. دیارە هەربینەرێك نازانێت کە (کار بە کامێرا بە دوو شێوە دەکرێت، کە هەریەکێك لەم شێوازانە، کاریگەرییەکی تایبەتی بەسەر بینەرەوە هەیە. لە شێوازی یەکەم بە سوورانەوەی کامێرا بە دەوری خۆیو گۆڕینی لێنزەکان دەکرێت مەبەستی وێنەگرتنە کە لە مەوداو گۆشەی جۆراوجۆر بخرێتە بەر دیدەی بینەر. هەڵبژاردنی ئەم گۆشەو قولینجانەو مەوداکان بە پێی ئەوەی کە تەماشەڤان چەند لە دیمەنە کە ببینێت، دەستنیشان دەکرێن. لە شێوازی دووەم کامێرا دەجووڵێتو جێبەجێ دەبێت. لەم شێوازە سوود لە زووم لێنز وەردەگیرێت.)(١)

بەم جۆرە دەبینین کە تەنانەت جۆری مۆسیقا، گۆشەی وێنەگرتن، چەشنی دەنگ، شێوازی بلێڤکردنی وشەکانو...هەر هەموویان دەتوانن ناوەرۆکی پەیامی دەزگای راگەیاندن دەوڵەمەند یا لاواز بکەنو بۆیەش کۆمەڵناسان هەموو ئەمانە لە تۆژینەوەکانیان بە هەند وەردەگرنو لێیان تێناپەڕن.

## ٣ـ ئامێرەکان:

ئەو ئامێرانەی لێرە مەبەستی ئێمەیەو دەمانەوێت باسیان لێوە بکەینو سەرەکیترین ئامێرن لەکاری راگەیاندندا، بریتین لە چاپەمەنییەکانی وەکوو کیتابو گۆڤار، بە هەموو جۆرەکانیەوە. رادیۆ، تەلەڤزیۆنو سینەما. کە لەبەر گرنگیو درێژی ئەم باسە، بە باشم زانی بەشێکی سەربەخۆیان بۆ تەرخان بکەم کە بەشی داهاتووە.

---

١ ـ سەرچاوەی پێشوو. لاپەرە ٣٧

## راگەیاندن

لێرە تەنیا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەم ڕاستییە بکەم کە هەندێ لە زانایانی بواری کۆمەڵناسیو شارەزایانی کاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن، گەلێ ئامێری تری پێوەندی گشتییان، وەکوو ئامێری ڕاگەیاندن ناساندووە. ئەم ئامێرانە بریتین لە: گرامافۆن، تییاتر، کاسێتی دەنگ، کاسێتی وێنە، کۆمپیوتەر، ڤیدیۆ، سەتەلایتو ئەنتەرنێت. رەنگە لێرە ئەم پرسیارە بێتە پێش کە بۆچی مـن لەم هەموو ئامێرە تەنیا باسی چاپەمەنیو ڕادیۆو تەلەڤزیۆنو سینەمام کردووە؟

لە ڕاستیدا وڵامی من بۆ ئەم پرسیارە خاڵەکانی خوارەوەن:

یەکەم ـ مەبەستی من لێرە تەنیا باسکردن لە سەرەکیترینو گرنگترین ئامێرەکانی ڕاگەیاند بووەو بۆیەش نەچوومەتە ناو وردەکارییەکان، چونکە ئەمە دەرفەتێکی گەلێ زیاتری گەرەکەو ڕەنگە لە توانای منیشدا نەبێت.

دووەم ـ هەندێ لەم ئامێرانە، تەنیا لقو پۆپی ئەو دەزگایانەن کە باس کراون. بۆ وێنە کاسێتی دەنگو گرامافۆن، هەر دەکەونە خانەی ڕادیۆ، یا کاسێتی فیلمو ڤیدیۆو سەتەلایت، دەکرێت بە لقو پۆپی تەلەڤزیۆن حیسابیان بۆ بکرێت. چونکە بە داهێنانی ئەم ئامێرانە، تەلەڤزیۆنو ڕادیۆ بەهێزترو کاراتر کراون. سەتەلایت گۆڕانکارییەکی گەورەی خستە بواری پێوەندی گشتی، بەڵام لە ڕێگەی ڕادیۆو تەلەڤزیۆنەوە. چونکە خودی ئامێری سەتەلایت بە تەنیا ناتوانێت دەزگایێکی ڕاگەیاندن بێت.

سێیەم ـ هەندێ ئامێری تری وەکوو کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتو پۆستی ئەلەکترۆنیو...هەرچەندە لە هەندێ شوێنی جیهان خەریکە دەبنە ئامێری گشتی، بەڵام لە وڵاتە دوواکەوتووەکانو بە تایبەت لە کوردستان ئەم دەزگایانە هێشتا لەناو خەڵك نەناسراونو تەنیا هەبوونی چەند کۆمپیوتەرێك، نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی ئەم دەزگایە بە ئامێرێکی ڕاگەیاندنی گشتی حیساب بکرێت. بۆیەش من لێرە ئاماژەی بەرچاوم بەم ئامێرانە نەکردووە.

# ٤ـئامانج (بیسەران ، بینەران ، خوێنەران):

مەبەست لە ئامانج ئەو کەسانەن کە پەیامە کان لە قاڵبی شەپۆلە کانی رادیۆیی یا تەلەڤزیۆنی یا لاپەڕەی چاپەمەنییە کان، ئاراستەیان دە کرێت. لە راستیدا لە کاری راگەیاندن ئەو خەڵکانەی پەیامیان ئاراستە دە کرێت بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە. چونکە پرۆسەی راگەیاندن بە بێ هاوکاری کردنی ئەم کەسانە ناتەواوو بێسوود دەمێنێتەوە.

گریمان رۆژنامەیەك بە تیراژێکی زۆرو لاپەڕەی تەواو رەنگیو جوانترین داڕشتن، بڵاو بکرێتەوە. بەڵام کە کەس نەبێت بیخوێنێتەوە، دیارە هەموو خۆماندوو کردنو خەرجە کان بە خۆڕایی دەڕوات.

رادیۆو تەلەڤزیۆنو سینەماش ئەگەر کەس نەبێت گوێیان لێ بگرێتو تەماشایان بکات، حاڵیان نەك وە کوو رۆژنامە کە بەڵکوو زۆر خراپتریش دەبێت. کەواتە لە هەر کارێکی راگەیاندن، ئامانج واتە بیسەران، بینەران یا خوێنەران، فاکتەرێکی سەرە کینو نابێت لە یاد بکرێن. ئەوەشمان دەبێ لەبیر بێت کە ئەم رێسایە هەموو کەسێك دە گرێتەوە. تەنانەت منداڵانیش. (کاریگەریو سوودمەندی بەرنامە کانی رادیۆیی لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان، پێوەندی بەوەوە هەیە کە منداڵان بۆ گوێگرتن لەو بەرنامانەی کە بڵاو دە کرێتەوە، تا چ رادەیەك ئارەزوومەندی خۆیان پێشان دەدەن. هیچ بەرنامەیە کی رادیۆیی لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان، چەندە بە نییەتێکی باشیش بڵاو بکرێتەوە، ناتوانێت بە بێ پێشوازیکردنی بەرنامە لە لایەن منداڵانەوە، درێژە بە مانەوەی خۆی بدات.)[١]

---

١ - مجلهٔ پویش، مجموعه‌ای دربارهٔ هنر وادبیات کودکان ونوجوانان، زمستان ١٣٦٩. لاپەرە ١٠١.

## راگەیاندن

بە واتایەکیتر راگەیاندن بۆ ئەوە هەوڵ دەدات، کە مەبەستێك بپێکێت‌و ئەم مەبەستەش لە ناو جەماوەردایە. کەواتە ئەگەر راگەیاندن نەتوانێت پێوەندی لەگەڵ جەماوەری خۆی ساز بکات‌و لە رێگەی پەیامەکانی، کار نەکاتە سەریان، ئەوە دەبێت چاوپۆشی لە بوونی خۆی بکات. بۆیەش زۆر گرینگە کە دەزگای راگەیاندن، جەماوەری خۆی بناسێت‌و بزانێت پەیامەکانی ئاراستەی کێ دەکات‌و ئایا خەڵکە کە ئەم پەیامانە وەردەگرن یانە. گرفتی سەرەکی راگەیاندن لێرە ئەمەیە کە جەماوەر لە چین‌و توێژی جۆراوجۆر پێك دێت‌و هەر چین‌و توێژێکیش بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها کۆمەڵگا لە ژمارەیەکی زۆر خێزان‌و هەر خێزانیش لە چەند تاك پێکهاتووە، هەریەك لە تاکەکانیش خاوەنی زەوق‌و سەلیقەی تایبەتی خۆیانن‌و جۆرە چاوەڕوانییەکیان لە شاشەی تەلەڤزیۆن‌و بڵندگۆی رادیۆ‌و لاپەڕەی رۆژنامە دڵخوازەکەیان هەیەو راگەیاندن دەبێت هەموو ئەم تێبینییانە لەبەر چاو بگرێت.

لە لایەکیتر هەموو جڤاتێك، کۆمەڵێك یاساو رێساو داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە کە بەسەر رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ کاریگەرن‌و کۆنترۆڵیان دەکەن. هەر ئەم یاساو رێسا جۆراوجۆرانەش، شێوە تێگەییشتنێك بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵ دەسازێنن‌و وایان لێ دەکەن پشتی هەندێ بیروباوەڕ بگرن‌و دژی هەندێکیتر بوەستن. تاکی ئەم جڤاکە هنگی پەیامی دەزگای راگەیاندن بە ئەرین دادەنێت کە لەگەڵ بیروباوەڕی خۆی رێك بێت‌و ئەگەر وای لێ تێنەگات، دەیخاتە خانەی نەرین‌و ئەوجا یا دژایەتی دەکات یا لەگەڵی دەڕوات، بەڵام بە قسەی ناکات. کە لە هەردوو حاڵەت، تەنیا شکان‌و دۆڕاندن بۆ دەزگای راگەیاندن دەمێنێتەوە.

---

بابەتی (کودکان، ادبیات‌و رادیو) نوشتۀ الن وان گانا، ترجمۀ سیمین‌دخت چهره گشا.

سەردەمێك یەكێك لەكەناڵەكانی تەلەڤزیۆنی لەكوردستان، زنجیرەیەكی گوایە مەكزیكی بڵاودەكردەوەو خەڵكانێكیش تەماشایان دەكرد. بەڵام هەر لەوكاتەدا كۆمەڵێكی زۆری خەڵكیش لەكاتی پەخشی بەرنامەكە یا تەلەڤزیۆنەكانیان دەكوژاندەوەو سەیری كەناڵێكی تریان دەكرد، یا هەر لە ركان سەیری بەرنامەكانی تەلەڤزیۆنەكەیان نەدەكرد. ئەمە لە حاڵێك بووكە پەخشی ئەم بەرنامەیە، بۆ ئەوە بووكە بینەری تەلەڤزیۆنەكە زیاتر ببن، كەچی لە راستیدا نەك ئامانجەكە بەدی نەهات، بەڵكوو زیانیشی لێ كەوتەوە.

لێرەدا پێمباشە لە درێژەی باسی ئامانجی راگەیاندن، واتە بینەران، بیسەرانو خوێنەران، جەخت بكەمە سەر خاڵەكانی خوارەوە:

## I_ جۆری ئامێری پەیام

راوچی كە بڕیاری نێچیرڤانی دەدات، دەبێت چەكی تایبەتی بۆ راوەكەی دابین بكات. ئامێری پێویست بۆ راوەماسی، لەگەڵ پێداویستییەكانی راوی كەروێشك، دوو شتی لێك جیاوازن. كەو بە شێوازێكو مامزیش بە شێوازێكیتر راو دەكرێن.

لەكاری راگەیاندنیش پێویستە پەیام بە ئامێری شیاو ئاراستە بكرێت. مرۆڤی راگەیێنەر سەرەتا دەبێت رەچاوی ئەم تێبینییە بكات كەكامە ئامێری راگەیاندن باشترو زێدەتر دەتوانێت لە ناو جەماوەر، شوێنەواری خۆی بەجێ بێڵێت. دەبێت لێی ورد بێتەوە كە خەڵك زۆرتر پێشوازی لەكیهە دەزگای راگەیاندن دەكەنو شوێنی جوگرافی، كاركردن بەكامە ئامێر ئاسانتر دەكات. چونكە پێویستە هەمیشە هەوڵ بۆ ئەوەبدرێت كە زۆربەی هەرە زۆری خەڵك، بكەونە بەر ئاراستەی شەپۆلەكانی راگەیاندن. مامۆستا كەریم شەریف قەرەچەتانی

لەمبارەیەوە دەڵێت:

(راگەیاندن کۆمەڵێ کەناڵی هەیە، وەکوو: رادیۆو تەلەفزیۆن رۆژنامەو گۆڤارو...هتد، جا ئەوەی بیەوێ نامەیەك[1] ئاراستە بکات، دەبێ بزانێ لە چ کەناڵێك بڵاوی بکاتەوە زیاتر شوێنی خۆی دەگرێ. بۆ نموونە: ئەگەر بابەتێك پەیوەندی بە خەڵکانێکی نەخوێندەوارەوە هەبێ، ئەگەر ئەو بابەتە لە رۆژنامەیەك یان گۆڤارێك «بە نووسراوی»بڵاو بکرێتەوە، ئەوا سەرکەوتن بە دەست ناهێنێ، چونکە خۆیان نەخوێندەوارن وگۆڤارو رۆژنامە ناخوێننەوە. جا بۆیە لێرەدا هەڵبژاردنی کەناڵی تەلەفزیۆنی یان رادیۆ زۆر سەرکەوتووترە، چونکە نەخوێندەوارەکانیش دەتوانن سودی لێوەربگرن، بەڵام ئەگەر بابەتێك بەرەو رووی خەڵکانێکی رۆشنبیر بکرێتەوە، ئەوکاتە کتێب یان گۆڤارو رۆژنامە زیاتر دەتوانن نامەکە بگەیەنن.)[2]

هەر لە بارەی رەچاوکردنی ئاستی خوێندەواری خەڵك خاوەنرایەکیتر دەڵێت:

(کە باسی رۆژنامەوانی دەکرێ دەبێ رێژەی خوێندەواریو نەخوێندەواری رۆلەکانی میللەت رەچاو بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەم حاڵەتە بە هەردوو باری نێگەتیڤو پۆزەتیڤەوە کار لە رەوتو رێبازو پەرەسەندنی رۆژنامەوانی وەکوو کەناڵێکی گەیاندن دەکات.)[3]

---

١ – مەبەست لە (نامە)، پەیامی راگەیاندنە. (نووسەر)

٢ – راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا، بە سەرپەرشتی حەمە کەریم عارف ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، لاپەرە ١٣٢. بابەتی (باخۆمان بەکەم نەزانین)، نووسینی کەریم شەریف قەرەچەتانی.

٣ – سەرچاوەی پێشوو ـ لاپەرە ٧٤. بابەتی حەمە کەریم عارف.

هەڵکەوتەی جوگرافی وڵاتیش کاربەدەستانی بواری راگەیاندن ناچار دەکات، کە بە هەندێ تێبینییەوە دەست بە کارەکانیان بکەن.

شوێنی شاخاوی گەیاندنی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن بۆ هەموو جێگایەك تووشی ئاستەنگ دەکات. هەروەها نەبوونی رێگەی لەبارو هاتوچۆی گونجاو، دەبێتە هۆی بڵاو نەبوونەوەی بە پەلەی چاپەمەنییەکان.

هەروەها لە وڵاتێکی شاخاوی کە دەشتی کەم بێت، سوود وەرگرتن لە شەپۆلەکانی (F.M)ی رادیۆ، خەرجێکی زۆری گەرەکەو لە هەموو شوێنێك ئەمکارە مەیسەر نابێت. بۆیەش باشترین رێگە ئەوەیە کە لە شوێنی جوگرافی شاخاوی، لە کاری راگەیاندندا زێدەتر جەخت بکرێتە سەر پەخشی رادیۆ، ئەویش لەسەر شەپۆلی (A.M) بەڵام بە واتێکی زۆر بۆ ئەوەی هەموو شوێنەکانی وڵات داپۆشێت.

لە لایەکیتر ئاستی ژیانی خەڵك و تێکرای داهاتی خێزانی وڵات، کۆمەڵێك کێشەیتر دەخاتە رێگەی کاری راگەیاندن بەتایبەت ئامێری تەلەڤزیۆن. چونکە کڕینی ئەم ئامێرە پێویستی بە پارەیەکی بەرچاو هەیە کە رەنگە هەموو خێزانێك نەتوانێت دابینی بکات. ئێستاش لە هەندێ وڵات تەلەڤزیۆن جگە لەناو ماڵی چەند دەوڵەمەندێك لە هیچ ماڵێکیتر دەست ناکەوێت. تەنانەت لەکوردستانیش ئەمجۆرە خێزانانە کەم نین بە تایبەت لە گوندەکان. هەر لەبەر ئەم هۆیە جۆراو جۆرانەیە کە ئێستا (رادیۆ بووە بە ئامێری بنەڕەتی زانیاری، سەرگەرمی و کەلتووری لە جیهانی سێیەم، بە واتایەکیتر بۆ سێبەش لە چواربەشی جیهان. لە کاتێك کە نەخوێندەواری و گرفتەکانی دابەشین، پەرەسەندنی چاپەمەنییەکانی سنووردار کردووەو پێلگرەکانی تەلەڤزیۆنیش بە ئامێرێکی رازاندنەوەو لەبەر دەستی کەمینەی بچووکی دەوڵەمەندان دەژمێردرێت، رادیۆی ترانزیستۆری تەنانەت دزەی کردووەتە ناوگوندەکانی ئاسیا یا ئەمەریکای لاتین و خەریکی

بڵاو بوونەوەی هەرچی زیاتر لە ئەفریقایە. لە ١٩٧٧ ژمارەی پێلگرەکانی رادیۆ لە جیهان بە ٩٥٣ ملیۆن مەزندە دەکراو لە حاڵێك کە لە ئەورووپا بۆ هەر ١٠٠ کەس ٣٣٢ رادیۆ، ٢٤٥ رۆژنامەو ٢٤٦ تەلەڤزیۆن هەیە، لە ئەفریقا ژمارەی رادیۆکان ١١ بەرابەری تەلەڤزیۆنەکانە.)[1]
بەداخەوە لە کوردستان ئەم خاڵە گرینگانە بە هەند وەرنەگیراوە. راستە بە رواڵەت کار لە هەموو بوارەکانی راگەیاندن واتە سینەما، رادیۆ، تەلەڤزیۆن‌و چاپەمەنییەکان دەکرێت‌و خەڵکانێك لە گشت ئەم بوارانەدا رۆژانە خەریکی جموجۆڵن، بەڵام لە راستیدا بە چاوێکی واقعبینانە سەیری هەموو ئامێرەکانی راگەیاندن ناکرێت‌و ئیمکانیاتی شیاو بە پێی کارایی‌و بە شێوازێکی زانستیانە لەم بوارانەدا سەرف ناکرێت.
بۆ وێنە سەرەڕای ئەوەی دەزانین نزیکەی نیوەی دانیشتووانی کوردستان نەخوێندەوارن[2]، کەچی بایەخێکی مالی لە رادەبەدەر بە رۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنی بە گشتی دەدرێت‌و بوارەکانیتر ناچارن بە ئیمکانییەتێکی یەکجار کمەوە کاروباری رۆژانەیان بەڕێوە ببەن. جگە لەمەش نرخی چاپەمەنییەکان لەچاو داهاتی خەڵك گەلێ زۆرەو کیتاب‌و گۆڤارو تەنانەت رۆژنامەکانیش بە تیراژێکی زۆر کەم دەردەچن‌و زۆربەیان تەنیا بۆ ئەوە چاپ دەکرێن کە

---

١- تاریخچۀ رادیو وتلویزیون، نویسنده: پیرآلبر / آندره ـ ژان تودسك، ترجمۀ جمشید ارجمند، سازمان چاپ مازیار، چاپ اول، ١٣٦٨، لاپەرە ١٥٤.

٢ - وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٢ لە ئامارێکدا رایگەیاند کە زیاتر لە ٣٠٪ دانیشتووانی هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك بە تەواوی نەخوێندەوارن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە مەرج نییە هەموو ئەوانەی لەم ئامارە بە خوێندەوار حیساب کراون، لە رۆژنامە تێبگەن‌و هەموو ئەوانەی توانای تێگەیشتن لە رۆژنامەشیان هەیە، رۆژنامە بخوێننەوە.

## بەشی سێیەم

بوترێت فلانە کەس یا فلانە ناوەند یا حزب، چاپەمەنییەکی هەیە. واتە زۆربەی چاپەمەنییەکان تەنیا بۆ ئەرشیف دەردەچن، دەنا نەیانتوانیوە بازاڕێکی وا بۆخۆیان دابین بکەن کە ئەگەر جارێك دەرنەچن، هەست بە بۆشایی شوێنیان بکرێت.

مخابن ئەم گرفتە تەنانەت چاپەمەنییەکانی تایبەت بە چین و توێژەکانی هەستیاری کۆمەڵیشی بەگشتی و لاوانی بەتایبەتی گرتووەتە، لە حاڵێك ئەم چاپکراوانە دەبوایە لە هەموو گۆڤارو رۆژنامەکانیتر، لایەنگری زیاتریان هەبوایە. چونکە خوێندەوارەکانی کوردستان زۆربەیان لە لاوان پێك دێن و رێژەی نەخوێندەواری لەناو تەمەندارانی وڵاتەکەمان زۆر لە لاوان زیاترە.

بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان ناگەنە هەموو شوێنێکی کوردستان و لە زۆر دەڤەر دابونەریت و گرفتی دەستکورتی و نەبوونی کارەبا، کۆسپەی خستووەتە بەردەم کاری ئەم ئامێرە گرینگەی راگەیاندن.

زۆربەی رادیۆکان جگە لە هەردوو رادیۆی دوو حزبی سەرەکی، بەرنامەکانیان یا لەسەر شەپۆلی (F.M)[1] بڵاو دەکەنەوە کە هەموو شوێنێك ناگرێتەوە، یا دەزگای پەخشی (A.M)[2] یان هێندە لاوازە کە بە زەحمەت پانتایی شارێك دادەپۆشێت.

سینەماش لە کوردستان بەداخەوە نەیتوانیوە بگاتە ئەو پلەوپایەی شایانی ئەم ئامێرەی راگەیاندنە و مخابن دەبێ بڵێم خۆشبین نیم کە بەمزووانە خەڵکی ئێمە بە چاوێکی خۆمانی سەیری سینەما بکات. بە تایبەت کە بەگشتی پێداویستییەکانی کاری سینەما گەلێ زۆرن و لە کوردستان نەتوانراوە لەم بوارەدا هەنگاوی کاراو

---

١ - Frequency Modulation

٢ - Amplitude Modulation

یەکلاکەرەوە بهاوێژرێت.کەواتە ئەگەر واقعبینانە سەیری کوردستان بکەینو ئەگەر دۆخەکە هەروا بڕوات. پێویستە بایەخدان بە دەزگاکانی راگەیاندن بە گوێرەی ڕێزبەندی خوارەوەبێت:

رادیۆ ، تەلەڤزیۆن ، رۆژنامە ، سینەما

بەڵام ئەگەر گرفتی کارەباو نەگەیشتنی شەپۆلەکانی تەلەڤزیۆنی چارەسەر بکرێت، ئەوە پێموایە پێویستە تەلەڤزیۆن بخرێتە ڕێزی یەکەمی ئەو دەزگا راگەیاندنانەی کەکاری پەخشی پەیامی گشتیو هەمووانی پێ بکرێتو ئەگەر زانستیانە بخرێتە کار، ئەوە دڵنیام دەتوانێت خزمەتێکی گەورە پێشکەشی خەڵکی کوردستان بکات.

## II_ شێوەی پەیام

زۆرجار کەسێك قسەی خێر بۆ مرۆڤ دەکات، بەڵام بە شێوازێك کە لەسەد جنێوو تێهەڵدان خراپترە. من زۆرجار تووشی ئەم چەشنە کەسانە هاتیمە. پێموایە لەم دەورو زەمانەشدا، هەر کەسێك بە نۆبەی خۆی تارادەیەك خێری ئەمجۆرە کەسانەی پێ گەییوە.

مرۆڤی وا خێرخواز، هەرچەندە نییەتی خێری هەیە، بەڵام چونکە نازانێت چۆن مەبەستەکەی خۆی بگەیێنێتو نایخاتە قاڵبێکی شیاو، بۆیە کردارەکەی نەك کاریگەر نابێت، تەنانەت زۆرجار دەرەنجامێکی پێچەوانەشی لێ دەکەوێتە. نازانم تا ئێستا بیرتان لەم خاڵە گرینگە کردووەتەوە کە یەکێك لە هۆیەکانی سەرکەوتنی پێغەمبەران لەگەیاندنی پەیامەکەیانو سەرکەوتنیان لە راکێشانی جەماوەرو کۆکردنەوەیان، هەڵبژاردنی شێوازی گونجاوو لەبار بۆ بڵاو کردنەوەی پەیامەکەیان بووە. بۆیەش دەبینین هەرچەندە ناوەرۆکی پەیامی

## بەشی سێیەم

هەموویان یەك شت بووە، بەڵام هەرکامەیان بە پێی بارودۆخی سەردەمی خۆیان، بە شێوازێك چوونەتە ناو جەماوەرو ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ کردووە.

ئەگەر نوێنەری موسوڵمانان لە کاتی پەنابردنیان بۆ نەجاشی لە جیاتی خوێندنەوەی ئایەتەکانی تایبەت بە مەریەم(د.خ)، لە یەکەم هەنگاودا بە توندی قسەی بکردباو ئەمری بە نەجاشی بکردبا کە دەبێ تۆش موسوڵمان بیت، دڵنیابن کە نەیدەتوانی خۆیو هاوبڕواکانی لە پیلانەکانی بتپەرستانی عەرەب بپارێزێت. ئەوە شێوازی پەیامە کە بووکە زۆر زووکاری خۆی کردو ئامانجی خۆی پێکاو بتپەرستەکانی بە دەستی بەتاڵ بۆ عەرەبستان گەڕاندەوە.[1]

کەواتە یەکێك لە مەرجەکانی دەزگای ڕاگەیاندن هەڵبژاردنی شێوازی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامە. دەبێ زۆر بە وریایی بیر لەوە بکرێتەوە کە پەیام چۆن زێدەتر کاردەکاتە سەر جەماوەر.

بۆ وێنە ئەگەر مەبەست ئەوە بێت بە خەڵك بڵێین لە ڕادەبەدەرو نابەجێ، سوود لە کارەبا وەرنەگرن، دەتوانین بە چەندین شێواز ئەم پەیامە بڵاو بکەینەوە.

یەکەمیان ئەوەیەکە لە قاڵبی دروشمو پەیامی کورت، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاو بکەینەوە کە (هاووڵاتی بەڕێز، لەبەر کەمی وزەی کارەبا تکایە کەمتر ئامێری کارەبایی بەکار بێنە.)

ڕێگەی دووەم ئەوەیەکە ئەم پەیامە لە قاڵبی گۆرانی یا شانۆگەری ڕابگەیێنین. یا قسەکە بە زمانی منداڵ یا پیر یا کەسایەتییەکی ناسراو بڵاو بکەینەوە، کە سەرنج ڕاکێش بێت.

ڕێگەی سێیەم ئەوەیەکە ئێمە لە پەیامەکەماندا ڕاستەوخۆ باسی کارەبا نەکەین،

---

١ – سەیری ـ تاریخ ایران، نوشتۀ حسن پیرنیا(مشیرالدوله)و عباس اقبال آشتیانی ـ بکەن.

بەڵام بە فیلمێك پێشان بدەین کە بۆ وێنە منداڵێکی جوان و ژیرو تاقانەی خێزانێك لە رێگەی گەڕانەوە لە قوتابخانە، تووشی کارەساتی لێدانی سەیارە دەبێت و دەگەیێنرێتە نەخۆشخانەو لەوێ لە ژووری نەشتەرگەری لە ناکاو بە هۆی پچرانی تەزووی کارەبا، دکتۆر ناتوانێت کارەکەی بەباشی ئەنجام بدات و منداڵەکە گیانی لە دەست دەدات.

دیارە چەندین رێگەی تریش بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە هەیە کە لێرە پێویست بە باسکردن ناکات. گرینگ ئەوەیە کە بزانین کامە لەم شێوازانە زیاتر کار دەکەنە سەر خەڵك و وایان لێ دەکەن کە کەمتر ئامێری کارەبایی بە کار بێنن.

من پێموایە شێوازی سێیەم هەرچەندە راستەوخۆ باسی کارەبا ناکات، بەڵام زیاتر سەرنجی خەڵك رادەکێشێت و هانیان دەدات پەیامەکە جێبەجێ بکەن. کەواتە دەبێت بۆ مەبەستی سەرەوە زیاتر کاری تەلەڤزیۆنی بکرێت. چونکە ناکرێت ئەم فیلمە لە رادیۆ یا رۆژنامە یا کیتاب بڵاو بکرێتەوە. ئاشکرایە کە ئەگەر بمانەوێت پەیامێکی وا لە رۆژنامە ئاراستە بکەین، دەبێت شێوازێکیتر هەڵبژێرین.

ئەم خاڵە لە کاری رێکلام دەورێکی یەکجار زۆری هەیەو کۆمپانیا پێشکەوتووەکان بە مەبەستی فرۆشتنی کالاکانیان رەچاوی دەکەن. دەنا هەرگیز لە فرۆشتنی بەرهەمەکانیان سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست ناهێنن. من لە دەرەوەی کوردستان بینیومە کە تەنانەت لە هەندێ شوێن، رێکلامی پێچەوانە ئاراستەی خەڵك دەکرێت، ئەویش تەنیا بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی خەڵك و سەرکەوتنی زۆرباشیش بەدەست دێنێت. نموونەیەك لەمبارەیەوە کە زۆر بە دڵم بووەو سەرنجی منی راکێشاوە، رێکلامی یەکێك لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری تایەی سەیارەیە لە ئێران. لەم رێکلامەدا پەیامنێری تەلەڤزیۆن دەچێتە لای پەنچەرچییەك و لێی دەپرسێت: تۆ بۆ برا شۆفێرەکان پێشنیاری

## بەشی سێیەم

کڕینی چ تایەیەك دەکەی‌و پەنچەرچییەکەش وڵام دەداتەوە: هەر جۆرە تایەیەك دەکڕن بکڕن، تەنیا (دنا) نەکڕن. پەیامنێر دەپرسێت: باشە بۆ؟ پەنچەرچی وڵام دەداتەوە: لەبەر ئەوەی تایەی (دنا) قەت پەنچەر نابێت‌و نانی ئێمە دەبڕێت.
ئەمە ڕێکلامێکی کورت‌و پێچەوانەیە. واتە بە ڕواڵەت بە خەڵك دەڵێت مەکڕن، بەڵام لە ڕاستیدا کاردانەوەکەی بەسەر جەماوەردا ئەوەیە کە بکڕن‌و مەبەستی خۆی دەپێکێت.
لە کوردستان لەم شێوازانەی سەرەوەکە باسم کرد زیاتر شێوازی یەکەم دەکار دەبەن‌و زۆرجار بینیومە لەمەش خراپتر پەیامەکان ئاراستە دەکرێن. چونکە زۆربەی جاران مەبەستەکان هەم لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و هەم لەسەر دەرودیواری ناوەندە حزبی‌و حکوومەتییەکان، بە شێوازێکی ئەمری ئاراستە دەکرێن.
هەمووومان ڕۆژانە چاومان بە دەیان پەیامی وا دەکەوێت کە نووسراوە:
(جگەرە مەکێشە) یا (زبڵ لێرە فڕێ مەدە) یا (ئەم دەرمانە وابخۆ)و...هتد.
ئەمجۆرە پەیامانە چونکە بە شێوازێکی ئەمری داڕێژراون، جۆرە کاردانەوەیەکی نەرین لەلای خەڵك دروست دەکەن‌و لەولاشەوە لەبەر ئەوەی بە شێوازی تاکی ئاراستەکراون‌و ڕەچاوی ڕێزو حورمەت بۆ خوێنەرو بینەرو بیسەر نەکراوە، کەمترین کاریگەری لە خۆیان بەجێ دێڵن. دەکرێت هەر ئەم پەیامانە بەم شێوازە ئاراستە بکرێن:
(هاووڵاتیانی بەڕێز، بڕواتان هەبێت جگەرەکێشان زیانی گیانی‌وماڵی زۆرتان پێدەگەیێنێت. پێتان وانییە ئەگەر نەیکێشن باشترە.)
یا (هاووڵاتیانی خۆشەویست، شارەکەمان ماڵمانە، با هەمووومان پێکەوە ماڵەکەمان پاك‌و خاوێن ڕاگرین.) یا(داوالەنەخۆشەبەڕێزەکان دەکەین لەکاتی

خواردنی ئەم دەرمانە رەچاوی خاڵەکانی خوارەوە بکەن.)
بەم شێوازە ئەوکەسەی پەیامی ئاراستە دەکرێت، هەست بە فەرماندان ناکات و هەروەها دەزانێت کە پەیامەکە ئاراستەی هەموو خەڵك و تەنانەت خودی ئەو کەسەی پەیامەکەی نووسیوە کراوەو رێزو حورمەتیشی تێدایە. بۆیەش لەسەر دڵی گران نابێت کە رەچاوی بکات.
پێویستە دەزگای راگەیاندن بزانێت کە خەڵك ناچار نین گوێی بۆ شل کەن و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن، مەگەر سەرنجیان رابکێشرێت و بە زمانێکی خۆش و سەردەمیانە لەگەڵیان وتووێژ بکرێت.
گەلێجار مێزگردێك یا کاریکاتێرێك، زیاتر لە فیلمێکی درێژ یا کورت یا پەرتووکێك، کار دەکاتە سەر دڵ و دەروونی خەڵك و بە پێچەوانەشەوە. زۆر جار دیمەنێکی ناشیرین، جموجۆڵێکی نابەجێ و دەنگێکی ناخۆش هەموو ریسە کەدەکاتەوەخوری وهەمووزەحمەتەکان بەئاوێدادەبات. بۆیەش (چاکە ئەوانەی لە رادیۆ تەلەڤزیۆنیش کار دەکەن، جگە لەوەی دەبێ رۆژنامە نووسی چاك بن، دەبێ بیر لە دەنگیش بکرێتەوە. نموونە ئەگەر ژنێك دەنگی پیاوانی هەبێ، یان پیاوێك دەنگی ژنانەی هەبێ، چاکترە لە رادیۆو تەلەڤزیۆن بەرنامە بەرێوە نەبەن. ئەم جۆرە کەسانە زیاتر دەبێ لە پشت شاشەو میکرۆفۆنەکانەوە کار بکەن. یان لە رۆژنامەو گۆڤارەکان. چونکە دەنگیان لەوانەیە هەندێك لە بینەران و بیسەران بێزار بکا.)[1]
با لەبیرمان نەچێت کە کەس ناتوانێت نکۆڵی لە رۆڵی کاریگەری دەنگ و تەنبووری شوان پەروەر لە سەردەمی شۆڕشی شاخ بکات، کە رەنگە بەدەیان فیلم و گوتار نەیانتوانیبا بەمجۆرە هەستی شۆڕشگێڕی جەماوەر بجووڵێنن.

---

١ - تیۆری رۆژنامە نووسی ، مەگدید سەپان، چاپی یەکەم ،ساڵی ٢٠٠٠، ستۆکهۆڵم. لاپەڕە ٦٦.

بۆیەش دەبێ لە شێوازی راگەیاندنا هەستە گشتییەکانی وەکوو شۆڕشگێڕی، نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستی و تەنانەت ئایینی، لەیاد نەکرێن و لەکاتی پێویست و گونجاو، بۆ بەرزترکردنی ئاستی کاریگەری پەیام بەکار بهێندرێن.

## III_ زمانی پەیام

زۆر گرینگە کە پەیامی دەزگای راگەیاندن سادەو رەوان بێت. بۆ ئەوەی هەموو خەڵك بەباشی لێی حاڵی بن. بەکارهێنانی وشەی نامۆو بێگانە لەکاری راگەیاندن، لەکاریگەریەکەی کەم دەکاتەوەو خەڵکیش وەڕەز دەکات. جگە لەمە باش حاڵی نەبوون لە زمان، دەبێتە هۆی تێنەگەیشتنی پەیامەکەو تەنانەت بە پێچەوانە حاڵی بوونیشی. (ئەمڕۆ لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان وەك ئەوەی پێشبڕکێ هەبێ، لەسەر ئەوەی لەکامە هەواڵ، گوتار، زۆرترین کەس پاش خوێندنەوەی تێنەگا، چاکترین دیاری لە لایەن مەکتەبی سیاسی حیزب وەردەگرێ!. بەڕای من دەبوایە نووسین بۆ رۆژنامەکانی کوردستان لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر، لە چەند ساڵێکی زۆرتر نەخوێندووە، بە زمانێکی ئاسانتر بنووسرابا.)[1]

ئەم دیاردەیە واتە گرفتی سادەو رەوانی پەیام لە تەلەڤزیۆنیش بەرچاو دەکەوێت و کێشەسازە. بۆ وێنە تێنەگەیشتن لە زمانی فیلمێك کە مەبەستی پێشاندانی ئاکامە خراپەکانی هەوەسبازییە، رەنگە بینەر بۆ کاری هەوەسبازی هان بدات. چونکە وێنە تەلەڤزیۆنەکان بە خۆیان و بەبێ دەنگ، رەنگە کاریگەرییەکی جیاواز لە مەبەستی ئامادەکارو دەرهێنەر بەسەر بینەر بەجێ

---

١ – تیۆری رۆژنامە نووسی ، مەگدید سەپان، چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠٠٠، ستۆکهۆلم. لاپەرە ٨٠.

# راگەیاندن

بێڵن. مەگەر هەر لەسەرەتاوە رەچاوی بێدەنگی فیلمەکە کرابێت کە لەم حاڵەتەدا پێویستە وێنەکان دەربڕی هەموو شتێك بن و شتی شاراوەیان لێ بەجێ نەمێنێت، وەکوو فیلمەکانی چارلی چاپلین. واتە بۆ گەیاندنی پەیام، حیساب لەسەر دەنگ نەکرابێت. چونکە لە فیلم جگە لە وێنە، دەنگ‌و مۆسیقاش گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە. زۆرجار بە دیالۆگێکی نێوان دوو ئەکتەری فیلم بەشێکی مەبەست بەبێ ئەوەی وێنەکەی پێشان بدرێت، بۆ بینەر روون دەکرێتەوە. یا بە پارچە مۆسیقایەك پەسنی بارودۆخی فیلمەکە دەکرێت، بەبێ ئەوەی شتێکی تایبەتی پێشان بدرێت. بۆ وێنە بە مۆسیقا دەکرێت بە بینەر حاڵی بکرێت کە فیلم بە کاتێکی هەستیاری ترسناکدا تێدەپەڕێت.

(جەنابی مستەفاخان ئامۆزاکەشت ئێستا بووە بە رووناکبیرو ئازادیخوازو لایەنگری کۆمەڵگا! لەکەیەوە؟ دووای ئەوەی لە ژاندارمەکەی دا ـ لەسەر ئەو ژنە سەپانەکە! ئیتر نازانێت کە بەمکارە خۆی زیاتر لە خەڵك جیاکردووەتەوە. ئەویش لە کۆمەڵگای خۆیدا تووشی دەردی ئێوە رۆشنبیران بووە...ئەو ئیتر لە کۆمەڵگاکەی دوور بووەتەوە، واتە لە راستیدا کۆمەڵگاکەی، ئەوی وەلاوە ناوە.)[1]

لە رستەکانی سەرەوە بەبێ ئەوەی هیچ دیمەنێك پێشانی خوێنەر درابێت، تەنیا بە چەند رستە، کۆمەڵێك زانیاری خراوەتە روو. خوێنەر بە هۆی خوێندنەوە یابیستنی ئەم چەند رستەیە دەزانێت، بارودۆخی ئەم کۆمەڵگایە چۆنە. بۆ وێنە مستەفاخان ئامۆزایەکی هەیەکە ئاغایە، بەڵام رۆشنبیرە، پێشتر لە ژاندارمەکی داوە، ئەویش لەسەر هاوسەری سەپانێك، ژاندارمەکان دیارە دەستدرێژی دەکەنە سەر نامووسی خەڵك‌و زوڵم‌و زۆریان لێ دەکەن‌و تەنانەت ئەوەش

---

١ – گورستان غریبان، ابراهیم یونسی، انتشارات نگاه، چاپ اول ١٣٧٢. لاپەڕە ٣٢٠

دەردەکەوێت کە بێژەری ئەم قسانە دژی کارو کردەوەکانی ئامۆزای مستەفاخانەو خودی مستەفاخانیش کابرایەکی رۆشنبیرە.
دیارە هەرچی دەزگای راگەیاندن سنووردارتر بێت‌و سەروکاری لەگەڵ ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ کمتر بێت، گەرەکە زانیاری زیاتر بخاتە روو، بۆ ئەوەی خەڵك لە پەیامەکەی تێ بگەن. رادیۆکە تەنیا دەنگ بەکار دێنێت، ناچارە لە تەلەڤزیۆن زیاتر زانیاری بدات. بۆ وێنە دەبێت دیمەنەکانیش لە رێگەی دەنگەوە بە بیسەر بناسێنێت. دیارە کاری چاپەمەنی لەمەش گرانترە.
راگەیاندنی کوردستان لە بواری زمانەوە خەریکە بە دۆخێکی ناهەمواردا تێدەپەڕێت. زۆربەی فیلمەکانی تەلەڤزیۆن‌و سینەماکان، بە زمانی بێگانەن‌و خەڵك بە تایبەت منداڵان، بە باشی لێیان تێنا گەن. چاپەمەنییەکان هێندە لە وشەی نامۆو بێگانە پەستێندراون کە هەندێجار جگە لە نووسەر، کەس لە بابەتەکەی حاڵی نابێت. بۆیەش سەرەڕای راگەیاندنی بەرفراوان، پێشکەوتنێکی بەرچاو بە تایبەت لە بواری کۆمەڵایەتی بەدی ناکرێت.

## IIII_ ئاستی پەیام

مەبەست لە ئاستی پەیام رادەی باری پەیامی دەزگای راگەیاندە، لە رووی زانستییەوە. کە پێویستە لەگەڵ رادەی زانیاری ئەو کەسانەی پەیامیان ئاراستە دەکرێت، گونجاو بێت. هەرچەندە نابێت رۆڵی رێبەرایەتی دەزگای راگەیاندن لەیاد بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ لە بیرمان بێت کە خەڵك گوێ لە قسەی رێبەرێك ناگرن کە لێی حاڵی نەبن.
(بێژەرێك، یان نووسەرێك، یان هەرکادیرێکی دیکەی راگەیاندن، کە دەیەوێ

بابەتێك پێشکەش بکات، لە مێشکی ئەوکەسەدا نامەیەك[۱] هەیەو دەیەوێ لە ڕێگای ئەو بابەتەوە نامەکە بگەیەنێتە ئەوانەی کە ئاراستەیان کراوە. جا ئەو نامەیە گۆرانییەك، یان پرۆگرامێك، یان وتارێك، یان فلیمێك بێ، دەبێ تایبەتمەندی خۆی هەبێو لەسەر هەر سێ بنەماکەی باسمان کرد «فەلسەفیو کۆمەڵایەتیو دەروونی» بنیات نرابێو دەبێ ئاستی بەرنامەکە لە ئاستی تێگەیشتنو بیرکردنەوەی ئەو توێژەوە نزیك بێ کە پێشکەشیان دەکرێ. بۆ نموونە: کە بەرنامەیەك بۆ منداڵان پێشکەش دەکرێ، یان بۆ کرێکاران، یان بۆ جووتیاران، یان بۆ ئافرەتان، دەبێ هەریەك لە بەرنامەکان لە ئاستی تێگەیشتنی ئەواندا بێ. ئێستا زۆرجار لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی، کۆمەڵێ زاراوەی وا بەکار دەهێنرێ لەوانەیە من وەك مامۆستایەك لێیان تێنەگەم. ڕەنگە ئامادەکاری بابەتەکە بڵێ ئەمە زاراوەیەکی سیاسییەو سەردەمانەیە، ئەمە ڕاستە، بەڵام ئایا تا چەند کۆمەڵگا لەم زاراوانە تێدەگات. چونکە تێنەگەیشتن لە زاراوە خاڵێکە لە خاڵەکانی شکستهێنان.)[۲]

کێشەی تێنەگەیشتن تەنیا وشەو زاراوە ناگرێتەوە. بەڵکوو ئاستی هەموو ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لە دەزگای ڕاگەیاندن بڵاو دەکرێنەوە. پەخشکردنی پارچەیەك لە سەمفۆنییە بەرزەکانی بیتهۆڤین[۳] بۆ گوندنشینێکی کوردستان،

---

١ – مەبەست لە نامە هەمان پەیامی دەزگای ڕاگەیاندنە.(نووسەر).

٢ – ڕاگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا، بە سەرپەرشتی حەمە کەریم عارف ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، لاپەرە ١٣١. بابەتی (باخۆمان بەکەم نەزانین)، نووسینی کەریم شەریف قەرەچەتانی.

٣ – Ludwig.Van. Beethoven ـ خەڵکی ئەڵمانیا، لە دایکبووی ساڵی ١٧٧٠و کۆچکردووی ١٨٢٦، خاوەنی گەلێ سەمفۆنیای بەناوبانگە کە ژمارە(٣)یان لە هەمووان زیاتر ناوی دەرکردووە.

هەر هێندە سوودبەخش دەبێت کە حەیرانێکی دەشتی هەولێر، بۆ برسییەکی رەشی ئەتیۆپی. چونکە هیچکامیان نە لێی حاڵی دەبن، نە چێژی لێوەردەگرن و نە دەردێکیان دەرمان دەکات.

لە پەخشی فیلمیش دەبێت ئاستی زانیاری خەڵك رەچاو بکرێت. فیلمێك کە هەڵگری پەیامێکی گرانی فەلسەفی بێت لەناو کۆمەڵگایەکی سەرەتایی ناتوانێت لایەنگر کۆ بکاتەوە. هەروەکە فیلمی بێ پەیام، لەناو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و خەڵکی، کاتی خۆیان بۆ بینینی بە فیرۆ نادەن. کەواتە نابێ لە یادمان بچێت کە خزینی لە رادەبەدەری دەزگایەکی راگەیاندنی گشتی بۆ ناو بوارێکی پسپۆری، لە ژمارەی لایەنگرانی کەم دەکاتەوە. مەگەر لەو حاڵەتانەی کە خودی بوارە پسپۆرییەکە بۆ خەڵك سەرنجراکێش بێت، وەکوو بەرنامە تایبەتییەکانی بۆشاییگەری و گەردوونناسی، کە زۆربەی خەڵك پێیان خۆشە سەرەدەری لێ بکەن و زانیاری ورد وەربگرن.

## ٥ ـ شوێنەواری پەیام:

تائێرە بە پێی رێکارەکەی لاسوێڵ، باسی چوار فاکتەرمان کرد کە بریتی بوون لە (شیکردنەوەی کۆنترۆل، شیکردنەوەی ناوەرۆك، شیکردنەوەی ئامێرەکان و شیکردنەوەی ئامانج). ئێستاش هەوڵ دەدەین فاکتەری پێنجەم کە دووا فاکتەرە لە ژێر سەردێری شوێنەواری پەیام شی بکەینەوە.

ئەگەر بڵێین هەموو ئەو رەنج و زەحمەت و خۆماندووکردنەی لە کاری راگەیاندن تەحەممول دەکرێت، لەم خاڵە پوخت دەبێتەوە، وتەیەکی نابەجێمان نە گوتووە.

دەزگای راگەیاندن دادەنرێت، کادیری باش و شیاو لەناو ئەم دەزگایە دادەمەزرێت، پارەیەکی زۆر سەرف دەکرێت، خەڵکێکی زۆر، گەلێك خۆیان ماندوو دەکەن، پەیامێك ئامادە دەکەن و بە هەزار قوڕبەسەری بڵاوی دەکەنەوە. لەو لاشەوە خەڵکێك بە سەرف کردنی بڕێکی بەرچاوی پارە، پەیامە کە وەردەگرن، «بە کڕینی چاپەمەنی یا کڕینی رادیۆو تەلەڤزیۆن یا چوون بۆ سینەما». کاتێکی بەرچاویش لە ژیانی خۆیان لە پێناوی ئەمکارانە دادەنێن، ئەوجا لە کۆتایی ئەو هەموو هەوڵدانە، ئەگەر پەیامەکان نەتوانن کار بکەنە سەر بیرو باوەڕو هەڵسوکەوتی خەڵك، ئەمە بەو مانایە دەبێت کە ئاکامە کە بووەتە هیچ.

کە واتە دەبێت دەزگای راگەیاندن هەردەم ئاگای لە جەماوەر بێت و بزانێت تاچ رادەیەك پەیامەکانی مەبەستەکانیان دەپێکن و ئەگەر هاتوو دەزگا کەگەییشتە ئەو قەناعەتە کە خەڵك ناکەونە بەر کاریگەری بەرهەمەکانی، پێویستە زۆر زوو بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە هۆیەکان بدۆزێتەوەو کێشەکان چارەسەر بکات. چونکە کاری راگەیاندن لەم سەردەمەدا هێندە پڕخەرجە، کە کەس ئامادە نییە هەروا بەخۆڕایی و بەبێ مەبەست ئەم ئەرکە بخاتە سەرشانی خۆی، مەگەر دەستکەوتێکی هەبێت.

گرنگی ئەم خاڵە لە بەشەکانی داهاتوو، ئەوکاتەی باس لە ئەرکەکانی راگەیاندن بکەین، زولاڵتر دەردەکەوێت.

■

# بەشی چوارەم

## ئامێرەکانی ڕاگەیاندن

# ئامێرەکان

پێش ئێستا، پێناسەی دەزگای راگەیاندنمان لە زمانی چەند شارەزاو پسپۆری بواری کۆمەڵناسی خستە روو. لێرە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئامێرەکانی راگەیاندن بدوێین، پێویستیمان بەم پێناسەیە هەیە. چونکە لەم سەردەمەدا ئامێری پێوەندی هێندە زۆرن کە تەنیا نووسینی ناوەکانیان کاتێکی یەکجار زۆری گەرەکە. بەڵام بە رەچاوکردنی مەرجەکانی پێویست، بۆ دەزگایەکی راگەیاندن، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، زۆر لەم ئامێرانە لە بازنەی ئامێرەکانی پێوەندی گشتی دەردەچن. بۆ وێنە هەرچەندە نامە ئامێرێکی پێوەندییەو رۆژانە ملیۆنەها نامە لە جیهان لە نێوان خەڵك ئاڵوگۆڕ دەکرێن، بەڵام ئەم ئامێرە ناتوانێت بێتە رێزی دەزگاکانی راگەیاندن. چونکە ئامێرێکە تەنیا بۆ پێوەندی تاك لەگەڵ تاك بەکار دێت و ئەگەر ئەم مەرجەشی تێدا بێت، مەرجەکانیتر نایگرێتەوە. هەر بەمجۆرە ئامێرەکانی تری وەکوو تەلەفۆن، تەلەگراف، تێلێکس و...بە ئامێری پێوەندی گشتی ناژمێردرێن، چونکە مەرجە سەرەکییەکانی دەزگایەکی راگەیاندنیان تێدا بەدی ناکرێت.

بەکورتی، زۆربەی پسپۆرانی راگەیاندن، (چاپەمەنی، رادیۆ، تەلەڤزیۆن و سینەما) بە ئامێری پێوەندی گشتی دادەنێن و هەروەکوو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، چەندێکیش دەمەقاڵە لەسەر (کاسێتی ڤیدیۆیی، کاسێتی دەنگ و ئەلبۆمی وێنە و...) دەکەن. بەڵام ئێمە لێرە تەنیا تیشکێك دەخەینە سەر ئامێرە سەرەکییەکان. دیارە مەبەست لە ئامێرەکانی دەزگای راگەیاندن، هەموو ئەو کەرەستە پێشکەوتووانەیە کە کاری راگەیاندن مسۆگەر دەکەن. وەکوو کامێرەی وێنەگری، دەزگای بڵاوکردنەوە، دەزگای پەیامگرو...

## بەشی چوارەم

ئاماری یوونسکۆ بۆ چاپەمەنیو ئامێرەکانی تری پێوەندی گشتی لە جیهان:[١]

| سالّ | رۆژنامەکانی رۆژانە | | تێچووی کاغەزی رۆژنامە | | پێلگری رادیۆ | | پێلگری تەلەڤزیۆن | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تیراژی گشتی بەملیۆن | دانە رۆژنامە بۆ هەر ١٠٠٠کەس | کێش بە کیلۆ بۆ یەك کەس | کۆی گشتی بە ملیۆن تەن | کۆی گشتی بەملیۆن | بۆهەر ١٠٠٠کەس | کۆی گشتی بەملیۆن | بۆ هەر ١٠٠٠کەس |
| ١٩٥٠ | ٢٣٠ | ٨٩ | ٣/٧ | ٩/٥ | ١٨٠ | ٧٢ | | |
| ١٩٥٩ | ٢٧٥ | ١٢٢ | ٥/٧ | ١٢/٨ | ٣٥٨ | ١٥٩ | ٨٧ | ٣٩ |
| ١٩٦٩ | ٣٦٥ | ١٣٠ | ٧/١ | ٢٠/١ | ٦٥٣ | ٢٣٢ | ٢٥١ | ٨٩ |

گرنگترینی ئەم ئامێرانەی کە پێوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ خەڵك هەیە، دەزگای پەیامگرە کە لە قاڵبی رادیۆ، تەلەڤزیۆن، ڤیدیۆ، رۆژنامەوکیتابو ئەنتەرنێت، کەوتووەتە بازارو ئەمڕۆ زۆربەی ئەم پەیامگرانە، بوونەتە پێویستییەکی رۆژانەی ژیانی خەڵكو بەبێ ئەوەی بزانین، تا رادەیەکی زۆر فەرهەنگی ژیانی ئێمەیان تووشی گۆڕانکاری کردووە. تەلەڤزیۆن دیکۆڕی

١ – سەرچاوە: پیر آلبر، مطبوعات، ترجمهٔ فضل‌الله جلوه، چاپ اول ١٣٦٨، سازمان انتشاراتو آموزش انقلاب اسلامی.

# راگەیاندن

ماڵی خەڵکی گۆڕیوەو لە شەوانە رۆژ ماوەیەك لەکاتی ئێمەی بە خۆوە تەرخان کردووە. دەزگاکانی تریش، کموزۆر بەم شێوەیە خەڵکیان گەمارۆ داوەو ژنو پیاوو پیرو منداڵیان بە بوونی خۆیان راهێناوە. بۆ سەلماندنی کاریگەری ئەم دەزگایانە لە ژیانی رۆژانەمان، هەر هێندە بەسە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە، بە بێ ئەم ئامێرانە، نازانێ چۆن بژیێت.

هەروەکوو پێشتر لە هەڵبژاردنی ناوێك بۆ ئامێرەکانی پێوەندی گشتی، تووشی چەندرایی و جۆرەها بیروبۆچوونی پسپۆرانی ئەم بوارە هاتین، لێرەش ئەم پرسیارە دێتەپێش کە گەلۆ لەناو ئەم دەزگایانە واتە چاپەمەنی، رادیۆ، تەلەڤزیۆنو سینەما، کامەیان پڕبایەخترو گرینگترن، تا سەرەتا باسی ئەو بکەین؟

مەك لۆهان پێی وایە کە ئامێرە ئەلەکترۆنییەکان، لە چاپەمەنییەکان گرینگترن. بەڵام هەندێکیتر دەڵێن نەخێر، ئەم ئامێرانەش خاڵی لاوازی خۆیان هەیەو هێندەش کارامەو پڕبایەخ نین کە باسی لێوە دەکرێت.

لە راستیدا، گوێگرتن لە بیروبۆچوونی خەڵكو راپرسییان، وا دەردەخات کە هەموو دەزگاکانی راگەیاندن هەریەك لە شوێنی خۆی دەوری تایبەتی خۆیان هەیە. رەنگە کەسێك ئەو تاموچێژەی لە خوێندنەوەی کیتابێك وەردەگرێت، لە سەیرکردنی فیلمێکی سینەمایی دەستی نەکەوێتو بە پێچەوانەش.

کەواتە لە راستیدا پێکهاتەو ئاستی زانیاری خەڵك لەناو کۆمەڵ لەمبارەیەوە دەستنیشانی گرنگی ئامێرەکان دەکات. بۆیەش ئێمە لێرە هەوڵ دەدەین بە پێی سەردەمی بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە، لێیان بدوێین. واتە سەرەتا چاپەمەنی، ئەوجا سینەماو پاشان باسی رادیۆو تەلەڤزیۆن دەکەین. بەمجۆرە کەس گلەییمان لێ ناکات کە بۆ ئەم دەزگایەمان پێش ئەوەیتر خستووەو یەکێکمان لە ئەوەیتر بەرجستەتر کردووە.

# بەشی چوارەم

مێژووی داهێنانی هەندێ ئامێری پێوەندیدار بە راگەیاندن:

| داهێنان | داهێنەر | مێژووی داهێنان | شوناسی داهێنەر |
|---|---|---|---|
| تایپ(پێشکەوتوو) | کریستۆفێرشوولز | ١٨٦٨ | ئەمریکی |
| ترانزیستۆر | باردین، براتێن | ١٩٤٨ | ئەمەریکی |
| تەلەڤزیۆن(رەشوسپی) | بێرد | ١٩٢٣ | ئوسکۆتلەندی |
| تەلەڤزیۆن(رەنگی) | پیتێرگۆلدمارك | ١٩٥١ | ئەمەریکی |
| چاپ | گوتێنبێرگ | ١٤٥٠ | ئەلمانی |
| چاپی رەنگی | فۆست، شووفلێر | ١٤٥٧ | ئەلمانی |
| رادیۆ | گوگلیلمۆ مارکۆنی | ١٨٩٥ | ئیتالیایی |
| ریکۆردەر | ئدیسۆن | ١٨٧٧ | ئەمەریکی |
| سینەما سکۆپ | هانری کێرتین | ١٩٣١ | فەرانسەوی |
| کامێرای سینەما | ئدیسۆن | ١٨٩٣ | ئەمەریکی |
| لامپای رادیۆ | لانگ توور | ١٩١٣ | ئەمەریکی |

## چاپەمەنی (١)

مێژووی راگەیاندن لە بواری نووسین مێژوویەکی دوورودرێژە. هەر بەکورتی هێندە بەسە بڵێین کە گوایە چینییەکان تەنانەت پێش پەیدابوونی کاغەز ٦٠٠ ساڵ بەر لە زایین جۆرە بەڵاڤۆکێکیان بڵاو دەکردەوە، کە رەنگە بکرێت بە رۆژنامەی ئەو سەردەمە حیسابی بۆ بکەین.

---

١ - Press

## راگەیاندن

هەروەهایە کەم رۆژنامە لە رۆم بە ئەمری ژوول سزاری قەراڵی رۆم دەرکراوە کە ٦٠ ساڵ بەر لە زایین وەکوو پێکهاتەیەکی هەواڵو دەنگوباس بڵاو کراوەتەوەو ئەفسەرانو خاوەن پلەکانی رۆمی سوودیان لێ وەرگرتووە.

لە راستیدا گۆڕانکاریو پێشکەوتنی گەورە لەکاری چاپو لە ئاکامدا لە بواری رۆژنامەگەریو چاپەمەنی، لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی پازدەی زایینی روویدا، ئەویش بە داهێنانی (گۆتێنبێرگ)[1]ی ئەڵمانی کە بۆ یەکەمجار چاپی داهێناو پاشان چاپی بەردینو چاپی رەنگیش هەر لە لایەن ئەڵمانییەکان، خرایە خزمەتی چاپەمەنی جیهانییەوە.

ئەوەی پێوەندی بە باسی ئێمەوە هەیە، واتە گەشە سەندنو پێشکەوتنی بواری چاپو راگەیاندنی چاپی لە ئەورووپا، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە دەستی پێکردو شانبەشانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژییا لە بوارە زانستییەکان، چاپو راگەیاندنی نقیسکیش گەشە سەندنی بە خۆیەوە بینی. لەمبارەیەوە هەندێ لە پسپۆرانی ئەورووپی رایان وایە کە (داهێنانی تەکنیکی چاپ، یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانەوەی زانستو هونەرەکان واتە «نوێگەری»[2]و چاکسازییەکانی ئۆلی[3]و شەپۆلی ئازادیخوازی[4] بوو کە لە ئاکامدا شۆڕشی فەرەنسای لێکەوتەوە. سەرهەڵدانی چاپەمەنییەکان، لە سەدەی رابردوو پشکێکی بەرچاوی لە پەرەسەندنی دیموکراسیدا هەبوو. هەر بۆ پێشاندانی گرنگی سیاسیی چاپەمەنییەکان بوو کە ناوی «کۆڵەکەی چوارەم»یان

---

١ - Gutenberg (١٣٩٩ـ١٤٦٨ز)

٢ - Renaissance

٣ - Reforme

٤ - Liberalisme

# بەشی چوارەم

لێنا.)[1]

بەڵام ئەم رەوتە لە رۆژهەڵات تووشی تەپی‌و تەمەڵی هات‌و وەکوو پێویست بەرەو پێشەوە نەچوو. بۆ وێنە هەرچەند یەکەم رۆژنامە لە فەرەنسا لە ساڵی ١٦٣١ چاپ‌و بڵاو کرایەوە، بەڵام (یەکەمین رۆژنامەی بەزمانی فارسی لە هندووستان بە ناوی «اخبار» لە ساڵی ١٧٩٨...لە شاری دەهلی دەرچوو.)[2]

لە خودی ئێران یەکەم رۆژنامەی چاپی لە ساڵی ١٨٣٧ بڵاو کرایەوە. یەکەم رۆژنامە لە تورکیای عوسمانی لە کۆتایی سەدەی هەژدە بڵاو کرایەوەو لە مسریش یەکەم رۆژنامەی عەرەبی زمان لە ساڵی ١٨٠٠ کەوتە دەستی خوێنەرانەوە.

٩٨ ساڵی رەبەق رۆیی، ئەوجا لە ساڵی ١٨٩٨، کوردی هەژارو بەشخوراو ئەویش بە خێری بەدرخانییەکان بووە خوەدی یەکەم رۆژنامەی کوردی.

وەکوو لەسەرەوە بۆمان دەرکەوت رۆژنامەی رۆژهەڵاتی نزیکەی دووسەدە درەنگتر لە رۆژنامەی رۆژئاوایی لە دایکبوو. کە چاویشی کردەوە، خۆی لە قاڵبێکی تەقلیدیی وشکی بێ داهێنان دیتەوەو بۆیەش تا ئێستا نەیتوانیوە خۆی لەم نەخۆشییە کوشندەیە رزگار بکات. بەڵام سەرەڕای ئەم کەموکورتییانە ناکرێت بێژین رۆژنامە لە شەرق، رۆڵی نەبینیوەو ئێستاش وەکوو ئامێرێکی پێوەندی گشتی کاریگەر نییە. هەرچەندە گەلێ رەخنەی ئاراستە دەکرێت کە نەیتوانیوە ئەرکە راستەقینەکانی سەرشانی خۆی بەباشی جێبەجێ بکات، بەڵام

---

١ - اصول علم سیاست، نوشتۀ موریس دوورژه، ترجمۀ ابوالفضل قاضی، مؤسسۀ انتشارات امیرکبیر، تهران ١٣٦٩، لاپەڕە ٢٠٢.

٢ - روزنامەنگاری، تألیف دکتر کاظم معتمدنژاد، باهمکاری دکتر ابوالقاسم منصفی، چاپ‌سوم، مرکز نشر سپهر، ١٣٦٨، لاپەرە٤٤٨.

# راگەیاندن

لە راستیدا دەسەڵاتی سیاسی تا رادەیەکی زۆر لەم دوواکەوتنە بەرپرسیارە. سەبارەت بەکوردستان، دەتوانین بۆ خۆ دوور خستنەوە لەگێرانەوەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، تەنیا ئەوەندە بڵێین کە دووای ساڵی ١٨٩٨ تا ئێستا راگەیاندنی چاپی لەکوردستان سەرەڕای گیروگرفتی زۆر پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەڵام تا ئێستاش نەیتوانیوە وەکوو ئامێرێکی راگەیاندن هەموو ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. باشووری کوردستان ئێستا تەنیا شوێنە کەکورد دەتوانێت تارادەیەك تێیدا بە سەربەستی کاری رۆژنامەوانی ئەنجام بدات، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکان زیاتر رەنگ‌و مۆرکی حزبایەتی تەسکی پێوە دیارەو بۆیەش چاپەمەنی لەم بەشەی کوردستانیش نەیتوانیوە وەکوو پێتفی گەشە بستێنێت.

(ئێمە لەکوردستان رۆژنامەی ئەهلیمان نییە، رۆژنامە یان هی حکوومەتە یان هی حزبێکە کە پارە کە دەدات. یەکێکیش پارە کە بدات دەیەوێ رۆژنامە کە بە ئاراستەی خۆی باژوات. بۆیە ئەو رۆژنامەیە چ لە هەواڵ، چ لە لێکدانەوە بەو شێوەیە دەبێت کەئەو لایەنە دەیەوێت.)[1] بە واتەیەکیتر، (ئێمە رۆژنامەگەری بێلایەن‌و ئازادمان نەبووە. رەنگە یەکێك بڵێ لە دووای ساڵی (١٩٩١) ەوە ژمارەی رۆژنامەوگۆڤار، ئەوەندە زۆر بوو لە چەند سەدێك تێپەڕی کردبوو. ئەمە راستە، بەڵام ئەم چاپەمەنییانە بڕیان نەکرد. نیوەی زیاتر تەنیا ژمارەیێکیان لێ بڵاو کرایەوە. لەبەر گرانی کەرەستەی چاپ لە وزەی تاکەکەس نەبوو رۆژنامەوگۆڤار دەربکات، زیاد لە سەر ئەمەش ئەگەر چەند کەسێك توانیبێتیان دوو سێ ژمارە لە چاپکراوێك بڵاو بکەنەوە، بۆنی بێلایەنی‌و سەربەخۆیی لێبێ،

١- ئاسۆ کەریم - راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا، بە سەرپەرشتی حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، لاپەرە ٣٧.

## بەشی چوارەم

ئەوانیش لە پاشانا ناچاری ئەوە دەبوون دەست لەبەر حزبە دەوڵەمەندەکان پان بکەنەوە. ئیتر ئەو چاپەمەنیانەش لە چوارچێوەی بێلایەنی دەردەچوونو دەبوون بە زمانی حاڵی حزبەکە. هەندێجار لە حزبەکەش حزبیتر دەبوون. ئیتر بەمجۆرە مەیدان بۆ رۆژنامەگەریی حزبی چۆڵ بوو. بە شێوەیێکی گشتی رۆژنامەو گۆڤارە حزبییەکان لاواز بوون، هۆی سەرەکی ئەم لاوازییە بە لای ئێمەوە ئەوەبوو، حزبەکان زیاتر لەپێویست، حزبایەتیان لە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکانیان دەکرد، ئەمە لاسایی کردنەوەیێکی تاکە حزبیی وڵاتە سۆسیالیستەکان بوو، بە تایبەتی رووسیا. ئیتر چۆن لەناو حزبەکاندا دیموکراتییەت نەبوو، یا بێهێز بوو، ئاواش ئەمکارە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا رەنگی دابووەوە. ئەمەو نەبوونی کادیری هونەری پسپۆر لە مەیدانی رۆژنامەگەریدا، هۆییێکی گرنگ بوو لە لاوازی رۆژنامەو گۆڤارەکان. لە پاشانا دیاردەییێکی سەیر لەوناوەوە بوو، ئەویش ئەوەبوو خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر لە ئەندامانی لێژنەی مەرکەزی یا مەکتەبی سیاسی دادەنران. هەموومان دەزانین ئەمانە بە لای رۆژنامەکانیشدا نەدەچوون. ئیتر وەکوو بڵێی کەسانێك ئەمەكو رەنج دەدەن بەناوی کەسانێکی ترەوە، ئەمە بێگومان گەلێ گرێی سایکۆلۆجی دروست دەکاو جگە لەوەی، راستیش دەشارێتەوە(1). وابزانم خاوەن ئیمتیازێکی هەموو رۆژنامەیەکی حزبی حزبەکە خۆیەتی. رەنگە لەبەر یاسای چاپەمەنی بێ، یەکێك دادەنێن خاوەنی چاپەمەنییەکە بێ.

---

١ - بەداخەوە ئەم نەخۆشییە رێکخراوە دیموکراتیو جەماوەرییەکانیشی گرتووەتەوە. من بەخۆم لەم رێکخراوانە بینیومە کەسێك ئەم پلەو پایەی وەرگرتووە کە هیچی لە رۆژنامەنووسی نەزانیوە. بەڵام لەبەر پلەی لەناو رێکخراودا شوێنەکەی داگیر کردووەو خەڵکانیتر کارەکانی ئەویان جێبەجێ کردووەو بەناوی ئەو تەواو بووە.

ئەمە ڕێی تێدەچێ. بەڵام سەرەك نووسەر پێویستە کاری تەنیا دەرکردنی ڕۆژنامەکەی بێ وکاری تری نەبێ. ئەگەر لەلێژنەی ناوەندی ومەکتەبی سیاسیش نەبێ باشترە. با ئەندامی حزبەکە بێ.)

(ڕۆژنامە حزبییەکان بۆ حزبەکانی خۆیان دەنووسن و بۆ خوێندەواری گشتی کورد نانووسن. لەبەر ئەوە لە ڕۆشنبیرو خوێندەواران دادەبڕێن. بەلای منەوە ڕۆژنامەی حزبی نەوەکوو نابێ تەنیا زمانی حزب بێ «ئەگەر چی لەسەر بەرگی ڕۆژنامەکە بە ئۆرگانی حزب ناو دەبرێ» بەڵکوو پێویستە زمانی میللەت بێ و دێموکراتیانە بیروڕای پێچەوانەی حزبەکەی خۆیشی بڵاو بکاتەوە.)(١)

(وەکوو پرەنسیپ خەڵك ڕۆژنامە دەنووسێ، بەڵام لە وڵاتی ئێمە ڕۆژنامە خەڵك دەنووسێ، بۆیە ڕۆژنامە هیچ بەهایەکی نییە لە لای ئێمە...خەڵك کلکوگوێی ڕۆژنامە دروست ناکات بەڵکوو ڕۆژنامە کلکوگوێی داخوازییەکانی خەڵك دەقرتێنێ...وا لە ڕۆژنامەکانی خۆمان بێزار بوویمە تەنانەت ڕۆژنامە فرۆشەکانیش لە لام ڕەزایان گران بووە... هەموو ڕۆژێ و هەموو هەفتەو هەموو مانگێ، فلان پێشوازی کرد...ئەوەی کردەوە...ئەوها چوو...نەم دیت ڕۆژنامە بنووسێ دایکە شەهیدێك لەبەر خراپی گوزەرانی بنێشتی کوردی دەفرۆشێ... کۆنە پێشمەرگەیەك بە زیاتر لە هەفتەیەك مواجیهەی مەسئولێکی بۆ وەرنەگیرا... گەر ڕۆژنامە ئازاد بوو ئەو وەرەقە بۆرە ڕەزاگرانە نامێنێتەوە، ڕۆحی دەبێ، جەماوەری دەبێ، ترسی دەبێ و کاریگەری دەبێ...)(٢)

---

١ - مارف خەزنەدار ـ گفتگۆ، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٧، ئامادەکردنی گۆڤاری ڕامان، لاپەرە ٤٧و٤٨.

٢ - (ڕۆژنامە بۆ خەڵکە یان خەڵك بۆ ڕۆژنامەیە؟)، هێمن نامق میرانی، ڕوانین، ژمارە ٢، ١/١٢/٢٠٠٢، لاپەرە ٦.

# بەشی چوارەم

بەهەرحاڵ تا ئەورۆژەی بتوانین بە دڵنیایی بڵێین راگەیاندن بەتایبەت بـوارە چاپییەکەی لەکوردستان بووەتەکۆڵەکەی چوارەم، من پێموایە هێشتا زۆری ماوە. نەخاسمەکە هێشتا چارەنووسی سێ کۆڵەکەکەیتر بە باشی دیارو ئاشکرا نییە. بەڵام هێماکان ئاسۆیەکی رووناك پێشان دەدەنو دیارەبە رۆژو شەوێکیش ناتوانین رێگەی سەدان ساڵە ببڕین.

## جۆرەکانی چاپەمەنی

ئەو ئامێرانەی بە چاپکراوی بڵاو دەکرێنەوەو کاری پێوەندی گشتی جێبەجێ دەکەنو بە دەزگای راگەیاندن حیساب دەکرێن بە گشتی لە دوو دەسـتەی سەرەکی پێکدێن.

یەکەم ـ کیتاب:

پەرتووك یەکێکە لەو ئـامێرە گـرینگانەی سـوودێکی یـەکـجار زۆری بـە مرۆڤایەتی گەیاندووە. پێناسەی یوونسکۆ بۆ کیتاب (بەڵاڤۆکـی نـادەوریی چاپی)یە. بە پێی ئەم پێناسەیە (ئەگەر بڵاوکراوەیەك تەنیا یەکجار بڵاو ببێتەوە یا لە مەودای جۆراوجۆرو لە چەند جلدکە ژمارەیان لە پێشرا دەستنیشان کراوە بڵاو بکرێتەوە، بە نادەوری لەقەڵەم دەدرێت.)(١)

هەندێ لە پسپۆرانی بواری راگەیاندن، هەموو کیتابێك بە ئامێری راگەیاندنی گشتی دانانێن. بە تایبەت ئـەو کـیتابانەی لەسـەر زانسـتێکی تـایبەتی بـڵاو دەکرێنەوە. بەڵکوو باس لەو پەرتووکانە دەکەن کە بە تیراژی زۆرو ئەندازەی

---

١- Robert Escarpit _ Le Litteraire et le Social_Paris Flammarion,1970,p.p 273 _274..

گێڕانەوە لە (وسائل ارتباط جمعی ، جلد یکم، دکتر کاظم معتمدنژاد، چاپ دوم، لاپەرە ٢٢٤.

بچووك‌و نرخی هەرزان بڵاو دەکرێنەوەو جۆرەها باس‌و سەردێڕ، بەخۆوە دەگرن. بەتایبەت لە ئەورووپا کە خوێنەران بە چاوی چاپەمەنییەکانی تری وەکوو رۆژنامەو گۆڤار، سەیری ئەم کیتابانە دەکەن‌و دووای خوێندنەوە، فڕێیان دەدەن. بەڵام لە رۆژهەڵات‌و بە تایبەت لە کوردستان، دەتوانین هێشتا کیتاب بە گشتی وەکوو ئامێرێکی بەسوودی راگەیاندن لە قەڵەم بدەین‌و ئومێدمان هەبێت رۆڵی گرنگی خۆی لەناو کۆمەڵگا ببینێت.

دووەم ـ چاپەمەنییەکانیتر:
ئەم چاپەمەنییانە لە جیهانی پێشکەوتووی ئێستادا بە جۆرەها شێوە بڵاو دەکرێنەوەو دەستەبەندی کردنیان کارێکی ئاسان نییە. چونکە هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە ئەویتری جیا دەکاتەوە.
پییێر ئالبێر لە پەرتووکی (چاپەمەنییەکان)[1] جۆرەکانی چاپەمەنیی بەم شێوەیە ڕێزبەندی کردووە:

أ ـ رۆژنامەکان:[2]

١ ـ رۆژنامەکانی بەیانیان‌و رۆژنامەکانی ئێواران ـ ئەم دوو جۆرە رۆژنامەیە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتری نییەو زۆر لە وڵاتان رۆژنامەی ئێوارانیان هەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئاگاداری لە رووداوەکانی رۆژ، رۆژنامەی ئێوارە لە بەیانیان باشترە. چونکە ئەگەر زوو بگاتە دەستی خوێنەر هەواڵ‌و دەنگوباسەکان کە بەیانی رۆژی دوواتر، لە رۆژنامەی بەیانیان بڵاو دەکرێنەوە هەر لەم رۆژنامەیەو زۆر زووتر بە شوێنی مەبەست دەگەن. لە

---

١ ـ بەفارسی (مطبوعات، ترجمۀ فضل‌الله جلوه). LA PRESSE, Written by Pierre Albert.

٢ ـ Newspapers یا Journals ـ تەنیا ئەو چاپەمەنییانەی رۆژانە دەردەچن.

# بەشی چوارەم

رۆژنامەکانی رۆژانە لە جیهان لە ساڵی ١٩٦٩:(١)

| ناوچە | ژمارەی رۆژنامەی رۆژانە | رادەی مامناوەندی تیراژ بە ملیۆن | دانە بۆ ١٠٠٠ کەس | تێچووی کاغەزی رۆژنامە بە کیلۆ بۆ ١٠٠٠ کەس |
|---|---|---|---|---|
| ئافریقا | ٢١٠ | ٣/٨ | ١١ | /٩ |
| ئەمەریکای باکوور | ١٨٨٠ | ٦٧ | ٢٩٩ | ٤٧/٣ |
| ئەمەریکای باشوور | ١٠٨٥ | ١٨ | ٦٥ | ٢/٩ |
| ئاسیای رۆژهەلات(بەبێ چین) | ٣٦٠ | ٥٧ | ٣٤١ | ١٢ |
| ئاسیای باشوور(بەبێ چین) | ١٦٠٠ | ١٧ | ١٦ | /٦ |
| ئەورووپا | ١٨٠٠ | ١١٩ | ٢٥٩ | ١٩/٣ |
| ئوقیانووسییە | ١١٤ | ٥/٦ | ٢٩٦ | ١٢/٦ |
| یەکێتی سۆڤیەت | ٦٣٠ | ٧٧ | ٣٢١ | ٤/٢ |
| کۆی گشتی جیهان(بەبێ چین) | ٧٦٨٠ | ٣٦٥ | ١٣٠ | ٧/٨ |

١ – سەرچاوە: پیر آلبر، مطبوعات، ترجمۀ فضل‌الله جلوه، چاپ اول ١٣٦٨، سازمان انتشارات‌و آموزش انقلاب اسلامی.

# راگەیاندن

کوردستان رۆژنامەی بەیانیان هەیەو بۆ ئێواران تەنیا ماوەیەك ئێوارە گوڵان بڵاودەکرایەوە. بەڵام نەیتوانی وەکوو رۆژنامەیەکی ناوداری ئێواران جێگەی خۆی بکاتەوە. بە بڕوای من شێوازی سەرەتاییو بایەخنەدان بە ناوەرۆکی رۆژنامەکەو هەروەها کموکورتی لە شێوازی بڵاوکردنەوەی، کە لە ئاکامدا رۆژنامەکە درەنگ دەگەییشتە دەستی خوێنەران، بووە هۆی ئەم مەسەلەیەو دەرەنجامەکەی گەییشتە راگرتنی.

٢ ـ رۆژنامەکانی خەڵکانەو رۆژنامەکانی قورس ـ ئەم دوو رۆژنامەیە لە رووی چەندیو چۆنایەتیی ئەو چینو توێژانەکە دەیانخوێننەوە، لێك جیا دەکرێنەوە. رۆژنامەکانی خەڵکانە ئەوانەن کە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵ پەسەندیان دەکەنو دەیانکڕن. بەڵام رۆژنامە قورسەکان هەوڵ دەدەن هەردەم لەسەر یەك رەوت بڕۆنو بابەتی تایبەتی بڵاو دەکەنەوە. بۆیەش لایەنگریان لەناو هەموو چینو توێژەکاندا نییە.

٣ ـ رۆژنامەی نیشتمانیو رۆژنامەی ناوچەیی ـ رۆژنامەی نیشتمانی هەمان رۆژنامەی سەرانسەری خۆمانە کە ئاغڵەبە لە پایتەخت دەردەچێتو لە سەرانسەری وڵات بڵاو دەکرێتەوە. بەڵام رۆژنامەی ناوچەیی تایبەتە بە دەڤەرێكو گرنگی زیاتر دەداتە رووداوەکانی ئەو دەڤەرەی لێی چاپ دەکرێت.

٤ ـ رۆژنامەی تایبەتی ـ ئەو رۆژنامانەن کە بۆ بوارێکی تایبەتی وەکوو وەرزش یا ئابووری دەردەچن. لەکوردستان بەناوی رۆژنامە هەندێ چاپەمەنی هەفتەیی یا دوو هەفتەییو هەندێجار مانگانە چاپو بڵاو دەکرێنەوە بەڵام وەکوو رۆژنامەی رۆژانە، چاپەمەنییەکی ئەوتۆ چاپو بڵاو ناکرێتەوە.

## بەشی چوارەم

### ب ـ گۆڤارەکان:[1]

I ـ گۆڤارەکانی زانیاری گشتی:

١ ـ گۆڤارە خولییە ناوچەییەکان ـ وەکوو هەفتەنامەو دووهەفتەنامەکان کە بە شێوەی دەوری بڵاو دەکرێنەوە.

٢ ـ رۆژنامەی یەکشەنبە ـ ئەم رۆژنامەیە تایبەتە بە وڵاتانی رۆژئاوایی بە تایبەت بریتانیا. کە لە رۆژی پشووی هەفتە واتە رۆژی حەفتەم بڵاو دەکرێتەوە.

٣ ـ گۆڤارەکانی وێنەداری زانیاری گشتی ـ ئەم گۆڤارانە زیاتر پشت بە بڵاو کردنەوەی وێنەی سەرنج راکێش و هەروەها بڵاوکردنەوەی بابەتی نوێ دەبەستن و زۆربەیان هەفتانەو هەندێکیشیان مانگانە بڵاو دەکرێنەوە.

٤ ـ بەڵاڤۆکی (تیۆری ـ فکری) ـ ئەم بەڵاڤۆکانە زیاتر لەسەر هزرو بیری خەڵک کاردەکەن و ناوەرۆکیان بۆ خەڵک بەگشتی قورس و گرانن. زۆربەیان سەربە لایەنە سیاسییەکانن و ئاغڵەبە مانگانە یا بە شێوەی وەرزی بڵاو دەکرێنەوە.

٥ ـ بەڵاڤۆکە تەنزییەکان ـ کە هەوڵ دەدەن گیروگرفتی کۆمەڵ لە قاڵبی تەنز رابگەیێنن و زۆریش کاریگەرن.

٦ ـ بەڵاڤۆکە وەرزییەکان ـ ئەوگۆڤارو بەڵاڤۆکانەن کە وەرزانە بڵاو دەکرێنەوەو زۆربەیان تەکنیکی و تایبەتن بە لێکۆڵینەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکان.

II ـ گۆڤارەکانی زانیاری تایبەتی:

١ ـ گۆڤاری ئافرەتان ـ ئەم گۆڤارانە بە شێوەی جۆراوجۆر بڵاو دەکرێنەوە. تایبەتمەندی سەرەکییان بایەخدان بە ئافرەتان و ئەو بابەتانەیە کە پێوەندی بە ئافرەتانەوە هەیە. وەکوو مۆدێلی جلوبەرگ و رازاندنەوەو هونەری ناوماڵ و

---

١ ـ Magazines

## راگەیاندن

درووماناو...

هەر چەندە لەکوردستان بەناوی ئافرەتان چەند گۆڤارێك بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام بە بڕوای من هیچیان نەیانتوانیوە بەباشی خزمەتی ئافرەتانی کوردستان بکەن. چونکە لە جیاتی بایەخدان بە کاروباری تایبەتی ئافرەتان، خۆیان بە کێشە ئایدۆلۆژیو فکرییەکان مژوول کردووە. کە لە راستیداکاری ئەوان نییەو ئەوە ئەرکی گۆڤارو چاپەمەنییەکانی ترە.

٢ ـ هەفتەنامەی رادیۆو تەلەڤزیۆن ـ ئەم جۆرە گۆڤارانە زیاتر باسی بەرنامەکانی رادیۆو تەلەڤزیۆن دەکەنو بەرنامەکانی هەفتەی داهاتووی ئەم دوو دەزگایە بڵاو دەکەنەوە. بە هۆی بایەخی رادیۆو تەلەڤزیۆن ئەم جۆرە گۆڤارانەش لایەنگری زۆریان لە ناو کۆمەڵگا هەیە.

لە کوردستان گۆڤارو چاپەمەنی وا تا ئێستا نەبووە. بەڵام پێموایە ئەمە پێویستییەکی زۆر گرینگەو نابێت کاربەدەستان فەرامۆشی بکەن.

٣ ـ گۆڤارە فەرهەنگییەکان ـ ئەم گۆڤارانە لاپەڕەکانی خۆیان بۆ باسی ئەدەبیو هونەریو رەخنەیی تەرخان دەکەنو زانیاری زۆرباش بە خوێنەرەکانیان دەگەیێنن.

٤ ـ گۆڤارەکانی کاتکوژی ـ ئەم گۆڤارانە تایبەتن بە هەواڵو رێکلامی شوێنە گەشتوگوزارییەکانو ناساندنیان. بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك بەرەو ئەم شوێنانە بە مەبەستی کاتکوژیو گەشتو سەیران رابکێشن. زیاتر رەنگی گۆڤاری رێکلامی بەخۆوە دەگرنو هەر لەم رێگەیەشەوە خۆیان دەژیێنن.

٥ ـ گۆڤارەکانی ئابووریو وەرزشی ـ کە تایبەتن بە چالاکیو کاروباری تری پێوەندیدار بە وەرزش.

III ـ گۆڤارەکانی سەرگەرمی:

١ ـ گۆڤاری سەرگەرمیو هونەری جۆربەجۆر ـ لەم جۆرە گۆڤارانە دەتوانین لە

## بەشی چوارەم

گۆڤارە كاریكاتێرییە كان، گۆڤارە كانی تایبەت بە خێزان ناو ببەین.
٢ ـ گۆڤاری لاوان ـ ئەم گۆڤارانە بایەخی تایبەتی بەو بوارانە دەدەن كە لەلای لاوان سەرنج راكێشن. بە شێوازێكی جوان و دڵگیر دەڕازێندرێنەوەو خوێنەری یەكجار زۆریان بە تایبەت لە وڵاتە ئەوروووپییە كان لەناو لاوان هەیە.
بەداخەوە ئەم گۆڤارانەش هەرچەندە لەكوردستان هەن، بەڵام ئەوانیش وەكوو گۆڤارە كانی ئافرەتان نەیانتوانیوە جێگەی خۆیان لەناو لاوانی كورد بكەنەوە. زۆربەیان بە دارِشتن و كلیشەیێكی كۆن و دوور لە زەوقی نوێ و بەبێ گۆڕانكاری، دەردەچن كە زیاتر بە گۆڤارە فەلسەفییە كۆنە كان دەچن تا چاپەمەنیی لاوانە. بۆیەش سەرەڕای زۆریی ژمارەی لاوانی خوێندەوار لە كوردستان، تیراژی ئەم گۆڤارانە یەكجار زۆر كەمەو ئەوەیش كە هەیە بەكوتەك سەرف دە كرێت. بیری دوواكەوتوو، ترس، پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی، پاوانكاری، خۆبەزلزانین و بەربەست كردنی رێگەی پێشكەوتنی لاوانی پێگەییشتوو، ئەو هۆیانەن كە رێگە لە پێشكەوتنی ئەم چەشنە گۆڤارانە لە كوردستان دەگرن و نایەڵن ببنە ئامێرێكی خزمەتكاری راستەقینە.
٣ ـ چاپەمەنییە كانی سەرگەرمی ـ كە لاپەڕە كانیان بە بابەتی سەرنج راكێشی مێژوویی و جوگرافی و بابەتی تایبەت بە چۆنیەتی ژیانی خەڵك لە شوێنە جۆراوجۆرە كانی دنیا دەڕازێننەوە.
IIII ـ گۆڤارە كانی بەڵگەیی ـ
ئەم گۆڤارانە تا رادەیەك تایبەتن. گرنگی زۆر بە بواری داهێنان و نوێترین هەواڵە كانی زانستی بە هەموو لكە جۆراوجۆرە كانی دەدەن. هەروەها ئەو گۆڤارانەی ناوە بەناوە لە لایەن دامودەزگایە كی حكوومەت بۆ بڵاوكردنەوەی چالاكییە كان و راگەیاندنی هەندێ ئاماری دەزگایە كە چاپ دە كرێن، دە كەونە بازنەی ئەمجۆرە گۆڤارانەوە.

## راگەیاندن

بەهەرحاڵ سەرەڕای داهێنانی ئامێری زۆر پێشکەوتوو، هەروەها هاتنە مەیدانی ئامێری جۆراوجۆری راگەیاندن، تا ئێستاش چاپەمەنییەکان بەتایبەت رۆژنامەوگۆڤارەکان هەر وەکوو ئامێرێکی راگەیاندنی سەرکەوتوو درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن‌و ماندوو نەناسانە لە کارەکەیان بەردەوامن. هەرچەندە زۆر لە پسپۆران لەم بڕوایەدان‌کە ئەم خۆڕاگرییە زۆر ناخایەنێت‌و ئامێرەکانی راگەیاندنی نڤیسکی، ناچار دەبن گۆڕەپانی راگەیاندن، بۆ ئامێرە پێشکەوتووە ئەلەکترۆنییەکان، چۆڵ بکەن. بەڵام تایبەتمەندییەکانی راگەیاندنی نڤیسکی‌و هەوڵ‌وکۆششی لە رادەبەدەریان بۆ دووا نەکەوتن‌و بەجێ نەمان لە ئامێرەکانی تری راگەیاندن، پێشان دەدات کە ئەم ئاییندەبێژییە تا رادەیەك خۆشبینانەیەو چاپەمەنییەکان بەم زووانە گۆڕەپانی راگەیاندن بۆ رادیۆو تەلەڤزیۆن‌و سینەما چۆڵ ناکەن.

لەمبارەیەوە دکتۆر کازمی موعتەمد نژاد مامۆستای زانکۆ لە ئێران، سێ تایبەتمەندی سەرەکی، تەنیا لە بواری دەنگوباس، رێزبەند دەکات کە راگەیاندنی چاپی لە ئامێرەکانی تری راگەیاندن جیا دەکاتەوەو دەسەڵاتی خۆڕاگری‌و مانەوەیان پێ دەبەخشێت. ئەم سێ تایبەتمەندییە لە روانگەی پسپۆری ناوبراو ئەمانەن:[1]

١ ـ بەرفراوانی هەواڵ ـ رادیۆو تەلەڤزیۆن لە هەر بوڵتەنێکی دەنگوباسدا، ژمارەیەکی دیارکراوی هەواڵ‌و نووچە، بە خێرایی بڵاو دەکەنەوە کە تێگەییشتن‌و حاڵی بوون لە هەموویان بۆ بیسەر یا بینەر، بە زەحمەتەو رەنگە زۆر

---

١ – بروانه: وسائل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمد نژاد، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، تهران ١٣٧١، لاپەرە ٢٢٦.

زوو لەبیر بکرێن. بەڵام ڕۆژنامەکان دەتوانن ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەم هەواڵو دەنگوباسانە لە لاپەڕەکانیان چاپو بڵاو بکەنەوە.

٢ ـ بەردەوامی هەواڵ ـ هەواڵو دەنگوباسەکانی ڕادیۆو تەلەڤزیۆن، هەمیشەو لە هەموو کاتێك لەبەر دەست نینو کاتێکی دیار کراویان هەیە، بەڵام ڕۆژنامەکان هەمیشە لەبەر دەستنو خوێنەر دەتوانێت بەکاوەخۆ لە دەرفەتێکی لەبار بیانخوێنێتەوەو ئەگەر لێی حاڵی نەبوو بۆی هەیە دووبارە پێیاندا بچێتەوە. هەروەها دەتوانێت ڕۆژنامەکان وەکوو ئەرشیڤ لە شوێنێك بۆ داهاتوو هەڵبگرێت.

٣ ـ ڕەنگاو ڕەنگی هەواڵ ـ کەرستەو ئیمکانیاتی ڕادیۆو تەلەڤزیۆن بۆ بڵاو کردنەوەی هەواڵەکان سنووردارە، بەڵام ڕۆژنامەکان دەتوانن لە چەندین لاپەڕە هەموو جۆرە هەواڵو دەنگوباسێك بڵاو بکەنەوە.

(بەرەچاوکردنی خاڵەکانی سەرەوە، دەگەینە ئەم ئاکامەکە ڕۆژنامەکان لەگەڵێ بواردا، هێشتا بەسەر ئامێرەکانی تری پێوەندیو نووچەیی زاڵنو بەتایبەت لە ڕووی شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانو شیکارو شەنوکەوکردنی بیروباوەڕەکانو ڕەنگاورەنگی بابەتەکانو پاراستنی بەڵگەنامە مێژووییەکان، تەنیا سەرچاوەو سەرەکانین.)[١]

لە کۆتایی ئەم باسە دەبێت بڵێین کە سوودو زیانی چاپەمەنییەکانیش وەکوو ئامێرەکانی تری ڕاگەیاندن، پەیوەستە بە شێوازی بەکارهێنانیان لە لایەن مرۆڤەوە. چونکە ئەم ئامێرانە تەنیا چەکێکی کارامەی بەردەستی بەڕێوەبەرەکانیانو خۆیان بە تەنیا هیچ کارێکیان پێ ناکرێت.

---

١ ـ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٢٨.

# راگەیاندن

دانەی ڕۆژنامە بۆ هەر هزارکەس لە ساڵەکانی ١٩٦٠و ١٩٧٠.

| وڵات | ١٩٦٠ | ١٩٧٠ | وڵات | ١٩٦٠ | ١٩٧٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| بریتانیا | ٤١٥ | ٤٦٠ | سوید | ٤٨٠ | ٥٣٤ |
| ژاپۆن | ٣٩٦ | ٥١١ | نەرویژ | ٣٧٧ | ٣٨٣ |
| دانیمارك | ٣٥٣ | ٣٦٤ | ئەمەریکا | ٣٢٦ | ٣٠٢ |
| فەرانسا | ٢٦٦ | ٢٣٣ | هۆڵەندا | ٢٦٠ | ٢٥٢ |
| کەنەدا | ٢٢٢ | ٢٣٠ | سۆڤیەت | ١٧٢ | ٣٣٦ |
| ئەرژەنتین | ١٥٥ | ١٨٢ | ڕۆمانیا | ١٤٧ | ١٦٩ |
| ئیسرائیل | ١٣٠ | ٢٠٨ | ئیتالیا | ١٠٧ | ١٤٤ |
| مەکزیك | ٧٩ | ١٣٠ | ئسپانیا | ٧٠ | ١٠٤ |
| فەنلاند | ٣٥٩ | ٤٣٠ | ئوستورالیا | ٣٥٨ | ٣٢١ |

## سینەما[١]

(سینەما وشەیەکی فەڕەنسییە، بە مانای تەکنیکی نەمایش کردنی زنجیرە وێنەیەك لە دیمەن و شت و هەروەها بزاف و جووڵەکانی هونەرمەندان، کە لە سەر فیلمێك تۆمار دەکرێت و بەهۆی ئامێرێکی تایبەتی لە سەر پەردەیەك پێشان دەدرێتەوە.)[٢]

١ - Cinema

٢ - فرهنگ عمید، فارسی به فارسی، یك جلدی.

## بەشی چوارەم

لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیە وەکوو هێمایەك بۆ گاڵتەجاڕیو سووکیو ناوزڕانیش بەکار دێت. بۆ وێنە دەوترێت: «بوومە سینەما» یا «بووم بە فلیم»و...
بەداخەوە ئەم دەستەواژانە پێشاندەری ئەم راستییەن کە لەناو کورددا، سینەماو کارەکانی تری پێوەندیدار بەم هونەرە پێشکەوتووە، بە باشی جێی خۆیان نەگرتووەو پێشوازییان لێ نەکراوە. بۆیە تا ئێستاش، چوون بۆ سینەما لە روانگەی کوردەوە بەگشتیو لە باشووری کوردستان بەتایبەتی، کارێکی باشو کۆمەڵگا پەسەند نییە. ئاکامی ئەم بیرکردنەوەیەش دوورکەوتنی نەتەوەکەمان بەگشتی لە بوارێکی گرنگی راگەیاندنە کە رۆڵێکی بەرچاوی لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەلاندا هەبووە.

ئەگەر بۆ روونکردنەوەی مێژووی هاتنە مەیدانی سینەما، وەکوو ئامێرێکی پێوەندی گشتی، چاو لە خۆماندوو کردنەکانی کەسانی وەکوو (ئێدڤارد مایبریج، ئێتین ژوول مارێ، ئێدیسۆنو...) بپۆشین، دەتوانین بڵێین کە لوئی لوومیێر لە ساڵی ١٨٩٤ بۆ یەکەمجار ئامێرێکی پێشکەوتووی پێشاندانی فیلمی داهێناو لەساڵی ١٨٩٥ ئەو لەگەڵ برایەکەی، یەکەم فیلمیان لە پاریس پێشانی بینەران دا.

ئیتر لەو رۆژە بەدوواوە سینەما ناوبانگی دەرکردو رۆژ لە دووای رۆژ پێشکەوت، تا لە ساڵی ١٩٢٨ برایانی وارنێر یەکەم فیلمی دەنگداریان پێشکەشی لایەنگرانی سینەماکردو لە ساڵی ١٩٣٢ فیلمی رەنگی جێگەی فیلمە رەشوسپییەکانی گرتەوەو ئیتر سینەما بووە ئامێرێکی پێوەندی گشتی تەواو.
بە داهێنانی ئامێرە پێشکەوتووەکانیتر، بە تایبەت تەلەڤزیۆن، سەرەتا سینەما گۆشەگیر کرا. بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا دیسان جێگەی خۆی لە رێزی ئامێرە پێشکەوتووەکانی پێوەندی خەڵك کردەوەو تا ئێستاش ململانێیی توند لەگەڵ تەلەڤزیۆن بەردەوامەو سینەما هەوڵ دەدات هەر خاوەن رۆڵی کاریگەری

# راگەیاندن

خۆی بمێنێتەوە.

لەراستیدا ئامێری سینەما زیاتر وەکوو ئامێرێکی گشتی سەرگەرمی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و بۆیەش لە بواری گەیاندنی نووچەو هەواڵ، ئامێرەکانیتری وەکوو رادیۆو تەلەڤزیۆن، توانیویانە تا رادەیەك بەسەر سینەمادا زاڵ بن. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییەکە خەڵك، هەموو تایبەتمەندییەکانی سینەمایان لە یاد کردبێت و بە یەکجاری ئەم ئامێرەیان بە لایەکەوە نابێت.

بینینی فیلمی سینەمایی لە هۆڵی سینەماو دانیشتن لەسەر کورسییەکانی ئەم ژوورە بێدەنگ و تاریکە، تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیەکە تا ئێستاش ئەڤیندارانی سینەما نەیانتوانیوە چاوپۆشی لێ بکەن.

لە لایەکیتر، چوون بۆ سینەما لە زۆر کۆمەڵگادا وەکوو دابونەریتێك بۆ سەیران و دەرچوون لەماڵ و دوورکەوتنی کاتی، لە هەراوهوریای دەوروبەر، رەگی خۆی داکوتاوەو تەلەڤزیۆن نەیتوانیوە ئەم رەگە بوشکێنێت. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە سینەما بواری کۆبوونەوەی خەڵکانێك دەرەخسێنێت کە لە رووی تەمەن و ئاستی زانیاری نزیکترن تا ئەو کەسانەی تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن. چونکە لە هۆڵی سینەما ئەو کەسانە دادەنیشن کە بەکەیفی خۆیان فیلمەکەیان بۆ بینین هەڵبژاردووەو لە رووی تەمەن لەگەڵ یاسای دەستنیشانکردنی بینەرانی فیلم گونجاون. چونکە فیلمی زۆر هەن کە بۆ تەمەنێکی دیارکراو قەدەغەیە تەماشایان بکەن و هەموو ئەو مەرجانەی باسمان کرد، دەبنە هۆکە هۆڵی سینەما لەکۆمەڵێکی هاوچەشن پێك بێت، کە بەشداران تێیدا هەست بە جۆرە ئاسوودەییەك بکەن.

سەرەڕای ئەمە دیسان ئامارەکان وا رادەگەیێنن کە تەلەڤزیۆن خەریکە سینەما دەبەزێنێت. (بۆ وێنە لەساڵی ١٩٥٠ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ١٤٠٠ ملیۆن بلیتی سینەما فرۆشرا بوون. ئەوە لەحاڵێك بووکە دەزگاکانی تەلەڤزیۆن

# بەشی چوارەم

لە ٥٠٠[١] هەزار تێ نەدەپەڕین. بەڵام لەساڵی ١٩٥٦ ژمارەی بلیتە فرۆشراوەکان بۆ ١١٠٠ ملیۆن دابەزیو ژمارەی دەزگای تەلەڤزیۆنیش گەییشتە ١٣ ملیۆن دەزگا. لە فەڕانساش کمبوونی ژمارەی بینەرانی سینەماو زیادبوونی ژمارەی دەزگاکانی تەلەڤزیۆن، حاڵەتی پێچەوانەیی هەیە. لە ساڵی ١٩٥٦ فرۆشی بلیتی سینەماکانی فەڕانسا ٤١١ ملیۆنو ژمارەی دەزگاکانی تەلەڤزیۆن ٦٠٠ هەزار بوو، کەچی لە ساڵی ١٩٥٩ ژمارەی بلیتەکانی سینەما بۆ ٣٥٤ ملیۆن دابەزیو ژمارەی تەلەڤزیۆنەکان گەییشتە ٣ ملیۆن. لە ساڵی ١٩٦٦ لە فەڕانسا تەنیا ٢٣٢ ملیۆن بلیتی سینەما فرۆشرا، کەچی ژمارەی دەزگاکانی تەلەڤزیۆن لە ٧/٥ ملیۆن تێپەڕی...لە ساڵی ١٩٦٠ بە درێژەی ئەو چوارشەوەی مێزگردەکەی کەنەدیو نیکسۆن سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە تەلەڤزیۆنەکانی ئەمەریکا پێشان دەدرا، هۆڵەکانی تیاترو سینەمای ئەم وڵاتە ٨٠ لە سەدی مشتەرییەکانی خۆیان لە دەستدا.)[٢]

ئەم ململانێو زۆرانبازییەی نێوان سینەماو تەلەڤزیۆن، بەداخەوە ئاکامی خراپی لێ کەوتووەتەوە. لەوانەش، پەنابردنی سینەما بۆ بڵاوکردنەوەی فیلمی هەڵخەڵەتێنەرو هەستبزوێنی دوور لە ئاکاری مرۆڤایەتیو سێکسو جۆرەها فیلمی زیانبەخش، لە پێناو خۆژیاندنو درێژەدان بەکاری سینەما، کە خەریکە ئەم ئامێرە لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی دوور دەکاتەوە.

ئەوانەی سووسیالیزمانە تەماشای سینەماو پەیامەکانی دەکەن، پێیان وایە کە لە رۆژئاوا ئەم ئامێرە خۆی تەسلیمی پارەو سەرمایەکردووەو بۆیەش خەریکە

---

١ – ئەم ژمارەیە بە هەڵە نووسراوە. لە سەرچاوەکانیتر ژمارەی پێڵگرەکانی تەلەڤزیۆنی لە ساڵی ١٩٥٠ لە ئەمەریکا لە نێوان ٣ تا ٥ ملیۆن تۆمار کراوە.

٢ – وسایل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمدنژاد، تهران ١٣٧١، لاپەرە ٢٦٥و٢٦٦.

## راگەیاندن

دەبێتە بنکەی پەروەردەکردنو بەرجەستەکردنی خەڵکانی بەرەڵڵاو نامەسئوول، کە تەنیا بیر لە تێرکردنی زگی خۆیانو گیرفانی ئاغاکانیان دەکەنەوە. خاوەنڕای ڕۆژهەڵاتی، بە ناوی کاراگانوف[1] وێڕای شیکردنەوەی ئەرکی سینەما لە ڕوانگەی بلۆکی سۆسیالیستی، خاڵە لاوازەکانی سینەمای ڕۆژئاوایی شی دەکاتەوەو پێی وایەکە سینەما لە وڵاتانی سەرمایەداری بووەتە ئامێری فرتو فێڵو گزیکاریی سەرمایەدارانو بە تەواوی لە ئەرکەکانی خۆی دوورکەوتووەتەوە. کاراگانۆف پێی وایەکە:

(یەکێك لەهۆیەکانی بێئاکامیی سینەماکارانی هاوچەرخ لەگەڕان بۆ دۆزینەوەی زمانو شێوازی لەباری دەربڕینی ئاڵۆزییەکانی جیهانی سەردەم، ئەوەیەکە ئەوانە لە ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ بینەرانی فیلمەکانیان، تووشی لەمپەڕی لێك حاڵی نەبوون دەبن. هەندێ لە مامۆستایانی هونەری سینەماتۆگرافی بە تاسەباری تەواو، لە نەبوونی پێوەندی ڕۆحی لە نێوان سینەماکارانو کۆمەڵانی خەڵك یاد دەکەنەوە.)[2]

بەبڕوای هەندێ لە شارەزایانی تری خۆشبین لە بواری سینەما، تەنیاکاریگەری تەلەڤزیۆن ئەم هونەرە بەهێزەی لاواز نەکردووە، بەڵکوو خودی سینەماو ئەو بەرهەمەی پێشکەشی دەکاتو هەروەها ئەوکەسانەی کاری تێدا دەکەن هۆی سەرەکیی ئەم دیاردەیەن. بەبڕوای ئەم کەسانە (تەنیا مادییات نابێتە ڕێگری پێشکەوتنی سینەما، بەڵکوو نەبوونی دەرهێنەرانی گەورەو باشو گرفتی پێکهێنانی گرووپێکی زۆرباش بۆ دروستکردنی فیلم، بە هەمان ئەندازە دەبنە

---

١ - Alexander Karaganov

٢ - سینما سیاست تجارت، نوشتۀ کاراگانوف، ترجمۀ مجید کلکتەچی، مؤسسۀ چاپو نشر بیگوند، چاپ اول، ١٣٥٨، لاپەڕە ٦٩.

## بەشی چوارەم

لەمپەڕی پێشکەوتنی سینەما. بەڵام ئەم ڕاستییە کە جارجارەو لێرەولەوێ شاکارێکی سینەمایی چا دەکرێت، ئەگەرچی ساڵانە یەکدوو فیلمیش بێت، پێویستە مایەی خۆشبینی بێت.)[1]

لەگەڵ هەموو ئەو بیرو بۆچوونانەدا، ناکرێت هۆیەکیتری ئەم لاوازییە لەیاد بکەین، ئەویش ڕواڵەتبینیی و لێ وردنەبوونەوەی بینەرانی سینەمایە. بە مانایەکیتر، من پێموایە ئەو بینەرانەی لەبەر تەلەڤزیۆن ئیتر بیر لە سینەما ناکەنەوە ئەو کەسانەن کە پێش هاتنی تەلەڤزیۆنیش تەنیا بۆ ئەوە چوونەتە سینەما، کە کاتی خۆیان بکوژنو هەرگیز بیریان لەو تەکنیكو هونەرە نەکردووەتەوە کە لە سینەما هەیە. کەواتە، بۆ ئەم خەڵکە گرنگ ئەوەیە فیلمێك ببینن، ئیتر لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن بێت یا سینەما، لای ئەوان تەوفیری نییە. بۆیەش هەر کە تەلەڤزیۆن گەییشتە ئەو وڵاتانەی لە ڕووی زانیارییەوە ئاستێکی نزمیان هەیە، خەڵکێکی زۆر هۆڵەکانی سینەمایان فەرامۆش کردو هاتنی ڤیدیۆ ئەم ڕەوتەی زۆر خێراتر کرد. بەڵام هەر ئەمکەسانە کە بیانەوێت ئەو فیلمانە ببینن کە لە ماڵەوەو بە هەر هۆیەك ناتوانن لە تەلەڤزیۆن تەماشایان کەن، بە تاسەوە جارێکیتر ڕوو لە سینەماکان دەکەنەوە. بۆیەش هەروەکوو پێشتر باسمان کرد هەندێ لە سینەماداران لە پێناو مانەوەی خۆیان، ڕوو لەو جۆرە فیلمانە دەکەن کە ئەم جۆرە بینەرانە تەنیا لەناو هۆڵەکانی سینەما دەتوانن بۆ بینینیان دابنیشن.

پێموایە هێچ بەڵگەیەك بۆ ئەم قسەیە، لەکوردستانی خۆمان باشتر نییە، کە ڕۆژانە خۆمان دەبینین کۆمەڵێك لاوی مێرمنداڵو کەم تەمەن، کاتی خۆیان لە هۆڵەکانی سینەما بەسەر دەبەن، تەنیا بە مەبەستی بینینی فیلمی بێناوەڕۆكو دوور لە ئاکار،

---

١ – (بنای سینما وفیلم سینما ـ نوشتهٔ فریدریش هانسن لووه ـ ترجمهٔ خسرو سینائی)، دربارهٔ سینما و تآتر، گردآورنده بهمن مقصودلو، چاپ اول دی‌ماه ١٣٥٢، لاپەرە ٢٣.

## راگەیاندن

کە بە تەواوی دژی داب و نەریت و ئەخلاقی کوردەوارین و کەسیش نییە ڕێگە لەم دیاردە دزێوو ناشیرینە بگرێت.

بەهەرحاڵ سینەما لە داهاتوو وەکوو ئامێرێکی پێوەندی گشتی بمێنێت یا نەمێنێت، ناکرێت نکۆڵی لەو دەورە گرینگە بکرێت کە بینیویەتی و چەند بە نیسبەت ئەم ئامێرەی پێوەندی گشتی ڕەشبین بین، ناچارین ئەم ڕاستییە بسەلمێنین کە سینەما، هەم وەکوو ئامێرێکی پێوەندی و هەم وەکوو هونەر، خزمەتێکی گەورەی بە کۆمەڵگای جیهانی بە گشتی کردووە. سینەما لە سەردەمی شەڕی ساردی نێوان دوو بلۆکی شەرق و غەرب، وەکوو مەیدانی ململانێی دوو ئایدۆلۆژی، بە باشترین شێوە کارایی خۆی پێشانداو ئەمڕۆش لە جیهان و لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی سینەماییەوە، جەژن و ڕێورەسمی جۆراوجۆر ڕێك دەخرێت و خەڵکانیکی زۆر هەر لە ڕێگەی کاری سینەمایی گەییشتوونەتە لووتکەو خەلاتی بەنرخیان وەرگرتووەو هونەرمەندانی ناودار لە ڕێگەی سینەماوە، هونەری خۆیان پێشکەشی خەڵك کردووەو خەڵکانێکی زۆریش لەو کارو پیشەیانەی بە جۆرێك پێوەندییان بە سینەماوە هەیە، بژێوی ڕۆژانەی خۆیان دابین دەکەن.

بۆیەش سەرەڕای هەوڵمان بۆ خۆپاراستن لە هەڵەی ئامێرسەرووەری، ناتوانین ئەم ڕاستییە نەڵێین کە سینەما جگە لە شوێنەواری پەیامەکانی، وەکوو ئامێرێکیش، هۆی گۆڕانکاری بەرچاو لە ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤ بەتایبەت لەسەدەی ڕابردوو بووە. سینەما لە ژیانی ڕۆژانەی جەماوەرێکی یەکجار زۆر لە جیهاندا هاندەرو پشتیوان و هاوڕێیەکی وەفادارو دڵسۆز بووەو خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردووە، کە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.

# بەشی چوارەم

فستیڤاڵە[1] بە ناوبانگەکانی سینەمایی لە جیهان:

| ناوی فستیڤاڵ | شوێنی فستیڤاڵ |
|---|---|
| کان | فەڕانسا |
| ڤێنیز | ئیتالیا |
| کارلوواری | چکوسلۆڤاکی |
| ئێدینبوورك | بریتانیا |
| لووکارنۆ | سویسرا |
| بەڕلین | ئەڵمانیا |
| ماڕدێل پلاتا | ئەرژەنتین |
| سەن سباستییەن | ئسپانیا |
| برووکسێل | بەلژیکا |
| تووڕ | فەڕانسا |
| ئانتیب | فەڕانسا |
| بێرگامۆ | ئیتالیا |
| سانفڕانسیسکۆ | ئەمەریکا |
| مۆنتریل | کەنەدا |

١ – وشەی فستیڤاڵ بە مانای جەژنەو یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٢ لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی مۆسۆلینی لە ئیتالیا، پێشانگایەکی نێونەتەوەیی لەمەڕ سینەما ڕێکخرا.

# رادیۆ[1]

رادیۆ یەکێکە لەو ئامێرە بەناوبانگانەی پێوەندی گشتی، کە نووسەران و شارەزایانی زۆر لەسەریان نووسیوەو لە بواری جۆراوجۆری وەکوو مێژوو، تەکنیك و چۆنیەتی کارکردنی، شیکردنەوەی بەرفراوان خراوەتە روو.
لە راستیدا ئەگەر بمانەوێت بچینە سەر بنج و بناوانی دەستپێکردنی کاری رادیۆ دەبێت بگەڕێینەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم کە جێیمزکلێرك[2] بیردۆزی خۆی، دەرهەق بە کۆمەڵەی شەپۆلە ئەلەکترۆ مەگناتیسییەکان راگەیاندو هاینریش هێرتز[3] خۆی بە بەرهەمهێنانی شەپۆلە هێرتزییەکان ماندوو کرد.
بەڵام لەبەر ئەوەی لێرە دەرفەتی ئەم باسە بە تەواوی نییەو مەبەستی ئێمەش گێڕانەوەی مێژووی رادیۆ لە بواری تەکنیکی نییە، تەنیا هێندە بەسە کە بڵێین مارکۆنی[4] دووای تاقی کردنەوەی زۆر لە بەریتانیا، یەکەمجار لە ساڵی ١٨٩٩ توانی بە سوود وەرگرتن لە شەپۆلەکانی هێرتزی، دوو شاری (دووڤێر)[5] و (ڤیمێرو)[6] پێکەوە ببەستێتەوە. کە دەتوانین ئەمەیان بە یەکەم هەنگاوی دانانی رادیۆ لە مێژوو بە حیساب بێنین.

---

١ - Radio

٢ - ئۆسکۆتلەندی. James clerk Maxwell(1879 _ 1831)

٣ - ئەلمانی Heinrich Hertz(1894 _ 1857)

٤ - ئیتالیایی Gulielmo Marconi(1937 _ 1874)

٥ - Douvres

٦ - Vimereux

## بەشی چوارەم

هەوڵی زانایان بۆ پەرەپێدانی ئەم داهێنانە بەردەوام بوو، تا لە ئاکامدا رادیۆ هەم وەکوو ئێزگەو هەم وەکوو دەزگا، کەوتە خزمەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە. هەرچەندە سەرەتا ئێزگەکان لە بێتەڵە سەرەتاییەکان دەچوونو خودی دەزگای رادیۆش بە قەوارەیەکی گەورەو زەبەلاح، لایەکی ژووری خەڵکی داگیر دەکرد، بەڵام پێشکەوتنی رۆژ لە دووای رۆژی تەکنەلۆژیا، ئەم رادیۆیانەی لێ کەوتەوە کە ئێستا هەموومان رۆژانە دەیان بینینو سوودیان لێ وەردەگرین.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە پێشڕەوی ئەم وڵاتانە دەژمێردرێت کە ئێزگە سەرەتاییەکانی رادیۆ، ئەویش لە لایەن کەرتی تایبەتەوە لەوێ دامەزران. لەم وڵاتە (بە پێی یاسای رادیۆ[1] پەسەندکراوی ساڵی ١٩١٢، دەوڵەت تەنیا مافی رەزامەندی دەربڕینی لەسەر دامەزراندنی هەندێ ئێزگەی رادیۆیی بۆ خۆی پاراستبوو. بۆیە شاڵاوی دامەزراندنی ئێزگەی رادیۆیی «٤٥١ ئێزگە لە ساڵی ١٩٢٢» بە «تەقینەوەی رادیۆیی»[2] لە قەڵەم درا.)[3]

لە وڵاتە ئەورووپییەکانیش هەرچەندە دەوڵەتەکان وەکوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، خۆیان لە مافەکانیان رووت نەکردەوە، بەڵام بە پێی زنجیرە یاسایەك رێگە درا ئێزگەی رادیۆیی دابمەزرێتو لەولاشەوە کارگەکان بۆ بەرهەمهێنانی رادیۆ، هەم وەکوو ئامێرەکانی پێویست بۆ دامەزراندنی ئێزگەو هەم دەزگای رادیۆ وەکوو بگری شەپۆلەکانی رادیۆیی کەوتنە کار. چاودێری حکوومەت بۆ رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی نائاسایی ئێزگەکانی رادیۆ

---

١ - Radio Act

٢ - radio boom

٣ - تاریخچۀ رادیو وتلویزیون، نویسنده: پیرآلبر / آندره ـ ژان تودسك، ترجمۀ جمشید ارجمند، سازمان چاپ مازیار، چاپ اول، ١٣٦٨، لاپەرە ١٩.

# راگەیاندن

لە بەریتانیا سەرەنجام بووە هۆی دروست بوونی رادیۆ (بی.بی.سی.)، کە لە ١٨ی کانوونی دووەمـی سـاڵی ١٩٢٣ رەزامـەندی لەسـەر بـڵاوکردنەوەی بەرنامە کانی راگەیێندراو تا ئێستاش وەکوو رادیۆیە کی باوەرپێکراوی جیهانی بە چەندین زمان، بەرنامە کانی خۆی بە رۆژو شەو بڵاو دە کاتەوە.

لە وڵاتە کانی تری ئەورووپی وەکوو فەرانسا، بەلژیکا، ئەڵمانیا، سویسرا... هەر وەکوو بریتانیا لە ماوەی چەند ساڵێك، چەندین ئێزگەی رادیۆیی کەوتنە کارو خەڵکیش بۆ کرینی رادیۆ روویان لە بازار کرد، بە جۆرێك کە لە ساڵی ١٩٢٨ رادیۆ کانی دەستیی خەڵك، لە فەرانسا بە ٦٠٠/٠٠٠ دەزگا مەزەندە کرا.

لە سۆڤیەت یە کەمجار لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٢٢ لە ئێزگەیەك کە لە مـۆسکۆ داندرا، بەرنامە بڵاوکرایەوە، بەڵام خۆ رێکخستن، نزیکەی دوو ساڵی خایاندو رادیۆی مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٢٤ بە دوواوە بە رێکوپێکی بەرنامە کانی خۆی بڵاو دە کردەوە.

سەرهەڵدانو دامەزرانـی لە رادەبـەدەری ئـێزگەی رادیـۆیی لە ئـەمەریکاو ئەورووپاو کێشەی تێك هەڵقورتانی شەپۆلە رادیۆییە کان، دانانی ناوەندێکی بەهێزو گشتگیر بۆ رێکخستنی کارە کانو هەروەها رەخساندنی کەشی هاوکاری لە نێوان ئەو هەموو ئێزگەیەی، کردە پێویستییەك. بۆیە (لە نیسانی ساڵی ١٩٢٥ بە دەستپێشخەری ریت[١] «مدیری بی.بی.سی.»و رامبێر[٢] «مدیری رادیۆ ژنێڤ» رێکخراوێك بە ناوی «یە کێتی نێونەتەوەیی وەشـانی رادیـۆیی»[٣] لە ژنـێڤ دامـەزرا کـە کـمکم هـەموو وڵاتـانی ئـەورووپی «جگـە لە سـۆڤیەتو

---

١ - John Reith

٢ - Rambert

٣ - Union Internationale de Radiodiffusion = ( U.I.R.)

## بەشی چوارەم

لووکزامبوورگ» چوونە ڕێزی.)[1] دووای ئەم هەنگاوە، (کۆنفرانسی پڕاگ لە نیسانی ١٩٢٩ بە بەشداری ٢٧ وڵات، پاشان کۆنفرانسی لووسێرن لە «مایس - حوزەیرانی»١٩٣٣، کۆنفرانسی سێهەمیش بە بەشداری ٣١ وڵات لە مۆنترۆ کەوتنە کار، بۆ گلاڵە کردنی بەرنامەی دابەشینی ١٤٠ شەپۆل لە نێوان ٣٧٢ دەزگای پەخشی رادیۆ، بەڵام بڕیارەکانی ئەم کۆنفرانسە بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ جێبەجێ نەکران.)[2]

لەساڵی ١٩٣٢ لە مەدرید کۆنفرانسێك بەستراو تێیدا بۆ ڕێکخستنی کاروباری پێوەندییەکانی دوور، ڕێکخراوی (یەکێتی نێونەتەوەیی پێوەندییەکانی دوور)[3] دامەزرا، کە ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٤٧ لە (ئەتلانتیك سیتی) لە ئەمەریکا، کۆنفرانسێکی گرنگی بەستو تێیدا شەپۆلەکان بەسەر رادیۆکاندا دابەشکران.

شەڕی جیهانی دووەم (U.I.R.)ی تووشی لاوازی کرد، بۆیەش لە ساڵی ١٩٤٦ کۆنفرانسێك لە برووکسێل بۆ ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکە بەسترا. لە بەرامبەردا یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سەربە بلۆکی ڕۆژهەڵات، (ڕێکخراوی نێونەتەوەیی پەخشی رادیۆیی)[4] یان لە ٢٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٦ دامەزراندو بۆیەش (U.I.R.) ڕۆژ لە دووای ڕۆژ لاوازتر بوو، تا لە ئاکامدا

---

١ - تاریخچۀ رادیو وتلویزیون، نویسنده: پیرآلبر / آندره ـ ژان تودسك، ترجمۀ جمشید ارجمند، سازمان چاپ مازیار، چاپ اول، ١٣٦٨، لاپەرە ٣١.

٢ - سەرچاوەی پێشوو ـ لاپەرە ٣٦.

٣ - Union Internationale des Telecommunications

٤ - Organisation International de Radiodiffusion = (O.I.R.)

## راگەیاندن

٢٣ وڵاتی ئەورووپی لە شاری تورکی لە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٥٠ ڕێکخراوی (یەکێتی رادیۆیی ئەورووپا)[١]یان دامەزراند.
لە کۆنفرانسە یەك لەدووای یەکەکانی ئەم ڕێکخراوە، کێشەی خاوەندارییەتیو بەشی وڵاتانی ئەورووپی لە شەپۆلە کورتو درێژەکانی رادیۆیی چارەسەر کرا. (لە کۆنفرانسەکانی ١٩٥٢و ١٩٦١ی ئەم ڕێکخراوە لە ستۆکهۆڵم سەبارەت بە سوود وەرگرتن لە شەپۆلەکانی مەتری کە لە تەلەڤزیۆنو رادیۆیەکانی (F.M.) بەکار دێتو هەروەها شەپۆلەکانی دێسیمەتری کە تەلەڤزیۆن بەکاریان دێنێت، لە نێوان وڵاتانی ئەورووپی یەکدەنگی دروست بوو.)[٢] دووای ئەوەش چەندین ناوەندو ڕێکخراوی ناوچەییو جیهانی بۆ ڕێکخستنی کاروباری پەیوەندیدار بە شەپۆلەکانی رادیۆیی دامەزراون. کە هەوڵی هەموویان چارەسەری کێشەی تێکهەڵقورتانی بەرنامەو شەپۆلە رادیۆیی یەکانە.

شەپۆلەکانی رادیۆیی لە جۆری شەپۆلەکانی (ئەلەکترۆ مانیتیك)نو وەکوو شەپۆلەکانی نووری بە خێرایی ٣٠٠٠٠٠کیلۆمەتر لە چرکە بڵاو دەبنەوە. تەنیا جیاوازییان ئەوەیە کە شەپۆلەکانی رادیۆیی درێژترن.
درێژی شەپۆلەکان بە دابەشکردنی خێرایی بەسەر فرێکانسەکەیان بە دیار دەکەوێتو زۆربەی جاران بە مەتر رادەگەیێنرێت. بۆ وێنە ئەگەر فرێکانس ٦٠٠٠٠٠ بێت، درێژی شەپۆلە کە بە دابەشینی ٣٠٠٠٠٠بەسەر شەشسەد هەزار

---

١ - Union Europeenne de Radiodiffusion

٢ - وسائل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمد نژاد، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، تهران ١٣٧١، لاپەرە ٣٤٤.

دەردەکەوێت کە دەبێتە ٥/٠کیلۆمەتر، کە دەکاتە ٥٠٠ مەتر.
ئەو شەپۆلانەی بەرنامەکانی رادیۆی لەسەر بڵاو دەکرێنەوە، دەکرێنە چوار بەشی سەرەکی:

یەکەم ـ شەپۆلەکانی درێژ:

درێژایی ئەم شەپۆلانە (١٠٥٢ تا ٢٠٠٠) مەترە، کە مەودایێك بە تیرەگی ٥٠٠ تا ١٠٠٠ کیلۆمەتر دادەپۆشن. ئەم شەپۆلانە زیاتر لە ئاستی زەوی بڵاو دەبنەوەو لە شەپۆلەکانیتر باشترن. بەڵام بڵاوکردنەوەیان پێویستی بە دەزگای پەخشی زۆر بەهێز هەیە، کە سەرمایەو شوێنێکی بەرفراوانی گەرەکە.

دووەم ـ شەپۆلەکانی ناوەندی:

درێژایی ئەم شەپۆلانە (١٨٦ تا ٥٧١) مەترە، کە لە دەریا مەودایێکی زیاتر لە وشکی دەبڕنو بە شێوەی زەمینی لە رۆژو شێوەی هەوایی لە شەو، بڵاو دەکرێنەوە.

سێیەم ـ شەپۆلەکانی کورت:

ئەم شەپۆلانە کە بە شەپۆلە دێکامەترییەکانیش بەناوبانگن، لە مەودای نێوان (١١، ١٣، ١٦، ١٩، ٢٥، ٣١، ٤١، ٤٩) مەتر پەخش دەکرێن.
ئەم شەپۆلانە لەبەر تایبەتمەندی پەرچەکاری هەوای دەوری گۆی زەوی، دەتوانن رووبەرێکی یەکجار بەرفراوان داپۆشنو بە شەوو رۆژ بەکار دێن. واتە دووای بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان، جارێکیتر بەرەو زەوی دەگەڕێنەوە. تەنیا کێشەی ئەم شەپۆلانە ئەوەیە کە دەکەونە بەرکاریگەری تیشکاندنی مەگناتیسی و

بۆیەش لەکارایيان کەم دەبێتەوە.

چوارەم ـ شەپۆلەکانی زۆر کورت:

درێژی ئەم شەپۆلانە (٣ تا ٣/٤٣)، (٤/٤١ تا ٧/٣٢)، (١/٣٩ تا ١/٧٢)، (٣١/ تا ٦٣/) مەترەو لە پەخشی تەلەڤزیۆنیو ئەو رادیۆیانەی مەودایێکی زۆر بڕ ناکەن، بەکار دێن.

ئەوەی دەرهەق بەکێشەی شەپۆلەکان ماوە بیڵێین ئەوەیە کەکەوتنەکاری هەیقۆکەکانی دەوری زەویو دەزگای سەتەلایت، گەلێ لەمپەڕی گەورەی لەسەر رێگەی پەخشی رادیۆیی هەلگرتووەو بۆیەش چاوەڕوان دەکرێت گۆڕانکاری خێرا لەکاری بڵاوکردنەوەی رادیۆیی بەدی بێتوکارەکە لەمەی کە هەیە بەرفراوانتر بکات. هەروەکوکاتی خۆی داهێنانی ترانزیستۆر[1] و بەکار هێنانی لە جیاتی لامپا، رادیۆی وێڕای هەرزانو بچووك کردن، لەگەلێ بواری تردا پێش خستوگەیاندییە ئەو ئاستەی ئێستا دەیبینین.

## رادیۆو سیاسەت

مێژووی تەمەنی کورتی رادیۆ پێشان دەدات کە ئەم دەزگایە توانیویەتی وەکوو ئامێرێکی کاریگەری پێوەندی، بخزێتە ناو چالاکییە سیاسییەکانو بۆیەش لە زۆر شوێن، تووشی گرفتی وەکوو پاڕازیتو هانی هانیو داخستنو تێکدان هاتووەو لە زۆر جێگەش رادیۆ وەکوو هێمای دەسەلاتی سیاسی، حیسابی بۆ کراوە. بۆ وێنە لە شۆڕشی ئێران، خەلْك بەر لە هەموو شوێنێك هەولْیاندا بارەگای رادیۆ داگیر بکەن. چونکە دەست بەسەر رادیۆدا گرتن، بە مانای

---

١ – وشەی ترانزیستۆر لە کورتکراوەی دوو وشەی (Res)istor و (Trans(fer پێکهاتووە.

## بەشی چوارەم

سەرکەوتن بوو بۆ شۆڕش. ئەم دیاردەیە لە زۆر وڵاتی تریش بینراوە.
(لە ئەڵمانیا نازییەکان پێش ئەوەی بگەنە دەسەڵات، دزەیان کردە ناو دامەزراوە رادیۆییەکان. ئەوانە ئەنجومەنی سەرەکی بیسەرانیان بە تەواوی دەورە دابوو، لایەنگرانی خۆشیان بە رادەی پێویست لە رادیۆ دامەزراندبوو، بە جۆرێك کە لەگەڵ هەڵبژاردنی هێتلەر بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٣٣، پەخشی بەرنامەکانی پرۆپاگندەیی لە رادیۆوکەڵك لێوەرگرتنی بۆ ٥ ی ئایار، مەیسەر بوو. گۆبلێز وەزیری پروپاگندە، بە هاوکاریی هادامۆوسکی بەرپرسی نوێ، رادیۆیان «لە ئەوانەی خۆیی نەبوون» پاك کردەوەو ئەم رێکخراوەیان کە بە ژووری پەخشی رادیۆیی ناوی دەرکردبوو، کردە ئامێرێکی بنچینەیی بۆ دەسەڵاتی نازی.)[1]
(لە فەڕانسا دووای رزگاربوونی لە داگیرکاری ئەڵمانیا، کاری بڵاوکردنەوەی بەرنامەی رادیۆیی کەوتە ژێر سیستەمێکی پاوانکاری زۆر ورد. بڕیاری ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٤٤ گشت دەزگاکانی راگەیاندنی تایبەتی، بە حوکمی بەڕێوەبەرایەتی، راگرت و فەرمانی ٢٣ی مارسی ١٩٤٥، هەموو فەرمانەکانی کارکردنی پێشووی بەتاڵ کردەوەو پاوانکاریی رەهای دەوڵەتی لە رێکخراوێك بە ناوی بڵاڤەکەری رادیۆیی فەڕانسا (R.D.F) چەسپاند.)[2]
لە شەڕی دووەمی جیهانی رادیۆ وەکوو ئامێرێکی پڕبایەخ بۆ شەڕی دەروونی لەگەڵ دوژمن، لە لایەن هەردوو بەرەی شەڕکەرەوە بەکار هات و کاریگەری خۆی سەلماند.

---

١ – تاریخچۀ رادیو وتلویزیون، نویسنده: پییرآلبر / آندره ـ ژان تودسك، ترجمۀ جمشید ارجمند، سازمان چاپ مازیار، چاپ اول، ١٣٦٨، لاپەرە ٤٢.

٢ – سەرچاوەی پێشوو.

(لە رادیۆی فەڕانسەویی ستراسبۆرگ، بەرنامەگەلێك بە زمانی ئەڵمانی بڵاو دەکرایەوەکە زۆربەی جاران گۆبلێز لە دژیان روونکردنەوەی بڵاو دەکردەوەو بیستنی ئەم بەرنامانە لە ئەڵمانیا سزایەکی توندی لەسەر بوو. ئەڵمانییەکانیش لە رادیۆ شتووتگارت بەرنامەگەلێکیان بە زمانی فەڕەنسی بڵاو دەکردەوە کە رۆژنامە نووسێکی فەڕەنسی بە ناوی فێردوونێ[١] بەشداری تێدا دەکرد. ئنگلیزییەکی خۆفرۆش بە ئەڵمانییەکانیش بە ناوی ویلیامز جۆیس[٢] ناسراو بە «لۆرد وز ـ وز»[٣] لە رادیۆ هامبوورگ، هەندێ بەرنامەی بۆ ئنگلستان بڵاو دەکردەوە...هەر دەوڵەتێك بە زمانی وڵاتانی دوژمنی خۆی بەرنامەی نووچەو هەواڵی بڵاو دەکردەوە، نەك تەنیا بۆ ئاگادارکردنەوەیان، بەڵکوو بۆ هەوڵ لە پێناو تێکدانی دەروونو ورەی خەڵکی ئەم وڵاتانە...ئنگلیزەکان لەمکارەدا وەستایی خۆیان پێشان دا. سێفتۆن دێلمێر[٤] رۆژنامەنووسێك کە ماوەیەکی درێژ لە بێرلەن کاری کردبوو، «رادیۆیەکی نهێنی» دامەزراندبوو کە وای دەنواند گوایە لە خودی ئەڵمانیاوە بەرنامە بڵاو دەکاتەوە. رادیۆیەکی تریش بە ناوی «رادیۆ ـلیڤۆرن»[٥] هەبوو کە خۆی بە رادیۆیەکی دامەزراو لەسەرگەمیی لیڤۆرن دەناساند.)[٦] هەموو ئەم رادیۆیانەش جگە لە پەخشی بەرنامە، ئەرکی پارازیت هاوێژیو کێشە سازی بۆ بێتەڵی فرۆکەکانی دوژمنیان بە باشی

---

١ - Ferdonnet.

٢ - William Joyce

٣ - Lord Haw_Haw

٤ - Sefton Delmer

٥ - Radio Livourne

٦ - سەرچاوەی پێشوو.

## بەشی چوارەم

جێبەجێ دەکرد.

بەهەرحاڵ هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، دووای شەڕی جیهانی دووەم، هەوڵەکان بۆ ڕێکخستن و کاراتر کردنی ئامێری رادیۆ پەرەی سەندو ئەم دەزگایە لەگەڵێ بواری ئاشتیخوازانە، خرایە خزمەتی مرۆڤایەتی و تەنانەت لە جاڕنامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨، مافی گوێگرتن لە بەرنامەکانی هەندەرانی بۆ هەموو مرۆڤێك بە رەوا زانراو پەسەند کرا. هەرچەندە مخابن ئێستاش هەندێ لە وڵاتان ئەم مافە پێشێل دەکەن.

لە باشووری کوردستان رادیۆی دەنگی کوردستان کە لە ١٩٦٣/٩/٢٨ دامەزرا، یەکەم هەنگاوی بەکار هێنانی ئەم ئامێرە بوو، بۆ خزمەتی شۆڕشی کوردی. هەرچەندە بەرنامەکانی ئەم رادیۆیە کورت و پوخت بوون، بەڵام بێگومان کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان بەسەر جەماوەر هەبوو. من لەبیرمە کە چۆن خەڵك بە تامەزرۆیی چاوەڕوانی کاتی کردنەوەی پەخش دەمانەوە، بۆ ئەوەی گوێیان لە هەواڵ و دەنگوباسی کوردستان و چالاکییەکانی پێشمەرگە بێت و ئەم رادیۆیە توانیبووی جێگەی خۆی لەناو دڵی خەڵك بکاتەوەو جەماوەر ئیمانیان پێ هێنا بوو. بۆیەش تەنانەت لە پارچەکانی تری کوردستانیش خەڵك گوێیان لەم رادیۆیە دەگرت.

دووای نسکۆی ٧٥و گۆڕانکارییەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم، بە تایبەت شەڕی ئێران و عێراق، هەندێ رادیۆی تریش هاتنە مەیدان، کە جگە لە رادیۆی دەنگی کوردستان، دەتوانین رادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان) ناو ببەین کە سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

هەرچەندە بەداخەوە سەرەتا قەبۆ قەبۆی حزبایەتی، نەیدەهێشت ئەم رادیۆیانە وەکوو پێویست بکەونە خزمەتی خەباتی نیشتمانی و گەلێ لە توانا کانیان لە کاری

# راگەیاندن

بەربەرەکانێی حزبایەتی بە فیرۆ دەچوو، بەڵام دووای دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، ئەم دوو دەزگایەش کەوتنە کارو ناکرێت رۆڵی هەردووکیان لە راپەڕینی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان لە یاد بکرێت،کە ماندوو نەناسانە، بە پەخشی بەرنامەکانیان خەڵکیان بۆ راپەڕین هان دەدا.

دووای راپەڕین، بەهۆی رەخسانی دۆخی لەبار، چەندین رادیۆ لەکوردستان کەوتنەکار. دیارە هەرکامەشیان چونکە سەربە حزب و لایەنێکی سیاسین، هەوڵ دەدەن خزمەتی لایەنەکەی خۆیان بکەن‌و من پێموایە زێدەڕۆیی لەم کارە، تارادەیەك رادیۆیەکانی لە جێبەجێ کردنی ئەرکە راستەقینەکانی سەرشانیان دوور کردووەتەوە. کە هیوادارم هەرچی زووترە هەر هەموویان بەخۆیاندا بچنەوەو رێگەی راستەقینەی خزمەت بە گەل‌و نیشتمانەکەمان هەڵبژێرن.

ناوی هەندێ لەو رادیۆیانەی لەناو هەولێر بەرنامە بڵاو دەکەنەوە

| ناوی رادیۆ | ناوی حزب | ناوی رادیۆ | ناوی حزب |
|---|---|---|---|
| ئازادی | حزبی شووعی کوردستان | نیشتمان | پارتی کاری دیموکراتی کوردستان |
| یەکگرتوو | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | دەنگی ئیسلام | بزووتنەوەی ئیسلامی |
| تورکمان ئیللی | بەرەی تورکمانی | حەقیقەت | کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان |
| ئاشتی | بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان | ئاشوور | بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری |
| گولان | پارتی دیموکراتی کوردستان | پێشکەوتن | (ی.ل.د.ك.) |
| هەرێم | حکوومەتی هەرێمی کوردستان | نابنایان | کۆمەڵەی نابینایانی کوردستان |

# بەشی چوارەم

## تەلەڤزیۆن[١]

هەرچەندە داهێنانی ئامێری تەلەڤزیۆن بە ناوی بێردی[٢] ئۆسکۆتلەندی لە ساڵی ١٩٢٦ تۆمار کراوە. بەڵام لە راستیدا ئەم ئامێرە بەرهەمی هزروبیری خەڵکانێکی زۆرە کە هەوڵیان دەدا پرۆسەی پێوەندی بە گواستنەوەی وێنە مسۆگەر بکەن.

(تەلەڤزیۆن لە تێکەڵاوکردنی ئاڵۆزو لێڵی سێ دەستە داهێنان پێکهات. سەرەتا دۆزینەوەی پێوەندیدار بە فۆتۆ-ئەلەکتریك، واتە توانادارى هەندێ لە تەنە کان لە گۆڕینی وزەی کارەبایی بۆ وزەی رووناکی بە هۆی تیشکاندنی ئەلەکترۆنی، پاشان، لە بەرامبەر ئەمەدا دۆزینەوەی شێوازە کانی شیکردنەوەی لێك جیا کردنەوەی وێنەو تێکەڵ کردنی دووبارەیان، بە شێوەی کۆمەڵە هێڵێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵە خاڵێکی رۆشن یا تاریك‌و سەرەنجام دۆزینەوەی پێوەندیدار بە دەست بە سەراگرتن‌و بەکار هێنانی شەپۆلە کانی هێرتزی بۆ گواستنەوەی هێماکانی کارەبایی پەیوەندیدار بە هەریەك لە خاڵە کانی وێنەی لێك جیاکراو.)[٣]

---

١ - Television - لە کوردستان زۆربەی خەڵك‌و دەزگاکانی راگەیاندن‌و تەنانەت خودی تەلەڤزیۆنەکان ئەم وشەیە بە (تەلەفزیۆن) دەنووسن‌و بێژ دەکەن. بەڵام بە لاتینی دەنووسن (t.v). کە راستەکەی تەلەڤزیۆن یا تێلیڤزیۆنە.

٢- John Logie Baird (1946-1888)

٣ - تاریخچۀ رادیو وتلویزیون، نویسنده: پیرآلبر/ آندره - ژان تودسك، ترجمۀ جمشید ارجمند، سازمان چاپ مازیار، چاپ اول، ١٣٦٨، لاپەرە ٨٦.

## راگەیاندن

ئەگەر رستەکانی سەرەوە کورت و کرمانجی بنووسینەوە، دەبێت بڵێین بۆ لە دایکبوونی تەلەڤزیۆن سەرەتا دیاردەی فۆتۆ ئەلەکتریك، ئەوجا لێك جیاکردن و سەرلەنوێ تێکەڵ کردنەوەی وێنە بە شێوازی هێڵی و پاشان سەرەدەری کردن لە شەپۆلەکانی هێرتزی و بەکارهێنانیان بۆ گواستنەوەی هێماکانی کارەبایی، هەموو ئەم هەنگاوانە بوونە هاوکاری یەکتر، تا تەلەڤزیۆنی لێ دروست بکرێت. بۆیەش ناتوانین ئەم ئامێرە تەنیا بە بەرهەمی هزرو بیری تاکە زانایەك بزانین.

لەلایەکیتر ئەگەر سەرنج بدەین، رستەکانی سەرەوە بنەمای کاری تەلەڤزیۆنیش تا رادەیەك روون دەکەنەوە. واتە کاری تەلەڤزیۆن بەم شێوەیە دەبێت کە سەرەتا لە رێگەی دووربینی تەلەڤزیۆنی وێنە دابەش دەکرێتە سەر کۆمەڵێك خاڵی رۆشن و تاریك و لێك جیا دەکرێتەوە. ئەم خاڵە رۆشن و تاریکانە، هەریەك بە نۆبەی خۆی دەبنە هۆی سازبوونی جۆرە وزەیەکی ئەلەکتریکی کە ئەم وزەیە لە رێگەی دەزگای شەپۆل وەشێنەوە بە سوودوەرگرتن لە شەپۆلەکانی هێرتزی پەخش دەکرێت و دەزگاکانی شەپۆلگر واتە تەلەڤزیۆنەکانی ناومال ئەم شەپۆلانە وەردەگرن و دووای پالاوتن، وزەی ئەلەکتریکی جارێکیتر بە هۆی دەزگا دەکرێتە خاڵی تاریك و روون و تێکەڵاو دەکرێتەوە و بینەر وێنە کە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن تەماشا دەکات.

(بۆ گواستنەوەی هێماکانی تەلەڤزیۆنی، لەناو دەزگای پەخشی تەلەڤزیۆن لە فلچەیەکی زۆر ناسك کە بەسەر کۆمەڵە خاڵێکی رووناك بە ئاراستەی ئاسۆیی دەخزێت سوود وەردەگیرێت. چۆنایەتی وێنەکان دەگەرێتەوە بۆ ژمارەی هێڵەکان، واتە ژمارەی ئەو کەرەتانەی کە فلچەی ئەلەکترۆنی بەسەر خاڵە رووناکەکاندا دەخزێت و وەکوو دەڵێن گەسکیان دەدات. هەربەم هۆیە هەرچی

# بەشی چوارەم

ژمارەی هێڵەکان زیاتر بێت، وێنەکانی تەلەڤزیۆن راستترو زولاڵتر دەبن.)[1]

تەلەڤزیۆن لە هەندێ وڵاتی جیهانی لە ساڵی ١٩٦٧:[2]

| دەزگای T.V | ناوی وڵات | دەزگای T.V | ناوی وڵات |
|---|---|---|---|
| ٢/١ ملیۆن | مەکزیك | ٥٥٥ هەزار | کووبا |
| ٤ ملیۆن | بەرازیل | ٢ ملیۆن | ئەرژەنتین |
| ١٣ هەزار | ئێران | ٦٥٠ هەزار | ڤێنێزوئێلا |
| ١٦٥ هەزار | لوبنان | ١٧٧ هەزار | عێراق |
| ٣٦ هەزار | مەراکیش | ١٥٠ هەزار | جەزائیر |
| ٣ ملیۆن | ژاپۆن | ٣٣ هەزار | نیجیریا |
| ٢٤٠ هەزار | فیلیپین | ٢٥٠ هەزار | تایلەند |
| ٢٧٠٠ | پاکستان | ٤٥ هەزار | ئەندەنۆسیا |
| | | ٦ هەزار | هیندوستان |

لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپیو لە ئەمەریکاش پسپۆران کاری پەخشی تەلەڤزیۆنییان بە سیستەمی ٣٠ هێڵی دەست پێکرد، بەڵام بەهۆی نالەباریو لێڵی وێنەکان هەموویان ناچاربوون هەر لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم هەوڵی

---

١ – وسائل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمد نژاد، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، تهران ١٣٧١، لاپەرە ٣٥١

٢ – وسایل ارتباط جمعی و امپراتوری امریکا، هربرت شیلر، ترجمة احمد میرعایدینی، چاپ اول ١٣٧٧، سروش، لاپەرە ٢٣١.

## راگەیاندن

پێشخستنی کارەکە بدەن‌و بۆیەش زۆر زوو گەلێك لە وڵاتان روویان لە سیستەمی ٢٤٠ هێڵی کردو لە ساڵی ١٩٤١ لە ئەمەریکا، پەخشی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی بە سیستەمی ٥٢٥ هێڵی، گۆڕانێکی بنەڕەتی لەم بوارەی کاری راگەیاندندا هێنایەکایەوە.

بەڵام شەڕی جیهانی دووەم کاری کردەسەر رەوتی پێشکەوتنی ئەم ئامێرەو بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە بیرکرا. لە لایەکیتر گۆڕین‌و پێشکەوتنی سیستەم‌و جۆری پەخشی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن خەڵکی تووشی سەرگەردانی کردبوو. چونکە گۆڕانکارییەکان زۆر خێرا بوون‌و لەم لەزوبەزییەدا ئەو خەڵکانە زەرەرمەند دەبوون کە تەلەڤزیۆنیان دەکڕی. بۆیەش لە سەرەتادا پێشوازییەکی ئەوتۆ بۆ سوود وەرگرتن لە تەلەڤزیۆن لە لایەن خەڵکەوە نەدەبینرا.

بۆ وێنە لەساڵی ١٩٤١ لە سەرانسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنیا پێنج هەزار دەزگای پێلگری تەلەڤزیۆنی هەبووەو ئەم ژمارەیە لە وڵاتەکانی ئەورووپی زۆر کمتر مەزندە کراوە.

دووابە دووای کوژانەوەی ئاگری شەڕی جیهانی دووەم، جارێکیتر خەڵك بە تایبەت لە ئەورووپا روویان لە تەلەڤزیۆن کردەوەو بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەم دەزگایە رێگەی سەد ساڵی بڕی‌و زۆر زوو خۆی کردە پێویستییەکی رۆژانەی ناو هەموو ماڵێك‌و پێشکەوتن‌و داهێنانی رۆژ لە دووای رۆژ، نرخ‌و بایەخی تەلەڤزیۆنی لە لای کۆمەڵانی خەڵك زێدەتر کرد. خشتەی خوارەوە چۆنیەتی پێشوازیکردنی خەڵك لە تەلەڤزیۆن لە چەند وڵاتی جیهان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٨٠ بە ملیۆن پێشان دەدات.[١]

---

١ – سەرچاوەی خشتە: ١ـ تاریخچۀ رادیو وتلویزیون، نویسنده: پیرآلبر / آندره ـ ژان تودسك، ترجمۀ جمشید ارجمند، سازمان چاپ مازیار، چاپ اول، ١٣٦٨. ٢ـ اطلاعات گنجینه.

| ناوی وڵات | ۱۹٥۰ | ۱۹٦۰ | ۱۹۷۰ | ۱۹۸۰ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | tv% رەنگی |
| فەرانسا | ۰/۰۰۳۷۹٤ | ۱/۹ | ۸ | ۱٥/۷٥ | ٪٤۰ |
| ئەڵمانیا | ؟ | ٤/٥ | ۱٦ | ۱۹/٥ | زۆربە |
| سۆڤیەت | ۰/۰۱٥ | ٤/۸ | ۳٤/۸ | ۷۸ | کەم |
| بریتانیا | ۰/٥۹ | ۱۱ | ۱٦ | ۱۸/٦ | ٪٦۰ |
| ئیتالیا | ؟ | ؟ | ۹/۷ | ۱۳ | ؟ |
| ئەمەریکا | ۳/۹ | ۳۳ | ؟ | ۱۲٥ | ٪٦۰/۳ |

هەڵبژاردنی شەپۆلە مەترییەکان واتە (ڤی.ئێچ.ئێف)[۱]و پاشان شەپۆلە دێسی مەترییەکان واتە (یوو.ئێچ.ئێف)[۲]گرفتی ناردنی شەپۆلی وێنەکانی چارەسەرکرد، چونکە ئیتر گرفتی شەپۆلە درێژەکانو کێشە تەکنیکییەکانی نەمان. لە ئاکامدا ژمارەی قەناتی تەلەڤزیۆنی بۆ سوود لێ وەرگرتن گەلێك زۆرتر بوونو بۆیەش ڕێگە بۆ پەرەسەندنی وێستگەو بەرنامەی جۆراوجۆری تەلەڤزیۆنی تەختو هەموار کرا.

لە لایەکیتر هەوڵ بۆ باشترکردنی وێنەکانی تەلەڤزیۆنی هەر بەردەوام بوو. (لەم بارەیەوە وڵاتە یەکگرتووەکان سیستەمی ٥۲٥ هێڵی[۳] خۆی پاراست.

---

۱ - V.H.F = Very High Frequency

۲ - U.H.F = Ultra High Frequency

۳ - لە سیستەمی ٤۰٥ هێڵی هەر وێنەی سەر شاشە لە ۰۰۰ر۱٦۰ خاڵی نوورانی، ٥۲٥ هێڵی لە ۰۰۰ر۲۰۰، ٦۲٥ هێڵی لە ۰۰۰ر٤۰۰ و ۸۱۹ هێڵی لە زیاتر لە ۰۰۰ر۸۰۰ خاڵی نوورانی پێکدێت.

(جمشید ارجمند، تارخچۀ رادیو و تلویزیون، ژێرنووسی لاپەرە ۹۲.)

بی.بی.سی. هەر لەسەر سیستەمی ٤٠٥ هێڵی خۆی مایەوەو لە فەرانساکە هێنری دوفرانس خەونی بە سیستەمی ١٠٠٠ هێڵی دەدیت بە ٨١٩ هێڵ بەسندە کرا. بەڵام خەڵکیتر لە دەوری سیستەمی ٦٢٥ هێڵی کە بووە سیستەمێکی ئەستەندەری جیهانی کۆبوونەوە.)[١]

داهێنانی تەلەڤزیۆنی رەنگی لە لایەن پیتێرگۆڵدمارکی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٥١ ئەم دەزگایەی لەناو خەڵك خۆشەویستر کرد. بۆیەش ململانێ لە نێوان ناوەندە پیشەسازییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ پێشکەشکردنی دەزگای باشترو سیستەمی رێکوپێکترو هەروەها بەرنامەی سەرنجراکێشتر پەرەی سەند، تا ئەوکاتەی چەند سیستەمێکی رەنگی بۆ پەخش‌و وەرگرتنی بەرنامەی تەلەڤزیۆنەکانی رەنگی هاتنە گۆڕەپانی رکابەرایەتییەوە.

(ئێستا سێ سیستەمی گەورەی تەلەڤزیۆنی رەنگی لە جیهان خەریکی ململانێی یەکترن:

١ ـ سیستەمی رەنگی ئەمریکی ـ ئەو سیستەمەکە بە «N.T.S.C»[٢] بە ناوبانگە لە ساڵی ١٩٥٢ کەوتووەتەکاروکارگەکانی تەلەڤزیۆن سازی ئەمریکی پێرەوی لێ دەکەن.

٢ ـ سیستەمی رەنگی ئەڵمانی ـ سیستەمی رەنگی ئەڵمانی کە بە «P.A.L.»[٣] بە

---

١ ـ تاریخچۀ رادیو وتلویزیون، نویسنده: پیرآلبر / آندره ـ ژان تودسك، ترجمۀ جمشید ارجمند، سازمان چاپ مازیار، چاپ اول، ١٣٦٨، لاپەرە ٩٢.

٢ ـ National Television System Committee (N.T.S.C.)

٣ ـ Phase Alternative Line (P.A.L.)

## بەشی چوارەم

ناوبانگە لە سیستەمی رەنگی ئەمەریکایی وەرگیراوە. ئەم سیستەمە لە لایەن «دەبلیوو.برووخ»[1] لە تاقیگەی کارگەکانی کۆمپانیای ناوداری «تێلێفۆنکێن»[2]ی ئەڵمانیای رۆژئاوا رێکخرا.

٣ ـ سیستەمی رەنگی فەرانسەوی ـ ئەم سیستەمە کە بە «SE.C.A.M.»[3] بە ناوبانگە بە هۆی «هێنری دوفرانس»[4] داهێندرا.)[5]

ململانێیی نێوان کۆمپانیا پیشەسازییەکان تەنیا پرۆژەی پێشکەوتنی سیستەمی رەنگی تەلەڤزیۆنی نەگرتەوە، بەڵکوو لەگەڵێ بواری تری وەکوو کامێرای وێنەگری تەلەڤزیۆنی، ئامادە کردنی بەرنامەو فیلمی جۆراوجۆرو هەموو ئەو ئامێرو کەرستانەی بە شێوەیەك پێوەندییان بەکاری تەلەڤزیۆنییەوە هەیە، پەرەی سەندو دەتوانین بڵێین تەلەڤزیۆن بە سەدان شێوە بواری کاری بۆ خەڵك رەخساندو گیرفانی خەڵکانێکی زۆریشی پڕ لە دۆلار کرد.

بۆیەش دەکرێت بێژین هیچ ئامێرێکی تری راگەیاندن وەکوو تەلەڤزیۆن نەیتوانیوە سەرنجی بازرگانان، سیاسەتوانان، هونەرمەندانو... بۆ لای خۆی رابکێشێتو بەم فراوانییە ببێتە سەرچاوەی داهاتو بژێوی خەڵکانێك کە لە لایەك کاری تێدا دەکەنو لە لایترەوە ناتوانن خۆیان لە کاریگەریەتی ئەم

---

١ - W.Bruch

٢ - Telefunken

٣ - Sequentiel Couleur A memoire (SE.C.A.M.)

٤ - Henri de France

٥ – وسائل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمد نژاد، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، تهران ١٣٧١، لاپەرە ٣٥٤

# ڕاگەیاندن

دەزگایە ئەفسووناوییە بپارێزن.

| ناوی وڵات | ژمارەی ئێزگە | ژمارەی دەزگای تەلەڤزیۆن | ناوی وڵات | ژمارەی ئێزگە | ژمارەی دەزگای تەلەڤزیۆن |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەڵمانیای ڕۆژئاوا | ١٨٥ | ٢٠/٥٠٠/٠٠٠ | ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات | ٢٨ | ٥/١٧٠/٠٠٠ |
| جەزائیر | ٢٣ | ٤٤٠/٠٠٠ | ئوستراليا | ١٢٨ | ٤/٥٣٢/٠٠٠ |
| ئیسرائیل | ١١ | ٤٧٥/٠٠٠ | ئیسپانیا | ٥١ | ٧/٤٢٥/٠٠٠ |
| ئەرژەنتین | ٣٣ | ٤/٧٠٠/٠٠٠ | ئۆردون | ٦ | ١٧١/٠٠٠ |
| ئیتالیا | ٩٤ | ١٢/٦٦٠/٠٠٠ | بەحرێین | ١ | ٦٠/٠٠٠ |
| ئەمەریکا | ٩٧٤ | ١٣٩/٤٠٠/٠٠٠ | ئەندەنۆسیا | ٣٨ | ٥٤٢/٤٤٠ |
| بەریتانیا | ٣٣٣ | ١٨/٠٠٠/٠٠٠ | ئێران | ١٧ | ٢/٠١٨/٠٠٠ |
| سوودان | ٢ | ٩٠/٠٠٠ | سووریا | ٨ | ٣١٥/٨٠٠ |
| سوید | ٢٦٦ | ٤/٥١٠/٥٠٠ | سویسرا | ٩٣ | ١/٨٢١/٠٠٠ |
| سۆڤیەت | ١٦٧ | ٥٠/٠٠٠/٠٠٠ | پاکستان | ١٥ | ٤٥٠/٠٠٠ |
| تورکیا | ٥١ | ١/٨٠٠/٠٠٠ | چین | ٤٠ | ٣/٤٠٠/٠٠٠ |
| دانیمارک | ٣٠ | ١/٨٥٠/٠٠٠ | ژاپۆن | ٢١٣ | ٢٧/٠٠٠/٠٠٠ |
| لوبنان | ٨ | ٥٠٠/٠٠٠ | لیبی | ١١ | ١٦٠/٠٠٠ |
| مالیزیا | ٣٢ | ٥٦٤/٠٠٠ | میسر | ٢٢ | ١/٣٠١/٠٠٠ |
| مەکزیك | ٨٠ | ٥/٤٨٠/٠٠٠ | عێراق | ٧ | ٥٠٠/٠٠٠ |
| فەرانسا | ٢٥٥ | ١٤/٦٩٤/٠٠٠ | قەتەر | ٢ | ٣٥/٠٠٠ |

خشتەی سەرەوە ژمارەی وێستگە تەلەڤزیۆنەکان واتە پێلوەشێنەکان و هەروەها

## بەشی چوارەم

ژمارەی دەزگای تەلەڤزیۆن واتە پێلرفێنەکان لە چەند وڵاتێك لە ساڵانی (١٩٨٥ ـ ١٩٩٠) پێشان دەدات.[1] رادەی جیاوازی نێوان وڵاتان کە لەم خشتەیە دەرکەوتووە سەرنج ڕاکێشە.

تەلەڤزیۆن هەرچەندە لەچاو دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن بە تایبەت چاپەمەنییەکان تەمەنێکی کورتی هەیە، بەڵام هەر لەدەستپێکدا وا خۆی سەپاند، کە زۆر زوو ژمارەیەکی یەکجار زۆر کۆمپانی گەورەو جیهانی ڕێکخران کە کاریان تەنیا فیلمسازیو ڕێکلامو پەروەردەکردنی کادری شارەزاو شیاو بووە بۆ کاری تەلەڤزیۆنیو ئەم ڕەوتە ڕۆژ لە دووای ڕۆژ هەروا خەریکە خێراتر دەبێت.

لە لایەکیتر ناکرێت لە هاتنە مەیدانی تەلەڤزیۆن، وەکوو ئامێرێکی کارامە بۆ کاروباری رامیاری چاوپۆشی بکەین. چونکە ئەمڕۆ لە جیهاندا هیچ چالاکییەکی سیاسی نییەکە لە چاوی کامێرای تەلەڤزیۆن شاراوە بێتو دەتوانین بڵێین لە زۆر شوێنا وەکوو شاهیدێك بۆ ڕووداوە سیاسییەکان حیسابی بۆ دەکرێت. دیارە ئەمەش ئاکامی خۆماندووکردنی کەسانێکەکە هەموو کۆششی خۆیان بۆ گواستنەوەی ڕووداوەکانو گەیاندنیان بە جەماوەر دەخەنەکار.

(گرنگی تەلەڤزیۆن لە ململانێی هەڵبژاردنەکاندا چ لەو وڵاتانەی کەم پەرەیان سەندووەو خوێندەواری بەرچاو نییەو چ لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتووکە لە هەر ماڵێکدا پێلگری تەلەڤزیۆنی هەیە زۆر بایەخدارو بنەڕەتییە.)[2]

لە بواری ئابووریشدا تەلەڤزیۆن بووە هۆی سەرهەڵدانی تیجارەتی بەرهەمی

---

١ ـ اطلاعات عمومی گنجینە، تهیە وتدوین فریدون سنجری، جلد اول، لاپەرە ٤٢٨.

٢ ـ اصول علم سیاست، نوشتۀ موریس دوورژە، ترجمۀ ابوالفضل قاضی، چاپ ششم، مؤسسۀ انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٦٩، لاپەرە ٢٠٣.

## راگەیاندن

وێنەیی‌و زۆر لە وڵاتان ئێستا ساڵانە داهاتێکی بەرچاو لە ڕێگەی فرۆشتنی فیلم‌و بەرنامە بەدەست دێنن. خشتەی خوارەوە داهاتی کاری فیلمسازی بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٦٧و فرۆشتنیان بە هەندێ وڵاتی جیهان پێشان دەدات[١].

| ناوی وڵات | نرخی بەرنامەی نیوسعاتی بە دۆلار | نرخی فیلمی داستانی بە دۆلار | ناوی وڵات | نرخی بەرنامەی نیوسعاتی بە دۆلار | نرخی فیلمی داستانی بەدۆلار |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەرژەنتین | ٥٠٠تا٨٠٠ | ١٦٠٠تا٢٥٠٠ | بریتانیا | ٢٨٠٠تا٤٢٠٠ | ٦٠٠٠تا١٤٠٠٠ |
| بەرازیل | ١٠٠٠تا١٤٠٠ | ٣٥٠٠تا٦٠٠٠ | بولگاریا | ٣٥تا٥٠ | نەفروشراوە |
| کولومبیا | ١٥٠تا٢٠٠ | ٨٠٠تا١٠٠٠ | رومانیا | نەفروشراوە | نەفروشراوە |
| مەکزیك | ٥٥٠تا٦٠٠ | ٦٠٠تا٨٠٠ | سوڤیەت | نەفروشراوە | نەفروشراوە |
| ڤێنزوێلا | ٥٤٠تا٦٠٠ | ٥٠٠تا٦٠٠ | قوبرس | ٣٠تا٣٥ | ١٠٠تا١٥٠ |
| بەلژیکا | ٤٠٠تا٦٠٠ | ١٢٠٠تا٢٠٠٠ | هیند | نەفروشراوە | نەفروشراوە |
| دانیمارك | ١٧٥تا٢٥٠ | ٩٠٠تا١٥٠٠ | ئێران | ٧٥تا٨٠ | نەفروشراوە |
| فەرانسا | ١٢٠٠تا٢٢٠٠ | ١٦٠٠تا٣٥٠٠ | عێراق | ١٠٠تا١٢٥ | ١٧٥تا٢٢٥ |
| ئێرلەند | ٧٠تا٧٥ | نەفروشراوە | ئیمارات | ٦٥تا٨٠ | ٢٠٠تا٨٠٠ |
| ئیتالیا | ٤٠٠تا٦٥٠ | ٢٠٠٠تا٤٠٠٠ | نیجیریا | ٣٥تا٤٠ | ١٠٠تا٨٠٠ |
| هولەند | ٢٥٠تا٤٥٠ | ١٣٠٠تا١٧٠٠ | ژاپۆن | ٢٠٠٠تا٣٥٠٠ | ٣٠٠٠تا٣٥٠٠ |
| سوید | ٤٠٠تا٤٥٠ | ١٢٠٠تا١٥٠٠ | فیلیپین | ١٠٠تا١٥٠ | نەفروشراوە |

١ - سەرچاوەی خشتە: وسایل ارتباط جمعی وامپراتوری امریکا، هربرت شیلر، ترجمة احمد میرعابدینی، سروش، تهران، ١٣٧٧، لاپەرە ٢٢٨.

# بەشی چوارەم

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو داهێنانی دەزگای نوێ مەیدانی کاری تەلەڤزیۆنی لە کۆتایی سەدەی بیستەم لە بازنەی سنووری وڵاتەکانەوە بۆ هەموو جیهان فراوان کرد. ئەنتێنی هاوبەش[١] و تەلەڤزیۆنی کێبڵی[٢] و لەم دوواییانەش کەوتنە کاری چەندین هەیڤۆکی گواستنەوەی شەپۆلەکانی تەلەڤزیۆنیو ئامێری سەتەلایت[٣] بایەخی ئەم دەزگایەی لە لای بینەران گەلێ زیاتر کردو ئێستا هەرکەس لە ماڵی خۆی دەتوانێت بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی وڵاتانیتر تەماشا بکات. کە ئەمەش سنوور شکاندنێکی بێ وێنەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیداو رەنگە نزیکبوونەوە بێت لە گوندە گەورەکەی مەکلۆهان.

هەرچەندە هاتنە مەیدانی ئامێری ئەنتەرنێت رەنگە سەرەتایەك بێت بۆ دابەزینی بایەخی ئامێری تەلەڤزیۆن. بەڵام گرانی نرخی کارکردن بە ئەنتەرنێتو هەروەها گرفتەکانی کارپێکردنی ئەم ئامێرە، جارێ سەرکەوتنی تەلەڤزیۆنی لە ململانێی نێوان ئەم ئامێرەو ئەنتەرنێت، مسۆگەر کردووەو پێموایە هێشتا زۆری ماوە تا ئەنتەرنێت بە ئامێرێکی راگەیاندنی گشتی لە هەموو جیهان دابندرێتو حیسابی بۆ بکرێت.

■

---

١ - Community Antenna Television(C.A.T.V.)

٢ - Cable Television

٣ - Sattelite ـ سەتەلایت بەخۆی واتە هەیڤۆك، بەڵام لە کوردستان بەو دەزگایە دەوترێت کە شەپۆلەکانی سەتەلایت لە رێگەی سینییەوە وەردەگرێت.

# بەشی پێنجەم

## زاراوەکانی تایبەتی

# چەند زاراوەیەكی تایبەت بە راگەیاندن

راگەیاندنیش وەكو هەموو زانستەكانیتر هەندێ زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە كە رۆژانە هەم لە لایەن ئەو كەسانەی لەناو ئەم دەزگایانە كاردەكەنو هەم لە لایەن ئەو كەسانەی لەم دەزگایانە دەدوێن، بێژ دەكرێنو بەكار دەهێندرێن. ژمارەیەكی یەكجار زۆر لەم وشە جۆراوجۆرانە، پەیڤی فەننیو تەكنیكینو خەڵكانێكی زۆر لەمبارەیەوە قاموسی رەنگاورەنگیان چاپو بڵاو كردووەتەوە، ئەمانە، مەبەستی ئێمە نین. ئەوەی لێرە باسیان لێوە دەكەین هەندێ چەمكن كە زیاتر لە بوارەكانی كۆمەڵناسی، دەروونناسیو راگەیاندندا بەكار دێنو مەبەستێكی گشتی دەگەیێنن. بۆیەش پێم باشە بەگۆتەنیو زاراوە ناویان ببەم نەك پەیڤو وشە.

## بەشی پێنجەم

### ١ ـ قووتدان

هەرچەندە ئەم وشەیە لە زانستی دەروونزانیدا، مانای تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام لە راگەیاندن، بەو حاڵەتە دەوترێت کە تاك یـا کـۆمەڵگا، پـەیامی دەزگـای راگەیاندن بە بێ شەنوکەو کردنو بیر لێ کردنەوە، یە کڕاست وەردە گرێتو ئیمانی پێ دێنێت. وە کوو ئەوەی تۆ پارووەنانێك بخەیتە زاری کەسێکەوەو ئەویش بەبێ ئەوەی بپرسێت چی لەناو پارووە کەیەو بۆ دەبـێت بـیخواتو تەنانەت بەبێ ئەوەی زەحمەتی جەوینی پارووە کەش بداتە خۆی، یە کڕاست قووتی بدات.

زانایان لەم بڕوایەدان کە دیاردەی قووتدان زیاتر لە ئاکامی گیروودەیی تاك بە دەزگایە کی راگەیاندن روو دەدات. واتە کە تاکێك بۆ ماوەیە کی زۆر لە هەموو کارێکدا پشتی بە دەزگاییێکی راگەیاندن بەستو خووی پێوە گـرت، ئـیتر تووشی دیاردەی قووتدان دەبێتو دەرەنجامە کەی ئـەوەیە کـە دەسـەڵاتی بیرکردنەوە لەو کەسەی گیرۆدە بـووە، خـۆبەخۆ دەسـەندرێتەوەو دەخـرێتە دەستی دەزگای راگەیاندن.

پسپۆرانی بواری کۆمەڵایەتی دیاردەی قووتدان بە خاڵە نەرینە کانی دەزگا کانی راگەیاندن دەزانن و پێیان وایە ئەم دەزگایانە بە جۆرەها شێواز هەوڵ دەدەن خەڵك بەرەو کارەساتی قووتدانی پەیامە کانی ئەوان رابکێشن. کە لە ئاکامدا خـەڵك لە بـیرکردنەوەو سـوودوەرگرتن لە زانستو عـەقڵی خـۆیان دوور دە کەونەوە.

پێڕەوی کردن لەو مۆدیلانەی کە لە دەزگا کانی راگـەیاندن رێکـلامیان بـۆ دە کـرێتو هـەروەها چـاولێکەریی هـەندێکەس لە ئـە کـتەرە سـینەماییو تەلەڤزیۆنییە کان، نموونەی زەقی دیاردەی سـەرەوەن. هـەروەها لە بـواری

سیاسیدا، قووتدان بەو حاڵەتە دەوترێت کە بینەر یا بیسەر یا خوێنەر بە بێ بیرلێکردنەوە، رای سیاسی دەزگای راگەیاندن دەسەلمێنێت‌و بە پێی رێنوێنییەکانی ئەو، دەجووڵێتەوەو خۆی بە تەنیا، هیچ بیروباوەڕێکی سەربەخۆی نامێنێت.

## ٢ـ کۆنترۆل لە دوور[١]

مەبەست لە گۆتەنیی کۆنترۆل لە دوور ئەوەیە کە دەزگاکانی راگەیاندن بە پەروەردە کردنی کادیری دیارکراو، پێشەکی جۆرە سیستەمێك بۆ پالاوتنی پەیامەکانیان دادەمەزرێنن کە جۆرە سانسۆرێکی لێ دەکەوێتەوە. هەندێ لە زانایان ئەم حاڵەتە بە دیاردەی (گۆڵچییەکان)[٢] ناو دەبەن. چونکە پێیان وایە کادیرەکان لە ئاکامی پەروەردەکردنی تایبەتی، فێر دەکرێن کە لەناو کۆمەڵێك زانیاری کە وەکوو تۆپ ئاراستەی ئەوان دەکرێت، تەنیا ئەوانە بۆ بلاوبوونەوە لە دەزگای راگەیاندنی خۆیان هەڵبژێرن کە لە قازانجی دەزگاکەیەو زانیارییەکانیتر نەگرنەوەو نەیێڵن دزە بکەنە ناو دەزگاکە. ئەم ئەرکە دەتوانێت لە لایەن پەیامنێران، ئامادەکاران، دەرهێنەران، نووسەران، بەڕێوەبەرانی پەخش‌و هەموو ئەو کەسانە جێبەجێ بکرێت کە لە دەزگای راگەیاندن بە جۆرێك خاوەن دەسەلاتن.

لەم سیستەمەدا پەیامنێرێك کە لە دەزگای راگەیاندنی خۆی دوورە، بە هۆی پەروەردە کرنی پێشتر، وا دەجووڵێتەوە کە دەڵێی لە نزیکەوە فەرمانی پێ

---

١ـ Telekinesis

٢ـ Gate _ Keepers

دەدرێتو لە خۆڕاکۆنترۆل دە کرێت. بۆیەش هەموو پەیامێك بۆ ناوەندە کەی خۆی ناگوێزێتەوە.

ئەم دیاردەیەش لە لایەن زانایانەوە بە خاڵێکی نەرینی دەزگاکانی راگەیاندن دادەنرێت. چونکە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە جیاتی خەڵك، چەند کەسێك پەیامەکان کۆنترۆلو گوڵچین بکەن.

بە بڕوای ئەم چەشنە کەسانە تەنانەت دامەزراندنی ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی هەر لە پێناو دەست بەسەراگرتنی کەناڵەکانی بڵاو بوونەوەی هەواڵەو ئەم ئاژانسانە تەنیا دەنگوباسی وا بڵاو دەکەنەوە کە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خاوەنەکانی ئەوان بێتو ئەوەی بۆنی زیانی لێبێتو سەرمایەی ئەوان بخاتە مەترسییەوە، لەم ئاژانسانە بڵاو ناکرێتەوە.

لە راستیدا وردبوونەوە لە رووداوەکانی جیهانو جۆری هەڵسوکەوتی ئاژانسەکانی دەنگوباس، ئەم بۆچوونە بەهێزتر دەکەن. بۆ وێنە هەڵوێستی دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی بە تایبەت هەندێ ئاژانسی دەنگوباس لە بەرامبەر رووداوەکانی ناو ئیسرائیل، ڤییەتنام، هەندێ وڵاتی دیکتاتۆری سەربە ئەمەریکاو ئێرانو لیبی...تەنانەت کوردستانو تورکیا...زۆر لە یەك ناچنو هەموو کەسێك هەست بە بانێكو دوو هەوایە کە دەکاتەوە.

## ٣ـ رۆبۆتیسم[١]

ئەم زاراوەیە کاتێك بە کار دێت کە دەزگای راگەیاندن، هیچ مەجالێکی بیرکردنەوەو هەڵبژاردن بە تاك یا کۆمەڵ نادات و جەماوەر لە ئاست دەزگای

---

١ ـ Robotism

## راگەیاندن

راگەیاندن، تەنیا دەبنە ڕۆبۆتێك کە فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن.
هەندێ لەزانایان لەم بڕوایەدان کە لەم خاڵە ڕۆڵی راگەیاندن لە رادەبەدەر گەورە

هەندێ زانیاری لەسەر ئاژانسەکانی دەنگوباسی ناوداری جیهانی[1] بە پێی ئاماری ساڵی ١٩٧٠و ١٩٧٣:[2]

| ناوی ئاژانس | شوناس | ساڵی دامەزران | ژمارەی نووسینگە لەدەرە | هەواڵ دەداتە ؟دەزگای راگەیاندن | وشەی موخابرەکراو لەرۆژ بە ملیۆن | داهات لە ساڵی ١٩٧٣ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فرانس پرێس | فەرانسی | ١٨٣٥ | ٩٢ | ١٢٤٠٠ | ١/٥ | ١٤٠ملیۆن فرانك |
| رۆیتێر | بریتانی | ١٨٥١ | ٨٧ | ٤٤٠٠ | ٢ | ٢٤ملیۆن لیرە |
| ئاسۆشێیتدپرێس | ئەمەریکی | ١٨٤٨ | ١٠٤ | ٩٠٠٠ | ٣ | ٨٠ملیۆن دۆلار |
| یووناتیتێدپرێس ئینتێرناشناڵ | ئەمەریکی | ١٩٥٨ | ٩٦ | ٦٤٨٠ | ٣ | ٦٤ملیۆن دۆلار |
| تاس | رووسی | ١٩٢٥ | ٩٤ | ٧٦وڵات | ١/٥ | ؟ |

کراوە. چونکە پێیان وایە دەزگای راگەیاندن رەنگە سەرەتا بتوانێت هێندە کار بکاتە سەر خەڵك کە جەماوەر بە پێی رێنوینییەکانی ئەو هەڵسوکەوت بکەن،

١ – جگە لەم ئاژانسانە، زۆربەی وڵاتانی جیهان یەك یا چەند ئاژانسی نوێچەگەیێن یان هەیە کە سەربە حکوومەتن. بۆ وێنە چین ئاژانسی دەنگوباسی (شین هووا)و ئێران ئاژانسی دەنگوباسی (کۆماری ئیسلامی) یان هەیە.

٢ – سەرچاوە ـ پییر آلبر، مطبوعات، ترجمۀ فضل‌الله جلوه، چاپ اول تهران ١٣٦٨.

بەڵام ئەم دیاردەیە زۆر ناخایەنێت و پاش ماوەیەك خەڵك بە خۆیان دێنەوەو بە پێی بۆچوونەکانی خۆیان دەجوولێنەوە. هەرچەندە واقیعی زۆر لە کۆمەڵگاکان ئەمە پێشان نادات و بە پێچەوانە وا دەرکەوتووە کە رۆژ لە دووای رۆژ خەڵك زیاتر عەقڵی خۆیان دەدەنە دەست ئامێرەکانی راگەیاندن. تارادەیەك کە جەماوەر ناچارن ئەو شتانە لەسەر سفرەی خواردنی خۆیان دابنێن کە لە دەزگاکانی راگەیاندن بە خواردەمەنی خۆش و بە لەزەت دەناسێندرێن.

## ٤ ـ فیدبەك[١]

لە بەشی یەکەم باسی ئەوەمان کرد کە پێوەندی دوو لایەنەیە، واتە پەیامدەر کە پەیامێك رەوانە دەکات، وڵامی پەیامەکەشی لە قاڵبی پەیامێکیتر وەردەگرێتەوە.

لە تێروانینی یەکەمدا پرۆسەی راگەیاندن بە پێوەندییەکی یەکلایەنە یا باشتر بڵێین بە نیوە پێوەندی دێتە بەرچاو. چونکە وا هەست دەکرێت کە دەزگای راگەیاندن تەنیا پەیامەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوەو جەماوەر لە بەرامبەردا هیچ پەیامێك بۆ دەزگا رەوانە ناکەنەوە.

لە راستیدا وانییە. هەرچەندە پەیامەکانی رەوانەکراو لە لایەن جەماوەرەوە دەمودەست نین و دەزگای راگەیاندن وەکوو پێوەندی راستەوخۆ یەکسەر وڵامی پەیامەکانی لە جەماوەر وەرناگرێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە بە تەواوی جێبەجێ دەبێت، کە بە فیدبەك بە ناوبانگە.

فیدبەك هەندێجار شوێنەواری نەرین بەسەر دەزگای راگەیاندن بەجێ دێڵێت کە

Feedback - ١

لە شیکردنەوەی زاراوەی (ناوزڕان) باشتر روونی دەکەینەوە. ئەوەی لێرە پێویستە باسی بکەین ئەوەیە کە ئەگەر دەزگای راگەیاندن پەیامی خەڵك بەهەند وەرنەگرێت، زۆر زوو تواناکانی خۆی لە دەست دەدات. چونکە فیدبەك هەم رادەی کاریگەریی پەیامەکانی دەزگای راگەیاندن بە دەردەخات، هەم بیروبۆچوونی جەماوەر دەخاتە روو کە ئەوان چییان لە دەزگاکە گەرەکە.

هەر چەندە لە کوردستان لە رێگەی پێوەندییەکانی راستەوخۆ یا بەرنامەی جۆراوجۆر، دەزگاکانی راگەیاندن گوێبیستی بیروڕای جەماوەر دەبن، بەڵام زۆرکەم پێشنیارو داواکارییەکانی خەڵك رەچاو دەکرێت و زێدەتر بەرنامەکان بە پێی زەوق و سەلیقەی کاربەدەستی دەزگاکان پێشکەش دەکرێن و مخابن (ئێمە هیچ مەڵبەندێکی راپرسینمان نییە تا بزانین هۆیەکانی راگەیاندنی ئێمە تا چ رادەیەك رۆڵی کاریگەریان بینیوە. بە داخەوە تا ئێستا دەزگاکانی ئێمە نەبوونەتە ئەو پردە «پردی نێوان حکوومەت و خەڵك»، حکوومەتیش لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ رۆژنامەدا، تەنیا یەك لایەنی لێدەوێت «جوان کردن و پاساو هێنانەوە»، زۆر کەم دیومانە بەرپرسان وەڵامی خەڵك بدەنەوەو بەپیر داواکاریەکانیانەوە بچن.)[1]

## ٥ ـ ناوزڕان[2]

دەکرێت دیاردەی ناوزڕان بکەینە دووبەش:

یەکەم ـ ئەو بەشەی ناوزڕان کە لە راستیدا هەر لایەنێکی فیدبەکە، کە لە خاڵی

---

١ـ ئاسۆ کەریم ـ راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا، بە سەرپەرشتی حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، لاپەرە ٣٦.

٢ ـ TStigmata

## بەشی پێنجەم

پێشوو باسمان کرد. ئەویش بەم شێوەیەیە کە دەزگای راگەیاندن پەیامێکی دارێژراو ئاراستە دەکات، جەماوەر بە هۆی کاریگەریی قووتدان، پەیامە کە وەردەگرێت و لە رێگەی فیدبەکەوە دیسان خودی پەیامە دارێژراوەکە، وەکوو خۆی ئاراستەی دەزگا دەکرێتەوەو دەزگا دیسان بە هۆی کاریگەری فیدبەك دووبارەی دەکاتەوەو ئەم کردارە هەروا بەردەوام دەبێت و خولێکی بێئاکامی لێ دەکەوێتەوە. بە مانایەکیتر خودی دەزگای راگەیاندن، دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەیامەکانی خۆی. لە ئاکامدا لەبەرنەبوونی تازەکاری و گۆڕانکاری، گرنگی خۆی وەکوو سەرچاوەیەکی بەنرخ لە دەست دەدات و ناوی دەزڕێت. دەتوانین نموونەی ئەم دەزگایانە لە کوردستان ببینین.

رۆژنامەی حزبی، پەیامەکەی بڵاو دەکاتەوە، خوێنەری حزبی پەیامەکە قووت دەدات و لە وتارێکدا هەر هەمان پەیام، بە چەند وشەیەکی قاڵبی و دارێژراو وەکوو فیدبەك، دەداتەوە رۆژنامە. رۆژی دوواتر ئەم وتارە، کە هەمان پەیامی رۆژی پێشترە، دیسان بڵاو دەبێتەوە.

دووەم ـ بەشی دووەمی ناوزڕان، ئەو کاتەیە کە دەزگایەکی راگەیاندن هێندە پەیامی دوور لە راستی و چەواشە، ئاراستەی خەڵك بکات، کە بە دەزگایەکی درۆزن و چەواشەکار بناسرێت.

لەم حاڵەتە، ئەگەر ئەم دەزگایە پەیامێکی راستیش ئاراستە بکات، کەس بڕوای پێ ناهێنێت و وەکوو شوانە درۆزنەکەی بەسەر دێت.

ئەم ناوزڕانە، دەگاتە ئەو رادەیەی کە کۆمەڵگا بە بێرێزی سەیری ئەو کەسانەش دەکات کە پشت بەو دەزگایانە دەبەستن و سەرپەرشتی یاکاری تێدا دەکەن و کار دەگاتە ئەو شوێنەی لاوێك بڵێت:(تەنانەت رۆژنامەفرۆشەکانیش لە لام رەزایان گران بووە...)

ناوزڕان خراپترین حاڵەتەو زۆر بە گرانی بەسەر دەزگای راگەیاندن

دەوەستێت‌و ئیتر ئەم دەزگایە ناتوانێت هیچ هاوکارییەك پێشکەشی لایەنگر یا کاربەدەستانی خۆی بکات. بۆ وێنە (لەکۆتاییەکانی دەیەی ١٩٥٠ تا ١٩٥٩ لە کووبا نزیکەی سەد ئێزگەی رادیۆیی‌و زیاتر لە ٢٠ رۆژنامەو دەوروبەری ٦ کەناڵی تەلەڤزیۆنی کاریان دەکرد. لەوکاتە چاپەمەنییەکان‌و رادیۆو تەلەڤزیۆن، بە تەواوی بەشێکی جیا نەکراوەی گرووپی هاوکارانی باتیستا بوون.)[1] بەڵام لەبەر ئەوەی ناویان بە درۆزن زڕا بوو، نەیانتوانی خەڵك لە شۆڕشگێڕان جیا بکەنەوەو بۆ لای باتیستا رایان بکێشن.

## ٦ـ سانسۆر[2]

سانسۆر بە واتای کۆنترۆڵ کردنی بیروڕا دەربڕینە. سانسۆر کردن واتە (پێشگیری لە رێگەی دەسەڵاتی «سیاسی، دینی‌و...هتد» لە دەربڕینی هەر بیرو رایەك کە بۆ دەسەڵات یا سیستەمی سیاسی یا ئەخلاقی کە دەسەڵات دەیپارێزێت، بە مەترسیدار دابندرێت. سانسۆر لە یەکەمین کۆمەڵگاکانی سیاسی‌و تیئۆکراتیك دەست پێدەکات، بەڵام لە داهێنانی چاپ بەملاوە زۆر کاراتر بەکار هێندراوە. لە سەدەی شانزدەهەمی زایینی کلیسەی کاسولیك یەکەم لیستی کیتابەکانی قەدەغەی بڵاو کردەوە. پرۆتێستانەکان لە سەردەمی «چاکسازی ئایینی» لە سانسۆر کەڵکیان وەردەگرت. سانسۆر لە سەردەمی ئێمە بە دوو شێوە بەکار دەهێندرێت: سانسۆری پێشگرو سانسۆری سزایی. جیاوازی

---

١ – کوبا، کاسترو، انقلاب ـ منوچهر کمالی طه ، مؤسسهٔ انتشارات امیرکبیر، چاپ چهارم، تهران ١٣٦١ ـ لاپەرە ٣٧.

٢– Censorship

ئەم دووە لەوە دایە کە یەکەمیان پێش بڵاوبوونەوە بەکار دێتو دووەمیان دووای بڵاوبوونەوە.)[1]

هەرچەندە لە زۆربەی وڵاتان سانسۆر بە دیاردەیەکی خراپو ناشیرین دادەنرێتو وڵاتانی دیموکراتیك بانگێشەی نەمانی سانسۆر دەکەن، بەڵام دیسان هیچ وڵاتێك نییە لە هەندێ دۆخی تایبەتی وەکوو شەڕ یا بارودۆخێکیتر چەکی سانسۆر لە دژی دەزگاکانی راگەیاندن بەکار نەهێنێت.

لە راستیدا سانسۆر ئەگەر بەپێی یاسایەکی دیارکراوو لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گەلو نیشتمان بێت، کارێکی خراپ نییە. چونکە لەناو هەموو گەلێك هەندێ هێڵی سوور هەیەکە دەبێ رێزیان لێ بگیرێتو پێشێل کردنیان رەنگە ئاژاوەو پشێوی بخولقێنێت. بەڵام گرفت لێرەیەکە زۆربەی ئەو دەسەڵاتانەی ئەم چەکە لە دژی دەزگاکانی راگەیاندن بەکار دێنن، بەناوی بەرژەوەندی گەلو نیشتمان بڕیارەکان دەردەکەنو وا پێشان دەدەن کە ئەوان دڵسۆزی خەڵکنو ئەو سانسۆڕەی بەکاری دێنن بۆ خزمەتی جەماوەرە. لە حاڵێك کە تەنیا مەبەستیان پاراستنی دەسەڵاتی خۆیانو سەرکوت کردنی دەنگی ناڕەزایی لە دژی سیستەمەکەیانە. لەکوردستان یاسای رۆژنامەگەری، پلەی سانسۆر دەستنیشان دەکاتو لەسەر ئەم یاسایەش قسەی زۆر هەیەو لێرە بواری باسکردنی نییە. بەڵام ئەوەی بیەوێت دەتوانێت چاوێك بەم یاسایەدا بخشێنێت. جگە لەم یاسایە جۆرە سانسۆرێکی حزبی هەیەکە دەزگاکانی راگەیاندن هەموویان نەخۆشی کۆنترۆل لەدووریان هەیەو بۆیەش لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەم حزبانە تەنیا ئەو بابەتانە بڵاو دەکرێنەوە کە بە جۆرێك بەرژەوەندیی حزبەکەی تێدابێتو جگە لەوە هیچ شتیتر بڵاو ناکرێتەوە.

---

١- فرهنگ سیاسی، داریوش آشوری، انتشارات مرواری، چاپی سیزدهم، ١٣٦٤، لاپەرە ١١٠.

هەروەها زۆرجار لەبەر نەبوونی کادیری پەروەردەکراو دیاردەی کۆنترۆلی لە دووریش لە دەست دەردەچێت‌و زەوقی کادیرەکان سانسۆڕێکی بەرفراوان لە دەزگاکانی راگەیاندنی حزبی دەخولقێنێت کە هەرگیز لە بەرنامەوکاری حزبدا نییە. من بەخۆم بینیومە کە کادرێکی راگەیاندن کە تازە چووەتە ناو کارەکەو ماوەیەکی کورتە هاتووەتە ناو حزبێك، بابەتی کادیرێکی دڵسۆزو دێرینی حزبەکەی بە بیانووی ئەوەی کە (بەڕای من ئەم بابەتە زیانی حزبی تێدایە!) بە لایەکەوە ناوەو بڵاوی نەکردووەتەوە. ئەوجا کادیرێکی دێرین‌و کۆنەکاری حزبێك زیان‌و بەرژەوەندی ئەم حزبە باشتر دەزانێت یا کابرایەك کە هێشتا نازانێت حزبەکە بۆ دامەزراوەو لە پێناوی چی خەبات دەکات‌و خۆی بە هەڵکەوت یا بە واستە چووەتە ناو دەزگای راگەیاندن؟ کامەیان راست دەکەن، ئەمەیان با بمێنێت.

## ٧ ـ شتسەرووەری[١]

راگەیاندن خۆ لە خۆیدا دەبێتە هۆی سەپاندنی هەندێ ئامێری تایبەت بە راگەیاندن‌و لەبەر رادەی بەرزی سەرنجراکێشی بەرنامەکانی دەزگاکانی راگەیاندن، خەڵك ناچار دەبن کۆمەڵێك لەم ئامێرانە لە ناوماڵی خۆیان جێ بدەن. بۆ وێنە ئێستا تەلەڤزیۆن، رادیۆ، ڤیدیۆ، سی.دی‌و سەتەلایت، لە زۆربەی ماڵەکان بوونەتە پێویستییەکی ژیان‌و باشترین شوێنی ژوورەکانیشیان داگیر کردووە. جگە لەوەش ئەم ئامێرانە بوونەتە هێمایەك بۆ پێشاندانی پێشکەوتن‌و پایەبەرزی‌و خۆ نواندن. واتە لێرە شتەکان لە ژیانی خەڵکدا پلەیەکی

---

١- Reification

خۆشەویستیی و سەروەرییان بە دەست هێناوە کە لە راستیدا وانییەو رەنگە گەلێ پێداویستی تر هەبێت کە لەبەر ئەم ئامێرانە چاوپۆشی لێ بکرێت و ئەو چاوپۆشییەش زیان بە ئەندامەکانی خێزان بگەیێنێت.
لە لایەکیتر بەرنامەکانی دەزگای راگەیاندن و بە تایبەت رێکلامە بازرگانییەکانی، وا لە خەڵك دەکات کە بەبێ ئەوەی پێویست بێت بایەخ بە هەندێ شتی ناومال بدەن و شەوو رۆژ مێشکی خەڵك بەوە مژوول بێت کە چی بکرێت، چۆن مۆدیلی سەیارەکەی و ناوماڵەکەی و جلوبەرگەکەی تازە بکاتەوەو کورت و کرمانجی ئەوەی لای خەڵك گرینگ و بایەخدار دەبێت هەر شت دەبێت و بەس. لێرەیە کە دەوترێت لەناو کۆمەڵگادا دیاردەی شتسەرووەری سەری هەڵداوە.

## ٨ـ لاکەوتە[1]

لاکەوتە بەو گرووپ یا کۆمەڵە بچووکانە دەوترێت کە بەهۆی شاخاوی بوون یا بەرفراوانی رووبەری وڵات لە شارو گوندەکانیتر دوور هەڵکەوتوون. یا ئەو هۆزو تیرەو گرووپە ئایینییانەی بەهەر هۆیەك خۆیان لە کۆمەڵگا دوور دەکەنەوەو ژیانی لاکەوتەیی دەگرنەبەر.
بۆ نموونە لە ئێران یارسانەکان یەکێك لەو تیرە ئایینییانەن کە زۆر تێکەڵ بە کۆمەڵ نین و دابونەریتی خۆیان تا رادەیەك بە نهێنی راگرتووە. هەر لەم وڵاتە هەندێ هۆزی بەلووچی یا تورکمان هەن کە لە کۆمەڵ بەدوورن و کمتر تێکەڵ بە خەڵکی دەبن. لە کوردستانی خۆشمان هۆزو عەشیرەتی وا هەن کە بەهۆی

---

١- Isolates

# راگەیاندن

دژواری شوێنی نیشتەجێ بوونیان زۆر تێکەڵ بە جەماوەر نابن. هەروەها برا ئێزدییەکان و تارادەیەك براکاکەییەکان لەوگرووپە ئایینییانەن کە خەڵك بەباشی لێیان نازانن و ئەوانیش زۆر پێیان خۆش نییە، خەڵکیتر تێکەڵیان بێت و بۆخۆیان ژیانی لاکەوتەییان هەڵبژاردووە.

کاریگەری راگەیاندن لێرە بەدەردە کەوێت کە دەتوانێت ئەم لاکەوتەییە لەناو بەرێت و سنوورەکان بشکێنێت و هەموو جۆرە لەمپەرێك لەسەر رێگەی خۆی هەڵگرێت. سەرەرای ناکراوەیی ئەم کۆمەڵە جۆراوجۆرانە، راگەیاندن دەتوانێت زانیاری دەرەوەیان پێ رابگەیێنێت و کار بکاتە سەریان بۆ ئەوەی ئەوانیش لەگەڵ بەشەکانیتری کۆمەڵ هاورەنگ و هاوئاهەنگ بن و لەکۆتاییدا مەوداکان و ناوبرەکان لەناو دەچن و هەموو کۆمەڵگا دەبێتە یەك. پەرە سەندنی ئەم یەکگرتنە دەبێتە هۆی یەکبوونی بیرو باوەری سیاسی و نیشتمانی و یەك هەڵوێستی کە (یەکرەنگسازی)[1] پێ دەڵێن.

زۆر لە زانایان ئەم خاڵە بە زیانبەخش دەزانن و پێیان وایە ئەم کارەی راگەیاندن دەبێتە هۆی تاوانەوەی دابونەریت و تەنانەت زمانی گرووپ و کۆمەڵە و نەتەوە بچووکەکان و پێیان وایە ئەم یەکرەنگییەی کە دووای کاریگەری راگەیاندن دەسەپێت، تەنیا ئەورەنگەیە کە بەرپرسانی دەزگاکانی راگەیاندن پروپاگندەیان بۆ کردووە، نەك رەنگێك کە لە تێکەڵاویی دادگەرانەی هەموو گرووپ و هۆزو تیرەو نەتەوەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگا ساز کرابێت.

بەڵام هەندێکیتر پێیان وایە ئەگەر دەزگای راگەیاندن بە شێوەیەکی زانستیانە بخرێتە کار، دەتوانێت لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کەمینە زەمینە بۆ یەکرەنگی کۆمەڵ خۆش بکات. چونکە ئەندامانی کۆمەڵگا مادەم دەتوانن

---

Homogenization -١

## بەشی پێنجەم

پێکەوە لەناو یەك نیشتماندا بژین، دیارە خاڵە هاوبەشە کانیان لە جیاوازییە کانیان زیاترەو راگەیاندن دەتوانێت جەخت لەسەر خاڵە هاوبەشە کان بکات و گرووپە کان لەیەك نزیکتر کاتەوە.

## ١٠ ـ خۆسانسۆری

خۆسانسۆری بەم سانسۆرە دەوترێت کە لە لایەن تاك خۆیەوە جێبەجێ دە کرێت، بەبێ ئەوەی هیچ یاسا یا فەرمانێك داوای لێبکات.
لە راستیدا خۆسانسۆری بە جۆرێك، دە گەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندییە کانی ئەو کەسەی کە خۆی سانسۆر دە کات لە بەرامبەر دەسەڵاتدا. واتە کاتێك کەسێك دەربڕینی بیروبۆچوونێك بە زیانی بەرژەوەندییە کانی خۆی لە لای دەسەڵات دەبینێت، یا دەرنەبڕینی مەبەستێك بە قازانجی خۆی دەزانێت، ئەوکاتە بەبێ ئەوەی کەسێك ناچاری کات، ئەم کەسە لەخۆڕا خۆی سانسۆر دە کات و بۆچوونە کە دەرنابڕێت. یا بۆچوونی وا دەردەبڕێت کە بەرژەوەندییە کانی بپارێزێت. ئێستا گۆتەنی، دە کەوێتە ماستاو کردن.
ئەم دیاردەیە گرفتێکی مەترسیدارەو دەبێتە هۆی دوواکەوتنێکی یە کجار زۆر.
چونکە ئەم سانسۆرە نە بە پێی یاسایە کی دیارکراوە، نە دە کرێت کەس وە کوو خەتاکار یا سەپێنەری سانسۆر دەستنیشان بکرێت و نە ئەوکەسەی خۆی سانسۆر دە کات، لە نەزانییەوە بەمکارە هەڵدەستێت، بەڵکوو بە ئاگاداری تەواوەوە کارە کە ئەنجام دەدات. بۆیەش گۆڕینی رای ئەم جۆرە کەسانە گەلێ بە زەحمەتە.
کە لە قۆناخی ناوەندی دەمخوێند، یادی بەخێر مامۆستایە کم هەبوو، کە هەمیشە دەیوت: بەیانیان لە کاتی هەستانەوە ئەگەر نووستبن، کە دایکتان کەرەتێك

بانگتان بکات، یه کڕاست له خەو رادەپەڕن، بەڵام کە بە ئاگابن و خۆتان لەخەو دابێت، ئەوە پەنجا جاریش بانگتان کەن، دیسان هەر بە ئاگا نایێن، چونکە بە ئەنقەست خۆتان لەخەو داوە. لە راستیدا خۆسانسۆڕیش حاڵەتێکی وەکوو سەرەوەیەو کەسی وا زەحمەتە وشیار بکرێتەوە.

مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی لەمەڕ گرنگی ویستی مرۆڤ لە ئازاد بووندا دەڵێت: (مرۆڤ تاخۆی ئازاد نەکات، کەس ناتوانێ ئازادی پێ بدا. ئەوەش مەسەلەیەکی زاتییە. وشەی «هەللاجی» بۆ بەکار دەبرێت. خۆ هەللاج کردنێکە. تقووسێکە. چۆن بتوانی بیر کردنەوەت هەللاج بکەیت. دادەنیشی بێ سانسۆر چی هەیە بیخەرە سەر کاغەز، باشە لەوە چی باشەو چی خراپە؟ بۆ خۆت چ رێگەیەك هەڵدەبژێری، دەبی لە کۆمەڵگەدا ئازادی سیاسیو بیروڕا دەربڕین هەبێ. دیسان ئازادی بنەڕەتی ئازادیی زاتییە. پێویستە مرۆڤ خۆی خۆی بگەیەنێ بەوەی ئازادانە بیر بکاتەوە...)[1]

---

١ – گفتوگۆ، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٧، ئامادەکردنی گۆڤاری رامان، لاپەرە ٢٩.

# بەشی شەشەم

## ئەرکەکان

# ئەرکەکانی راگەیاندن

بیرورِا لەسەر ئەرکەکانی راگەیاندن گەلێ زۆرو جۆراوجۆرن. پسپۆرو شارەزایانی بواری راگەیاندن، هەریەکەو بە پێی روانینی خۆی بۆ ئامێرەکانی پێوەندی گشتی، کۆمەڵێك ئەرکیان بۆ راگەیاندن دەستنیشان کردووە. بەڵام وێرِای جیاوازی لە روانگەکاندا، دەتوانین خاڵی هاوبەشی فراوانیش لە ناو ئەو بیرو هزرانەدا بدۆزینەوە.

مەك لۆهانی کەنەدی، ئامێرەکانی پێوەندیو دەزگاکانی راگەیاندن، بە سەرچاوەو تەوەری رەوتی بەرەو پێشەوەچوونی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنێت. ئەم زانایە رای وایە کە خودی ئامێری پەیوەندیش هەڵگری پەیامی سەردەمێکی نوێیەو بۆیەش تەنیاگواستنەوەی پەیامەکە، بە ئەرکی سەرەکی ئەم ئامێرە نازانێت، بەڵکوو بنیاتنانی جیهانێکی نوێ‌و هەوڵ بۆ پێشکەوتنی هەمە لایەنەی ئەم جیهانە، بە ئەرکە گرینگەکانی ئامێرەکانی پێوەندی گشتی دادەنێت.(1)

ئەرکەکانی راگەیاندن لە دیدی لاسوێڵ زانای ئەمریکی ئەمانەن:

١ ـ هاوکاری لە پاراستنی ژینگە بە هەموو لایەنەکانەوە.

٢ ـ هاوکاری بۆ سازبوونی یەکێتی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگا لە وڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ژینگەیی.

٣ ـ هاوکاری بۆ گواستنەوەی کەلەپووری کۆمەڵایەتی، لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکیتر.

پرۆفیسۆر رۆژێر کڵاوس ئەرکەکانی راگەیاندن بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات:

---

١ – بروانە: جامعه شناسی ارتباطات، د.باقر ساروخانی، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧٣.

## بەشی شەشەم

یەکەم ـ ئەرکەکانی پێوەندی فیکری:

١ ـ زانیاری‌و هایداری ـ کە ئەم ئەرکەش دەکاتە دووبەش:

أ ـ هەواڵەکانی رۆژانە. ب ـ دەنگوباسی گشتی.

٢ ـ پەروەردە کردن ـ ئەم ئەرکە سێ لایەنی هەیە:

أ ـ پەروەردە کردنی هزرو هەست. ب ـ پەروەردە کردنی بیرو باوەڕ.

ت ـ پەروەردە کردنی هونەری.

٣ ـ ناساندن ـ ئەم ئەرکەش سێ لایەن دەگرێتە خۆی:

أ ـ ناساندنی فەرهەنگ‌و شارستانییەت. ب ـ شیکردنەوەی ئەو بیروباوەڕو ئایدۆلۆژییانەی کە هەن. ت ـ بەڵگە هێنانەوە بە مەبەستی کارلێکردن‌و گۆڕینی بیروڕای خەڵك.

٤ ـ داسەپاندن ـ بە بڕوای کلاوس ئەم ئەرکە دووبەشە:

أ ـ پرۆپاگندەی بازرگانی ب ـ پرۆپاگندەی سیاسی.

دووەم ـ ئەرکەکانی دەروونی، کۆمەڵایەتی:

ئەم زانایە ئەم ئەرکانە دەکاتە سێ بەشی سەرەکی:

١ ـ یەکگرتنی کۆمەڵایەتی

٢ ـ سەرگەرمی

٣ ـ دەروون دەرمانی[1]

مووریس دوڤێرژێ وێڕای رەخنەگرتن لە دەزگاکانی راگەیاندنی سەرمایەداری، پێی وایە کە راگەیاندن دەبێت هەوڵ بدات خەڵك وشیارو پەروەردە بکات. ئەم پەروەردە کردنەش دەبێت لە پێناو چاکسازی‌و

---

١ ـ وسائل ارتباط جمعی، جلد یکم، د.کاظم معتمد نژاد، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، تهران ١٣٧١، لاپەرە ٢٠.

## راگەیاندن

پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەگشتی بێتو نابێت بە فرتو فێڵ سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت، ئەویش لە پێناو هاتنە دیی بەرژەوەندییەکانی چەند کەسێك یا چەند حزبێك. بە بڕوای ئەم زانایە دەزگاکانی راگەیاندن دەبێت دوور لە درۆو دەسەلە، راستییەکان بۆ خەڵك روون بکەنەوەو لەکاتی هەستەوەردا هێوریان کەنەوە تا لە رووی عەقڵو لۆژیکەوە بڕیاری خۆیان بدەن.[١]

پڕۆفیسۆر هێربێرت شیلێر[٢] مامۆستای زانکۆی کالیفۆڕنیا دەڵێت: (ئامێرەکانی پێوەندی گشتی، بۆ دابین کردنی پێوەندییەکی رۆشنگەرو بە تاسە، دەبێت رێبەرایەتی بکەن نەك دووهاژۆیی.)[٣]

بە بڕوای لێنین ئەرکە سەرەکییەکانی هونەرو راگەیاندن بریتین لە (پەروەردە کردنو بەرزتر کردنەوەی ئاستی زانیاری کۆمەلانی خەڵكو سازکردنی زەمینەیەکی یەکسان بۆ گەشە سەندنی فەرهەنگی راستەقینەو پەرە سەندنی هونەرە بەرزەکانی کۆمۆنیستی.)[٤]

دکتۆر باقری ساروخانی مامۆستای زانکۆ لە ئێران پێنج ئەرکی سەرەکی بۆ راگەیاندن دەستنیشان دەکات کە ئەمانەن:

١ـ خۆشگوزەرانی ٢ـ هەواڵ ٣ـ وەك یەکسازی ٤ـ ئاگادارکردنەوە
٥ـ دروست کردنی هەستی هاوبەشی کۆمەلایەتی.

---

١ – بڕوانە: اصول علم سیاست، نوشتۀ موریس دوورژه، ترجمۀ ابوالفضل قاضی، چاپ ششم، مؤسسۀ انتشارات امیرکبیر، تهران ١٣٦٩.

٢ – Herbert I. Schiller

٣ – وسایل ارتباط جمعی وامپراتوری امریکا، هربرت شیلر، ترجمۀ احمد میرعابدینی، سروش، تهران، ١٣٧٧، لاپەرە ٣١٨.

٤ – خاطراتی از لینین، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ج ٢٠، لاپەرە ٤٥٦.

## بەشی شەشەم

لەکوردستانیش ئاسۆ کەریم دەڵێت:

(هەر هۆکارێکی گەیاندن «خوێنراو، بیستراو، بینراو» کۆمەڵێك ئەرکیان لە سەرە... کە گرینگترینیان زانیاری گەیاندنو سازدانو ئاراستە کردنی خەڵکە. واتا کار لە رەوشتو باوەڕی بکەی. دەتوانم بڵێم لە وڵاتی ئێمە ئەمە ئەرکی بنەڕەتی راگەیاندنەو لە پلەی یەکەمدایە.)(١)

بە هەرحاڵ سەرەڕای گەلێ بیروڕای تریش کە بە ناوی ئەرکەکانی راگەیاندن لە پەرتووكو نامیلکەو گوتاری جۆربەجۆر بڵاو کراونەتەوە، ئەوەی لێرە دەتوانین بە دڵنیایی دەری ببڕین ئەمەیە کە رۆژ لە دووای رۆژ بە گۆڕینی ئامێرەکانی پێوەندیو پێشکەوتنی دەزگاکانی راگەیاندن،کارو ئەرکەکانی ئەم دەزگا سەرسووڕهێنەرانەش تووشی گۆڕانکاری دەبێتو بۆیەش ناکرێت روانگە یا بیروڕایەکی سنووردار لە چەند خاڵی دیارکراو، بۆ هەمیشە وەکوو ئەرکی راگەیاندن دەستنیشان بکرێن. هەرچەندە هەندێ ئەرکیش هەیە کە رەنگە بۆ هەمیشە نەگۆڕێنو هەتاهەتایە بە ئەرکی دەزگاکانی راگەیاندن دابندرێن.

بەڕای من لە بارودۆخی ئێستای کوردستان، دەتوانین کۆمەڵێك ئەرکی دیارکراو بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دەستنیشان بکەین کە لە خوارەوە یەك بەیەك باسیان دەکەین. با ئەوەش بڵێم کە ئەم خاڵانە لەسەر ئەوگریمانە داڕێژراون کە دەزگاکانی راگەیاندن بە مەبەستی خزمەت بە گەلو نیشتمان دامەزراونو کارەکانیان بەڕێوە دەبەن. دیارە ئەگەر دەزگایەك بە مەبەستێکیتر رێکخرابێت، ئەوە هەوڵ دەدات ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە بۆی دەستنیشان کراونو دەزگایێکی وا لەم باسەدا جێی نابێتەوە.

---

١- ئاسۆ کەریم ـ راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا، بە سەرپەرشتی حەمە کەریم عارف ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، لاپەرە ٣٦.

# ڕاگەیاندن

## ١ ـ هەواڵبێژی

ڕەنگە زۆربەی خەڵك، کە ناوی ڕاگەیاندن دەبیستن، بکەونە هزری دەنگوباس و هەواڵی ڕۆژانە. دیارە هۆیە کەشی ئەوەیە کە کارێکی گرنگی ئـامێرەکـانی پێوەندی، ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی دەنگوباسە.
لە لایەکیتر مرۆڤ خۆی، بایەخێکی زۆر بە ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی دەدات و بۆیەش ڕۆژانە گەلێجار گوێمان لە دەستەواژەی (ئەرێ باس و خواسی نوێ چی هەیە.) دەبێت. نابێ لە بیر بکەین کە ئێستا لە کوردستان خەڵکێکی زۆر هەن کە رادیۆو تەلەڤزیۆنیان هەیە، یا ڕۆژنامە دەخوێننەوە، تەنیا بۆ ئـەوەی هەواڵێکی نوێیان دەست کەوێت. بۆیە زۆریـنەی خـوێندەواران، ڕۆژنـامە دەخوێننەوە تا کیتاب. چونکە پێیان وایە هەواڵی نـوێ لەنـاو لاپـەڕەکـانی ڕۆژنامەوگۆڤارەکان دەست دەکەوێت. دیاردەی نەبوونی خەڵکێکی بەرچاو لە پەرتووکخانە گشتییەکان سەلمێنەری وتەی سەرەوەیەو تا رادەیەکیش ڕاستە.
بۆیەش دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگایەکی وەکووکوردستان، ئەرکی هەواڵبێژی بۆ دەزگای ڕاگەیاندن هێندە گرینگە کە زۆرجار نرخ و قیمەتی تایبەتی دەداتە ئەم دەزگایانە. بۆ مرۆڤێك کە هەردەم بە دووای هەواڵی نوێ دەگەڕێت، سروشتییە کە دەزگاییێکی خۆشبوێت کە ئـەم خـزمەتەی بـۆ جـێبەجێ دەکـات و بـە پێچەوانەش. کە واتە دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەگەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن ئەم ئەرکە واتە گەیاندنی هەواڵ، بە هەند وەرنەگرێت، ڕەنگە نەتوانێت لە دڵی خەڵك شوێنێك بۆ خۆی دەستەبەر بکات.
ئەرکی هەواڵبێژی تەنیا ئەوە نییە کە دەزگـای ڕاگـەیاندن هـەواڵـە سـیاسییە گرینگەکان بڵاو بکاتەوە. بەڵکوو ئەم ئەرکە زۆر بەرفراوانەو لق و پۆپی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

هەواڵی سیاسی، ئابووری، وەرزشی، هونەری، پزیشکی، کۆمەڵایەتی، زانستیو تەنانەت ئاووهەواو ڕێگەوبانو کارەساتو...هتد لەم هەواڵە سەرنج ڕاکێشانەن کە خەڵك ڕۆژانە لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن چاوەڕێ دەکەنو کەمتەرخەمی لەمبارەیەوە چ لە هەواڵەکانی ناوخۆو چ لە دەنگوباسی دەرەوە، دەبێتە هۆی لە دەستچوونی جەماوەرو ڕووکردنی خەڵك لە دەزگایەکی تری ڕاگەیاندن.

لە لایەکیتر بە بڕوای دەروونزانان، کەمتەرخەمی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵو دەنگوباس، بە تایبەت لە بارودۆخی هەستیارو ناسك، دەبێتە هۆی تەشەنە کردنی پروپاگندەو وتەوت، کە دیاردەیەکی مەترسیدارەو ڕەنگە ناحەزان سوودی نابەجێی لێ وەربگرن، ئەویش بە مەبەستی تێکدانی بارودۆخی کۆمەڵگا.

بە بڕوای دکتۆر یووسف حەمەساڵح (وتەوت کاتێك دەبووژێتەوە کە پێداویستی بۆ هەواڵەکان هەبێتو لە لایەکی ترەوە هەروەها دەبووژێتەوە لە کاتێکدا هەواڵەکان زۆر فراوان بنو خەڵکەکە گومانی لێ دەکەن....دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پێناوی ڕۆشنکردنەوەی ڕای گشتی بە ڕاستییەکان بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵبستنو دەبێت ڕاگەیاندن کاریگەر بێت لە نەهێشتنی هەر لێڵییەك کە لەوانەیە هەندێکەس کە چەند هەواڵێك دەبیستن، تێی دەکەون. لەبەر ئەوەی وتەوت لە نەبوونی هەواڵدا دەبووژێتەوە، پێویستە ڕاستییەکان لە لایەن ڕاگەیاندنەوە بە خەڵك بوترێت...)[1]

---

١ – بڕوانە ـ دەروونزانی، شەڕی دەروونی، کەسایەتیو کەسایەتی سەرکردە ـ دکتۆر یووسف حەمە ساڵح مستەفا، پرۆفیسۆری یاریدەر لە دەروونزانیو کەسایەتی، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ـ تاکەو دانەی ☞

# راگەیاندن

ئاشکرایەکە جێبەجێ کردنی ئەرکی هەواڵبێژی، پێویستی بەکۆمەڵێك کادیری لێهاتوو، شارەزاو زیرەك هەیەکە ستافی بێژەران، پەیامنێران، وەرگێڕەکان، نووسەرانو وێنەگرانو...هتد پێك دێننو لە سیستەمێکی وا رێکدەخرێن کە بە زووترین کات هەواڵەکان ئامادەو پێشکەش بکەن. چونکە گرنگترین روخساری هەر هەواڵێك نوێبوونەکەیەتی. کە دەنگوباسێك لە کاتی خۆیدابڵاو نەکرایەوە ئیتر بایەخی خۆی لە دەست دەدات. بۆیەش خەڵك زیاتر سەرنج دەدەنە ئەو دەزگایانەی کە زووتر هەواڵ بڵاو دەکەنەوە.

هەواڵ دەبێت بە زمانێکی ئاسان بنووسرێت، تا هەموو خەڵك بە باشی لێی تێبگەنو هەروەها هەموو رووداوەکە بە تەواوی روون بکاتەوەو هیچ پرسیارێك لەلای خەڵك بەجێ نەهێڵێت. هەروەها پێشکەشکاری هەواڵ دەبێت لە بێژکردنی وشەکان هیچ گرفتێکی نەبێتو زمانەکی پاراوی هەبێت. دەنگێکی خۆشو بۆ تەلەڤزیۆن سیمایەکی مامناوەندیی هەبێت. واتە نە زۆر ناشیرینو نە لە رادەبەدەر جوان بێت. بەتایبەت بێژەری ئافرەت لە کاتی پێکەشکردنی دەنگوباس، نابێت لە رادەبەدەر خۆی برازێنێتەوە، چونکە شاشەی تەلەڤزیۆن بەتایبەت لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ پێشانگای مۆدیلاتو جلوبەرگو...هتد نییە. ئەم جۆرە شتانە نایەڵن بینەر بە باشی لە هەواڵەکە تێبگاتو هزرو بیری دەشێوێننو تەماشەڤان وا هەست دەکات کە ئەوە خەتای دەزگاکەیە کە ئەو لە هەواڵەکان تێنەگەیوە.

لە رۆژنامەکانیش کە هەواڵەکان بە نووسین بڵاو دەکرێنەوە، دەبێت دەنگوباسەکان بەبێ هەڵەی چاپی بڵاو بکرێنەوەو بە زمانەکی ساکارو پاراوو

☞ «مفردات» بەرنامەی خوێندنی «دەروونزانی» بۆ خولی ۱۲ی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ۲۰۰۱.(نووسەر هەندێ وشەی پاشوپێش کردووە.)

## بەشی شەشەم

دوور لە هەڵەی ڕێزمانی چاپ بکرێن. هەروەها لەکاتی پێویست بۆ دەوڵەمەند کردنی هەواڵ دەبێت لە وێنەی گونجاو سوود وەر بگیرێت. بەڵام نابێت وێنە بە مەبەستی پروپاگندە بخرێتە ناو هەواڵ و دەنگوباسەوە. چونکە کاریگەرییە کەی پێچەوانە دەبێت.

من جارێك لە برادەرێکی کاربەدەستی دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە کوردستانم پرسی کە ئەرێ بۆ دەزگاکەی ئەوان بایەخ بە هەواڵە کانی دەرەوە نادات؟ لە وڵاما فەرموویان کە بۆ هەواڵی دەرەوە سەرچاوەی زۆری بیانی وەکوو (بی.بی.سی.)و (ئەلجەزیرە)و (مۆنتی کارلۆ) هەن و خەڵك دەتوانن کەڵکیان لێ وەربگرن. کەواتە پێویست ناکات ئێمە خۆمان بەو مەجالەوە ماندوو بکەین.

بە ڕای من ئەم بۆچوونە بە تەواوی هەڵەیە. چونکە کە تۆ خەڵکت بەرەو دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بیانی ڕەوانە کرد، ئەوە هەم خەڵکی خۆت لە کیس چوو، هەم زەمینەیەکت بۆ کاریگەری دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بێگانە خۆش کرد کە بە مەبەستێکی تایبەتی بەرنامە کانی بڵاو دەکاتەوە. مەرجیش نییە هەمیشە مەبەستی ئەو دەزگایەو مەبەستی تۆ یەك بگرنەوە.

جگە لەوەش گرنگیدان بە هەواڵبێژی، قەدرو قیمەتی دەزگای ڕاگەیاندن لە لای خەڵك زێدەتر دەکات و لە ئاکامدا جەماوەر لەکاروبارە کانی تریش پشتی پێ دەبەستن و گوێ بۆ پەیامە کانی تری دەزگا شل دەکەن. کەواتە نابێت ئەم ئەرکە پشت گوێ بخرێت.

شتێکیترکە نابێت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵە کان لەیاد بکرێت، کاتێکی دیارکراو بۆ پەخشی هەواڵە. ڕۆژنامە ئەگەر هەموو ڕۆژێك لەکاتی دیارکراوی بڵاو نەکرێتەوەو لاپەڕەی تایبەتی بۆ هەواڵ و دەنگوباسی ناوخۆو دەرەوە نەبێت، بە لاواز دادەندرێت. هەروەها ڕادیۆو تەلەڤزیۆن پێویستە لەکاتی دیارکراو بەبێ دوواکەوتن، هەواڵە کان بڵاو بکەنەوە. نابێ لەیاد بکەین کە ئێستاش خەڵك

# راگەیاندن

ساعەتی خۆیان لەگەڵ ئەو رادیۆو تەلەڤزیۆنانە رێك دەكەن كە دەنگوباسەكانیان هەمیشە لەكاتێكی دیاركراو بڵاو دەكرێنەوە. دیارە ئەمەش دڵنیایی و متمانەی خەڵكە كە بەم دەزگایە دەگەیێنێت. نابێت لەبەر ئەوەی هێشتا هەواڵـی فـڵانە رووداو یا دیداری فڵانە مەسئول ئامادە نەكراوە یا نەگەییوە، پەخشی هەواڵ دووا بخرێت. ئەمە هەڵەیەكی گەورەیە كە دەزگاكانی راگەیاندنی ناوخۆی كوردستان رۆژانە دووبارەی دەكەنەوە. ئەم دیاردەیە زۆر بە خراپیش بەسەر ئەو لایەن یا بەرپرسە دەشكێتەوە كە لەبەر خاتری ئەو، هەواڵەكان دووا خراوە. من بەخۆم لە رادیۆی پێشكەوتن ئەم ئەزموونەم هەبووەو لە ئاكامی گرنگیدان بە دەنگ‌و باسی ناوخۆو دەرەوەو هەروەها هەواڵەكـانی زانسـتی‌و هـونەری‌و پەخشی هەواڵ لەكاتێكی دیاركراو، رادیۆی پـێشكەوتن تـوانـیی زۆر زوو ژمارەیەكی یەكجار زۆر لایەنگر بۆخۆی كۆ بكاتەوە. زۆر لە بیسەران كـە سەردانی بارەگای رادیۆیان دەكردو من وەكوو بەڕێوەبەر، دەرهەق بە رادیۆ لێم دەپرسین، وایان دەردەبڕی كە رادیۆی پێشكەوتن لە بیرو هزری ئـەوان دەزگایەكی بەرفراوان‌و گەورەیە، بۆیە توانیویەتی گەلێ كاری نوێ پێشكەشی بیسەرانی خۆی بكات. لە حاڵێك رادیـۆی پـێشكەوتن جگـە لە چـەند لاوی خوێنگەرم‌و دڵسۆز هیچ ئیمكانییەتێكی تری بەرچاوی نەبوو. بۆیەش زۆرجار بە هەڤاڵانی كارمەندی رادیۆم دەگوت، هەوڵ بدەن بیسەران نـاو سـتۆدیۆو دەزگاكانی سەرەتایی رادیۆ نەبینن.

ماوە ئەوە بڵێم كە ناتەواوی یا درۆ لە دەنگوباس، دەبێتە هۆی بـێ بـڕوایـی خەڵك‌و دەزگای راگەیاندن تووشی ناوزڕان دەكات كە پـێشتر بـاسمان لێ كردووە. هەروەها سانسۆر لە متمانەی خەڵك بـە دەزگـای راگـەیاندن كـەم دەكاتەوەو وای لێدەكات جەماوەر لێی دوور كەونەوەو پەنا بۆ دەزگایە كیتر ببەن بۆ ئەوەی راستییەكان بزانن. دیارە لە جیهانی ئێستاو لە سۆنگەی هەبوونی

## بەشی شەشەم

دەزگای راگەیاندنی یەکجار زۆر، کەمەجالی گوڵبژێرکردنیان بە پان و پۆڕی بۆ خەڵك رەخساندووە، شاردنەوەی هەواڵێك لە جەماوەر هێندە زەحمەتە کە شاردنەوەی کێوی سەفین. بۆیەش باشترین رێگە ئەوەیە هەرچی هەبێت، بە راست و رەوانی بۆ خەڵك بوترێتەوە.

## ٢ـ پەروەردەو فێرکاری

هەرچەندە ئەم ئەرکەی راگەیاندن، زیاتر لە کاری وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن دەچێت، بەڵام لە راستیدا، لەکاری راگەیاندن، پرۆسەی پەروەراندن و فێرکردن، هەم ئاڵۆزترو هەم بەرفراوانترە لە دامەزراوەکانی پەروەردەیی حکوومەت و کەرتی تایبەت. هەموو دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن ببنە فێرگەیەکی بەرفراوان و هەموو جەماوەر بەگشتی و بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بخەنە ژێر سێبەری بەرنامە پەروەردەکانیان. دیارە ئەم کارە بە هیچ ناوەندێکی تری پەروەردەیی ناکرێت. ئەگەرە کەشی ئەمەیەکە دەزگاکانی راگەیاندن لەم سەردەمە، بە شێوەیەکی بەربڵاو خزیونەتە ناو ژیانی خەڵك و بە هەرزانی لەبەر دەستن. بۆیەش ئەم دەزگایانە دەتوانن راهێنەرو فێرکاری باش بن بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

خودی دەزگا پەروەردەییەکان، هەوڵێکی زۆریان داوە کە لە تواناکانی دەزگاکانی راگەیاندن بۆکاری پەروەردەو فێرکردن کەڵك وەربگرن و ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، رادیۆو تەلەڤزیۆن بۆ وتنەوەی وانەکانی قوتابخانە دەخرێنە خزمەت ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن، بە تایبەت لەکاتی تەنگانەو هاتنە پێشی دۆخێکی تایبەتی وەکوو شەڕ، هەندێ لە

وڵاتان ناچار بووینە ماوەیەکی درێژ، قوتابخانەکان دابخەن و تەلەڤزیۆن و رادیۆ وەکوو مامۆستا بۆ قوتابیان بەکار بهێنن کە دەتوانین بڵێین وەکوو هەنگاوی یەکەم دڵخۆشکەر بووە.

هەرچەندە خەڵکێکی زۆر پێیان وایە شێوازی پەروەردەو فێرکردن لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندن سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، بەڵام کەسیش نکۆڵی لەوە ناکات کە بوونی ئەمجۆرە بەرنامانە لە دەزگاکانی راگەیاندن، سوود بەخشەو بە لایەنی کەم قوتابی، جگە لە مامۆستاو قوتابخانە، سەرچاوەیەکی تریشی بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبەر دەستدا دەبێت. دیارە ئەگەر ئەو بەرنامانە خوەدی هاوئاهەنگییەك لەگەڵ بەرنامەکانی رەسمی پەروەردەیی بن، ئەوە سوود بەخشییەکەگەلێ زۆرترو کاراتر دەبێت. (تەلەڤزیۆن، رادیۆو ئامێرەکانی تری پێوەندی گشتی بەبێ بەرنامەی وانەبێژیی گونجاو، بەبێ شێوازەکانی نوێی فێرکاری، بەبێ فێرکاران، پەروەردەکاران و تەکنیسیەنی بە ئەزموون، بەبێ دەزگای پەخش و پێلگری بەهێز، ناتوانن ئاکامی بەرچاو بەدی بێنن. تەواوی بەشەکانی پێکهێنەری سیستەمی فێرکاری دەبێت بە هاوئاهەنگی و یەکپارچەیی کاربکەن و کاربکەنە سەر یەکتری. هیچ یەك لە بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیا بەتەنێ ناتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن. پێویستە ئەوانە تێکەڵی یەکتری بکرێن و بخرێنە ناو پێکهاتەی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن.)[١]

ئەم تێبینییە لە کاری پەروەردەو فێرکردنی باڵاو ئەوکاتەی باسی پێگەیاندنی کادیری مەیدانی لە ئارادا بێت، زیاتر پێویستە رەچاو بکرێت. چونکە (گواستنەوەی تەکنەلۆژیا لە رێگەی چاپەمەنی و ئامێرەکانی پێوەندی گشتی، تا

١ ـ مجلۀ فرهنگ‌و زندگی، نشریۀ دبیرخانۀ شورای عالی فرهنگ وهنر، شمارۀ ١١، بهروز منتظمی، بهار ١٣٥٢، لاپەرە ٢٥.

## بەشی شەشەم

ئەوکاتەی نەکەوێتە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دیارکراوی پەروەردەیی، لە ئاستی قوتابخانەو زانکۆ، سوودمەند نابێت. مەبەست لە بەرنامەی دیارکراوی پەروەردەیی مەزەندەکردنی پێویستییەکانی تەکنیکی دامەزراوە پیشەسازییەکانو ڕێنوێنی فێرخوازو خوێندکار، بۆ ئەو بەشە لە فێرکردنی تەکنیکییەکە هەست بە پێویست بوونی دەکرێتو شوێنو کاری دیارکراوی بۆ هەیە.)[1]، بەڵام لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری ڕەسمی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پێگەیاندنی تاکی تواناداروهونەرمەندکە بتوانێت لەناوکۆمەڵگادا پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێتو بۆ هەموو شتێك چاوی لە دەستی خەڵکیتر نەبێت دەتوانێت ڕۆڵێکی بێوێنە بگێڕێت. بەرنامەی جۆراوجۆری پەروەردەیی، وەکووکارەکانی ناوماڵ بۆکابانەکانو هەروەها هونەرەکانیتری وەکوو چاك کردنەوەی کەلوپەلی ناوماڵو خۆشنووسیو فێرکردنی زمانو مۆسیقاو پەرەپێدانی خوێندنەوەی کیتابو نووسینو وەرزشو دەیانجۆرە کارو هونەریتر، دەکرێن ببنە بەرنامە سەرەکییەکانی پەروەردەو فێرکردن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەت لە کوردستان.

ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی چاپی لە کوردستان، دەتوانن ببنە هۆی فێربوونی ڕێنووسو ڕێزمانی کوردیو هەروەها خاوێنکردنەوەی ئەم زمانە لە وشەی نامۆو بێگانە. ئەویش بە هاوکاری لەگەڵ ناوەندەکانی فێرکردنی حکوومەتو کۆڕی زانیاری. کەچی بەداخەوە دووای ڕاپەڕین ئەم دەزگایانە کێشەی ڕێزمانیو ڕێنووسیو وشەی بێگانەیان ئاڵۆزتر کردووە، چونکە هەرکەسەو لەلای خۆی بە پێخواسیو بەبێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکی لەمبارەیەوە هەبێت،

---

١ – مجلۀ فرهنگو زندگی، نشریۀ دبیرخانۀ شورای عالی فرهنگ وهنر، شمارۀ ١١، بهروز منتظمی، بهار١٣٥٢، لاپەرە ١١.

# راگەیاندن

ملی ناوەتە ڕێگەو چۆن بۆی هاتووە نووسیویەو چۆن بۆی لواوە بلێڤی کردووەو تەنانەت هەندێك بۆ ئەوەی بڵێن ئێمەش شتێك دەزانین، تا پێیان کراوە وشەی نامۆو بێگانەیان تێکەڵ بە زمانە بەستەزمانەکەی کوردی کردووە. ئەوە لە حاڵێکەکە زانایان زمان بە فاکتەرێکی سەرەکی سەلماندنی بوونی هەر نەتەوەیەك دەزانن.

(زمان ئامێرێکیّ پێوەندی نێوان خەڵکە. زمان دەکەوێتە خزمەتی تەواوی کۆمەڵگا، بە شێوەیەکی گشتی لە بەرهەمهێنانەوە بگرە تا بیچمە جۆراو جۆرەکانی سەرخان کە مەودایان لەگەڵ ژێرخان هەیە. لەمڕووەوە، زمان دەربڕی تایبەتمەندییەکانی گشتیی فەرهەنگە.)[1] ئەوجا (فەرهەنگ بە واتا بەرفراوانەکەی، تەواوی ڕەهەندەکانی مادیو نا مادی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆ.

ئەم دیاردەیە، دەرەنجامی ژیانی کۆمەڵاتیو تایبەتە بە ئینسان. کەواتە دەسەڵاتو دەوڵەتیش، جیلوەیەکن لە فەرهەنگ، مێژوو پەسنی دەسەڵاتە، لەوڕا مێژووی ڕاستەقینە، مێژووی فەرهەنگە. مرۆڤ لە درێژەی ژیانی کۆمەڵایەتی، دەکەوێتە بەرکاریگەریی فەرهەنگو لەولاشەوە کار دەکاتە سەری. لێکەوتەی ئەم کارو پەرچەکارە، بۆ جیلی داهاتوو دەگوێزرێتەوە. بەم شێوەیە فەرهەنگ پێوەندیدەری جیلەکانی ڕابردوو، ئێستاو داهاتووە. کەواتە لە لایەك لەبەردەوامیو لە لایەکیتر لە گۆڕاندایە. فەرهەنگ کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، پێوەندی بە تاکەوە هەیەو ئەم پێوەندییە لە ڕێگەی وەرگرتنو فێربوون سەر دەگرێت. خۆ لەخۆیداو بە شێوازی بۆماوەییو ڕەمەکی سەر

---

١ – جامعه وطبیعت، علم، فرهنگ و زبان ـ نوشتۀ دکتر چسنکو، ترجمۀ محمدتقی فرامرزی، چاپ اول، انتشارات شباهنگ، تهران ٢٥٣٦، لاپەڕە ١٠٥.

هەڵنادات.)[1]
دیارە دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن وەکوو مامۆستایەکی دڵسۆز لەم ئەرکە گرینگە واتە خاوێن راگرتن و پاڵاوتنی زمان و فەرهەنگ و گواستنەوەیان بۆ جیلی داهاتوو دەور ببینن و جەماوەری خۆیان، بە چاکی پەروەردەو فێر بکەن.
ئەگەر جگە لە زمان سەیری بوارە کانیتر بکەین، دەبینین باری مۆسیقاو هونەریش لە کوردستان، زۆر لە نووسین و زمان باشتر نانوێنێت. لە راستیدا لەمبارەیەوە هیچ کۆنترۆڵێك بەسەر دەزگاکانی راگەیاندن نەبووەو هەموو شتێك لە هەموو زمان و نەتەوەیێك تێکەڵ بە یەکتری و رەوانەی ناوماڵی خەڵك کراوە. هەر هەموو ئەمانەش بە هۆی هەست بە بەرپرسیارەتی نەکردن و نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان دەزگاکانی راگەیاندن و کەس و ناوەندە پسپۆڕو بەرپرسەکان و تا رادەیەکیش حزب حزبانێ، روویداوەو ئێستاش هەر بەردەوامە.
کەواتە لە کاری پەروەردەو فێرکرن، هەم پێویستە لە نێوان دەزگاکانی راگەیاندن و دامەزراوەکانی تری بەشدار لە پرۆسەی پەروەردەیی هاوئاهەنگی هەبێت و هەم خودی دەزگای راگەیاندنیش دەبێت بەرنامەی تایبەت بە کۆمەڵگای خۆی هەبێت و من پێموایە تەنانەت پێویستە خێزانیش بەشداری تێدا بکات. چونکە دایکوباوکیش لەوکەسانەن کە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا رۆڵێکی سەرەکییان هەیە. واتە پەروەردە کردنی دایکوباوکانیش دەتوانێت ببێتە کارێکی سەرەکی و راگەیاندن پێویستە ئەم ئەرکە بە هەند وەربگرێت و خۆی پێوە ماندوو بکات.
بەرنامە تایبەتییەکانی منداڵان، لە دەزگاکانی راگەیاندن، رەنگە زۆر زیاتر لە

---

١ – مبانی فرهنگی دولت، تألیف دکتر عبدالله ابریشمی، چاپ اول ١٣٧٠، لاپەرە ٩.

وانەکانی قوتابخانە، سەرنجی قوتابیان رابکێشن و بەسەر هەڵسوکەوت و هزرو بیریان شوێنەوار بەجێ بێڵن.
(منداڵان بەهۆی تامەزرۆیی زۆر بۆ فێربوون، سەبارەت بە دنیایەك کە کمی لێ دەزانن، یەکجار زۆر ئامادەی وەرگرتن و کارپێکردنی ئەو شتانەن کە لە تەلەڤزیۆن بڵاو دەکرێتەوە.)(١) دیارە ئەگەر بێت و بە باشی سوود لەم تایبەتمەندییە وەربگیرێت، ئەمە رێگەیەکی باش و هەرزان و کۆنترۆڵ کراوە. نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە (منداڵان وەکو ئیسفەنج هەموو شتێکی وەکوو وشە، شێوازە رۆحییەکان، خەم و شادییەکان، بەباشی دەگرنە خۆ. ئەم تایبەتمەندییەی بەرەوخۆ راکێشانە هەر لە سەرەتای لە دایکبوون هەیە و ئەو شوێنەی دایکوباب تێیدا دەژین و بارودۆخەکەی، زۆر زوو دەبێتە هی منداڵ و بەمجۆرەیە کە زارۆك کردەوەو هەڵسوکەوتی ئەوان بە وردی فێر دەبێت و وێڕای خۆ گونجاندن لەگەڵیان، لاسای رەفتارەکانیان دەکاتەوە.)(٢)
کەواتە بە بوونی رادیۆ و تەلەڤزیۆن لە ماڵەوە، دایکوباب بیانەوێت و نەیانەوێت، منداڵەکانیان دەکەونە بەر کاریگەری ئەم دەزگایانەو تەنانەت لە ئامادەکردنی پێکهاتەی کەسایەتی ئایندەی منداڵەکەیان، ئامێرەکانی پێوەندی گشتی بەشدار دەبن. بۆیەش لە زۆر لە وڵاتان دەبینین کە دایکوباوك گرینگی تایبەتی دەدەنە ئەو بەرنامانەی بۆ منداڵان لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاو دەکرێنەوەو ئەگەر هەڵەیەکی تێدا بەدی بکەن، زۆر زوو هەڵوێست وەردەگرن و رەخنە ئاراستەی کاربەدەستانی حکوومەت یا بەڕێوەبەرانی دەزگای راگەیاندن دەکەن.

---

١ – تلویزیون وکودکان، نوشتۀ امەدور، ترجمۀ علی رستمی، سروش، تهران ١٣٧٤.

٢ – نقاشی کودکان و مفاهیم آن، نویسندە آنا اولیور یوفراری، ترجمۀ عبدالرضا صرافان، چاپخانۀ دیبا، چاپ دوم، ١٣٦٨، لاپەڕە ٧٢.

# بەشی شەشەم

باشترین بەرنامە بۆ مندالان ئەوانەن کە بە زمانێکی زۆر ساکار کە زارۆك تێی بگات ئامادە بکرێن‌و مندال فێری دابونەریتی کۆمەلایەتی‌و هەلسوکەوتی لەبارو گونجاو لە گەل خەلك‌و مندالانیتر بکات. هەروەها بەرنامە دەبێت هەول بدات مندال بەرەو داهێنان‌و پشت بەخۆ بەستن هان بدات‌و لە خەیال پلاوی‌و شتی دوور لە راستی دووری کاتەوە. فێری ئەوەی بکات کە دەبێت مافەکانی خۆی بپارێزێت، بەلام مافی خەلکانیتریش پێشێل نەکات. نابێت بەرنامەکان هەر هەمووی رووی خۆشی ژیان پێشانی مندال بدەن‌و وای لێ بکەن کە ئەگەر تووشی نەکسەیەك بوو، ورەی برووخێت. بەلکوو دەبێت زارۆك فێر ببێت کە لە ژیاندا زۆرجار مرۆڤ تووشی شکست دێت‌و بەو ئامانجەی هەولی بۆ داوە ناگات. دەبێ مندال بزانێت لە حالەتی ئەوهادا دیسان سەرلەنوێ دەبێ دەستبەکار ببێتەوەو کۆل نەدات تا سەردەکەوێت.

زۆر لە زانایان پێیان وایە کە مرۆڤ سەرەڕای پێشکەوتن نابێت لە سروشت دوور بکەوێتەوەو بۆیەش مندال هەر دەبێت لە باوەشی سروشت پەروەردە بکرێت. ئەم زانایانە دەلێن، نابێت ئێمە هەول بدەین ئەزموونەکانی خۆمان، بخەینە ناومێشکی مندالانەوەو دەرفەتی تاقیکردنەوەیان پێ نەدەین.(١)

من پێموایە دەزگاکانی راگەیاندن بە تایبەت تەلەڤزیۆن، لەمبارەیەشەوە رێگە خۆشکەرن. چونکە وێنەو فیلمەکانی، بە تایبەت بۆ مندالان، زۆر لە هەقیقەت نزیکن‌و زارۆك کە هەلسوکەوتی ئەکتەری فیلم دەبینێت، وا دادەنێت کە خۆی کارەکەی کردووەو بۆیەش حیسابی ئەزموونێکی بۆ دەکات. بەمجۆرە هەم کاتمان بەفیڕۆ ناڕوات‌و هەم ئیمکانیاتێکی کەم بۆ پەروەردەکردنی ژمارەیەکی

---

١ - بروانە: امیل، آموزش‌و پرورش، نوشتۀ ژان ژاك روسو، ترجمۀ غلامحسین زیرکزاده، انتشارات شرکت سهامی چهر.

# راگەیاندن

زۆر لە مندالآن دەخرێتە کار.
هەرچەندە راگەیاندنی دووای راپەڕین لەکوردستان بە رواڵەت مندالآنی لەیاد نەکردووەو زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن کموزۆر، بەرنامەیەکی تایبەت بە مندالآنیان هەیە، (جگە لە رادیۆو رۆژنامە حزبییەکان کە زۆر خۆیان بەم کارەوە ماندوو ناکەن.)، بەڵام ئەو بەرنامانەش کە لە تەلەڤزیۆنەکان بڵاو دەکرێنەوە، لەبەر ئەوەی لە لایەن خەڵکانی پسپۆر ئامادەو پێشکەش ناکرێن، زۆربەی زۆریان نەك سوودمەند نین، بگرە هەندێکیان گەلێکیش زیانبارنو کاریگەری خراپ بەسەر مندالآندا بەجێ دێڵن. فیلمی کارتۆنی بە زمانی بێگانە کە منداڵ هیچی لێ تێناگاتو بۆ کۆمەڵگایەکی تری زۆر پێشکەوتووتر لەکوردستانو تەنیا بە مەبەستی کات رابواردن ئامادە کراوە، زۆربەی ماوەی بەرنامەی مندالآن لە دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان پڕ دەکەنەوە کە زۆر زیانمەندنو منداڵەکان لە واقعی کۆمەڵگای خۆیان دوور دەکەنەوە. هەروەها زۆربەی بەرنامەکانی مندالآن لە تەلەڤزیۆنەکان بەبێ بێژەر پێشکەش دەکرێن کە ئەمەش شێوازێکی باشو سەرکەوتوو نییەو بێژەر لە بەرنامەی زارۆکان دەتوانێت لە شیکردنەوەی فیلمو بەرنامەکانو خۆشکردنی زەمینەی لەبار بۆمندالآن، دەورێکی بێوێنە بگێڕێت.
لێرە پێم باشە بۆ ئەوەی تەڕو هیشك پێکەوە نەسووتێنم، ئاماژە بە هەردوو تەلەڤزیۆنی کوردستان کەناڵی دهۆكو تەلەڤزیۆنی یەکگرتوو لە هەولێر بکەم کە تا رادەیەکی باش لە بواری مندالآندا، خۆیان ماندوو دەکەنو کۆمەڵێك کاری باشیان پێشکەش کردووەو خەڵکیش لەناو خۆیان بەباشی باسیان دەکەن. لەم دووایيانەش هەردوو سەتەلایتی کوردستانو کوردسات، بەرنامەی مندالآنیان هەیەو دیارە رووی بەرنامەکانیان زیاتر لە منداڵەکانی دەرەوەی کوردستانە.
ئەمانە هەرچەندە بەرنامەی تارادەیەك باش پێشکەش دەکەن، بەڵام پێموایە

# بەشی شەشەم

لەچاو ئەوبەرنامەو ئیمکانییاتەی وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت ئەورووپا هەیانەو بەرنامەکانیش ئاراستەی کوردەکانی دانیشتووی ئەم وڵاتانە دەکرێت، زۆر زەحمەتە بتوانن قەناعەت بە منداڵی کورد بهێنن کە لە جیاتی بەرنامەکانی وڵاتی ئەورووپی، تەماشای بەرنامەکانی ئەوان بکات و بکەوێتە بەر کاریگەری پەیامەکانیان.

بەهەرحاڵ من پێموایە دەزگاکانی راگەیاندن، دەبێت لە بواری پەروەردەی فیکری، ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، هونەری و تەکنیکی دەوری خۆیان بگێڕن. نابێ لە یاد بکەین کە هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەمان لەگەلێ بوارەوە پێویستیان بە پەروەردەکردن هەیەو راگەیاندنی ئێمە هەرزانترین و کورتترین رێگەیە بۆ گەییشتن بەو ئامانجانە کە کلیلی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنین.

چەندین ساڵە دوژمن و ناحەزانی گەل و وڵاتەکەمان هەموو توانایەکیان بۆ چەواشەکاری و خراپ پەروەردەکردنی گەلی کوردستان خستووەتەگەڕو سڕینەوەی ئاسەواری ئەم سیاسەتە چەوتە، کارێکی گران و زەحمەتدارەو ماوەیەکی دوورو درێژی پێویستە.

(تاکی کورد وەك هەموو میللەتانی پێشکەوتوو لێهاتوویی و هەڵکەوتوویی تێدایە، ئەوکە بەو پلەیە گەییشتووە تێکەڵاوی بەرهەم و ژیان و سامانی رۆشنبیری و کەلتووری میللەتانیتر بووە، بۆیە تێکچووە، یان بزر کراوە، وەك «مامهەژار» دەڵێ دەوروبەر تەنانەت خواکانی ئێمەشیان بردووە. تەنانەت ئاهەنگەکانیشمان، لەوەشەوە نەیانویستووە بناسرێین. بەڵکوو ئەوەی کە کوردیش بووەو ناسراوە، بووەتە موڵکی خەڵکیتر. دەیان و سەدان ناو هەن گەر ئەوانە هەمووی بە کوردی بوونایە، یان بە ناوی کورد بوایە، کورد ئێستە ناسنامەی دەبوو. ئەوسا بە شێوەی بیرکردنەوەو بە میعمارو مۆسیقاو سەماو هەڵپەڕکێی خۆی دەناسرا. تەنانەت شێوەو فەلسەفەکەی دەناسرا. چونکە لەناو

# راگەیاندن

کورددا فەیلەسووفیش هەڵکەوتووە. لەناو کورددا لە هەموو جۆرە بوارێکی زانستیدا دەرکەوتن و نبووغی هەبووە...)[1]، دەزگای راگەیاندن دەبێت ئەم راستییانە بە زمانێك کە هەموو چین و توێژە کانی گەل لێی حاڵی بن بە جەماوەر رابگەیێنێت و وایان لێ بکات هەم ئیمانی پێ بێنن و هەم لە دەربڕینی نەترسن و بوێر بن.

لە لایە کیتر گەلێ چەمك و بایەخی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی هەیە کە پێویستە لەناو ئەم میللەتەدا سەر لەنوێ مانا بکرێنەوە. چاکە، خراپە، وێرانی، ئاوەدانی، یەکگرتن و هەست بە بەرپرسیارێەتی کردن، ئەمانە و هەزاران چەمکیتر دەبێت سەر لەنوێ لە مێشکی تاکتاکی ئەم خەڵکەدا دابڕێژرێنەوە. ئەم جەماوەرە کە دەیان ساڵ دەسەڵات و هەموو ئەو بنکە و بارەگاو شوێنانەی سەربە دەسەڵات بوون بە بەرچاوی لە دێوەزمەیەکی ناشیرینی رەزا قورس دەچوون، ئێستا زۆر زەحمەتە بە یەکرۆژ و دوو رۆژ بتوانن تەرکی هەموو عادەتەکانیان بکەن و بە چاوێکیتر لێیان بڕوانن. مەگەر دەزگاکانی راگەیاندن دەستیان بگرن و هانیان بدەن و فێریان کەن و بیانپەروەرێنن کە ئیتر ئەم دامودەزگایە، ئەم یاساو رێسایە، ئەم قانوونە هی داگیرکەر نییە. بەڵکوو هی خۆتانە و پێویستە رێزیان لێ بگرن و خەڵکیتریش هان بدەن سنوورەکانی نەبەزێنن.

راگەیاندن دەبێت بە بەرنامەکانی، خەڵك فێری گەشبینی و سینگ فراوانی و لەخۆ بردوویی بکات. هەڵبەت ئەمکارانە هەمووی تەنیا بە ئامۆژگاریی رەپوڕووت ناکرێت و وەکوو پێشتریش باسمان کردووە هەر کارێك رێگەی شیاوی خۆی هەیە و کادیرەکانی راگەیاندن، دەبێت لە هەڵبژادنی رێگەی شیاو و کاریگەر زیرەك و وردبین بن.

---

١ - گفتوگۆ، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٧، ئامادەکردنی گۆڤاری رامان، لاپەرە ٨.

بەکورتی دەزگاکانی راگەیاندن دەبێت ببنە ناوەندێکی پەروەردەیی بەهێز بۆ جەماوەرو وەکوو زانستگایەك تاکتاکی ئەم کۆمەڵگایە، بە بیروباوەڕی کوردانەو مرۆڤانە چەکدار بکەن. ئەوجا ئەگەر ئەرکی خۆیان بەباشی جێبەجێ نەکەن بەرپرسیارن‌و مێژووش تۆمارکارێکی زۆر بەهێزو وردبینە.

## ٣ـ شیکردنەوەو ڕێنوێنی

چالاکییە سیاسییەکان‌وگۆڕانکارییەکانی خێرای بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان، پێویستیان بە شیکردنەوەو شەن‌وکەو کردن هەیە، بۆ ئەوەی هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵ، لە راستیی رووداوەکان حاڵی ببن‌و سەرەدەری لێ بکەن. بەرفراوانی دەزگاکانی راگەیاندن، ئەم دەرفەتەی بۆ هەموولایەك رەخساندووە کە لەکەمترین ماوە، راو بۆچوون‌و بەرهەمی نوێیان بە هەموو جیهان بناسێنن. بەڵام مەرج نییە ئەم ناساندنە، هەمووی لایەنی ئەرین‌و چاکە بگرێتەوە، مەرجیش نییە ئەم راگەیاندنە، بە سوودی هەموو خەڵکی جیهان بێت. چونکە هەرکەسەو بۆ بەرژەوەندی خۆی قسە دەکات‌وکوردگوتەنی کەس ناڵێت دۆی من ترشە. بەتایبەت ئەگەر پەیامەکە سیاسی یا بازرگانی بێت. بۆیەش دەزگای راگەیاندن، دەبێت هەوڵ بدات رووداوو دیاردەو هزرو بیرو تیۆرییەکان، بۆ خەڵکی خۆی شی بکاتەوەو رێگەی چاکەیان پێشان بدات‌و بەرەو بەختەرەوەری رێبەرایەتییان بکات.

هەندێ لە زانایان پێیان وایەکە خودی دیاردەی زۆربوونی ئامێرەکانی راگەیاندن‌و پەیامە جۆراوجۆرەکانیان، لەهەندێ قۆناخدا دیاردەیەکی باشە بۆ لێك جوداکردنەوەی چاکە لە خراپە. لەمبارەیەوە مووریس دۆڤێرژێ دەڵێت: (سوودمەندی سەرەکی چاپەمەنییەکانی سەر بەکەرتی تایبەت، دەستەبەر

# راگەیاندن

کردنی جۆراوجۆری راو روانگە کانە. کەسێك کە دەیەوێت بەڵگەی لایەنە کان بزانێت دەتوانێتو هەر هێندە بەسە کە چەندین رۆژنامە بکرێت، یا سەیری رادیۆو تەلەڤزیۆنە کانی کەرتی تایبەت بکات...لە سیستەمێکی هەواڵگەیێن کە لەسەر بنچینەی ئازادیی جموجۆڵی ئابووریو رکابەرایەتی، دامەزرا بێت، داپۆشینی راستی زۆر دژوارە.)[1] بەڵام ئەم سوودمەندییە دە گەڕێتەوە بۆ فاکتەری جۆراوجۆری تری وەکوو ئاستی بیرکردنەوەی جەماوەر، رادەو جۆری رکابەرایەتی نێوان دەزگاکانی راگەیاندنو سەرچاوەی داهاتە کانیانو...هتد. هەروەکوو خودی ئەمزانایەش باسی دەکات، راگەیاندنی کەرتی تایبەت لە کۆتایی بە هۆی پێویستی بە داهات لارێ دەبێتو بەرەو کۆکردنەوەی پارەو سوودی زیاتر هەنگاو دەنێتو دروشمەکەی دەبێتە: کێ پارەی زیاتری هەبێت ئەو راستە. بۆیەش تەنیا بە بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە کاروباری راگەیاندن ناتوانین پشتڕاست بین کە ئەم دەزگایانە کاری رێنوێنیو شیکردنەوەی پێویست بۆ جەماوەر جێبەجێ دە کەن.

هەرچەندە ئێستا لە کوردستان چەندین دەزگای راگەیاندن هەیەو ئەمانە سەربە چەند حزبێکی سیاسینو تەنانەت هەندێك دەڵێن کە سەر بە کەرتی تایبەتن، بەڵام کێشە کە لێرەیە کە لەناو ئەم تەپوتۆزەدا رەنگە خەڵکێکی زۆر نەزانن چاکە کامەیەو خراپە کیهەیە. واتە رەنگە جەماوەر هێشتا پێوەرێکی ئەوتۆیان لەبەر دەست نەبێت کە بیکەنە ئامێری لێك جوداکردنەوەی راستو چەوتە کان. خۆمان دەبینین ئێستا هەندێ دەزگای راگەیاندن هەیە کە خراپنو شەوو رۆژیش پروپاگندە دە کەن کە لەئەوان باشتر نییە. تەنانەت دەزگای راگەیاندن

---

١ - اصول علم سیاست، نوشتۀ موریس دوورژه، ترجمۀ ابوالفضل قاضی، چاپ ششم، مؤسسۀ انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٦٩، لاپەرە ٢٠٤.

## بەشی شەشەم

هەیە کە بەبێ دوودڵی کار بۆ بێگانە دەکاتو هەندێ خەڵکیش گوێی لێ رادەگرن. دیارە ئەگەر لێرە پێوەری دەستنیشانکردنی چاکو خراپ، نیشتمانپەروەری بێتو خەڵکیش تایبەتمەندییەکانی نیشتمانپەروەری بزانن، دەزگاییێکی وا ناتوانێت لەناو خەڵکدا درێژە بە ژیانی خۆی بدات. یا ئەگەر بە زۆریش بسەپێندرێت، نابێت ئەم دەزگایە لایەنگر واتە بیسەر یا بینەر یا خوێنەری هەبێت. جەماوەر ئەگەر بە باشی لە کاریگەرییەکانی دەزگای راگەیاندن ئاگادار بنو ئاواتو ئامانجی دامەزرێنەرانی ئەم جۆرە دەزگایانە بزانن، خۆیان دێنە مەیدانو چالاکانەو ژیرانە بەرپەچیان دەدەنەوە. کەواتە (راگەیاندن لە سەریەتی هاووڵاتیان بکات بە ئەندامی چالاکو چەلەنگو کاراو کاریگەری کۆمەڵو «وا لە خەڵك بکات»[1] هەرگوێگری چاك نەبن، بەڵکوو قسەکەری چاکیش بنو لایەنێکی کاریگەرو چەلەنگی دیالۆگەکان پێك بهێنن.)[2]

بە واتایەکیتر دەتوانین بڵێین کە دەزگای راگەیاندن سەرەتا دەبێت پێوەرە راستەقینەکانی لێك جیاکردنەوەی چاکەو خراپە بخاتە روو، ئەوجا خۆیشی بە پێی ئەم پێوەرانە کار بکاتو جەماوەر بڕوای پێ بێنن. دووای ئەوە ئەم دەزگایە دەتوانێت ببێتە رێنوێنێکی باش تا رێبەرایەتیی خەڵك بکات.

کاری رێنوێنیو شیکردنەوە، تەنیا بوارەکانی ناوخۆ ناگرێتەوە، بەڵکوو بە هۆی پەرەسەندنی کاری دەزگاکانی راگەیاندنو بڕینی سنوورەکانو دزەکردنیان بۆ ناو وڵاتو گەلانیتر، ئەم ئەرکە رۆژ لەدووای رۆژ گرانتر دەبێتو دەزگاکانی

---

١ – ئەم رستەیە لەلایەن نووسەرەوە زیاد کراوە.

٢– حەمە کەریم عارف ـ راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا، بە سەرپەرشتی حەمە کەریم عارف ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، لاپەرە ٦.

## راگەیاندن

راگەیاندن دەبێت ئەرکی شیکردنەوەی هەموو ئەو پەیامانە بخەنە سەر شانی خۆیان کە لە سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی هەندەرانی ئاراستەی گەل و نەتەوەکەیان دەکرێن.

رۆژ نییە لەم جیهانە رووداوی سەیرو سەمەرەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو...نەقەومێت. کە رەنگە هەندێك لەم رووداوو کارەساتو گۆڕانکارییانە،کاردانەوەی ئەرین یا نەرینیان بە سەر گەلو وڵاتەکەی ئێمەدا هەبێتو هەر دەزگایێکی راگەیاندن بەتێڕوانینی تایبەتی خۆی ئەم رووداوانە شی دەکاتەوەو رای خۆی لە سەری دەردەبڕێت. هەندێجار ئەم روانگە جۆراوجۆرانە تەنانەت بە پێچەوانەی یەکتری دەبنو خەڵکانی ئاسایی کە سەرەدەرییەکی باش لە کاروباری سیاسیو ئابووری...ناکەن، رەنگە نەتوانن لەناو ئەم هەموو بۆچوونە جیاوازو رەنگاورەنگە، ئەوەی راستەو باشە، هەڵبژێرن. لێرەیە کە راگەیاندن دەبێت بە شیکردنەوەی راستەقینەو تەواو، جەماوەری خۆی رێنوێنی بکاتو رێگە نەدات خەڵکانیتر فێڵێ لێ بکەنو بە هەڵە تێی بگەیێنن. دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تێرو تەسەلو پێشاندانی هەندێ دیمەنی رووداوەکە لە تەلەڤزیۆن، هەروەها بە رێکخستنی مێزگردی تایبەت بە بەشداری پسپۆرانو شارەزایان، بە زمانێکی سادەو ساکار، خەڵك لە نیگەرانیو تێگەییشتنی هەڵە رزگار بکەنو پیلانی ئەوانەی دەیانەوێت لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیان، جەماوەر چەواشە بکەن پووچەڵ بکەنەوە.

رێکلام[1] یەکێکە لەو بابەتانەی کە بڵاوکردنەوەی لە دەزگاکانی راگەیاندن

١ – Re’clame ـ ئەم وشەیە لە زمانی فەرەنسی مانای ئاگاداری بازرگانی دەداتەوە. لە هەندێ دەزگای ☞

## بەشی شەشەم

گەلێ دەمەقاڵەی لە نێوان خاوەن بیرانی کۆمەڵناسی دروست کردووە.

هەندێك پێیان وایە کە ڕێکلام وێڕای ئەوەی کە دەزگای ڕاگەیاندن لە ئەرکە ڕاستەقینەکانی دوور دەخاتەوە، خەڵکیش فریو دەدات‌و خزمەتی خاوەن سەرمایەکان دەکات، بۆ ئەوەی زیاتر چینی هەژارو نەداری کۆمەڵ بچەوسێننەوە.

لایەنگرانی ڕێکلامیش لە وەڵامی ئەم ڕەخنەیەدا دەڵێن کە ئەم کارەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بە مانای شیکردنەوەو ڕێنوێنی خەڵکەو جەماوەر لە ڕێگەی ڕێکلام دەتوانن لە نێوان کۆمەڵێك پەیامی بازرگانی، باشترینیان هەڵبژێرن‌و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تەنیا بواری هەڵبژاردن بۆ خەڵك خۆش دەکەن.

لە ڕاستیدا هەردوو ڕوانگە تا ڕادەیەك ڕاستن. چونکە هەندێجار دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کاری ڕێکلام دا، هێندە دەچنە پێش کە توانای هەڵبژاردن لە لای خەڵك ناهێڵن. بۆیەش زۆرجار تاك لە ژێر کاریگەری ڕێکلانی بازرگانی کارێك دەکات کە پاشان پێدەحەسێت کە هیچ پێویست نەبووە. لەو لاشەوە بە هۆی پەرەسەندنی شارو بازاڕەکان‌و کارو گیروگرفتی زۆر، ڕەنگە هەموو کەسێك دەرفەتی ئەوەی نەبێت بۆ هەڵبژاردنی شتی باش‌و بەسوود، هەموو شوێنێك بەسەر بکاتەوە. ئەم دیاردەیە بە تایبەت لە بازاڕی ئازاد کە نرخەکان بە پێی دۆخی بازاڕ ڕۆژانە بەرزو نزم دەبنەوەو حکوومەت هیچ چاودێرییەك ناخاتە سەر نرخەکان، زیاتر خۆی دەنوێنێت. لێرە دەزگای ڕاگەیاندن دەتوانێت

---

☞ ڕاگەیاندن دەنووسرێت (Reklam)، بەڵام من هەرچی لە قامووسە ئنگلیزییەکان گەڕام، ئەم وشەیەم نەدیتەوە. کەواتە شێوازە فەڕانسەوییەکە ڕاستترە. بۆ زمانی کوردی من پێشنیاری پەیڤی (ڕێکلان Reklan) دەکەم‌و پێموایە لە وشە فەڕانسەوییەکە باشترە. (ڕێك) بە مانای جوان‌و خوەشیك‌و (لان) بە مانای لای ئێمە، کە بە گشتی واتە ئەوەی لای ئێمە یا بە بڕوای ئێمە ڕێکە.

# راگەیاندن

رێنوێنی بکات‌و جەماوەر لە رێگەی رێکلام دەتوانن داواکارییەکانیان بە

مەسرووفاتی رێکلامی تەلەڤزیۆنی هەندێ شەریکەی ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٦٦:[١]

| ناوی شەریکە | مەسرووفات بە ملیۆن دۆلار |
|---|---|
| پراکتۆر ئەند گێمبڵ | ١٧٩/٢ |
| بریستۆڵ ـ مایێرز | ٩٣/٦ |
| جنرال فوودز | ٩٣/٣ |
| کلگێیت ـ پالمولیو | ٦٧/١ |
| لێڤێر برادێرز | ٥٨ |
| ئەمەریکەن‌هووم‌پرۆدۆکتز | ٥٧/١ |
| ئار. جی. رینۆڵدز | ٤٩/٨ |
| ژیلێت | ٤١/٩ |
| وارنێر ـ لێمبێرت | ٤١/٣ |
| ئەمەریکەن تووباکوو | ٤٠/٨ |
| جنرال میلز | ٣٩/١ |
| سترلینگ دراگ | ٣٩ |
| کۆکاکۆلاکورباتلێرز | ٣٨/٨ |
| جنرال مۆتۆرز | ٣٨/٤ |
| کێلۆگ | ٣٥/١ |

١ – سەرچاوە: وسایل ارتباط جمعی وامپراتوری امریکا، هربرت شیلر، ترجمهٔ احمد میرعابدینی، چاپ اول ١٣٧٧.

# بەشی شەشەم

هەرزانترین نرخ لە بازاڕ دابین بکەن. بەڵام مەرج ئەوەیە ڕێکلامە کە ڕاستو بێ فرتوفێڵ بێت.

لێرە دەبینین کە مەرجە، دەزگای ڕاگەیاندن لە بڵاو کردنەوەی ڕێکلامە کان ئاگادار بێت کە زیان بە جەماوەری خۆی نە گەیێنێتو کارە کەی لە ئاستی ڕێنوێنی زیاتر نەچێتە پێشەوە. پێویستە دەزگای ڕاگەیاندن بزانێت کە ئەو ڕێکلامەی بڵاوی دە کاتە ڕاستە یا نە. گەلۆ ئەو شتەی لە دەزگا کە ڕێکلانی بۆ دە کرێت، سوودی جەماوەری تێدایە یا خۆد بە زیانی خەڵکە؟

من بڕوا نا کەم لە دەزگا کانی ڕاگەیاندنی کوردستان ئەم تێبینییە ڕەچاو بکرێت. چونکە زۆر جار دەبینی ڕاگەیاندنێکی سەربە حزبێکی نەتەوی، ڕێکلامی شتێك یا بیروڕایەك دە کات کە بە تەواوی دژی دروشمی نەتەوییە! یا جۆرە ڕێکلامێك بڵاو دە کاتەوە کە خۆیشی دەزانێت ڕاست نییەو بە شێوازێك داڕێژراوە کە خەڵك هەڵخەڵەتێنێتو فریویان بدات.

دیارە ئەم جۆرە کارانە زیانی گەورە بە دەزگای ڕاگەیاندنو تەنانەت بەو حزبەی کە سەرپەرشتی دەزگا کە دە کات دە گەیێنێت. چونکە خەڵك کە دەبینن ئەم دەزگایە لە پێناو پارەیە کی کەم ئامادەیە ببێتە ئامێری فریودانی جەماوەر، ئەویش بۆ خزمەتکردنی سەرمایەدارێك، ئیتر ئیمانیان پێ نامێنێتو لە ڕاستبێژیو دڵسۆزی حزبە سیاسییە کەش دە کەونە گومانەوە. بۆیەش بە بڕوای من هەق نییە حزبە کوردستانییە کان ڕێگە بدەن لە دەزگا کانی ڕاگەیاندنی ئەوانەوە، بەتایبەت لەم قۆناخە ناسکەدا، ڕێکلام بڵاو بکرێتەوە. خۆ ئە گەر لەبەر پێویستی مالی ناچارن ئەم کارە بکەن، باشترە لە ڕاستیو هەروەها سوودو زیانی ڕێکلامە کە بکۆڵنەوە ئەوجا بڵاوی بکەنەوە.

لە بواری کۆمەڵایەتیداو بۆ چارەسەر کردنی کێشە جۆراجۆرە کانی ناو خێزانو جڤاك، دەزگا کانی ڕاگەیاندن دەتوانن، ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕنو خەڵك

ڕێنمایی بکەنو لایەنە خراپو باشەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ شی بکەنەوە. کێشەی لاوان، ئافرەتان، گیروگرفتەکانی خوێندن، بێکاری، ئاسایشی کۆمەڵایەتیو...هتد، لەگەڵ ڕێگەی چارەسەریو بنبڕکردنیان، دەتوانن لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پێشانی جەماوەر بدرێنو خەڵك هان بدرێن بۆ ئەوەی زانستیانە کێشەکانیان چارەسەر بکەنو لە توندو تیژیو خشوونەت، دوور بکەونەوە.

دیارە بەهۆی هەستیاریی ئەم بوارانە، پێویستە هەر هەنگاوێك لەمبارەیەوە دەهاوێژرێت، بە هاوکاریو یارمەتیدانی پسپۆڕانی کۆمەڵناسیو دەروونناسی بێتو ناکرێت هەرکەسێك لە خۆیەوەو نەشارەزایانە ملی لێ بنێت. بۆ میناك پێشاندانی فیلمێك کە قارەمانەکەی کچێك بێتو بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ بیروباوەڕی باوکی کە دەیەوێت بە زۆر بە شووی بدات، لە ئاکامدا کچەکە خۆی بسووتێنێت، دەبێتە هۆی پەرەپێدانی خۆ سووتاندنی کچانو بەمجۆرە لە جیاتی چارەسەری، کێشەکە قووڵتر دەکات. کەواتە کارکردن لەم بوارانەدا کە مەبەست شیکردنەوەو ڕێنوێنی خەڵکە، هۆشیاریو وریاییو ورد بینیی زۆری گەرەکەو کاری هەر کەسێك نییە.

## ٤ـ ڕێکخستنی هەستی هاوبەش

بوونی هەستی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، یەکێکە لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی خۆڕاگریو مانەوەی گەلو وڵاتو نەتەوە بەهێزەکان، بەتایبەت لەم چاخە پڕدەردیسەرییەدا.

هەرچەندە کۆمەڵگا لە چینو توێژی جۆراوجۆر پێکهاتووە، بەڵام وەرگرتنی پەیام لە سەرچاوەیەکی هاوبەش، ئەم چینو توێژانە پێکەوە دەبەستێتەوە. واتە

# بەشی شەشەم

مەسرووفاتی ڕێکلام بە پێی ئاماری ڕێکخراوی (یەکێتی نێونەتەوەیی پڕوپاگندە) لە چەند وڵاتێکی ڕۆژئاوایی لە ساڵی ١٩٧٠:[١]

| ناوی وڵات | کۆی گشتی بە ملیۆن فڕانك | مامناوەندی بۆ هەرکەسێك بە فڕانك | % بە نیسبەت داهاتی گشتی نەتەوەیی |
|---|---|---|---|
| ئەمەریکا | ٩٨/٠٠٠ | ٤٧٨ | ٢/١١ |
| ئەڵمانیای فیدڕاڵ | ١٣/٤٦٩ | ٢١٨ | ١/٥٦ |
| ژاپۆن | ١٠/٥٧٦ | ؟ | ١/١٤ |
| بریتانیا | ٧/٠٥٢ | ١١٣ | ١/١٣ |
| کەنەدا | ٣/٤٧٠ | ٢٤٢ | ١/٢٥ |
| فەڕانسا | ٤/٩٨٣ | ٩٨ | ٠/٩٠ |
| ئیتالیا | ٢/٤٤٥ | ٤٥ | ٠/٥٢ |
| ئوستوڕالیا | ٢/٢٨٢ | ١٧٩ | ١/٤٤ |
| سویسرا | ٢/١٤٠ | ٣٤٠ | ٢/١٨ |
| هۆڵەندا | ٢/٠٥٢ | ١٥٦ | ١/٣٨ |
| سوید | ١/٩٣٤ | ٢٣٩ | ١/٣٢ |
| دانیمارك | ١/١٩٤ | ٢٤٢ | ١/٦٤ |
| بەلژیکا | ١/٠٣٩ | ١٠٧ | ٠/٨٠ |

١ - سەرچاوە: پیرآلبر، مطبوعات، ترجمۀ فضل‌الله جلوه، چاپ‌اول ١٣٦٨، لاپەڕە ٦٦.

# راگەیاندن

شێوە پەیوەندییەك لە نێوان هەموو جەماوەر، لە ڕێگەی ئامێری پێوەندی گشتی، ساز دەبێت کە پێکهاتەکانی جڤاك، ڕۆژ لە دووای ڕۆژ، لە یەکتری نزیك دەکاتەوە.

خوێنەری ڕۆژنامە، خۆی بە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەزانێت کە سوود لە ڕۆژنامە وەردەگرن‌و کە ڕۆژنامە تیراژی زۆر بێت‌و لە هەموو وڵات بڵاو ببێتەوە، ئەم هەستەش لە نێوان هەموو خەڵك پەرە دەستێنێت. بینینی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی وێڕای ئەوەی بینەر لە ڕووداوەکانی دەوروبەر ئاگادار دەکاتەوە، ئەم هەستەشی پێدەدات کە ئەویش ئەندامێکی کۆمەڵگاکەیە. واتە خوێندنەوەو بیستن‌و بینینی ڕووداوەکانی ناو وڵات‌و ئاگاداری لە بیروڕای خەڵکانیترو گەیاندنی هزرو بیر، بە لایەنەکانیتر، وا لە تاك دەکات کە خۆی بە ئەندامێکی کۆمەڵگا بزانێت‌و بەم شێوەیە هەستی هاوبەش لە نێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دروست دەبێت.

لە کوردستان بە هۆی بوونی خێڵ‌و هۆزو عەشیرەتی زۆر، هەروەها جیاوازی ئاستی ژیان لە گوندو شار، جیاوازی زاراوەکان، جۆراوجۆری دابونەریتەکان‌و تەنانەت دیاردەی فرە مەزهەبی، راگەیاندن دەتوانێت بە هەڵبژاردنی شێوازی زانستیانە، ئەم جەماوەرە ڕەنگاوڕەنگ‌و جۆراوجۆرە، لێك نزیك کاتەوە. بەڵام بەو مەرجەی هەوڵ نەدات کۆمەڵە بچووکەکان لە ناو کۆمەڵگای گەورە بتاوێنێتەوە. بۆ پێشگیری لە ڕووداوێکی وا دەزگای راگەیاندن دەبێت خزمەتی کۆمەڵە بچووکەکانیش بکات‌و ئەوان لەیاد نەبات.

راگەیاندن دەتوانێت خاڵی هاوبەشی یەکجار زۆر لە نێوان جەماوەر بخولقێنێت. دەتوانێت دابونەریت، هەڵسوکەوت، زمان، تەنانەت جلوبەرگی هاوڕەنگ لە ناو کۆمەڵگا، بەسەر تاکەکاندا بەبێ ئەوەی خۆیان زۆر هەستی پێ بکەن بسەپێنێت.

راگەیاندن دەتوانێت ئەڵقەی کۆمەڵە داخراوەکانی خێڵەکیو گوندە دوور هەڵکەوتووەکان، بشکێنێتو گۆڕانکارییان تێدا دروست بکات. راگەیاندن دەتوانێت ببێتە هۆی بەرز بوونەوەو گشتگیری هەستی نیشتمانیو نەتەوەیی، ئەویش لە رووبەرێکی یەکجار زۆر بەرفراواندا.
راگەیاندن دەتوانێت لەکاتی پێویست ببێتە پردی پێوەندی نێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاو یەکرێزی خەڵك پتەو بکاتو کەلێنەکانی نێوانیان پڕ بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر رووداوێکی تایبەتی بزاڤێکی گشتیو هەموانی لەناو جەماوەر رێکبخرێت. راگەیاندن دەتوانێت لە رێگەی ئافراندنی هەستی هاوبەش، دوژمنی تاکێك بە دوژمنی هەموانو دۆستی هەموان بە دۆستی تاکتاکی ئەندامانی کۆمەڵگا بناسێنێتو وا لە جەماوەر بکات، ئەم پەیامە بە تاسەوە بسەلمێننو لە پێناویدا خزمەت بکەن.

## ٥ ـ بەرگری

راگەیاندنی ئەم سەردەمە کە هەموو سنوورو کەوشەنی سیاسیو کۆمەڵایەتی گەلانی بەزاندووە، بووەتە ئامێرێکی هێرش بەر، بۆ سەر بیرو باوەڕو دابونەریتی خەڵك.
وڵاتانی پەرەسەندوو لەم سەردەمە، زۆرکەم بیر لە هێرشی چەکداریو خوێناویو داگیرکردنی فیزیکی دەکەنەوە.
(ساڵەهای ساڵە هێزەکانی نیزامیو ئابووری، بە شێوازی جیاجیا یا هاوبەش، وەکوو کۆڵەگەکانی سیاسەت کاریان کردووە. ئەم هێزانە هێشتان هەر بەمکارانە هەڵدەستن، بەڵام ئەوڕۆ بە پەرەسەندنی کاریگەریی کۆمەڵانی خەڵك بە سەر

## راگەیاندن

دەوڵەتەکانو بەرفراوانی هایداری لەنێوان ڕێبەرەکان، ئارەزووەکانی خەڵك، کە بە شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم گەییشتووەتە لووتکە، ڕەهەندێکی نوێی بۆ کرداری سیاسەتی دەرەوە ئافراندووە. بە دوواداچوونی ئامانجەکانی دیارکراوی سیاسیی دەرەوە، ڕەنگە زیاتر بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ لە لایەن خودی خەڵکی وڵاتانی دەرەوە، جێبەجێ بکرێت تا حکوومەتەکانیان. ئەوڕۆ بە بەکارهێنانی ئامرازو تەکنەلۆژیای نوێی پێوەندی، پێراگەییشتن بە بەشە گەورە یاکارتێکەرەکانی کۆمەڵگە نەتەوەییەکان، بۆگەیاندنی زانیاری پێیانو کاریگەری بە سەر تێڕوانینەکانیانو تەنانەت هەندێجار بۆ دابینکردنی بزاف لە پێناو هێنانەدیی جموجۆڵ لە قۆناغێکی تایبەتی، مومکین بووە. ئەم گرووپانە بە نۆبەی خۆیان ئامادەی ئەوەن کە گوشاری سەرنجڕاکێشو تەنانەت دەستنیشانکەر بەسەر دەوڵەتەکانیان بەکاربێنن.)[1]

ئەم سیاسەتە نوێیە، گەلانی دوواکەوتوو لە تەکنەلۆژیای نوێی، خستە مەترسییەکی زۆرەوە، چونکە ئەم گەلانە بنەماکانی بوونی خۆیان دەدیت کە وردە وردە بێڕەنگ دەبوونو لەیاد دەکرانو لەناو دەچوون.

هەر ئەم سیاسەتەو ڕوانگە مەترسیدارە بوو کە لەکۆتایی سەدەی بیستەمو پاش کۆتایی هاتنی دۆخی شەڕی سارد، کێشەی هجوومی فەرهەنگی هێنایە ئاراوەو

---

١ – وسایل ارتباط جمعی وامپراتوری امریکا، هربرت شیلر، ترجمهٔ احمد میرعابدینی، سروش، تهران، ١٣٧٧، لاپەرە ١٢٦.

Committee on Foreign Affairs, Report No.2 on "Winning the Cold War. The U.S. Ideological Offensive" 88th Congress, House Report No. 1352, April27, 1964, pp.6-7.

# بەشی شەشەم

سەرەنجام بۆچوونی (بە جیهانی بوونی)[1] لێ کەوتەوە.

ئـەمڕۆ ئـامێری پـێشکەوتوو، دەرفـەتێکی وای بـۆ وڵاتـانی پـیشەسازی رەخساندووە کە بەبێ هیچ کۆسپو لەمپەڕێك تا ناو ژووری نووستنی خەڵك دزە بکەنو مێشکی تاکە کانی کۆمەڵ لە هەموو لایە کەوە، بۆردومانی فەرهەنگی بکەن. خۆ هەمووومان دەبینین ئێستا لە کوردستان زۆربەی خەڵك لە ماڵی خۆیان بە بە کار هێنانی ئامێری سەتەلایت، بەرنامە کانی جیهانی تەماشا دە کـەن. لە ئاکامدا (لاوە کان، لە کاتی بێکاریدا خەریکی ئەو کردارانە دەبن کە بۆ لاوانی وڵاتانی سەرمایەداری داڕێژراوە: رۆمانە کانی پۆلیسی، ئامێرە کانی قـومار، وێنە سێکسییە کان، چیرۆ کی ناپەسەند، فیلمە کانی قەدەغە کراو بۆ تەمەنی لە شـانزدە سـاڵ کـمترو لە هـەمووی زیـاتر ئـەلکۆل. لە رۆژئـاوا، خـێزانو کاریگەرییە کانی پەروەردەو فێرکردنو ئاستی بەرزی ژیانی چینی کرێکار، پاراستنێکی کموزۆر سوودمەندی لە هەمبەر کارایی زیـانبەخشی ئـەمجۆرە رابواردنانە رێکخستووە. بـەڵام لە وڵاتـێکی ئـەفریقایی[2]،...بـنەماڵەیە کـی ئەفریقایی کاتێك بەرەو رووی هجوومی وا دەبێتەوە، زۆربەی جاران بێتوانایی لە پاراستنی یە کپارچەییو مانەوەی خۆی پێشان دەدات.)[3]

دووا رۆژی ئەم رەوتە ترسنا کە تەنیا ونبوونو لە ناوچوونی ئەو فەرهەنگو دابو نەریتو ئەو گەلانەن کە نەتوانن هێیزێکی بەرگری لە هەمبەر ئەم هێرشە

---

١ - Globalism

٢ - کوردستانی خۆمان لەمبارەیەوە زۆر لە ئەفریقا خراپترە.

٣ - Frantz Fanon, The Wretched of the Earth, Grove Press, New York, 1965, P.159 ـ سەرچاوە: وسایل ارتباط جمعی وامپراتوری امریکا، هربرت شیلر، ترجمۀ احمد میرعابدینی، سروش، تهران، ١٣٧٧، لاپەرە ٢٦٩.

بەرفراوانە دروست بکەن‌و خۆیان بپارێزن.
ئێمە لە کوردستان وێنەی ئەم کارەساتە لە قاڵبێکی بچووکتر دەبینین. ئەگەر لە ناوی دووکانەکان، ناوی شەقامەکان، شێوازی قسەکردنی خەڵك، هەڵسوکەوتیان‌و...ورد بینەوە، بە باشی هەست بە کاریگەری سەپاندنی فەرهەنگی بێگانەو ناکوردی، لە ناو جەرگەی کوردستان دەکەین کە ئاکامی کاری فەرهەنگی تەنیا چەند ساڵێکی رژێمەوکە بیر لە توانای زلهێزەکان لە کاری راگەیاندن بکەینەوەو بەراوردکردنی لەگەڵ تواناکانی رژێمی عێراق، ئەوجا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ماوەیەکی درێژدا هێرشی فەرهەنگی دەتوانێت چ کارەساتێك بۆ وڵاتانی هەژار دروست بکات.
بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم هێرشەکە بە دەزگاکانی راگەیاندن جێبەجێ دەکرێت، تەنیا لە رێگەی ئەم دەزگایانەوە مومکینەو جگە لەوە هیچ شێوازێکیتر سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.
هیچ وڵاتێك ناتوانێت رێگە لە گەیشتنی شەپۆلەکانی دەنگورەنگی رادیۆ، تەلەڤزیۆن‌و سەتەلایت‌و کۆمپیۆتەرو ئەنتەرنێت بگرێت. چونکە ئەم شەپۆلە ئەلەکترۆموگناتیسییانە، وەکوو هەوا ئێستا ئاسمانی هەموو وڵاتانی جیهانی داگرتووە. بۆیەش ناکرێ بۆ خۆ پاراستن، بیر لە قەدەغەکردن‌و سزادان‌و ئەم جۆرە شێوازانە بکرێتەوە.
هەرچەندە هەندێ لە وڵاتان ئێستا ئەم رێگەیەیان هەڵبژاردووەو جارێ تا رادەیەك سەریان ئاسوودەیە، بەڵام چەند ساڵیتر، کە دەزگاکان پێشکەوتنی زێدەتریان بە خۆوە بینی، ئەوجا لە کاری ئەمڕۆی خۆیان پەشێمان دەبنەوە.
بۆیەش من پێموایە تەنیا رێگە، بەرگری کردنە، ئەویش لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندن. بەڵام چۆن بەرگری بکرێت؟ ئەوە لە خوارەوە هەوڵ دەدەین

تیشکێکی بخەینە سەر.

## شێوازی بەرگری

یەکەم : پێویستە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیی، خاڵە لاوازو خراپەکانی دەزگایێکی ڕاگەیاندنو ئەو بەرنامەی لێی بڵاو دەکرێتەوە، بۆ خەڵك شی بکرێتەوە. دایکوباوك دەبێ بزانن منداڵەکەیان کە تەماشای بەرنامەیەك دەکات، کە دیمەنێکی بێ ئەخلاقی تێدایە، یا کوشتنو بڕینو جۆرەکانی تری خشوونەتی لەگەڵە، ئەوە منداڵە کە لێی فێر دەبێتو دوور نییە سبەینێ خۆی بەم کارانە هەستێت. لە ساڵی ١٩٧٧ لە تاران (منداڵێك بە دیتنی فیلمێکی پەڕەشووتوانانو دابەزینی ئارامو جوانیان، دەستی دایە سەیوانی باوکیو لە سەر بانەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە.)[1] دیارە ڕووداوی وا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕوویداوەو لەمە بەدوواش ڕەنگە ڕوو بدەن.

لاوانیش دەبێت ئاگادار بکرێنەوە کە ئەو دیمەنانەی لە هەندێ لە فیلمە تەلەڤزیۆنەکان پێشان دەدرێن، تەنیا فرتوفێڵی سینەماییینو بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك دروست کراونو هەقیقەت شتێکی ترە. بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە لاوان بە تایبەت لە کوردستان فریوی ئەم دیمەنانە دەخۆن کە لە فیلمە بێگانەکان دەبیننو بۆ گەییشتن بەم خۆشییە درۆیانە ڕێگەی هاتونەهاتی هەندەران دەگرنە بەر. کەچی نازانن زۆربەی ئەم جوانیوکەیفو ڕابواردنە، تەنیا لەناو فیلمەکان هەیەو تەنانەت ئەکتەرەکانی فیلمەکەش ڕەنگە ڕۆژێك لە ژیانی خۆیان خۆشییەکی ئەوتۆیان نەچێشتبێت.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێت ئەم ڕاستییە بە خەڵك ڕابگەیێنن کە زۆربەی ئەم

---

١ - جامعه شناسی ارتباطات، تألیف دکتر باقر ساروخانی، چاپ پنجم ١٣٧٣، لاپەڕە ١٧٨.

## راگەیاندن

فیلمانە تەنیا بە مەبەستی سیاسی یا ئابووریو لە پێناو بەرژەوەندی ئەو وڵاتە وێنە کێش دەکرێن کە مەسرووفاتی فیلمەکە دەدات. رستەکانی خوارەوە بە ئاشکرایی ئەم مەبەستە پێشان دەدات:

(لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٢، بەرپرسی پەخشی تەلەڤزیۆنی نێونەتەوەیی برایانی وارنێر، پرۆژەیەکی راگەیاند کە تێیدا پربینەرترین بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی ئەمەریکایی لە رووی کاتی پەخشی گونجاوەوە، بۆ بینەرانی رووسیا بڵاو دەکرێتەوە. ئەو، پێشگۆیی کرد کە «ئەمە بازارێکە کە هێشتا نەبووەتە کۆمەڵگایەکی خۆرا[1]، بەڵام لە داهاتوو دەبێت...ئێمە سەرەنجام وێ بکاربین بەرهەمەکانی ئامریکایی لە ئەنتێنەوە بڵاو بکەینەوە. ئەمە چاندنی سەرمایەیە بۆ ئایندە.»)[2]

رستەکانی سەرەوە بە ئاشکرا رادەگەیێنن کە یەکێك لە ئامانجەکانی دەزگای راگەیاندن لە وڵاتە سەرمایەدارییەکان، دۆزینەوەی بازاڕی فرۆشتنی کەلوپەلو تەنانەت بەرنامەی تەلەڤزیۆنییە لەناو گەلانی جیهاندا.دیارە ئەگەر لاوی کورد هەموو شەوێك قارەمانێك لە فیلمێك ببینێت کە کابۆی لەبەرەو کاری سەیرو سەمەرەو پاڵەوانانە ئەنجام دەدات، دڵنیابە هەرکە پارەی هاتە دەست یەکسەر کابۆیەکە بە هەر نرخێك بێت دەکرێتو لەبەر دەکاتو ئەوجا ئەگەر بۆی برەخسێت لاسای کردەوەکانی قارەمانەکەش دەکاتەوە.

من لێرە دەمەوێت شتێك لە سەر دابونەریتو ئەخلاقو دین بڵێم کە پێموایە لە

---

١ – کۆمەڵگای خۆرا، واتە ئەو کۆمەڵگایەی کە تەنیا دەخواتو هیچ بەرهەم ناهێنێت.(کۆمەڵگای مصرفی یا استهلاکی.)

٢ – وسایل ارتباط جمعی وامپراتوری امریکا، هربرت شیلر، ترجمۀ احمد میرعابدینی، سروش، تهران، ١٣٧٧، لاپەرە ٧٣.

## بەشی شەشەم

کوردستان خەریکە تێکەڵاو دەکرێت. چونکە دەبینم هەندێ دەزگا، بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ دروشمەکانی ئیسلامی سیاسی، هەوڵی پەرەسەندنی هەندێ دیاردە دەدەن کە دەکەونە بازنەی ئەخلاق و هیچ پێوەندییەکیان بە دینەوە نییە. بۆ وێنە خواردنەوەی ئەلکۆل لەسەر جادە، کارێکە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان بە بێ ئەخلاقی دادەنرێت. تەنانەت لەگەڵ دیموکراتییەت و ئازادیش ناگونجێت. دژایەتی کردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە، هیچ پێوەندییەکی بە دینەوە نییە. واتە مەرج نییە هەرکەسێك دژی ئەمکارە بێت مرۆڤێکی دیندار بێت یا سەربە رێکخراوێکی دینی ـ سیاسی بێت. بۆیەش پەرەسەندنی ئەم دیاردە ناشیرینانە زیان بە ئەخلاقی کۆمەڵگا دەگەیێنن و ئەگەر شتێکی واش روو بدات، هەموو لایەك زەرەرمەند دەبن.

بە رەچاو کردنی روونکردنەوەی سەرەوە دەتوانین زۆر لەو بەرنامانەی کە لە وڵاتێکی بێگانەوە ئامادە کراون، بە بەرهەمێکی تێکدەرانە دابنێین و رابگەیێنین کە ئەم دیمەن و دەنگ و هەڵسوکەوتانە، دژی ئەخلاقی کوردەوارین و لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگای ئێمە ناگونجێن. ئەمە کردەوەیەکی زۆر بەجێ و گونجاوە و سروشتییە کە هەر کۆمەڵگایەك، هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەبێت کە لە کۆمەڵگایەکیتر هەرس نەکرێت.

لەم جیهانە وڵاتی وا هەیە کە ئەگەر کچی کابرا بەبێ شووکردنیش منداڵی ببێت، باوکی کچەکە شانازی پێوە دەکات و کچەکەش هیچ شەرم ناکاتەوە. چونکە داب و نەریتەکەیان وایە. دیارە ئەم وڵاتە کە فیلمێك دروست دەکات، ئەم کردەوانە وەکو ژیانی ئاسایی و رۆژانە، لەم فیلمەدا پێشان دەدرێت. بەڵام ئایا رەوایە فیلمێکی وا بۆ خەڵکی کوردستان نەمایش بکرێت؟ ئایا کچی کورد چی لەم فیلمە فێر دەبێت؟ گەلۆ ئەگەر کچێکی نەخوێندەواری قوڕبەسەر، کەوتە بەرکاریگەری ئەم فیلمە، چی بەسەر دێت و کێ بەرگری لێ دەکات؟ ئایا ئەم

# راگەیاندن

کارەساتە بەسەر هەر دانیشتویەکی کوردستان بێت، بە موسوڵمانو ناموسوڵمان، بەبێ رەچاو کردنی دینو ئایینو زمان، تەنیا بەپێی دابونەریت، کاردانەوەو دەرەنجامەکەی هەر وەکوو یەك نابێت؟ پێموایە هەموو دانیشتوانی کوردستان لە حاڵەتێکی وادا، یەك بیروبۆچوونو یەك هەڵوێستیان دەبێت.
کەواتە دەزگای راگەیاندن لە هەمبەر پەیامەکانی خۆی مەسئولەو لەکاری بەرگری کردندا، پێویستە بەر لە هەموو شتێك خەڵکی خۆی لە زیانەکانی پەیامی دەزگای راگەیاندنی بێگانە، بە باشی ئاگادار بکاتەوە.
دووەم: لەگەڵ ئەنجامدانی خاڵی سەرەوەدا پێویستە کار بۆ برەودانو جێگیربوونی هەرچی زیاتری بەهاکانی کۆمەڵایەتیو نیشتمانی لەناو جەماوەر بکرێتو ئەمە دەبێت لە هەموو بەرنامەکانی دەزگاکانی راگەیاندن رەنگ بداتەوە. من ناڵێم هەموو لایەنەکانی دابونەریتی کوردەواری باشن، بەڵام خراپی هەندێ لایەن، نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندنی ناوخۆش لەگەڵ راگەیاندنی بیانی، بکەونە لاوازو بێرەنگ کردنی بەها نەتەوەییو کۆمەڵایەتییەکانو پێویستە هەوڵ بدرێت نەریتە خراپەکان بگۆڕدرێنو دابە باشو جوانەکانیش بپارێزرێن. دیارە کار کردن لەم بوارەشدا شارەزاییو زیرەکایەتی باشی دەوێتو پێویستە کادیری چالاکی بۆ پەروەردە بکرێت.
سێیەم: کە جەماوەرمان هاندا واز لە دەزگاکانی راگەیاندنی بێگانە بهێنن، دیارە لەم ناوەدا بۆشاییەك دروست دەبێت کە پێویستە دەزگاکانی راگەیاندنی ناوخۆ ئەم بۆشاییانە بە چاکی پڕ بکەنەوە. واتە دەبێت وەڵامی پێداویستییەکانی جەماوەر بدەنەوە تا ئەوان ناچار نەبن دیسان روو لە راگەیاندنی بیانی بکەنەوە. ئەم بۆشایی پڕکردنەوەیەش هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە. لە هەواڵو دەنگوباس بگرە، تا فیلمو چیرۆكو بەرنامەی منداڵانو سەرگەرمیو...هتد.
من پێموایە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی باسکراو لە رێگەکانی خوارەوە مومکین

## بەشی شەشەم

دەبێت:

أ ـ دامەزراندنی ناوەندی بەهێز بۆ دابین کردنی بەرنامەکەکەرتی تایبەت دەتوانێت لەمبارەیەوە یارمەتییەکی باشی دەزگاکانی راگەیاندن بدات.

ب ـ پەخشی هەواڵ لە هەموو بوارەکانداو بە بەرفراوانی، بە جۆرێك کە تینوویەتی خەڵك بشکێنێت‌و بە پێویست نەبینن پەنا بۆ راگەیاندنی بێگانە بەرن.

پ ـ هەوڵدان بۆ دۆبلاژی فیلمە بیانییەکان بە زمانی کوردی‌و بڕینی ئەو دیمەنانەی کە لەگەڵ ئەخلاقی کۆمەڵگا ناگونجێن. دیارە بڵاوکردنەوەی ئەم فیلمانە بەزمانی کوردی، لە تامەزرۆیی خەڵك بۆ بینینی فیلمەکان لە راگەیاندنی بیانی کم دەکاتەوە.

ت ـ هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی بەرهەمی خۆماڵی‌و هەرزان. کە هەم خەڵك سەرگەرم دەکات‌و هەم ئامانجە پەروەردەییەکان دەپێکێت. من خۆم جارێك ئەم کارەم تاقی کردووەتەوەو سەرکەوتنی بەرچاوم بەدەست هێناوە. بەرنامەی پێشبڕکێی هاوسەران یەکێك لەو بەرنامانە بوو کە خەڵك ئێستاش کە دەمبینن بە تاسەوە داوای دەکەن. کەچی بەرنامەکە نە ئیمکانیاتی زۆری دەویست‌و نە مەسرووفاتێکی زۆری تێدەچوو.

ج ـ هەوڵدان بۆ وەرگرتنی بەرهەمی هونەریی پارچەکانی تری کوردستان‌و بڵاوکردنەوەیان. هەروەها سوود وەرگرتن لە توانای هونەرمەندان‌و ئیمکانیاتی تەکنیکیی ئەم شوێنانە.

چوارەم: کەڵك وەرگرتن لە هەموو ئامێرەکانی راگەیاندنی جیهانی لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوییەکان‌و هەروەها ئەگەر پێویست بوو، بۆ هێرشی پێچەوانە.

راستە تەکنەلۆژیای ئەم سەردەمە دەستی وڵاتە پێشکەوتووەکانی تا جەرگەی وڵاتە دوواکەوتووەکان درێژ کردووە، بەڵام ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانێت

# راگەیاندن

بکەوێتە خزمەتی گەلانی دوواکەوتووش، تا بە هۆی ئامێرەکانی پەیوەندی گشتی، هەوڵی سەقامگیرتر کردنو باشتر بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان بدەنو خزمەتی دابونەریتو بەها رەسەنەکانیان بکەنو لەم رێگەیەوە تێ بکۆشن. کێشەی تەلەڤزیۆنی ئەلجەزیرە لەکاتی شەڕی ئەمەریکا دژی تاڵیبان لە ئەفغانستان پێشانیدا کە وڵاتە بچووکەکانیش بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا دەتوانن کێشەی گەورە بۆ زلهێزەکان بخوڵقێنن.
گومانی تێدا نییە کە ئەمکارە پێویستی بە سەرمایەو زەحمەتی زۆر هەیە. بەڵام ئەگەر ئاکامو ئامانجی ئەم هەوڵە لە بەر چاو بگرین، نرخەکەی هەرچەندێك بێت هەر ئەرزانە. لە راستیدا ئەگەر بیر لە پاراستنو مانەوەی گەلو نەتەوەکەمان بکەینەوە، دەبێ ئەم رێگەیە بە هەند وەربگرینو تەنیا ئامێری چارەسازیش کە دەتوانێت سەرکەوتنمان بۆ مسۆگەر بکات راگەیاندنە.
دیارە راگەیاندن کە ئەرکی بەرگریی لێ چاوەڕوان بکرێت پێویستی بە شارەزاو پسپۆڕو هونەرمەندو پارە هەیەو دەبێت خۆراکی ئەم حووتە پڕمەسرەفە بەباشی دابین بکرێت. هەرچەندە خودی دەزگای راگەیاندنیش ئەگەر بە باشیو زانستیانە بەڕێوە بچێت، دەتوانێت بەشێکی زۆری مەسرووفاتی خۆی دابین بکات.
بە هەرحاڵ دەبێت دڵنیا بین کە ئەگەر لە وڵاتێك هونەرمەندی مۆسیقاژەنو گۆرانیبێژ پەروەردە نەکرێتو هەوڵی پێشکەوتنیان بۆ نەدرێتو راگەیاندن خزمەتیان نەکات، زۆر زوو ئەم گەلە خۆی بە بێ هونەرو مۆسیقا دەبینێتو پەنا بۆ مۆسیقاو هونەرمەندی بیانی دەبات. لە ئاکامدا لاوی ئەم وڵاتە ناوی گۆرانیبێژی بیانی، زۆر باشتر لە ناوی زاناو هونەرمەندە گەورەکانی وڵاتی خۆی دەزانێتو شانازی پێوە دەکات. ئەمەش لە درێژخایەندا هەروەکوو پێشتریش ئاماژەم پێدا، واتە مردنو بزربوونی گەلو نەتەوە. چونکە ئەم

دیاردەیە هەر بە مۆسیقا ناوەستێتو لایەنە کانی تریش دە گرێتەوە.
دیارە هەر گەلو نەتەوەیە کیش، کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە کە پێی دەناسرێتو ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانەی لێ بکرێتەوە، ئیتر نەتەوە نییەو پێویستە ناوێکیتر بۆخۆی بدۆزێتەوە. کورد بە دابونەریتە کانی، بە زمانە کەی، بە ئەخلاقە کەی کوردەو ئەگەر ئەمانەی لێ سەندرایەوە، پێموایە ئیتر کورد نییە.
بەداخەوە ئامانجی هێرشی فەرهەنگی بۆ سەرگەلان تاواندنەوەی تایبەتمەندییە کانی گەلانەو کوردیش یە کێکە لەم نەتەوە بەشخوراوانەی کە بیەوێتو نەیەوێت کەوتووەتە بەر ئەم هێرشەو هیوادارم بتوانێت خۆی رابگرێتو شوناسی خۆی لە کیس نەچێت.
دەزگا کانی راگەیاندنیش دەبێت بزانن کە لەم قۆناخەدا ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانەو ئەوان دەتوانن ببنە دیوارێکی پۆڵایینی پاراستنی گەلو نەتەوەو نیشتمانە کەمان. هەڵبەت ئەمە کاتێك مەیسەر دەبێت کە ئەوانەی لەم دەزگایانە کار دە کەن، هەست بە بەرپرسیارەتی مێژوویی خۆیان بکەنو هیوادارم وابن.

## ٦ـ خۆشگوزەرانیو سەرگەرمی

هەرچەندە ئەم ئەرکە واتە خۆشگوزەرانیو سەرگەرمی، لە هەموو سەرچاوە کانو لە لایەن هەموو ئەو کەسانەی باسی راگەیاندن دە کەن، شیکراوەتەوە، بەڵام بە ڕای من بابەتی خۆشگوزەرانیو سەرگەرمی دەبێت لە گەڵ ئەرکە کانی تری راگەیاندندا، بە تێکەڵکراوی هەبێت. بە مانایە کیتر (هەر بەرنامەیە کی پەروەردەیی دەبێت لایەنی سەرگەرمیو زانیاریشی تێدا بێت، دەنا خەڵك خۆی تێناگەیێننو دەتوانین بڵێین هەر بەو رادەیە بەرنامە کانی سەرگەرمیش دەبێت یارمەتیدەری بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی خەڵك

## راگەیاندن

بن.)[1]

کاری راگەیاندن لەم سەردەمە کاتێك کاریگەرو سوودمەند دەبێت کە ئەرکەکانی بە شێوازێکی هونەریو سەرنجڕاکێشو لە قاڵبێکی سەرگەرمی جێبەجێ بکات.

کاری راگەیاندن ئەگەر تەنیا ببێتە وتارو نەدوەو هەواڵو بەرنامەی پسپۆری وشك، سەرکەوتوو نابێت. بۆیەش سەرگەرمیو خۆشگوزەرانی پێویستە لە گشت بەرهەمەکان جێگەی بۆ بکرێتەوە.

لەلایەکیتر بڕوا ناکەم بەرنامەیەك لە راگەیاندن تەنیا بە مەبەستی سەرگەرمی بڵاو بکرێتەوە. چونکە ئەم بەرنامەیە هەرچییەك بێت، بە هەرحاڵ بۆ گەیاندنی پەیامێك ئامادە دەکرێتو خەڵکی خۆیان پێوە ماندوو دەکەن، هەرچەندە پەیامە کە خراپو نەرینیش بێت. کەواتە ئەم ئەرکەی راگەیاندن ئەگەر باسیشی نەکرێت هەر دەبێ رەچاو بکرێت. وەکوو ئەوەی کە لە چالێنان، ئەگەر باسی ئاویش نەکرێت ئاو هەر پێویستەو بەبێ ئاو، چالێنان نابێت. هەر بەم شێوەیە بەبێ رەنگو تامی سەرگەرمیو خۆشگوزەرانی، کاری راگەیاندن بە تایبەت لە رادیۆو تەلەڤزیۆنو سینەما، هیچ کاریگەرییەکی نابێت. من زۆرم پێ سەیرە کە ئێستاش لە دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان، هەندێ بەرنامە بڵاو دەکرێتەوە کە زۆر وشكو لە قاڵبی هەندێ وشەی داڕێژراو، پێشکەش دەکرێتو ئامادەکارانی بەرنامەکەش چاوەڕوانن خەڵك وەکوو مرۆڤی دەستو پێ بەستراو لە بەرامبەریان دابنیشێتو تەماشایان بکات، یا گوێیان لێ بگرێتو ئەوها کە ئەوان دەیانەوێت پەروەردەش بکرێن. ئەم ئازیزانە گوایە نازانن لەم

---

١ - جامعه شناسی وسائل ارتباط جمعی، نوشتهٔ ژان کازنو، ترجمهٔ دکتر باقر ساروخانی - دکتر منوچهر محسنی، چاپ پنجم، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧٣، لاپەرە ٥٦.

## بەشی شەشەم

سەردەمەداو لە ڕێگەی دەزگا کانی ڕاگەیاندندا دوو قسەی منالێکی خنجیلانەی جوانو ڕێکوپێك، ڕەنگە بە قەد هەزار قسەی زلزلو گەورە گەورە، کار بکاتە سەر خەڵكو جەماوەر بەرەو خۆی ڕابکێشێت، بە تایبەت ئەگەر هەندێ بەهاراتی سەرگەرمیشی لەگەڵدا بێت. کەواتە ئەرکی خۆشگوزەرانیو سەرگەرمی ئەگەر باسیش نەکرێت لەبایەخی کەم نابێتەوەو دەزگا کانی ڕاگەیاندن پێویستە ڕەچاوی بکەن. هەروا کە لە ئامادە کردنی بەرنامە کانی سەرگەرمیش دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ئامانجی بەرنامە تەنیا کات بەفیڕۆدان نەبێتو خەڵك لە بەرنامە سەرگەرمییەکەش شتێك فێر ببنو بیخەنە سەر زانیارییە کانی خۆیان.

# بەشی حەوتەم

## دوو ئەزموونی سەرکەوتوو

## سەرەتایەك

پێموایە ئەو کەسەی بیەوێت لە راگەیاندن کار بکات، جگە لە هەندێ مەرجی هونەری کە پێویستی کارەکەیەتی (وەکوو ئەوەی کە نووسەر دەبێت شێوازی نووسین بزانێت)، پێویستە بەر لە هەموو شتێك، زەوقی ئەم کارەی هەبێت. ئەگەر کەسێك زەوقی راگەیاندنی نەبێت، پەنجا ساڵیش لەم بوارەدا بخوێنێتو کار بکات، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. بەڵام ئەگەر زەوقە کە هەبێتو ئەوجا مرۆڤی وا، بە خوێندنەوەش زانیارییەکانی خۆی پەرە پێ بدات، ئەوە دەتوانێت کاری زۆرباش ئەنجام بداتو تەنانەت شتی نوێ بخوڵقێنێت.

زەوقیش دەبێ هەر لە سەرەتاوە لە وجوودی مرۆڤدا هەبێت. وەکوو هونەری مۆسیقاو نیگارکێشیو...هتد.

یەکەم کاری راگەیاندنی من، دووای نسکۆی ٧٥ لە ئێران بوو. ئەویش دووای ئەوەی پەنابەران بەسەر شارەکانی ئێران دابەشکرانو باوکم (بە رەحمەت بێت)، بووبە (شکاربان)[١]و نێردرایە شاری یەزد.

لەوێ بابم موسەجیلەیەکی ئایوای کڕیو چونکە خۆی دەچووە سەرکارەکەیو هەمیشە بواری گوێگرتن لە رادیۆی بۆ نەدەرەخساو بە باشیشی نەدەزانی لە لای فارسەکان گوێ لە رادیۆی (بی.بی.سی.) بگرێت، چونکە دەترسا ساواکی بنو راپۆرتی لەسەر بنووسن کە کاری سیاسی دەکات، ئەوجا من دەبوایە هەموو شەوێك دەنگوباسی ئەم رادیۆیە بۆ ئەو تۆمار بکەمو کە دەگەڕایەوە، گوێی لێ

١ – کاری شکاربان کە کارێکی دەوڵەتییە، ئەوەیە کە ژیانی ئەو گیانلەبەرە کێوییانە بپارێزێت کە لە لایەن حکوومەتەوە راو کردنیان قەدەغە بێتو شکاربان سەرپێچیکاران دەگرێتو دەیانداتە دادگا بە مەبەستی سزادانیان.

# بەشی حەوتەم

دەگرتەوە. دیار بوو بە دووای هەواڵو دەنگوباسی تایبەت بە کوردستانو بارزانی دەگەڕا. لە بیرمە لە ماوەیەکی دوورو درێژ، تەنیا دوو یا سێ جار ئەمجۆرە هەواڵانەم تۆمار کرد. لە راستیدا دووای نسکۆو چارەسەریی کێشەی پەنابەران، ئیتر زۆر باسی شۆڕشی کوردی لە دەزگاکانی راگەیاندن نەدەکرا. بەڵام ئەم ئەرکەکە جۆرەگوهدێرییەك(ئینسات) بوو، بۆ من سوودێکی یەکجار زۆری هەبوو. چونکە گوێم لەگەلێ هەواڵو دەنگوباسی سیاسی جیهان دەگرتو شتی باشی لێ فێردەبووم.

لە لایەکیتر خودی پەنابەرییەکەو پرسیاری خەڵك لە ئێمەکە (ئەرێ ئێوە بۆ وا ئاوارە بوون؟)و (بۆ واتان بەسەر هات؟)و وەڵامو شیکردنەوەی دوورو درێژی ئێمە، لە راستیدا جۆرە ئەرکێکی راگەیاندنی خستبووە سەرشانی هەموو ئەو پەنابەرانەی فڕێ درابوونە ناو قووڵایی خاکی ئێران.

شڵەژانی ئێرانو سەرهەڵدانی دەنگی ناڕەزایی خەڵك لە دژی شا، بۆ من دەرفەتێکی باش بووکە زیاتر تێکەڵی سیاسەت بمو لێرەش کاری راگەیاندنم بە نسیب بوو. بڵاوکردنەوەی کیتاب لە هەموو جۆرە بیروباوەڕێك کە دەگەییشتە دەستمو باس لەو زوڵمەی شا دەرهەق بە ئێمە کوردەکانی عێراق کە بە (کوردەکانی بارزانی) دەناسراین، لەو ئەرکانە بوون کە لە شۆڕشی ئێران زۆر خۆم پێوە ماندوو دەکرد.

پێوەری من بۆ باشو خراپی بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکانی ناو مەیدانی خەباتی گەلانی ئێران، روانگەی ئەوان دەرهەق بەکەسایەتی بارزانی نەمروکوردەکانی عێراق بوو. لە بیرمە لەیەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران، یەکێك لە پاڵێوراوەکان هاتبوو ناوچەی ئێمە. ئەوکاتە لەگوندێکی سەربە قەزای (تەفت) دادەنیشتین. پاشنیوەڕۆ پاڵێوراوەکە هاتە قوتابخانەکەمان بۆ ئەوەی لەگەڵ قوتابیان قسە بکات، کە لەماڵەوە داوا لە دایکوباوكو خزمو کەسیان بکەن کە

دەنگی پێبدەن. دووای قسەکردن نۆرەی پرسیارکردن هات. من یەکەم کەس بووم دەستم بەرز کردەوەو پرسیم:
رای جەنابت لەسەر خوالێخۆشبوو مەلامستەفا بارزانی چییە؟
کابرا وەکوو ئەوەی شتێکی سەیری بیستبێ برێك تەماشای من و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی کرد. بەڕێوەبەری قوتابخانە پێی وت: قوربان ئەم قوتابییە لە کوردەکانی بارزانییە. ئەوجا پاڵێوراوەکە نزیکەی ١٠ خولەك لەسەر کەسایەتی بارزانی نەمر قسەی کردو زۆر مەدحی کرد. منیش پێم وت:
شەرت بێت دەنگ بدەینە جەنابت.[١]
هەروەها چەند مانگێك پێش سەرکەوتنی شۆڕش، لەگەڵ کابرایەکی سیاسی بە ناوی دیانەتفەڕ زۆر ببوومە برادەر. ئەویش لەبەر ئەوەی هەمیشە دەیوت: (ئەم شاهە ناپیاوە خیانەتی گەورەی لە مەلا مستەفا کرد.)
بە منی دەوت: (تۆ دەبێ ببییە دکتۆر، چونکە کوردەکان لە شەڕی پارتیزانی پێویستییان بە دکتۆر دەبێت.) ئەم کابرایە زۆرتر کیتابەکانی موهەندیس بازەرگانی بۆ دەهێنام تا بیانخوێنمەوەو بڵاویان بکەمەوە.
بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هیواو ئومێدێکی تازە بۆ ئێمە دروست بوو. جموجۆڵ لە ناو پەنابەران بە ئاشکرا دەستی پێکردو دووای ماوەیەك هەرچەندە تەمەنم بچووکیش بوو، لەگەڵ باوکم کە ئەندامێکی دێرینی پارتی بوو، منیش کرامە ئەندام.
کەسایەتی بارزانی نەمر هەروەکوو لەژیاندا پشت و قووەتێکی زۆر بوو بۆ گەلی

---

١ – لە سەرەتای شۆرشی ئێران لە زۆر شوێن رێگە درا کوردە پەنابەرەکانیش دەنگ بدەن. لە راستیدا چاودێرییەکی ئەوتۆ لەسەر دەنگدان نەبوو. بەلام کەسیشم نەدیت بە فرت‌وفێل زیاتر لە جارێك دەنگ بدات. هەرکەسەو بە یەکجار دەنگدان رازی بوو.

## بەشی حەوتەم

کورد، دووای وەفاتیش یادو بیرەوەرییەکانی ببوونە ئەگەری زیندوو مانەوەی شۆڕش و هۆی یەکگرتن و هاوبیری و هاودڵی، لەناو پەنابەرەکان.

لە راستیدا مەڕاسیمی یادی بارزانی نەمرو پاشان ئیدریسی جوانەمەرگ لە ناو کوردە پەنابەرەکان، هەموو ساڵێك رۆڵێکی گەلێ گەورەی لە پێگەیاندنی کادیری شیاوو هەڵکەوتە لە دوورە وڵاتیداگێڕاو بۆنەیەکی تاقانە بووکە لاوانی تازە پێگەییو، تواناکانی خۆیان لەو مەراسیمە بخەنە روو.

کە شەڕی ئێران و عێراق گەرم بوو. دووای هەڵاتنی بەنیسەدر لە ئێران، ماڵی ئێمە لە شاری ئەردەکان بوو. من لە دوواناوەندی (شەڕەف) خەریکی خوێندن بووم. لەوێش بەڕێوەبەری قوتابخانە کە رەزامەندی خۆی لەسەر پێشنیاری من دەربڕی کە هەموو بەیانیان لە حەوشەی قوتابخانەو لە کاتی مەڕاسمی دەستپێکی رۆژانەی خوێندن ١٥ خولەك لەسەر ئەو زوڵم و زۆرەی حکوومەتی عێراق دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامی داون، بۆ قوتابیان قسە بکەم. لە راستیدا ئەم وتارانە کە بەبێ نووسین پیشکەشم دەکرد، منی زۆرباش فێری نەدوەدان و قسەکردن کردو بناغەیەکی باش بوو بۆکارەکانی دوواییم. تا وای لێهات کە لە زانکۆی تارانیش، چەندجار لە بۆنەکانی یادی شەهیدانی هەڵەبجە، گوتار پێشکەش بکەم. جگە لەمەش ئەو بەرنامەیە ناچاری کردم زیاتر هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوە سەبارەت بە رژێم بدەم کە لە رێگەی یەکێتی قوتابیان و لاوان و پارتی و کڕینی کیتاب لە بازاڕ، کۆم دەکردنەوە. هەموو ساڵێکیش پۆستەرێکی یادی بارزانی نەمرم لە تابلۆی تایبەتی راگەیاندن لەناو قوتابخانە دەداو وڵامی پرسیاری قوتابییەکانم دەرهەق بە کەسایەتی بارزانی نەمرو شۆڕشی کوردی دەدایەوە.

سەرتان نەئێشێنم. بەمجۆرە کمکمە بە بێ ئەوەی خۆم بزانم، کاری راگەیاندن تێکەڵ بە ژیانم بوو. تاوای لێهات وەکوو نووسەر بە زمانی فارسی بابەتی زۆرم

# راگەیاندن

لە چاپەمەنییەکانی ناوخۆیی ئێران لەسەر کوردو کوردستان بڵاو کردەوە. لەوانە: (شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر، بۆردومانی ئۆردووگای زێوە، کیمیابارانی هەڵەبجە، ئافرەتی کورد، حزبی بەعس و...هتد).

هەندێجاریش بابەتم بۆ رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق رەوانە دەکردو کە گوێم لە خوێندنەوەی دەبوو زۆر کەیفم دەهات.

لە ساڵی ١٩٩١ یەکەم بابەتی خۆم کە کۆمەڵە شێعرێکی مناڵان بوو، بە دەستنووس و کۆپی کردن بڵاو کردەوە، کە رەنگە ئێستاش هەندێ لە ماڵە کوردە پەنابەرەکان هەیانبێت. ناوم نابوو (بۆزارۆکا). پاشان کتابێکم هەر بە دەستنووس بڵاو کردەوە کە چەند دانەیەکی کۆپیم دایە برادەران و دانەیەکیشم رەوانەی لقی ٨ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرەج کرد. کیتابەکەم ناو نابوو (کینە ئەم؟). رەنگە ئەم کارانە لێرە لەناو وڵات بە ساکارو ئاسان بێنە بەرچاو، بەڵام لە ئاوارەیی و پەنابەری و دەستکورتیدا، هێندەت پێ بکرێت، پێموایە کەم نییە. ئەویش لە سەردەمێك کە تەنیا کۆپی کردنی چەند لاپەڕەیەك، رەنگە گرفتی بۆ دروست کردبای.

بە هەرحاڵ بە باشم زانی لەم دەرفەتە بە کورتی باسی دوو ئەزموونی راگەیاندنی خۆم بۆ خوێنەرانی هێژا بکەم کە پێموایە سەرکەوتوو بووینەو ئامانجی خۆیان پێکاوە، یا بە لایەنی کەم من خۆم لێیان رازیم. بەڵام پێمباشە ئەوەش بڵێم کە هەر لەم دوو ئەزموونەداگەلێ شتم بەسەر هاتووە، گەلێ هەڵوێستی سەیرو سەمەرەم بینیوە کە لێرە مەجالی باسکردنیان نییەو هیوادارم بتوانم لە ئاییندە هەموو رووداوەکانی ئاوارەییم و ئەوانەی دووای گەڕانەوەش، لە کیتابێکی تایبەتی بڵاو بکەمەوە. تا ئەورۆژە ئەم شتانە با هەر لە دڵی خۆم و سەر لاپەڕەکانی بیرەوەرییەکانم بمێننەوە. دڵنیام دەرفەتی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەیان لە داهاتوو هەر دەڕەخسێت. بە هیوای ئەورۆژە.

## بەشی حەوتەم

# گۆڤاری گزنگ

لە ساڵی ۱۹۹۳ کە وەکوو بەرپرسی لقی ئاوارەی یەکێتی قوتابیان و لاوان لە ئێران دەستم بەکارەکان کرد، یەکەم ژمارەی گۆڤاری گزنگ، وەکوو ئۆرگانی لقی ئاوارە لە لایەن کاك عەبدورەحمان پاشاوە، لە مانگی ۱۹۹۳/۱۲ چاپ و بڵاو کرابۆوە.

کە ستافی لق دامەزرا، بڕیارماندا درێژە بە دەرکردنی گۆڤاری گزنگ بدەین. ژمارە(۲و۳) بە شڕی و بێسەروبەری لە شوباتی ۱۹۹٤ بڵاو کرایەوە. ئەویش لەبەر ئەوەی من هیچم لە تەکنیکەکانی ئامادەکردنی گۆڤار بە فتۆستەنسیل و رۆنیۆ نەدەزانی. ئەوەندەیش کە کرا زیاتر بە رێنوێنی کاك کازم پیرانی بوو، کە لە قەڵەمی لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری دەکردو لەم کارانە شارەزا بوو. هەر ئەویش بابەتەکانی تایپ دەکرد. کە پێویستە لێرە سوپاسی بێپایانی خۆم ئاراستەی ئەم برا بەڕێزە بکەم.

ژمارە (٤و٥) لەبەر بێ پارەیی درەنگ ئامادەو چاپ کرا. بەڵام لە ژمارەی پێشتر رێکوپێکتر بوو. ئیتر منیش تا رادەیەکی باش شارەزا ببووم و بۆیەش ژمارە ٦ کە لەگوڵانی ۱۹۹٤ کەوتە دەستی خوێنەران، دەتوانم بڵێم گۆڤارێکی باش بوو. بەڵام لەوە بەدووا ئیتر لەبەر تاخیر بوون و پێڕا نەگەییشتن، گۆڤاری

## راگه‌یاندن

گزنگمان کرده، گۆڤارێکی وه‌رزیو ژماره (٧و٨) مان پێکه‌وه له ٩٦ لاپه‌ڕه تایبه‌ت به هاوینو پاییزی ١٩٩٤ خسته به‌رده‌ستی خوێنه‌ران. له‌م ژماره‌یه هه‌ندێ بابه‌ت به کۆمپیۆته‌ر چاپ کرابوون. که کاك عه‌بد ماروونسی به نرخێکی هه‌رزانو به کۆمپیۆته‌ری تایبه‌تی خۆی له ماڵه‌وه بۆمانی تایپ ده‌کرد. ژماره ٩ تایبه‌ت به زستانی ١٩٩٥ به پیترێژی کۆمپیۆته‌ریو له ٧٤ لاپه‌ڕه که ده‌رچوو، ئیتر به ته‌واوی به دڵم بوو. چونکه دڵنیا بووم به‌و ئیمکانیاته‌ی ئێمه هه‌مانه، کاری له‌وه باشتر ناکرێت.

ژماره ١٠ له ٦٨ لاپه‌ڕه له به‌هاری ساڵی ١٩٩٥، که‌وته ده‌ستی خوێنه‌رانه‌وه‌و هه‌روه‌کوو جاران پێشوازییه‌کی باشی لێکرا. ئێمه‌ش کاره‌که‌مان په‌ره پێداو ژماره (١١و١٢) مان له قاڵبی (ئه‌ی چوار) به ١٠٦ لاپه‌ڕه‌وه له پاییزی ١٩٩٥ بڵاوکرده‌وه.

ئیتر له‌وه به‌دووا له‌به‌ر گیروگرفتی سیاسی نه‌مانتوانی ژماره ١٣ی گزنگ بڵاو بکه‌ینه‌وه‌و لێمان بوو به ژماره‌ی شووم‌و نه‌گریس‌و بابه‌ته ئاماده کراوه‌کانی ئێستاش هه‌ر له‌لام ماونه‌ته‌وه.

لێره به ئه‌رکی سه‌رشانی خۆمی ده‌زانم ناوی هه‌ندێ له‌و هه‌ڤاڵانه بێنم که له کاری ده‌رکردنی گۆڤاره که له‌گه‌ڵ منا خۆیان ماندوو ده‌کردو له پێش هه‌موویان هه‌ڤاڵ سه‌بری ده‌روێش که ئه‌وکات به‌رپرسی لقی هه‌شتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. دیاره به‌ڕێزیان له رووی یاساییو سیاسیش له هه‌موو ئه‌و چالاکییانه‌ی ئێمه ده‌مانکرد مه‌سئول بوون. بۆیه‌ش ئاسایی بوو که جارجار گرفتمان بۆ ساز بکات‌و نه‌یێڵێت گه‌لێ له‌و بابه‌تانه‌ی له گۆڤار بڵاو ده‌کرانه‌وه هه‌ر رووی چاپ به خۆیانه‌وه ببینن. که‌چی ئه‌م هه‌ڤاڵه به‌ڕێزه هه‌میشه هانده‌رمان بوو له درێژه پێدانی کاره‌که‌و زۆرجاریش من خۆم سوودم له رێنماییه‌کانی ئه‌و وه‌رگرتووه. به‌ڕاستی کاك سه‌بری نموونه‌ی به‌رپرسێکی

# بەشی حەوتەم

دڵسۆزو شارەزای حزبییە کە دەزانێت چۆن لەگەڵ رێکخراوێکی جەماوەری هەڵسوکەوت بکات.

سوپاسی لە رادەبەدەر بۆ هەڤاڵانی خۆشەویستم دەهام چاوشین، خانی مەحموودو ئینزار ئەحمەد، کە وەکوو کارگێڕی لقی ئاوارە بە هەموو توانایەکیان هاوکارییان کردم. لە ئامادەکردنی بابەتەکان بگرە تا چاپو بڵاو کردنەوەیان. بە تایبەت کاك دەهام کە من ناوم نابوو (رۆنیۆی نێروە).

هەمیشەکە خەڵك دەیانپرسی ئەرێ گزنگ چۆن چاپ دەکەن؟ وڵامم دەدایەوە کە ئێمە دوو رۆنیۆمان هەیە، یەکێکیان ژاپۆنییە، ئەویتریان نێروەیی. بەم دووە گۆڤارەکە چاپ دەکەین.

ئەوانەی کاریان بە دەزگای رۆنیۆ کردبێت دەزانن کە ئەوکاتەی لاپەڕەیەك چاپ دەکرێت، لەبەر تەڕی ئەگەر لاپەڕەکەی تری بکەوێتە سەر، ئەوە پیس دەبێتو شتێکی ناشیرینی لێ دەردەچێت. ئێمە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ناچار بووین کاغەز بخەینە نێو لاپەڕەکان. واتە من رۆنیۆم دەسووڕاند، کە یەکەم لاپەڕە دەردەهات کاك دەهام کاغەزێکی لەسەر دادەناو ئەوجا من دیسان رۆنیۆم دەسووڕاندو لاپەڕەیەکیتر دەکەوتە سەر کاغەزەکەو دەهامیش کارەکەی دووبارەدەکردەوەووای لێهاتبوو ئەمبەزمە زۆربەخێرایی جێبەجێ دەکراو بەمجۆرە گۆڤارێکی ٧٠ـ٨٠ لاپەڕیمان بە تیراژی ٦٠٠ـ٧٠٠ دانە چاپ دەکرد.

جارێکیان کاك پەرویز جیهانی کە لە گۆڤاری سروە کاری دەکرد، هاتە سەردانمان، کە وەزعەکەی بینی پێی سەیربوو. بە منی وت کوڕە ئێمە لە سروە وامان دەزانی ئێوە ئیمکانییەتێکی باشتان لەبەر دەستە. چونکە گزنگ لەوە ناچێت کە بە رۆنیۆ چاپ کرابێت.

جارێکیتر کاك ئازاد بەرواری کە ئەوکات هاتبوو ئێران، هاتە سەرەدانمان.

# راگەیاندن

ئێمەش خەریکی چاپی یەکێك لە ژمارەکانی گزنگ بووین، کە دەرکەی کردەوەو وەزعی ئێمەی دیت وتی: ئەرێ ئەوە چدە کەن؟ منیش وڵامم دایەوە: خەریکی چاپی گۆڤارین. کاك ئازاد بە پێکەنینەوە وتی: وڵڵا برا ئێوە هێشتا لە ٦١ دەژین.

دووای تەواوبوونی کاری رۆنیۆ، ئەوجا لاپەڕەکانمان بە نۆبەت لەسەر یەك دادەناو مەنگەنەمان لێدەداو پاشان بەرگمان تێدە گرت.

کاری ئامادەکردنی بابەتەکان لە کاری رۆنیۆ گرانتربوو. بەندەی موخلیستان تەنیا سەرنووسەر نەبووم. ئەرکی نووسەری‌و هەڵەچنی‌و دارشتنی هونەری‌و...هەر هەمووی لەسەر شانی خۆم بوو. زۆربەی جاران ناچار بووم دێرە تایپ کراوەکان یەك یەك ببڕم‌و وشە بە وشە بە سیکۆتین دیسان لە بن یەك دایانڕێژمەوە.

بابەتەکانی گۆڤار رەنگاورەنگ بوون، بەڵام چوار بابەت لە زۆربەی ژمارەکان بەرچاو دەکەوتن کە بابەتی من بوون. واتە (دەمە تەقەی خێلۆو گێلۆ، بۆزارۆکا، وڵامی نامەی خوێنەران، هەواڵ‌و چالاکی). جگە لەمانە بە هەندێ ناوی تری وەکوو (سەرنووسەر، صالح مەحموود، شەهلا، رێبوار، هەژار ساڵح، گزنگ‌و...) بابەتم بڵاو دەکردەوە. لەمبارەیەوە بیرەوەرییەکم هەیە کە قەت لە یادم ناچێت.

دووای گەڕانەوەم لە ئێران رۆژێك لە خزمەت کاك ئازاد بەرواری دانیشتبووم کە شەهید فەڕەنسۆ هاتە ژووری. کاك ئازادیش منی ناساندو گوتی ئەمە ساڵح هەرکییە، بەرپرسی لقی ئاوارەی قوتابیان‌و لاوان لە ئێران. شەهید فەڕەنسۆ تۆقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم‌و وتی:

- تۆ رێبواری؟ گوتم بەڵێ.

- لە نزیك نەمدیوی بەڵام بە بابەتەکانت دەتناسم. تۆ سەرنووسەری گۆڤاری

گزنگی. وتم بەڵێ راست دەفەرمووی.
- بە زۆر ناویش دەنووسی.
من ئەو قسەیەم پێ سەیر بوو. ئەوجا وتی:
- لە ناوەرۆکی بابەتەکان دەزانم کامەی هی تۆیە. هەر چەند ناوەکەی تۆشی لەسەر نەبێت.

بە هەرحاڵ گۆڤاری گزنگ سەرەڕای ساکاریو سەرەتایی بوونی شێوازی چاپ کردن، توانیی سەرنجی گەلێ نووسەرو خوێندەڤان، بۆ لای خۆی رابکێشێتو وەکوو ئامێرێکی راگەیاندنی سەرکەوتوو خۆی بسەپێنێت. تا وای لێهاتبوو کە کەسایەتییە سیاسییە ناودارەکانی کوردی کوردستانی ئێران راستەوخۆ یا بە نامە پێوەندییان پێوە دەکردینو بابەتیان بۆ دەناردین. بۆ نموونە جارێکیان یەکێك لەم کەسایەتیانە لەسەر کێشەی کورد نامەیەکی ئاراستەی وەزیری دەرەوەی ئێران کردبوو کە وێنەیەکیشی بۆ گۆڤاری گزنگ ناردبوو. بۆ ئەوەی لە لامان بمێنێتەوە.

لە بواری رۆژنامە نووسیش لەم چاپەمەنییانە باسی گۆڤاری گزنگ کراوە.(مامۆستای کورد، سروە، خەبات، برایەتیو...)

بە بڕوای من هۆیەکانی سەرەکی سەرکەوتنی گۆڤاری گزنگ، بۆ ئەو شتانە دەگەڕێتەوە کە لە خاڵەکانی خوارەوە بەکورتی ریزبەند کراون:

١ - نەبوونی گۆڤارێکی سیاسی کوردی لە ئێران بەگشتیو لەناو پەنابەرانی کورد بە تایبەتی. راستە لە ئێران هەردوو گۆڤاری سروەو ئاوێنە هەبوون بەڵام ئەم دووە تەنیا کاری ئەدەبیو فەرهەنگییان دەکردو لەبەر نەبوونی بابەتی سیاسی، تینوویەتی خەڵکیان نەدەشکاند. بۆیەش گۆڤاری گزنگ کە کراوەترو ئازادتر دەچووە ناو هەندێ بابەتی سیاسی تایبەت بە کورد، سەرنجی خەڵکی رادەکێشا.

## راگه‌یاندن

٢ ـ ساده‌و ساکاریی گۆڤاری گزنگ، که هه‌میشه به زمانێکی پاراوی کوردی‌و شێوازی خومانی‌و رووڕاست له‌گه‌ڵ خوێنه‌رانی خۆی ده‌دوا. ئێمه به راشکاوی باسی که‌موکورییه‌کانی خۆمان ده‌کردو ره‌خنه‌مان له‌گۆڤاره‌که‌مان ده‌گرت. خاڵه لاوازه‌کانی خۆمان نه‌ده‌شارده‌وه‌و ئه‌مه‌ش ده‌بووه هۆی سازبوونی پێوه‌ندییه‌کی پته‌وی خۆمانی له نێوان ئێمه‌و خوێنه‌ران.

٣ ـ دوور که‌وتنه‌وه له کۆت‌و زنجیری بیری ته‌سکی حزبایه‌تی‌و هه‌وڵدان بۆ خزمه‌ت کردنی رێبازی کوردایه‌تی، له‌گه‌ڵ پاراستنی بنه‌ماکانی فکری تایبه‌تی خۆمان. هه‌ر ئه‌م کاره‌ش گه‌وره‌ترین خزمه‌تی به رێبازو بیرو باوه‌ڕه‌که‌مان ده‌کرد. بۆ وێنه جارێك له بیره‌وه‌ری شه‌هیدانی هه‌ڵه‌بجه، قوتابییه‌کی زانکۆی خه‌ڵکی مه‌هاباد به‌منی وت تاگزنگم نه‌بینی قه‌ت بڕوام نه‌ده‌کرد که له‌ناو پارتی هێنده ئازادیی را ده‌ربڕین هه‌بێت. ئێوه به راستی سه‌لماندتان که له‌ناو ئه‌م حزبه خه‌ڵك ده‌توانێت به سه‌ربه‌ستی قسه‌ی خۆی بکات. دیاره هه‌زار دروشمی بریقه‌دار نه‌یده‌توانی ئه‌م کاریگه‌رییه‌ی هه‌بێت‌و بۆیه‌ش منی زۆر خۆشحاڵ کرد.

٤ ـ بڵاوکردنه‌وه‌ی هه‌واڵی چالاکییه‌کانی لاوان‌و قوتابیانی په‌نابه‌ر له ئێران‌و هه‌روه‌ها بڵاوکردنه‌وه‌ی پێشبڕکێیه‌کانی زانستی. که ئه‌م هه‌نگاوه‌ش وای کرد لاوان‌و قوتابیان زیاتر به‌ره‌و گۆڤار رابکێشرێن‌و ببنه خوێنه‌ری هه‌میشه‌یی‌و له ئاکامدا گۆڤاره که به ته‌واوی ده‌فرۆشراو یه‌ك دانه‌شی نه‌ده‌مایه‌وه‌و پاره‌که‌شی بۆمان ده‌گه‌ڕایه‌وه. که‌چی نرخه‌که‌ش له‌چاو چاپه‌مه‌نییه‌کانی ئێستای کوردستان گه‌لێ گرانتر بوو. بۆ وێنه نرخی ژماره (١١و١٢)، (١٥٠) تومه‌ن بوو که ئه‌وکات ده‌یکرده (٥٠) دیناری عێراقی.

له دووایین ژماره‌ی گزنگ وڵامی نامه‌ی خوێنه‌ران که له شاره‌کانی خواره‌وه‌ی ئێران گه‌یشتووه دراوه‌ته‌وه:

## بەشی حەوتەم

ئۆردووگای زێوە، کـاشان، تـوربەتی جـام، ئـەلوەند، قـەزوێن، مـەشهەد، خورەمدەرە، پیرانشار، تەکاب، ئەسفەهان، مەهاباد، سەقز، شنۆ، مـەریوان، کامیاران، بانە، سنە، سەردەشت، کرماشان، رەوانسەر، بۆکان، کە زۆربەیان لە براکوردەکانی کوردستانی ئێرانن.

جگە لەمانەش جارجار لە پاکستانو کوردستانی عێراقو سویدیش نامەمان بۆ دەهات. ئەمە جگە لەو نووسراوو بابەتانەی لە لایەن رێکخستنەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە لە سەرانسەری ئێران پێمان دەگەییشت.

بەهەرحاڵ پێموایە گۆڤاری گزنگ هەرچەندە بە گۆڤارێکی ساکارو سەرەتایی لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی دێتە حیساب، بەڵام یەکێك لەو گۆڤارانە بووە کە سەرکەوتنی زۆرباشی بە دەست هێناوەو ئەرکی سەرشانی خۆی وەکوو ئامێرێکی پێوەندی گشتی بەباشی جێبەجێ کردووە.

یادی هەموو ئەو بەڕێزانە بەخێر کە لەمبارەیەوە هاوکارییان کردین، بە تایبەت هەڤاڵ فوئاد حەسەن کە هەمیشە لە دابینکردنو بڕینو ئامادە کردنی کاغەزی گۆڤار هاوکارو یاریدەرمان بوو. هەروەها یادی هەموو ئەوانە بەخێر کە لێرە دەرفەتی ناوبردنیان نەبووە.

## رادیۆی پێشکەوتن

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٨ کە گەڕامەوە کوردستان، لە سکرتارییەت و لە بەشی ڕاگەیاندن، وەکوو جێگری بەشی ڕاگەیاندن دامەزرام، هەڤاڵ ڕەفعەت سەعید بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی لە مەعهەدی کادیرانی حزب خەریکی خوێندن بوو، زیاتر من کاروباری ڕاگەیاندنم جێبەجێ دەکرد. جگە لە گۆڤاری پێشکەوتن کە کەسێکیتر بەڕێوەی دەبردو من بۆم نەبوو دەست بخەمە ناو کارەکانی، بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەڤزیۆن و کارەکانی تری ڕاگەیاندن عایدی من بوون و هەڤاڵ مقداد شاسواری و یەکدوویەکی تریش هاوکارییان دەکردم. جگە لەوە کاك ئیبراهیم مستەفا سکرتێری ئەوکات منی ڕاسپارد کە بەرنامەیەکی تێرو تەسەل لەسەر مێژووی یەکێتی لاوان ئامادە بکەم، کە دووای هەوڵێکی زۆر توانیم نزیکەی ١٢٠ خولەك بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی بەڵگەدار، لەمبارەیەوە ئامادە ڕێکبێخم. بۆ ئەمکارەش دەبێت سوپاسی هەڤاڵ ڕەفعەت سەعید بکەم کە هەندێ سەرچاوەی خستە بەردەستم و هەروەها پێویستە سوپاسی هەڤاڵان خانی مەحموودو کاك سیڤەر دەرهێنەری ئەوکاتی تەلەڤزیۆنی گوڵان بکەم کە زۆر خۆیان بە کارەکەوە ماندوو کرد. لەم بەرنامەیە گەلێ لایەنی مێژووی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، باسکرا. بۆ وێنە بۆ یەکەمجار بە ڕەسمی باسی ئەوە کرا کە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ١٨ی شوبات دانەمەزراوە، یا باسی ئەوە کرا کە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٠ چووەتە ڕیزی یەکێتی لاوانی عێراق و...هتد.

# بەشی حەوتەم

دووای کۆنگرەی پێشکەوتن کە لە ۲۹ی نیسان تا یەکی ئایاری ساڵی ۱۹۹۸ لە هەولێر بەستراو من بە کارگێڕی سکرتاریەت دەرچووم، بەداخەوە لەبەر هەندێ هۆ کە لێرە نامەوێت باسیان بکەمو با بۆ دەرفەتێکیتر بمێنێت، نەکرا لە شوێنی دڵخوازی خۆم کار بکەم. بۆیەش لە بەشی هونەرو رۆشنبیری دامەزرام. من لە خوارەوە بڕێك بە وردی دەچمە ناو گێڕانەوەی چۆنیەتی دامەزراندنی رادیۆی پێشکەوتن. دیارە مەبەستیشم ئەوەیە کە (شەهید فەڕەنسۆ وتەنی) مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێت. چونکە دەبینم خەڵکانێك هەوڵی ئەمکارە دەدەنو بۆ وادەکەن ئەوەش بابمێنێت.

رۆژێك کە لەگەڵ کاك نۆڤەر محیەددین کە ئەندامبەشی هونەرو رۆشنبیری بوو، باسی ئەوەمان دەکرد کە پێویستە رێکخراوەکانی لاوان هاندەرو یارمەتیدەری ئەو لاوانە بن، کە خاوەن شیانو شارەزایینو زەمینەی لەباریان بۆ بڕەخسێنن. کاك نۆڤەریش پشتی قسەکانی منی گرتو وتی لە کوردستان بەداخەوە کەس خەم لەم لاوانە ناخواتو وێنەی هێنایەوە کە برادەرێك دەناسم لە رادیۆو تەلەڤزیۆن زۆر شارەزایەو تەنانەت زۆربەی ئەو رادیۆیانەی لەناو هەولێر کار دەکەن، ئەو دایناون، کەچی کەسیش جگە لەوکاتانانەی پێویستیان پێ دەبێت، دەنا مەرحەباشی لێناکەن. پرسیارم کرد ئەرێ دامەزراندنی ئەم رادیۆیانە چەندی تێدەچێت؟ کاك نۆڤەر گوتی بە تەواوی نازانم، بەڵام پارەیەکی زۆری ناوێت. منیش داوام لێکرد لە برادەرەکەی کە کاك وشیاری ناوبوو بپرسێتو خەبەرەکەم بۆ بێنێتەوە.

دووایی وڵامم بۆ هاتەوە کە بە نزیکەی بیست هەزار دینار دەکرێت دەزگایەکی پەخشی رادیۆیی دابمەزرێتو بۆیەش من یەکسەر چوومە لای کاك ئیبراهیم ئیسماعیل کە سکرتێر بوو. لەناو باخچەی سکرتارییەت پیاسەی دەکرد، بیرۆکەیەکەم بۆ باسکردو ئەویش وتی کارێکی زۆر باشە، بەڵام کوا پارە؟

## راگەیاندن

شەش مانگێك پێش ئەم باسە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەك داوای بڕی دەهەزار دینارم لە شوێنێك کردبوو کە سەرف کرابوو، بەڵام پرۆژە کە سەری نەگرتبوو. منیش پارەکەم هەروا لە ماڵەوە هەڵگرتبوو. بەڵام دیاربوو هەڤاڵانی سکرتارییەت یا لەبیریان چوو بوو، یا وایاندەزانی پارەکەم بەجۆرێك سەرف کردووە، بۆیەش کەس باسی نەدەکرد.
کە کاك ئیبراهیم باسی پارەی کرد، وتم کاکە دەهەزار دینار لەمن، ئەویتریش تۆ هەوڵی بۆ بدە. وتی دەهەزارت لەکوێ بوو؟ داستانەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەویش وتی هەر ئێستا دەتوانی دەستبەکار بی.
پرسیم بەرپرسی رادیۆ کێ دەبێت؟ وتی خۆت. منیش وتم دەی بیسمیللا.
ئەوەبوو خۆم و کاك نۆڤەر وەکوو بەشی هونەرو رۆشنبیری کەوتینە کارو دووای ئەوەش کاك شەوکەت شێخ یەزدین بڕێکیتر پارەی پێداین و بەمەش ستۆدیۆیەکی سادەمان بە هەندێ پێداویستیتر رێکخست و رادیۆی پێشکەوتن لە رێکەوتی ۱۹۹۹/۳/۲۰ بە رەسمی لە لایەن کاك سامی عەبدورەحمان کرایەوەو من وەکوو بەڕێوەبەرو کاك نۆڤەر وەکوو دەرهێنەر دەستمان بە کارەکان کرد.
لە راستیدا من لە رووی تەکنیکی شارەزاییەکی ئەوتۆم لەکاری رادیۆ نەبوو. بۆیەش کاك نۆڤەر هەندێ یارمەتی دام، لەبەر ئەوەی ئەو پێشتر لە رادیۆی هەرێم وەکوو دەرهێنەر کاری دەکردو لەکاری میکسەر لەمن شارەزاتر بوو. ئیتر من تا رێکەوتی ۲۰۰۰/۸/۹ کە لادرام، وەکوو بەڕێوەبەرو لەگەڵ ئەمەشدا وەکوو بێژەر، ئەکتەر، پەیامنێرو... خەریکی کارکردن لەم رادیۆیە بووم و چەند خۆم پێوە ماندووکرد، ئەوە تەنیا خۆم و ئەو خوشکو برایانە دەزانن کە لە رادیۆ کاریان دەکرد. بۆیەش ناشارمەوە هەرگیز لە ژیانمدا بەقەد ئەو رۆژەی کە هەستم کرد لە رادیۆی پێشکەوتن جیاکراومەتەوە نەئێشاوم. لە

# بەشی حەوتەم

راستیدا ئەمەیان زوڵمێکی گەورەبوو کە هەم لەمن و هەم لە رادیۆی پێشکەوتن کرا، چونکە ئەم رادیۆیە بۆمن ببوو جگەر گۆشەیەك. رەنگە هەڵەیەکی گەورە بێت کە مرۆڤ هێندە بە دەزگایێك خوو بگرێت. بەڵام من ئەم هەڵەیەم کردبوو. ئەویش تەنیا لە رووی دڵسۆزیو هەر لە پێناوی ئەوەی ئەم رادیۆیە ببێتە بنەمایەکی پتەو بۆ راگەیاندنێکی جەماوەریو دەوڵەمەند لە داهاتوو. بۆیەش هیچ شەوێك پێش تەواوبوونی پەخشی رادیۆ کە کاتژمێر ٣/٥ی پاش نیوەشەو بوو نەدەنووستم. هەموو هزرو هۆشم لای ئەم رادیۆیە بوو. هەردەم بیرم لەوە دە کردەوە کە چۆن دە کرێت بەرنامە کانی دەوڵەمەندتر بین و بەرفراوانتر بکرێن. ئەگەر جارێك لەبەر هۆیەکی تەکنیکی رادیۆ بوەستابایە، هەر ساعەتێك لە شەوبایە لە پیرمامەوە خۆم دە گەیاندە ئەویٚ و کێشە کەم چارەسەر دە کرد. بۆیەش لەماوەی ئەم یەکساڵ و نیوە قەت رادیۆ لە کارە کانی نەوەستا.

بۆ ئەوەی رێگە لە هەڵەو کەتنی زۆر بگرم، سیستەمی پاداش و سزام زۆر بە توندی جێبەجێ دە کرد. هەر کارمەندێك تووشی هەڵە ببوایە، سزا دەدراو لە مووچەی کەم دە کرایەوەو ئەوەیش کە دڵسۆزانە کارە کانی جێبەجێ دە کرد، پاداشتی کارە باشە کەی وەردە گرت. بۆیەش هەندێك منیان بە دیکتاتۆر ناو دەبرد، کەچی پێموایە لە دەزگای راگەیاندن پێویستە دیسپلینی رێکوپێك هەبێت. چونکە ئەگەر وانەبێت کاری راگەیاندن تووشی پاشاگەردانیو تێکەڵاوی دەبێت و لە ئاکامدا دەزگایە کە هەڵدەوەشێتەوە. جگە لەمەش بەڕێوەبەری باش دەبێت هەڵسەنگاندنی هەبێت و کارە چاکە کان لە کردەوە خراپە کان جیا بکاتەوەو ئەوانەی لە گەڵی کاردە کەن، دەبێت بە کردەوە ئەمە لە بەڕێوەبەرە کەیان ببینن، بۆ ئەوەی بەرەو چاکە کاری هان بدرێن و رێگەی داهێنان و ئافراندن کە پێویستییە کی سەرە کیو رۆژانەی هەر دەزگایە کی راگەیاندنە، بۆ هەموو کەسێك هەموار بکرێت.

# راگەیاندن

دووای ماوەیەك توانیمان پەخشی (S.W)و (F.M) یش زیاد بکەین. بۆیەش جگە لە هەولێر، لە شوێنەکانی تری کوردستانیش بیسەر بۆ رادیۆی پێشکەوتن هەبوو. تەنانەت لە پارچەکانی تری کوردستانیش لەلایەن بیسەرانەوە نامەمان بۆ دەهات. لە کوردستانی عێراقیش، لە دهۆكو سلێمانیو کەرکووك، بەباشی گوێیان لە رادیۆکەمان دەبوو. بۆیەش هەمیشە بێژەرانی رادیۆ هەستیان دەکرد لەگەڵ هەموو خەڵکی کوردستان قسە دەکەن.

من لێرە پێمخۆشە سوپاسی بێپایانی خۆم ئاراستەی هەموو ئەو هەڤاڵو لاوە خوێنگەرمانە بکەم کە دڵسۆزانە لە کاروباری ئەم رادیۆیە، هاوکارییان لەگەڵ کردمو سەرکەوتنەکەش هەر لە سۆنگەی یارمەتییەکانی ئەوان بوو. بەداخەوە مەجال نییە ناوی هەموویان بنووسم، بەڵام لێرە هەر بەم چەند ناوە بەسندە دەکەم.

هەڤاڵان: خانی مەحموود (بەرپرسی بەشی گوهدێری)، سابیرحوسێن (ئەندامی بەشی گوهدێری)، ئەحمەد بەکر، سالار غەریب، ئومێد خۆشناو، (هەموویان وەکوو بێژەرو پەیامنێر)، سەرباز عومەر (دەرهێنەر)و ژمارەیەکی زۆریتر کە وەکوو بێژەرو دەرهێنەر لەم رادیۆیە پێکەوەکارمان دەکردو رەنگە ئەوان لەمن زیاتر خۆیان ماندووکردبێت. کاك نۆڤەریش کە پێشتر باسم کردو زۆر لە بەرنامەکانیشی بەتایبەت بەرنامەی (بەیانی باش کوردستان)ی لەگەڵ من پێشکەش دەکردو لەبەر خۆماندووکردنی، پاش ماوەیەك داوام لە سکرتاریەت کرد پلەی جێگری بەڕێوەبەری پێ بدەنو ئەوانیش پەسەندیان کرد. هەرچەندە دووای وەرگرتنی ئەم پلەیە کێشەی نێوان ئەووکارمەندانیتر، یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی من لە رادیۆ بوو.

هەروەها زۆر سوپاس بۆ کاك وشیار ئەندازیاری رادیۆ کە هەمیشە هەوڵی دەدا رادیۆی پێشکەوتن باشترین پەخشی هەبێت.

## بەشی حەوتەم

من هۆیە کانی سەرکەوتنی رادیۆی پێشکەوتن لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینم:

١ ـ دیسپلین و رێکوپێکیی لە پەخش و لە بەرنامە کان:

هەروەکوو پێشتریش باسم کرد ئەم خاڵە ببووە هۆی ئەوە کە جەماوەر وا هزر بکەن کە ئەم رادێویە، دامودەزگایە کی یە کجار بەرفراوان و گەورەیە. بۆ وێنە لە ماوەی ئەم یە کساڵ و نیوەی من بەڕێوەبەری رادیۆ بووم، هەمیشە لە کاتژمێر ٢٤ بێ ئەملاو ئیملا نوێترین دەنگوباسی جیهان بڵاو دە کرایەوەو هەر ئەم دەنگوباسەش کاتژمێر هەشتی بەیانی دووبارە دە کرایەوە. خۆ ئە گەر لەم ماوەیە شتێکی نوێ روویدابا، ئەوە دەخرایە ناو هەواڵە کان و پێشکەش دە کرا. بەرنامە کانی تریش هەموویان لە کاتی دیارکراوی خۆیان بڵاو دە کرانەوە.

٢ ـ بایەخدان بە هەواڵ و دەنگوباسی سیاسی، وەرزشی، ئابووری و زانستی:

ئەم خاڵەش جۆرە حورمەتێکی بۆ رادیۆ لەلای بیسەران دروست کردبوو. چونکە هیچ هەواڵێکی نوێ نەبوو کە رادیۆ جیهانییە کان باسی لێوە بکەن و لە رادیۆی پێشکەوتن بڵاو نە کرێتەوە. لەمبارەیەوە زۆر کەس بە منیان دە گوت خواخێرتان بنووسێت ئیتر لە کۆڵ رادیۆ کانی دەرەوە بووینەوە. بە مانایە کیتر بیسەران گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە بۆ بیستنی هەموو هەواڵێکی ناوخۆو دەرەوە، دەتوانن پشت بە رادیۆی پێشکەوتن ببەستن.

جگە لەوە هەواڵە کانی زانستی سەرنجی زۆر خەڵکی رادە کێشا. بەتایبەت کە دەیانبینی ئەو هەواڵانەی ئەورۆ لە رادیۆی پێشکەوتن دەی بیستن، دوو هەفتە دوواتر ئەوجا هەندێکی لە هەفتەنامەو رۆژنامە کانی کوردستان بڵاو دە کرانەوە.

٣ ـ جەماوەری بوونی رادیۆ:

جەماوەری بوون، بەومانایەی کە ئامێری راگەیاندن هەوڵ بدات قسەی دڵی خەڵك بڵێت و لەناو خەڵك بێت، یە کێك لە خاڵە هەرە کاریگەرە کانی سەرکەوتنی رادیۆی پێشکەوتن بوو. زۆر لە بەرنامە کانی رادیۆ، تایبەت بوون بە جەماوەرو

گیروگرفتەکانیان. وەکو بەرنامەی (بەیانی باش کوردستان) کە هەموو بەیانیان جگە لەرۆژانی پشوو راستەوخۆ پێشکەش دەکراو خەڵکیش بە تەلەفۆن بەشدارییان تێدا دەکرد. هەروەها بەرنامەی (رادیۆو بەرهەمی بیسەران)، کە شەوان دووای نیوەشەو ئەویش راستەوخۆ بڵاو دەکرایەوە. جگە لەمانە رادیۆ هەوڵی دەدا پەیامنێرەکەی لەهەموو رێورەسمەکانی جەماوەری بەشدار بێتو رێپۆرتاژی تایبەتی لەسەر ئامادە بکات کە دووایی بڵاو دەکرایەوە.

٤ ـ کاری نوێ:

ئافراندنو داهێنان هەر لەرۆژی یەکەمی دامەزراندنی ئەم رادیۆیە دەستی پێکرد. لە راستیدا شتی نوێ کراو ئەم نوێکارییەش لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی لێ کرا. بۆ نموونە:

أ ـ پەخشی رادیۆ شەوانە تا کاتژمێر ٣/٥ی بەرەبەیان هەبوو. کە ئەمەیان لە کوردستان تا ئەوکات وێنەی نەبوو. کە دەستبەکاربووین زۆر کەس دەیانگوت ئەم کاتە بۆ پەخش گونجاو نییەو کەس نابێت کە گوێ لە بەرنامەکان بگرێت. بەڵام رای من وانەبوو. چونکە پێموابوو لە پایتەختی وڵاتێك هیچ جوان نییە هەر سەر لەئێوارە رادیۆ نەمێنێتو ئێستاش رام وایە کە لە هەولێر دەبێ رادیۆکان تا بەیانی لە پەخشی خۆیان بەردەوام بن. جگە لەوەش هەستم دەکرد خەڵکێکی زۆر هەن کە بە شەو ئەگەر رادیۆ هەبێت، گوێی لێ دەگرنو چونکە شار لەو کاتەدا بێدەنگە، رادیۆ دەتوانێت زۆر باش کار بکاتە سەر بیسەری وا.

دووای چەند رۆژ دەرکەوت من بە هەڵە نەچووبوومو بیسەری شەو لە رۆژ ئەگەر زێدەتر نەبوونایە، کمتریش نەبوون.

ب ـ تازەکارییەکیتر کە یەکەمجار ئێمە لەکوردستان کردمان، گۆڕینی سعات لە (١ تا ١٢)، بۆ (١ تا ٢٤) بوو. واتە لە جیاتی بڵێین کاتژمێر (١٠) شەو، دەگوترا کاتژمێر (٢٢). سەرەتا ئەمجۆرە راگەیاندنە تەنانەت بۆ بێژەرانی رادیۆش

بڕێك زەحمەت بوو. بەڵام دووایی پێی فێربوون. دیارە خەڵك ئـەمەیان بـە نوێکارییەکی جوان وەرگرتبوو.
بە داخەوە ئێستاش تەنانەت لە بڵاوکراوی سیاسیشدا دەوترێت (شەوی هێندە لەسەر هێندە). کە بە بڕوای من وشەیەکی زۆر ناشیرینو ناسەردەمیانەیە. لە جیاتی ئەمە ئەگەر کاتژمێری ڕووداوەکە بە (٢٤) بوترێت ئیتر ئەم هەموو (لەسەرولەژێری) ناوێتو خەڵك بەباشی لێی تێدەگات. بۆ وێنە (کاتژمێر ٢٣ی ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٥/٣) هەموو دەزانن کە مەبەست ١١ی شەوەو مێژووەکەش دیارە. جگە لەمەش ئێستا لە حیسابو کیتابی جیهانی زۆر کەم بـاسی شـەو دەکرێت. بۆ وێنە دەوترێت یەکساڵ ٣٦٥ ڕۆژە. دیارە لێرە شـەوەکـانیش حیساب کراوە، بەڵام ناوی نەهاتووە. کەواتە سەردەمی (شەوی هێندە لەسەر هێندە) نەماوە.
پ ـ یەکێك لە بنەماکانی کاری ڕادیۆی پێشکەوتن گرنگیدان بە گـۆرانـیو مۆسیقای کوردی بوو. پێموایە بەر لە ئێمەش یەکێك لە ڕادیۆکان لە هەولێر بڕیاری دابوو کە گۆرانی بێگانە بڵاو نەکاتەوە. بەڵام ئێمە یەکەم ڕادیۆ بووین کە بڕیارماندا وێڕای پەخش نەکردنی گۆرانی بێگانە، ئەو گۆرانییە کوردییانەش کە خزمەتی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی نەکەن پەخش نەکـەین. واتـە ئـەگـەر گۆرانیبێژێکی بەناوبانگیش گۆرانییەکی هەبایە کە مۆسیقایەکەی تەنیا بەکیبۆرد بوو. ئەوە ئەم گۆرانییە پەخش نەدەکرا. من زۆرجار ڕەخنەم لە دەزگاکـانی ڕاگەیاندن دەگرت کە بە پەخش کردنی گۆرانی ناکوردی خزمەتی گۆرانیو مۆسیقای بێگانە دەکەنو ئەمەیان کارێکی زۆر خراپەو لە هیچ وڵاتێکیتر ئەم دیاردەیە بەرچاو ناکەوێت. کەچی وڵامیان دەدامەوە کە کاکە خەڵك خۆی داوا دەکاتو ئێمەش ناچارین بۆیان بڵاو دەکەینەوە. بەڵام لە ڕادیۆی پێشکەوتن گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە ئەمە ڕاست نییە. چونکە بڕیارەکەی ئێمە لە لایەن

## راگەیاندن

خەڵکەوە پێشوازییەکی زۆر باشی لێکراو کچ و کوڕانی هەولێری، زۆر دڵسۆزانە دەستخۆشییان لێ دەکردین و هەرگیز داوای گۆرانی بێگانەیان لێ نەدەکردین. بە پێچەوانە ئەم بڕیارەمان لەناو جەماوەر دەنگی دایەوەو شوکر بۆ خوا دوای ئەوە رادیۆکانیتریش رادەی گۆرانییە ناکوردییەکانیان کەم کردەوە. جگە لەوە ئێمە بایەخێکی زۆرمان بە گۆرانییە رەسەنە کۆنەکان دەدا، کە پێشتر لە هیچ یەك لە رادیۆکان، هێندە گرینگییان پێ نەدەدرا. پەخشی حەیران و گۆرانی فلکلۆری بە هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی، یەکێك لە بەرنامە هەمیشەییەکانی رادیۆی پێشکەوتن بوو.

ج - نوێکارییەکیتری رادیۆی پێشکەوتن، سوود وەرگرتن لە تواناکانی لاوانی کوڕو کچی ناو شاری هەولێر بۆ بێژەری بوو. ئێمە بە کڕینی تەلەفۆنێکی گەڕۆك، زۆرجار ئەو دەرفەتەمان دەدایە بیسەرێك کە لە ماڵەوە بەرنامەی راستەوخۆ پێشکەش بکات و تەنانەت وەکوو بێژەرێکی ناو ستۆدیۆ، وڵامی تەلەفۆنەکانی بیسەرانیتر بداتەوە. ئەمکارەی ئێمە زۆر بە دڵی لاوانی هەولێری بوو، بۆیەش پێشوازییەکی بێ وێنەیان لێ دەکرد.

٥ - زمانی ساکارو خۆمانی:

بەرنامەکانی رادیۆی پێشکەوتن هیشك و رەسمی و بێهەست بڵاو نەدەکرانەوە. بەڵکوو هەمیشە دەبوایە بێژەر بە زمانێکی خۆمانی و دۆستانە لەگەڵ بیسەرانی رادیۆ قسە بکات و هەوڵ بدات مەبەستی خۆی، بە زمانێکی پەتی و کوردانە بە بیسەر بگەیێنێت. بۆیەش مەرجی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی بێژەر ئەوەبوو کە یەکەمجار خۆی بزانێت چ دەڵێت، ئەوجا بۆ خەڵکی بڵێتەوە. چونکە ئەگەر بێژەر خۆی لە بابەتەکەی حاڵی نەبوو، ناتوانێت خەڵکیتریش حاڵی بکات.

لە کۆتاییدا دەڵێم لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتی بەندەی موخلیستان، رادیۆی پێشکەوتن گەلێ سەرکەوتنی بەدەست هێناو لە لایەن یەکێتی نووسەرانی کوردو

## بەشی حەوتەم

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ، خەڵاتی تایبەتیی پێشکەشکراو لە ڕۆژنامەکانیش بەباشی، زۆری لەسەر نووسرا. ئەمەیان ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو بۆ من لە کاری ڕاگەیاندنداو گەلێ شتیش لەم ماوەیەدا فێر بووم. هیوادارم منیش توانیبێتم لە زانیارییەکانی تاکەکەسێك هەرچەندکەمیش بێت زیاد بکەم. ئەمەیان بۆمن شانازییەکی گەورەیەو دووای لادانیشم لەچاکەو خراپەکانی ئەم رادیۆیە بەرپرسیار نیم، بەڵام هەمیشە پێمخۆشە سەرکەوتوو بێت. چونکە بە یەکێك لە دەستکەوتەکانی خەباتی سیاسی خۆمی دەزانم.

■

# پەیوەستەکان



نووسەر لەگەڵ هەڤاڵ دەهام چاوشین لە کاتی چاپکردنی گۆڤاری گزنگ بە رۆنیۆ



ئامادەکردنی بەرگی گۆڤاری گزنگ

## سەرچاوەكان:


١ ـ ژورنالیسم تلویزیونی ـ نوشتهٔ رابرت تیرل، ترجمهٔ مهدی رحیمیان، تهران ١٣٧١.

٢ ـ جامعه و طبیعت، علم، فرهنگ وزبان ـ دكتر چسنكو، ترجمهٔ محمدتقی فرامرزی، انتشارات شباهنگ، چاپ اول ٢٥٣٦.

٣ ـ جامعه شناسی سیاسی ـ نوشتهٔ تام باتامور، ترجمهٔ منوچهر صبوری كاشانی، چاپ سوم ١٣٧٢، انتشارات كیهان.

٤ ـ فرهنگ و زندگی (گۆڤار) شمارهٔ ١١، بهار ١٣٥٢.

٥ ـ جامعه شناسی ارتباطات ـ دكتر باقر ساروخانی، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧٣.

٦ ـ فرهنگ عمید ـ تألیف حسن عمید، انتشارات امیركبیر، ١٣٦٩.

٧ ـ وسایل ارتباط جمعی ـ جلد یكم، دكتر كاظم معتمد نژاد، تهران ١٣٧١، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی.

۸ ـ القاموس العلمی ـ عربی / کردی، الجزءالاول، تألیف کمال جلال غریب.
۹ ـ جامعه شناسی وسائل ارتباط جمعی ـ نوشتهٔ ژان کازنو، ترجمهٔ دکتر باقر ساروخانی ـ دکتر منوچهر محسنی، چاپ پنجم، انتشارات اطلاعات، تهران ۱۳۷۳.
۱۰ ـ اصول علم سیاست ـ نوشتهٔ موریس دوورژه، ترجمهٔ ابوالفضل قاضی، چاپ ششم، مؤسسهٔ انتشارات امیرکبیر، تهران ۱۳٦۹.
۱۱ ـ وسایل ارتباطی و امپراتوری امریکا ـ هربرت شیلر، ترجمهٔ احمد عابدینی، سروش، تهران ۱۳۷۷.
۱۲ ـ کتاب سبز ـ معمرالقذافی.
۱۳ ـ هنر نوشتن و مهارتهای مقاله نویسی ـ دکتر بهرام طوسی، چاپ پنجم، ۱۳٦٥.
۱٤ ـ نویسندگی برای رادیو و تلویزیون ـ تألیف دکتر عذرا خزائلی، چاپ اول، ۱۳۷٥.
۱٥ ـ مجلهٔ پویش ـ مجموعه‌ای دربارهٔ هنر و ادبیات کودکان و نوجوانان، زمستان ۱۳٦۹.
۱٦ ـ تاریخچهٔ رادیو و تلویزیون ـ نویسنده پیر آلبر / آندەر ـ ژان تودسك، ترجمهٔ جمشید ارجمند، سازمان چاپ مازیار، چاپ اول ۱۳٦۸.
۱۷ ـ گورستان غریبان ـ ابراهیم یونسی، انتشارات نگاه، چاپ اول ۱۳۷۲.
۱۸ ـ مطبوعات ـ پیر آلبر، ترجمهٔ فضل‌الله جلوه، چاپ اول ۱۳٦۸.
۱۹ ـ روزنامه نگاری ـ تألیف دکتر کاظم معتمد نژاد، با همکاری دکتر

ابوالقاسم منصفی، چاپ سوم، مرکز نشر سپهر، ۱۳۶۸.
۲۰ ـ سینما، سیاست، تجارت ـ نوشتهٔ کاراگانوف، ترجمهٔ مجید کلکته‌چی، مؤسسهٔ چاپ و نشر بیگوند، چاپ اول ۱۳۵۸.
۲۱ ـ دربارهٔ سینما و تآتر ـ گردآورنده بهمن مقصودلو، چاپ اول، دی‌ماه ۱۳۵۲.
۲۲ ـ اطلاعات عمومی گنجینه ـ تهیه و تدوین فریدون سنجری، جلد اول.
۲۳ ـ اطلاعات عمومی گنجینه ـ تهیه و تدوین فریدون سنجری، جلد دوم.
۲٤ ـ اطلاعات عمومی گنجینه ـ تهیه و تدوین فریدون سنجری، جلد سوم.
۲۵ ـ اطلاعات عمومی گنجینه ـ تهیه و تدوین فریدون سنجری، جلد چهارم.
۲٦ ـ کوبا، کاسترو، انقلاب ـ منوچهر کمالی طه، مؤسسهٔ انتشارات امیرکبیر، چاپ چهارم، تهران ۱۳٦۱.
۲۷ ـ فرهنگ سیاسی ـ داریوش آشوری، انتشارات مرواری، چاپ سیزدهم ۱۳٦٤.
۲۸ ـ مبانی فرهنگی دولت ـ تألیف دکتر عبدالله ابریشمی، چاپ اول ۱۳۷۰.
۲۹ ـ تلویزیون و کودکان ـ نوشتهٔ امه دور، ترجمهٔ علی رستمی، سروش، تهران ۱۳۷٤.
۳۰ ـ نقاشی کودکان و مفاهیم آن ـ نویسنده آنا اولیور یوفرای، ترجمهٔ عبدالرضا صرافان، چاپخانهٔ دیبا، چاپ دوم ۱۳٦۸.
۳۱ ـ امیل، آموزش و پرورش ـ نوشتهٔ ژان ژاك روسو، ترجمهٔ غلامحسین زیرك‌زاده، انتشارات شرکت سهامی چهر.

٣٢ ـ ادبيات كودكان ـ نوشتهٔ علی اکبر شعاری نژاد، چاپ هفدهم ١٣٧٤.
٣٣ ـ خویشتن شناسی مدیران ـ ترجمه و تألیف دکتر سید مهدی الوانی، نشر نی، چاپ سوم، تهران ١٣٧٥.
٣٤ ـ چگونه باید تربیت کرد ـ مجید رشید پور، چاپ پنجم، زمستان ١٣٧٠.
٣٥ ـ واژەنامهٔ چهار زبانهٔ روزنامەنگاری ـ انگلیسی، فرانسوی، فارسی، آلمانی ـ بهروز تورانی، دنیز اسکارپیت، ژیزلا پوکرن ـ چاپ اول، سروش ١٣٧٥.
٣٦ ـ واژگان سینمایی ـ گردآورنده ماندانا حاجیها، با همکاری لادن طاهری، چاپ اول ١٣٧٢.
٣٧ ـ هەنبانه بۆرینه ـ فرهنگ کردی ـ فارسی، هەژار، یك جلدی، سروش، تهران ١٣٦٩.
٣٨ ـ اطلاعات عمومی ـ گردآوری و تألیف: عبدالحسین سعیدیان، نشرعلی، چاپ اول، زمستان ١٣٧١.
٣٩ ـ اطلاعات عمومی پیام ـ گردآورنده: دکتر سید محمود اختریان، نشر محمد، چاپ دوم.
٤٠ ـ فرهنگ انگلیسی بفارسی پارس (آریانپور)، نسخهٔ ٢٠٠، ١٣٧٢، بەرنامه نویس فرشید اسلامی، (کۆمپیۆتەری).
٤١ ـ تاریخ ایران ـ تألیف حسن پیرنیا(مشیرالدوله)و عباس اقبال آشتیانی، چاپ سوم، تابستان ١٣٦٢.
٤٢ ـ آشنایی با خبرنگاری با بررسی ٤٠ خبر ـ عباسعلی عظیمی زاده، جواد

نشر، فروردین ۱۳۷٤.
٤٣ ـ فرهنگ کوچك انگلیسی ـ فارسی ـ س. حییم، تهران ۱۹۷٤.
٤٤ ـ گۆڤاری گزنگ ـ ژماره ۱ تا ۱۲.
٤٥ ـ روانین ـ ژماره ۲، ۲۰۰۲/۱۲/۱، ۱۰ی سەرماوەزی ۲۷۰۲.
٤٦ ـ فەرهەنگی خاڵ ـ نووسراوی شێخ محمدی خاڵ، جزمی دووەم.
٤٧ ـ فەرهەنگی خاڵ ـ نووسراوی شێخ محمدی خاڵ، جزمی سێیەم.
٤٨ ـ فەرهەنگی کوردستان ـ دانەرگیوی موکریانی، چاپی یەکەم ساڵی ۱۹۹۹، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
٤٩ ـ دەروونزانی، شەڕی دەروونی، کەسایەتی و کەسایەتی سەرکردە ـ دکتۆر یووسف حەمە ساڵح مستەفا، بەرنامەی خوێندنی دەروونزانی بۆ خولی ۱۲ی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ۲۰۰۱.
٥٠ ـ دەروازەی دەروونزانی ـ کەریم شەریف قەرەچەتانی، کوردستان هەولێر، ۱۹۹٦.
٥١ ـ گفتگۆ ـ چاپی یەکەم، هەولێر ۱۹۹۷، ئامادەکردنی گۆڤاری رامان.
٥٢ ـ راگەیاندن لە پەڕاوێزی دەسەڵاتدا ـ بە سەرپەرشتی حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ۲۰۰۱.
٥٣ ـ تیۆری رۆژنامە نووسی ـ مەگدید سەپان، چاپی یەکەم، ساڵی ۲۰۰۰، ستۆکهۆڵم.
٥٤ ـ منداڵی کوردو فەرهەنگی کورد لە هەندەران ـ ئەمجەد شاکەلی، سوێد ۱۹۸۹.

## بەرهەمە بڵاوبووەکانی نووسەر:

١ ـ بۆ زارۆکان ـ کۆمەڵە شێعر بۆ منداڵان، بە کۆپی ژمارەیەکی کەمی لە ساڵی ١٩٩٠ لە ئاوارەیی لێ بڵاوکراوەتەوە.

٢ ـ کینەئەم ـ کۆمەڵە وتارێك سەبارەت بە شۆڕشی کورد، بە کۆپی ژمارەیەکی کەمی لە ساڵی ١٩٩١ لە ئاوارەیی لێ بڵاوکراوەتەوە.

٣ ـ **رۆژژمێری گزنگ** ـ رۆژ ژمێرێکی گیرفانی بۆ ساڵی ٢٦٩٦ ی کوردی، (١٩٩٦ ـ ١٩٩٧) زایینی، (١٤١٦ ـ ١٤١٧) کۆچی، لە لایەن لقی ئاوارەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە تیراژی ١٥٠٠ دانە لە دەرەوەو ناوخۆی وڵات چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٤ ـ **وڵامنامە ، دەقی رەخنەی سدیق بۆرەکەیی لەسەر هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژارو وڵامی نووسەرانی تر** ـ لە ساڵی ١٩٩٥ لە لایەن لقی ئاوارەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بە تیراژی ٤٠٠ دانەو لە ١٠٤ لاپەڕە لە ئاوارەیی بڵاوکراوەتەوە.

٥ ـ **کۆمەڵێك بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە رۆژنامەکانی فارسی زمان.**

٦ ـ **کۆمەڵێك بابەت و لێکۆڵینەوە بە زمانی کوردی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی هەرێم.**

## ئەم بەرهەمانەش ئامادەی بڵاوکردنەوەن:

١ ـ فەرهەنگی (فارسی، کوردی ـ کوردی، فارسی) ـ بەشی یەکەم پیتی (آ تا ژ).

٢ ـ فەرهەنگی (فارسی، کوردی ـ کوردی، فارسی) ـ بەشی دووەم پیتی (س تا ی).

٣ ـ دەمەتەقەی خێلۆ و گێلۆ ـ کۆمەڵە تەنزێکی سیاسی بە شێعر.



نووسەر لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەڕێز بروسك نوری شاوێس/ تایبەت بە گۆڤاری گزنگ



یەکەم ساڵیادی دامەزراندنی رادیۆی پێشکەوتن



هەڤاڵ ئومید پەپامنیری رادیۆی پیشکەوتن لەگەڵ بەریز فازل میرانی



هەڤاڵ ئومید پەیامنیری رادیۆی پیشکەوتن لە چاوپیکەوتنیك لەگەڵ بەریز

ئیبراهیم مستەفا سکرتیری پیشووی لاوان



هەڤال خانی مەحموود بەرپرسی بەشی گوهدیری رادیۆی پیشکەوتن



سالح مەحموود بەریوەبەری رادیۆی پیشکەوتن سالی ٢٠٠٠

# RAGEYANDIN

NÛSÎNÎ
Salih Mehmûd

## LE ÇAPKIRAWEKANÎ

## YEKÊTÎ LAWANÎ DÎMUKRATÎ KURDISTAN

بایی 15 دینار